# دەربارەی
# هۆزان وهۆزانڤانی

وەرگێڕانی:

حەمەکەریم عارف

ناوی کتێب: دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی
بابەت:باس و گفتوگۆی شیعری
وەرگێڕ: حەمەکەریم عارف
دەرهێنانی هونەری و بەرگ: فەهد شوانی
تیراژ :٥٠٠ دانە
چاپی یەکەم- ٢٠١٤ هەولێر
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٧٤)ی ساڵی ٢٠١٤ی پیّ دراوە
مافی چاپکرنەوەی بۆ یەکێتی نووسەرانی کورد پارێزراوە

## پێڕست

*- مەحەكی شیعر................ حەمەكەریم عارف
*- دەربارەی شیعرو شاعیری..........رەزا بەراهەنی
*- گفتۆگۆیەك لەگەڵ رۆبرت فرۆستدا...ریچارد پوریە
*- گفتو گۆیەك لەگەڵ ئیلیوتدا............رۆناڵد هۆل
*- گفتو گۆیەك لەگەڵ ئەزرا پاوەندا.... رۆناڵد هۆل
*-سەید محەمەد تاهیری هاشمی...كەیهانی فەرهەنگی
*- فەرهەنگۆك.........................حەمەكەریم عارف
*- ژینامەی وەرگێڕ........................................

# مەحەکی شیعر

**حەمە کەریم عارف**

هەموومان دەزانین لە بەرەبەیانی پەیدابوونی مێژووەوە بەشەریەت خولیای نەمری کەوتووەتە سەرو ڕێگای جۆراوجۆری بۆ وەدەستهێنانی ئەو کەڵکەڵەیە گرتووەتەبەر. یەکێك لەو هەوڵانە شیعر بووە. دیارە بە درێژایی مێژوو خەڵکانێکی زۆر خۆیان لەم بوارەدا جەڕباندووەو کەسانێکی زۆر کەم گەییونەتە ترۆپکی شیعرو عەرشی شیعریان ئاوەدان کردووەتەوە. بۆ نموونە تەنیا یەك (حافیز) یان یەك( شەکسپیر) لەم دنیایەدا هەن. ئەمە خۆی لەخۆیدا بەڵگەی ئەوەیە کە ڕازێك لە شیعردا هەیەو بە هەموو کەس هەڵنایەت، بۆیە شاعیر لەسەرییەتی کار بۆ دۆزینەوەو نیشاندان و شیعراندنی ئەو ڕازە بکات، دەنا شەو و ڕۆژ لافی شاعیری لێبدات، لە هەرزەبێژێ بەولاوە چیتر نییە. و بەگەڵ کاروانی ڕۆشنبیرکوژی دەکەوێ و... شاعیر لەسەرێتی خۆی لە تەجرەبیاتی ڕەمەکی مەردمدا غەرق بکات، بێئەوەی مەسخ ببێ، شاعیر لەسەرێتی بەزەبری شیعر کار بۆ شۆڕەتی نەتەوەیی و جیهانی خۆی بکات بێئەوەی ببێ بە توفەیلی و مشەخۆری دام و دەزگا جۆراو جۆرەکان و کورسی هەرە بەرزی شیعر واز لێبێنێ و خۆی لە سوچ و کەلێنی ڕۆژنامانی بازاڕی بخزێنێ . شاعیر نابێ سایەنشینیی کەس قەبوڵ بکات، چونکە شاعیر داهێنەرەو دەبێ هەر بەداهێنەری بمێنێتەوە، شاعیر گەر داوای نە نووسینی لێکرا، دەبێ سورتربێ لەسەر نووسین، نەگووتەنییەکان بکات بەڕەمزو بە خەڵکی بڵێ، شاعیر هەمیشە دەبێ بەدەنگی بەرز بانگەوازی (اناالشعر) بکات و دنیا بکات بە چراخانێك ئەوسەری دیار نەبێ..بەڵام ئەمە مانای وانییە هەرشیعارێك بە شیعر بزانرێ، چونکە ئەم جۆرە شیعارانە نە بایەخی هونەرییان دەبێ و نە کاریگەری ڕۆشنبیری، ئەگەرچی ڕەنگە لە هەندێ قۆناغدا بایەخێکی ڕەوتەنی کۆمەڵایەتی هەبێ. هەر شیعارێك بگری، هەوێنی مەرگی خۆی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە.. شیعرییەت و حەساسییەتی شیعری ناسنامەی ڕاستەقینەی هەر شیعرێکی زندوو و نەمرەو هەر شیعرێکی ڕەسەنیش بگری خۆبەخۆ پەیامی مرۆڤایەتی و مرۆڤپەروەری لەخۆ دەگرێت و لەوە دوور دەکەوێتەوە کە ببێ بە دەهۆڵ و زوڕنای هیچ دەسەڵات و دۆزێك، و ناچێتە سایەی هیچ تەقسیم بەندییەکی سیاسیانە و دەستکردەوە: شاعیر سایەنشینیی کەس قەبوڵ ناکات، چونکە بەخۆی خودان عەرشە، خودانی جوانترین عەرشە، ئەویش عەرشی بێ هاوتای عەزیمی شیعرە و گەر شاعیر بەهەر عەرشۆکەیەکی دیکەی بگۆڕێتەوە، خوای شیعردەیگرێ..

# دەربارەی شیعرو شاعیری

## نووسینی: رەزا بەراهەنی

-١-

شیعر، زادەی سەرهەڵدانی حاڵەتێکی زهنی ئینسانە لە چوارچێوەی سروشتدا، واتە شاعیر حاڵەتێکی لێدێ کە لە ئەنجامی ئەو حالەتەدا جۆرە پەیوەندییەکی زهنی لە نێوان شاعیرو شتەکانی دەوروبەریدا پەیدا دەبێ. ئەم پەیوەندییەش بۆخۆی پەیوەندییەکی رۆحی ئەو تۆیە کە شتەکان تێیدا حاڵەتی رەهای فیزیکی و مەتریاڵی خۆ لە دەست دەدەن و هێندێ لە هەست و سۆزو بیرەکانی شاعیریان ئاوێتە دەبێ.

شاعیر، لەو حالەتەدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەفسوونی خودی شتەکان. رازو نهێنی و بوونی شتەکان لە رێگەی لۆژیك و حیساباتی بیرکاری و زانستییەوە، کە حیسابیان بە تەواوی لە حیسابی شیعر جودایە، کەشف ناکات. بەڵکو بە خوێن و هەست و بیرو ئەندێشەی خۆی کەشفی دەکا. شاعیر لە ساتە وەختی داهێنان و ئەفراندنی شیعردا، دەکەوێتە وەزع و حاڵێکی واوە کە هێندێ لە شتەکانی سروشت لە ساتێکی تایبەتیدا قبووڵ دەکاو پێشوازیان لێدەکاو بەشێوەیەکی کاتی هێندێکی تریان لە زهن و هزری خۆی وەدەر دەنێ. واتە بە هەمان شێوەی کە هێندێ لە گوێدێرانی مۆسیقا لە کاتی بیستنی مۆسیقادا چاوی خۆ دەنووقێنن تا پتر هزری خۆ بۆ پێشوازی مۆسیقاکە ئامادە بکەن و لە رێگەی هەستی بیستنەوە خۆیان لە شەپۆلە نەشئە بەخشەکانی مۆسیقاکەدا نقوم بکەن. یان وەکو چۆن کڕنۆشبەر لە حاڵی کڕنۆش و سوجدە بردندا پەیوەندی خۆی لەگەڵ هەموو شت و مرۆڤەکانی دەوروبەریدا دەپچڕێ تا تەوێڵی لە عاردی توند بکاو گوێ بۆ ئەو بانگەوازە غەیبانییە ڕادێرێ کە لە خاکەوە هەڵدەقوڵێ و دەبێ بە شیفا بەخشی رۆحی پڕ سوێ و ئازاری.

بەمجۆرە شاعیر، لەیەك شیعردا، بەشێك لە شتەکان بە هەموو رۆحی خۆی وەردەگرێ و بەشێکی تریان بەشێوەیەکی کاتی و لە رێگەی نەستەوە (لاشعور) لە هزری خۆ وەدەر دەنێ، هەر ئەم هەڵبژاردنە تایبەتیەشە کە بوونەوەرێك بە نێوی شیعر دەخوڵقێنێ کە جیاوازو دوورە لە بوونەوەرەکانی دی.

لە شیعر گوتندا جۆرە حاڵەتێکی عارفانە و شێوە فەنایەك لە جیهانی بێ سنووری شتەکاندا هەیە. شاعیر، سۆفییەکە لە بری ئەوەی لە خوادا بتوێتەوە، دەیەوێ ئاوێتەی شتەکان ببێ. شاعیر سۆفییەکە لە پەرستگای شت و ئینسانەکاندا سەری بردۆتە سوجدە.

بێگومان بنیادەم پاش مردن، لە نێو باو باران و خاك و هەموو شت و توخمەکانی جیهانی مەتریاڵدا پەخش و بڵاودەبێتەوە. کەواتە چ شتێ لەمە مەتریاڵی تر دەبێ ؟ مەعنای وایە مەرگ،

تایبەتمەندێتی مەتریاڵیستی خۆی لە هەر شتێکی دی پتر پاراستووە.
بەڵام گەر مرۆڤ بیەوێ بەر لە مەرگ– واتە لە کاتێکدا کە تەواو زیندووە و پێویستی بە هەموو فاکتەرەکانی ژیان و مان هەیە– ئاوێتەی شتگەلێ ببێ کە لە روانگەی مرۆڤی ئاسایی و تەنانەت زانا و ماتماتیك زانەوە (نەك لە روانگەی شاعیرەوە) بێ گیانن، حاڵەتێکی سۆفیانە وەردەگرێ. هەر ئەم کەڵکەڵە و تاسەی ئاوێتە بوونە لە گەڵ شتەکاندا، بێ قبولْ کردنی بچوکترین گۆڕانکاری فیزیکی و مەتریاڵی، مرۆڤ دەکا بە بوونەوەرێکی ئەوتۆ کە پێویستە نێوی (سۆفی مەتریاڵی لێ بنرێ. واتە وەکو چۆن (راینەر ماریا ریلکە) دەربارەی شاعیر دەڵێ: (شاعیر، ئەو کەسەیە کە دەیەوێ ببێ بە بەردو ببێ بە ئەستێرە.)
لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا، شاعیر لە پردێ دەچێ کە لە سەرێکەوە کەرستەی خاوی سروشتی پێدا دەڕواو لە سەرەکەی دییەوە گووراو وبوونەوەری شیعری. یا شاعیر وەکو کارخانەیەکە کە لە کارگەی هـزری خۆیدا قاڵب و فۆرمی ئینسانی بە شتەکان دەبەخشێ و لە چوارچێوەیەکی ئینسانییان دەگرێ. واتە بە جۆرێ کە شتەکانیش هەم حاڵەتی مەوزوعی خۆیان هەبێ و هەم حاڵەتی زهنی و خەیاڵی قوڵی ئینسان بگرنە خۆ. واتە هەم خۆیان بن و هەم شتێکی دی کە ئینسانە. لە راستیدا ئەم دوالیزمی خۆبوون و غەیرەز خۆبوونە. خۆ لەشتان و ،شتان لە خۆدا بینینە، پایەو بناغەی هەرە رەسەنی شیعرن و شیعر تایبەتمەندییەکانی خۆی کە بریتیە لە دنیایەك وێنە، لێکچون، خوازە، رەمزو ئەفسانە، لە هەمان پایەو بناغەوە وەردەگرێ. بۆیە بنەما سەرەکیەکانی شیعر، کێش و سەروا نییە، بەڵکو کۆمەڵێ شتی لەمانە باڵاترن و پێویستە نێویان بنەین جەوهەرو کرۆکی زیندووی شیعر. ئەم جەوهەرو کرۆکانەش لە حاڵەتە هەرە سادەکەدا بریتین لە: لێکچون و لە حاڵەتێکی هەندێ ئاڵۆزو باڵاتردا بریتین لە: خوازە. لە حاڵەتێکی باڵاترو قوڵتردا بریتین لە: رەمزو پاشان لە حاڵەتی هەرە بەرزو لوتکەییدا بریتین لە: ئەفسانە.
لەگەڵ دەستپێکردنی هەر سەردەمێکی نوێدا، شتی تازە دێنە ناو زمان و شیعرەوە. شاعیرو خاوەن زمان، حاڵەت و هەست و بیرەکانی خۆ روەو شتە تازەکان دەبەن. بەڵام ئەو شتانەی پێشتر لە قەڵەمڕەوی زمان و شیعردا هەبوونە وەدەر نانرێن. بە تایبەتی ئەو شتانەی کە هاوپەیوەستی بونیادی تەبیعەت و سروشتن. شاعیر ئەمڕۆ هەڵوێست و جیهانبینی خۆی دەربارەی ئەو شتانەی کە پێشتر لە شیعری شاعیران بینراون، دیاری دەکات. هەر بۆیەش دەشێت بە ئاسانی ئەوە بسەلمێنرێ کە چۆن درەختێك، پێشتر سەدان شیعری دەربارە گوتراوە دووبارە ببینرێتەوەو لە هەمان روانگەوە جیهانبینی شوێن و کاتی تایبەتی پێ بدرێ. هەروەها سەلماندنی ئەوەش ئاسانە کە چۆن لەم سەدەیەی کە ئێمە تێیدا دەژین دەشێت درەختێك بکرێت بە رەمز یا ئەفسانەیەکی جیا لە رەمزو ئەفسانەکانی پێشوو. هەروەها دەشێت ئەوەش نیشان بدرێ کە ئەو شارەی هەنووکە ئێمەی تێدا دەژین چۆن شتێکە و چۆن خەڵکانی ئەفسانەیی لە گۆشەو کەناریا دێن و دەچن و چۆن رەمزەکان، من و تۆ دەدۆزنەوەو چۆن ئێمە رەمزەکان دەدۆزینەوەو چۆن جیهانبینی (مەلحەمی و یا خیگەری) ئەفسانەی زیندوو لە هەموو شتێ، تەنانەت لە رۆشنبیری و مێژوو، و نەژادی من و تۆش دروست دەکاو دەیگەیەنێتە ئاستی

مەزناتی و شکۆداری ئەفسانەی وەك: (ئاهورا)، (میترا)و (ناهیتا)، هەروەها نیشاندانی ئەوەش ئاسانە کە بۆ ناکرێ باوەڕ بە دووبارە کردنەوەی ئەفسانەی کۆن بکرێ و دەبێ باوەڕی تەواو بەوە هەبێ کە هەر نەوەیەك پێویستە ئەفسانەی خۆی دروست بکاو پەروەردەی بکاو دای بنێ و بڕوا. چونکە هەر نەوەیەك بە هەمان جیهانبینی سەرەتایی و ڕەسەنی خۆی دەڕوانێتە ئەبەدیەتی هەموو جیهانبینییە ڕەسەنەکان و بەشی خۆی سوودیان لێ وەردەگرێ.

-٢-

شاعیر کەسێکە کە هەستی مەعنەوی خۆی ئاوێتەی شتەکان دەکاو ئەوجا لە ژینگەو دەوروبەری ژیاندا دەست بە کەشف کردنی خۆی دەکا.

لێرەدا بێ پەردەیی و یەکپارچەیی ڕۆح لە بواری بزوتنەوەی (مادە)دا دەکەوێتە ڕوو. (مادە) لە ئاوێنەی ڕۆحی بەشەردا ڕەنگ دەداتەوە.

شتەکان، ڕۆحێکی هاو وێنەی ڕۆحی بنیادەم پەیدا دەکەن و لە ئەنجامدا وەکو بنیادەم زمان دەکەنەوەو دەبن بە خاوەنی ئەندێشەو هەست و ئەم ئەندێشەو هەستانە دەڕێژنە قاڵبی وشەوە کە لە نێو هەموو بوونەوەراندا تەنیا موڵکی مرۆڤە، بە تایبەتی شاعیر. شاعیر بەهۆی خەیاڵ و کەڵکەڵەی دەرونی گەڕان و کەشف کردن، لە پڕ دەبینێ شتەکان شێوەی ئەویان وەرگرتووە. شاعیر خۆی لە شتەکاندا و شتەکان لە خۆیدا دەبینێ و پەیوەندییەکانی خۆی لە ڕێگەی وشەوە دابین و ئاراستە دەکا.

لەسەردەمی منداڵێتی بەشەردا، واتە لەو سەردەمانەدا کە هێشتا ئەقڵ و لۆژیك و دیدی زانستی، دەسەڵاتی وشکی خۆی بەسەر مرۆڤدا نەسەپاندبوو، جۆگەلە زمانێکیان هەبوو وەکو زمانی مرۆڤ، گیانلەبەران، ئەندێشەو خەیاڵاتی وەکو هی مرۆڤیان هەبوو. سروشت هەمیشە پێوەندی لەگەڵ مرۆڤدا هەبوو. مرۆڤ سادەو بێ ڕتووش لە زەمینی سادەو بێ ڕتووشدا دەژیا، لێدانی دڵی خۆی لە ئاوازی باڵندەکاندا دەدۆزیەوە. گەر سەرنجی ئەم قسەیەی (سان جۆن پیرس) بدەین کە لە (ئانابان)دا دەڵێ: ((هەتاو ناوێك نییە، بەڵام قودرەت و توانای لە نێوان ئێمەدایە.)) ئەوا ئەوەمان بۆ بە دیار دەکەوێ کە شتەکان لای مرۆڤی سەرەتایی هێشتا بێ ناو بوونە، بەڵام لە هەموو ڕوویەکەوە هەست بە قودرەتیان کراوە.

مێشکی مرۆڤی منداڵ (سەرەتایی)، وەکو مێشکی منداڵ پڕبوو لە سێبەری خەیاڵ بزوێن. جوانی و ناشیرینی، زاڵم و دادپەروەر، پاك و ناپاك. مرۆڤی سەرەتایی بێ ئەوەی بەخۆ بزانێ ڕەنگی هەموو هونەرەکانی دەڕشت و بناغەی دادەنان. بەردی بناغەی ئاینزاکانی هەم لە ڕۆحی خۆیداو هەم لە پەرستگا بەردینەکاندا دادەنا. لە هەموو ئەمانەش زێدەتر، مرۆڤی سەرەتایی شاعیری جیهانیش بووە، زانیویەتی کە ئەگەر قودرەتێك لە ئارادایە، دەبێ نێوی خاوەنی ئەو قودرەتە کەشف بکا. کەواتە قودرەت و کاریگەری و هێزی شتەکە، دەرگایەك بووە بۆ ناولینانی ئەو شتە. هەر بەو شێوەیە هەتاو بوو بە خاوەنی نێوی خۆی و شتەکانی دیش نێوی تایبەتی خۆیان وەرگرت. مرۆڤی سەرەتایی بێ ئەوەی پەنای بردبێتە بەر فەرهەنگ و وشەنامەو دەستووری زمان، نێوی شتەکانی لە ڕێگەی قودرەت و سستی یا کاریگەری شتەکانەوە کەشف کردووە، واتە

ناوەکانی لە خودی شتەکانەوە هەڵێنجاوە، لە ڕاستیدا ئەم هەڵێنجانەش لە ژێر کاریگەری و حاڵەتە جیاوازەکانی بوونی ئەو شتانەدا رووی داوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرە رۆح بەخشینێکە بەشتەکان، رۆح بەخشینێکی وەکو رۆحی دەنگ، رۆحی روناکی، رۆحی بزاڤ، رۆحی دەربڕین و رۆحی بینین.

کە لە ئەنجامدا دەگاتە پرۆسەی هاوجوت کردن و پێکەوە سازاندنی چۆنیەتی بوونی شتەکان لەگەڵ چۆنیتییەکانی ژیانی بنیادەمدا.

بەمجۆرە مرۆڤی سەرەتایی نێوی شتەکان دەخاتە سەرزارو هەر ئەم ناوانە کە بناغەی زمانە جیاوازەکانی لەسەر رۆنراوە، یەکەمین شیعری جیهانن. بنیادەمی ئەفسانە ساز لە بنەڕەتدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ شاعیری ئەمڕۆدا نییە. هەردووکیان لە نێو شتەکاندا دەژین و هەردووکیان لەگەڵ شتەکاندا مامەڵە دەکەن. ئەم حاڵەتەش لە سەرانسەری قۆناغە شیعرییەکاندا بەرچاو دەکەوێ. وەختێ (پۆڵ کلۆدڵ) دەڵێ: ئەی شتەکان، من خۆم بە ئێوە دەسپێرم، خۆم دەخەمە بەختی ئێوە) یا کاتێ حافیزی شیرازی دەڵێ:

پیاڵەی شەرابی ئاڵی خەیاڵی دەنۆشین
لە چاوی بەد بە دوور کە
بێ بادەو مەی مەدهۆشین

یا وەختێ (ئەزرا پاوەند) بەمجۆرە دەست بە شیعرێکی دەکا:

من، ئا ئەم منە
کەسێکە جادەکانی ئاسمان دەناسێ
و ئەندامی ئەو بای ئاسمانە

دیارە هەر بەو دێڕەش کۆتایی بە شیعرەکەی دێنێ. وەختێ ئەو شاعیرانە وا دەڵێن جگە لە عەکس کردنەوەی شتەکان لە ئاوێنەی هزری خۆدا چ کارێکی دی ناکەن، شیعریش جگە لەمە چ شتێکی دی نییە.

هەر بۆیەش (خیمەنز)ی شاعیری ئیسپانیایی لە شوێنێکدا دەڵێ:

ئەی هۆش، نێوی ئاشکرای شتەکانم پێ بڵێ
وازبێنە با وشەم ببێ بە خودی ئەو شتەی
کە رۆحم خوڵقاندویەتی
رێم بدە با بەهۆی منەوە
ئەوانەی شتەکان ناناسن،
لێیان نزیك ببنەوە.
با بەهۆی منەوە
فەرامۆشکاران..
لە شتەکان نزیك ببنەوە.
با بەهۆی منەوە

ئاشقانی شتەکان

پتر لێیان نزیك ببنەوە.

ئەی هۆش! ناوی ئاشکرای شتەکانم بدەیێ

نێوی خۆت، نێوی ئەوان،

نێوی منیش بەشتەکان بدە!

گەرچی فەلسەفەو لۆژیك، مرۆڤی ئەفسانەسازی لە مەیدانی ئاسایی ژیانی کۆمەڵایەتی وەدەرناو جادوگەران و سیحربازان قفڵی بێدەنگیان لە زارداو نەوەی پێغەمبەران کۆتایی هات، یا گەرچی ئەفسانە کۆن و سەرەتاییەکان شێوەی چیرۆکی تێزجیای گرتە خۆ، بەڵام شاعیر وەکو ئەوەی کە خۆی لە خۆیدا ئەرکی پەیامبەرێکی ئەبەدی و سەرەتایی دەبینێ بەپێی کات و شوێن حاڵەتی جیاوازی کۆمەڵایەتی، هەرساتەو بە شێوەیەك هاتە پێشێ، جلوبەرگی گۆڕی، لە نێوان ئەبەدیەت و بیدایەتی سۆزو غەریزەکاندا ژیاو لە راستیا هەر وەکو ئەفسانەساز مایەوە، چونکە بڕشتی خەیاڵ و خەیاڵ کردنەوە هەمیشە لەگەڵ شاعیردا بووەو شتەکان هەمیشە لە دەوری ئەو بوونە. بەڵام شاعیر رۆژێك لە لێڕەوارو ئەشکەوتدا ژیاوە، رۆژێکی دی چاوی بڕیوەتە دەریا، لە سەردەمێکی دیدا روخساری مەعشوقەکەی خۆی بە وشەی سادە لەسەر پێستی ئاسك وێنە گرتووەو لە سەردەمێکی تری نزیکتر لە ئێمەوە هاواری بۆ ئێمە هێناوە کە:

بمبەنە ئەو دەشت و سارایە

تا گوم بێ ئەقڵ و ئەوەی تێیدایە.

تا ئەنجام ئا لەم سەردەم و چەرخەدا بووە بە (فروغی فەروخزاد) کە دەڵێ:

بە درێژایی سەر لە بەری تاریکی

هەر هاواری سیسرکان بووە!

مانگ، ئەی مانگی گەورە.

لە شیعر گوتندا جۆرە گەڕانەوەیەك بۆ سەردەمی منداڵێتی شاعیر هەیە. هەروەها گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵێتی مرۆڤ. شیعر، سەمایەکی ناخ و روژێن و پاك و پڕ وێنەیە لە میان باخ و باخاتی تەنیایی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا. شیعر جۆرە سەمایەکە لە نێو شتەکانداو تەوەرەکەی وشەیە. (لۆچی) شاعیرو سەرداری چینی کە نزیکەی ١٦٦٠ ساڵ لەمەو پێش هاتۆتە کوشتن، قسەیەکی دەربارەی شاعیران هەیە کە گێڕانەوەی لێرەدا نابەجێ نییە.

ئێمەی شاعیر لەگەڵ عەدەم دا دەجەنگین

تا بوونی پێ ببەخشین.

بە مشت لە دەرکەی بێدەنگی دەدەین

تا مۆسیقای وەڵا می بژنەوین

ئێمە، ئاسمانی بێ سنوور

دەخەینە بستێ کاغەزەوە

لە دڵی بچکۆڵانەمانەوە

(لۆچی) لە هەمان شیعردا دەڵێ: (شاعیر کەسێکە، کە ئاسمان و زەوی لە قەفەزی قاڵب دەنێ).

-٣-

بەلام بۆچی لە نێو هەموو مرۆڤدا، لە هەموو سەردەم و قۆناغەکاندا، ئەم پەیامە مەزنە وەئەستۆی شاعیر خراوە؟ بۆچی دەبێ ئەو لە نێو هەموو تیرەی بەشەردا هەڵبژێردرێ تا زەوی و ئاسمان بخاتە قەفەزی قاڵبەوە؟ باشە شاعیر، چۆن بوونەوەرێکە کە هەم تایبەتمەندی جادوکەرانی هەیەو هەم تایبەتمەندی پەیامبەران و تەنانەت خواش؟ بە راستی شاعیر کێیە وا دەست دەخاتە ئەفراندنی کائیناتەوەو لە حەقیقەتدا هێندێ شت دەخولقێنێ و دێنێتە ئاراوە کە پێشتر لە مەیدانی پراتیکدا بوونیان هەبووە. دەبێ رازو نهێنی ئەفراندن و سەر لە نوێ خولقاندنەوە لەچ دابێ؟

سیڤن سپەندەری شاعیری ئینگلیز لە باسی ئەفراندنی شیعردا دەڵێ: " مرۆڤ لە هەموو شتێکدا لەگەڵ مرۆڤدا مامەڵە دەکا، تەنیا لە شیعرا نەبێ کە مرۆڤ مامە ڵە لەگەڵ خواو خوایەتیدا دەکا." سروشتی بابەتی و بەرچاو و ئەبەدی بۆسەی بۆ مرۆڤی تاك ناوەتەوە ، مرۆڤی تاك و تەنیا لەبەردەم ئەم نەمریە واقیعی و پڕ بزاڤەدا دەتوانێ خۆی وەکو گەردیلەیەکی ناچیزو حیساب بۆ نەکراو ببینێ. مرۆڤ لە بەردەم کەون و کائیناتدا لە گەردیلەیەك بەولاوە چیتر نییە، بەلام گەردیلەیەکە جیا لە گەردیلەکانی دی. چونکە مرۆڤ حاڵی دەبێ و تێدەگا هەر ئەم تێگەیشتنە مەسەلەی بە گەردیلە بوونەکە دێنێتە کایەوەو دوا بەدوای ئەمەش یا تەسلیم بوونی بێ قەیدو شەرت دێتە پێشێ کە بریتییە لە دەستەو ئەژنۆ رۆنیشتن و چاوەڕوانی مەرگ، واتە قەلایەك دروست دەبێ لە تەسلیم بوون و یاخی بوون کە زادەی باوەڕداری یا بێ باوەڕییە، واتە سەرگەردانی و پەشێوی لە دنیای شپرزەیی دڵەڕاوکێ، حاڵەتی سێیەم یاخی بوونێکە روون و ئاشکرا بە هەموو توانا ئینسانییەکانەوە، بەرامبەر بە قەدەری تەبیعەت. یاخی بوونی (قابیلی) یانە، (پرومتە) یانە، یا کامۆیانە، واتە قاییل نەبوون بە چارەنووس و تەبیعەت بەو شێوەیەی کە هەن، و قبووڵ کردنی ئەم گوتەیەی کامۆ کە: " مرۆڤ ئەو کەسەیە کە دەیەوێ لە چارەنووسی خۆی یاخی بێ و بەگژیا بچێتەوە." شاعیر لە ریزی سێیەمی ئەم خانەبەندەییە تاڕادەیەك وشکەدا گیرساوەتەوە. ئەگەر تەبیعەت پەسەند نەکا یا لە راستیدا کۆتاییەکی شووم بۆ ژیانی خۆی لە چوارچێوەی تەبیعەتدا ببینێ، ئەوا ئاگایانە یا نائاگایانە دژی دەوەستێ و ئەگەر لە ژینگە یا کۆمەڵگایەکدا خۆی بچووك، یا کۆت کراو ببینێ و بایەخە هەمیشەییەکانی مرۆڤایەتی لە حاڵی کەوتن و نەماندا ببینێ ئەوا دژیان ڕادەپەڕێ و خۆ ئەگەر لە مرۆڤدا شەڕ خوازیەك ببینێ کە لە سەرچاوەیەکی نامرۆڤانەوە هەڵقولابێ، ئەوا بەگژیا دەچێتەوە. هەڵبەتە بنەماو بناغەی ئەفراندن و خولقاندن لەسەر هەمان کێشمەکێش و بەگژاچوون ڕۆنراوە، هەمان کەڵکەڵەیە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەیەکی نوێ: لە بواری تەبیعەتدا دروستکردنی تەبیعەتێکی چاکتر، لە بواری کۆمەلایەتیدا، دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی چاکتر، لە باری ئینسانیەوە دروستکردنی

ئینسانێکی باڵاتر تاقە کەرەستەو چەکی دەستی شاعیر بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە، وشەیە. واتە وشە هەم هۆکاری شیعرە هەم ئەنجامی شیعر (وشە مامانی لە دایکبوونی شیعرەو لە هەمان کاتیشدا شیعر جگە لە پێکهاتەی نوێی وشە چ شتێکی دی نییە. بەڵام ئەو راستییەش لە گۆڕێدایە کە شیعر سنووری زمان دەبەزێنێ، بەڵگەشمان ئەوەیە کە شیعر دەخرێتە سەر باڵی زمانێك کە لە دەستوری زماندا ئیعتراف پێناکرێ. زمانێك کە هەست و هەستکردن و وێنەو ئەندێشە بە تەواوەتی تێیدا گوشراون..).

شیعر، نەمری بەخشینە بە هەستی ئینسان، لە ساتەوەختێکی خێرادا لە قاڵبی وشەدا. شاعیر، بە هۆی وشەوە هێندێ پارچەی زمانی تیژ تێپەڕی ناو سروشت دەخاتە ژێر رکێف و کۆنترۆڵی خۆیەوە. شیعر لە راستیدا تەبیعەتی دووەمە بەرانبەر بە تەبیعەتی یەکەم. تەبیعەتی دووەم کاردانەوەی شاعیرە بەرانبەر بە ئەبەدیەتی هەرەشەکردووی تەبیعەتی یەکەم. شاعیر هەوڵدەدا تەبیعەتێك بخولقێنێ و دابهێنێ کە وەکو تەبیعەتی واقیعی هەوێنی ئەبەدیەتی تێدابێ و بەو ئەبەدیەتە نەمری خۆی بچەسپێنێ، واتە ئەبەدییەتی ئینسانی بەرامبەر بە تەبیعەتی ئەبەدی بێتە ئاراوە. لەبەر ئەمەیە کە لە شیعردا (مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ خواو خوایەتیدا دەکا)و دەیەوێ ببێ بە جێگری ئەو و لەم مەیدانە قورسەشدا تاقە چەکی دەستی وشەیە.

وشە کەرەستەو ئامێری هەرە گرینگی دەستی شاعیرە، چونکە شاعیر بە زەبری وشە دنیای خۆی دەخولقێنێ و وشە تاقە هۆکاری ئەفراندنە لای. پێدەچێ لە ئەفراندنی تەبیعەتیشدا لە لایەن خواوە، وشە هەمان بایەخی هەبووبێ کە بۆ شاعیری ئەمڕۆ هەیەتی. لە کتێبی یەکەمی تەوراتدا نووسراوە:

"خوا گوتی روناکی پەیدا ببێ، و روناکی پەیدا بوو....."

سەیر دەکەین لە ئەفراندنی جیهانیدا، هەڵبەتە لە شێوە مەزەبییەکەیدا خوا تەنیا (گوتویەتی) کە (روناکی پەیدا ببێ)و روناکی هاتۆتە ئاراوەو پەیدا بووە. (گوتن) بریتییە لە سوود وەرگرتن لە زمان و دەربڕینی شاعیرانە ، (گوتن) خۆی لە خۆیدا سوود وەرگرتنە لە وشە. گوتن، بە تایبەتی کە مەبەستی دروستکردنی شتێك بێ، خۆی لەخۆیدا شیعرە، هەڵاتنی رۆژە لە هەناوی تاریکییەوەو لە ئەنجامدا (روناکی پەیدا بوونە) بەر لە شیعر گوتن، هەموو شتێك بەشێوەی پەراگەندە لە هزری شاعیردا بوونیان هەیە. سپەندەر دەڵێ: کاری داهێنان بریتییە لە تەمەرکوز. شاعیر خۆی لە پەراگەندەیی ژیان هەڵدەقورتێنێ، بە دووییەکدا هاتنی زەمەن و شوێنە جیاوازەکان و هێندێ لە ئەزموونەکانی سەر بەم شوێن و زەمەنانە لەیەك جێدا دەگیرسێنێتەوە. بناغەی کاری شاعیر، تەمەرکوز بەخشینە بە ئەزموونە پەراگەندەکانی ژیان لە چوارچێوەیەکدا کە نێوی شیعرە. بۆیە شیعر گوتن، بزاڤە لە تاریکی و ناڕێك و پێکی و پەراگەندەییەوە بەرەو روناکی و رێك و پێکی و ناسکی و جوانی هونەری. هەردوو- سێ دێڕ پاش ئەو ئایەتەی سەرێ ئەمەمان بەرچاو دەکەوێ، (خوا، روناکی ناونا رۆژو تاریکی ناونا شەو.) ئەم نێونانی روناکی و تاریکییەش بە مەبەستی دروستکردنی شتێك بووە، بۆیە ئەم نێو نانەش شیعرە، یا شیعر گوتنە.

مرۆڤی سەرەتایی کە بۆ خۆی یەکەمین شاعیریش بووە، خواییترین خەسڵەتی خۆی - کە توانای

نێو نان و شیعر گوتنه – هێنده لاپیرۆز بووه داوێتییه پاڵ خوا. هەرچەنده ئەو خۆی نێوی رۆژو نێوی شەوی ناوه، بەڵام ئەم حاڵەته پیرۆزەی لە دەستی خۆی داوەو بە خوایەکی نەبینراوی سپاردووه. بۆیە شاعیری ئەمڕۆکە عەوداڵی دۆزینەوەو بە دەست هێنانی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییەی مرۆڤی سەرەتایەو بە زەبری ئەفراندنی سروشت و تەبیعەتی دووەم، داوای حەقی خۆی لە سروشت و تەبیعەتی پڕتواناو دەسەڵاتدار دەکاتەوه.

وشە لە تێکڕای چەرخە ئەدەبییەکاندا، حاڵەتی ئەفراندنی خۆی پاراستووه. وشە ئاگرێکە کە لە بارەگای خواوەندانی هەوەڵینەوه، واتە لە مرۆڤی سەرەتاوە رفێنراوەو بە مرۆڤی ئەمڕۆ سپێردراوه.

وشە، کلیلی کەشف کردنی تاریکییە. ئەلف و بێی رەمزو هێمای هەموو نهێنی یەکانە. وشە گەورەترین کەشفی مرۆڤە لەسەر رووی زەوی ، رەنگە کەشفێك بێ کە تا مرۆڤ هەبێ، هەر بە نەمری و پاکی و تازەیی بمێنێتەوه.

وشە، هەرگیز کۆن نابێ، چونکە مرۆڤ هەرگیز کۆن نابێ. تا تەمەنی بەشەر لەسەر رووی زەوی پتر بێ، ئەوەنده گەنجتر دەبێتەوه. وشەش هەموو تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی تێدایەو وەکو ئەو هەمیشە بەرەو گەنجی و گەورەیی و شکۆداری دەچێ. ئەگەر چەند شاعیرێکی بێ ئاگاو رەخنەگری نەزان لە ساتێکی مێژوودا وشەیان بەرەو ناپاکی کێشابێ، ئەوا هیچ جێگەی مەترسی نییە (هەڵبەتە لە پاڵ ئەم شاعیره بێ ئاگاو رەخنەگره نەزانانەشدا، دەبێ ئاماژە بۆ هێندێ رۆژنامەنووسی بێ هەڵوێست و بێ سەروبەر بکرێ کە بەزەبری ماستاو ساردکردنەوەی خۆیان وشەیان لەبەردەم زوڵم و بریسکەی دراودا لە وتاندووه.) زمان، درەختێکە هەمیشە گەڵا زەردەکان لە خۆی دەوەرێنێ و تەنیا گەڵا سەوزو وشەکان رادەگرێ. بۆیە ئەو بابەتە شاعیرو رەخنەگرانە رۆژێ لە رۆژان وەکو گەڵا زەردەکان دەوەرێن و دەکەونە ژێر پێوه، تەنیا گەڵا سەوزو نەمرو راستەقینەکان دەمێننەوه. ئەمە تەنیا خۆزگە نییە، بەڵکو راستییەکە کە دەیان قەسیدەو دیوانی شیعر پشتیوانی لێدەکاو دەیسەلمێنێ. بۆیە وشە، هەمیشە هەیە، هەمیشە پاك و جوانه:

موبارەك بێ تەلعەتی حوسنت کە لە ئەزەلەوه
کالای نازیان بە بالای چون سەروتا بڕیوه.



ئنجیلی یوحەنا بەمجۆرە دەست پێدەکا: (لەسەرەتادا، وشە بووه، وشە لە لای خوا بووه، وشە خوا بووه.) بایەخی وشە لە گشت سەردەم و قۆناغەکاندا هێند گەورە بووه کە بووه بە هاومەعنای خواو بەرجەستەبوونێکی شاعیرانەی، بە شکۆداری خوا بەخشیوه. لێرەدا وەسیلە بووه بەهەدەف و هەدەف بەجۆری لە وەسیلەدا تواوەتەوە کە ناو و شێوەو رۆحی ئەوی گرتۆتە خۆ. لە راستیدا خالق لە مەخلوقداو هەدەف لە وەسیلەدا بەجۆرێ دەتوێنەوە کە هەموو جیاوازی هێڵ و مەوداکان لە بەین دەچن. ئەو هێڵەی کە لە نێوان سەرەتاو کۆتاییدا هەبووه لە بەین دەچێ و سەرەتاو کۆتایی لە شێوەی خاڵێکی نورانی نەمردا وەکو ئەستێرەیەك دەنوێنن. ئاشق دەبێ بە مەعشوق، عابید دەبێ بە مەعبود و ئەگەر مەنسور گەیی بووه ئەو حاڵەتە عیرفانیەی کە

نەعرەتەی (انا الحق) لێبدا، ئەوا شاعیر دەگاتە پلەیەك لە ناسینی تەبیعەت کە سەرەتا هاوار دەکا: (انا الشیء)و پاشان هەنگاوی هێوەتر دەنێ، مەوداکان دەسڕێتەوە، دەبێ بە خاڵێکی رۆشنی نەمر لە بابەتی ئەستێرەیەك و لە نەعرەتە دەدا: (انا الشعر).

شاعیری راستەقینە، کاری بەم قسەیە نییە کە دەڵێ: (شیعر هەستی دڵە). دڵ، زۆر بچوکە، تەنیا بەشێکە لە مرۆڤێك و هەرگیز هەموو مرۆڤەکە نییە. ئەم بیرە کۆن بووە کە هەموو شتێك بە دڵەوە ببەستێن و هەموو شتێك بە رەنگدانەوەی هەڵچونەکانی دڵ بزانین. شیعر غەریزەو هەستە، هەروەها ئەندێشەشە. هەم خوێنەو هەم خەیاڵ. هەستی دڵ شتێکی سەتحییە، هی بابایەکی رۆمانسی هەست پەروەری گرینۆکی تەمەڵە، کە هەرگیز نایەوێ خۆی لەم جیهانە پان و بەرینەدا کەشف بکا، زاتی خۆ کەشف کردنی نییە.

شاعیری راستەقینە، خوێنی بیرکردنەوە بە دەمارەکانیا دەڕوا، بە زەبری ئەم خوێنە، گەردیلەکان دەدۆزێتەوەو دەیانشکێنێ و بە شێوەیەکی دی یەکیان دەخاتەوە. لەبەر ئەوە، شیعر بەلای شاعیرەوە لە شتەکانی تەبیعەت بالاترو بە نرخترە.

شیعر، لە تەبیعەت بالاترە، بالاترییەکەی لەمەدایە کە ئەگەر تەبیعەت شتێکی واقیعی و قابیلی گرتن بێ، ئەوا شیعر شتێکە هەم قابیلی گرتنەو هەم قابیلی نەگرتن. هەم واقیعییەو هەم ناواقیعی، هەم موجەڕەدەو هەم ناموجەڕەد.

ئەفسانەیەکی ئەسکەندەنافی هەیە باسی ئەوە دەکا کە گوایە (ئۆدین)ی شای خوداوەندان، وەختێ کە دەشت و دەر، رێگاو کوێرە رێگا، هەورازو نشێو، چیاو هەڵدێرانی بڕی و ئەنجام گەییە بەردەم ئەشکەوتی ئەقڵ و مەعریفەت، ویستی وەژوورکەوێ و تێر لە ئاوی کانیەکەی نیو ئەشکەوتەکە بخواتەوە، پاسەوانەکە هەر لە رێوە ئاگاداری کردەوە کە ئەگەر ئەم کارە بکا دەبێ چاوێکی خۆی لە دەست بدا.

(ئۆدین) چاوێکی خۆی دەرێناو دایە دەست پاسەوانی ئەشکەوتەکە، وەژوور کەوت، تاتوانی لە ئاوی کانییەکەی خوارەدەوە. وەختێ لە قولایی ئەشکەوتەکەوە بەرەو روناکی رۆژ هات، خۆی بە خوداوەندی ئاقلانی جیهان زانی و پاشان بەرەو کورسی خوداوەندانی دی وەرێکەوت.

لێکدەرەوانی ئەفسانە کۆنەکان دەڵێن کە کانیەکەی نێو ئەشکەوتەکە دەکاتە ویژدانی ناخودئاگای مرۆڤ و چاوە کوێرەکەش دەرگایەکە بەرەو دنیای ناخ. چاوی بینای مرۆڤ دەرگایەکە بۆ شتەکان و چاوی نابینا رێگەیەکە بۆ نێو ناخ و زەین. مرۆڤی مەعنەوی لە پشت پێڵوی چاوی کوێرەوە جیهانی ناوەوەی خۆی دەبینێ و بەچاوە بیناکەی جیهانی تەبیعەتی دەرەوە دەبینێ و هەوڵدەدا پردێك لە نێوان چاوە کوێرەکەو چاوە بیناکەدا دروست بکا. شیعریش لە راستیدا پردێکی وشەیە لە نێوان چاوی نابیناو چاوی بینادا.

لە پشت پێڵوی چاوی کوێرەوە، دنیای ناخود ئاگای بنیادەمێك هەیەو لەوێدا هەوری غەریزەکان، لە شەوێکی تاریك و نوتەکدا، لە ئاسمانی جیهانە نادیارەکاندا کار لەیەکدی دەکەن. لە پشت پێڵوی چاوی نابیناوە، دەریایەك هەیە وەکو بێ سنووری شەو، و شەپۆلەکان هەمیشە لە حاڵی جۆش و خرۆش و حەرەکەتدان و بەشێوەیەکی قوڵ و ئاڵۆز کار دەکەنە سەر کەنارەکانی دنیای

دەرەوە. مەنتیقی رواڵەتی لە دنیای ناخود ئاگادا جێی نابێتەوە. مەنتیق لە ئاستی ئەم بێ سنورییەی ناخدا شتێکی یەکجار بچوك و ناچیزەیە. بۆیە شاعیر دەبێ جیهانبینییەکی غەریزی و هەست پەروەری هەبێ، لە پاڵ جیهانبینییەکی ئەندێشەیی کۆن و سەرەتایی و ئەبەدیدا. بۆیە دەڵێین نە مەنتیق و نە هەستی سادەی دڵ، بەڵکو ئاوێتەیەك لە غەریزەو هەست و ئەندێشە. چونکە مه نتیق وەکو فوارەیەکی بچوکە لەبەردەم تۆفانێکی شێتدا کە هەموو شتێك لەگەڵ خۆیدا رادەماڵێ.

مەنتیق تایبەتە بە ژیانی گشتی خەڵکەوە، بە ژیانی خەڵکەوە لە ژینگەیەکی گشتی ناشیعری و ناغەریزی و نائەندێشەییدا، لە قۆناغێکی تەسکی زەمەن و لە قەڵەمڕەوێکی تەنگی شوێندا. بە مەنتیق نان دەکڕین. بە مەنتیق پارە کۆدەکەینەوە. بە مەنتیق وەڵامی گەدایانی برسی دەدەینەوەو بەڕێی خودا دەڕۆین. بە مەنتیق پارەکانمان دەکەین بە مارك و فرانك و دۆلار. بە مەنتیق هەموو جۆرە لادانێك بەلای چەپی شەقامەکاندا قەدەغە دەکەین.

بەڵام غەریزەیەك کە هەوێنی ئەندێشەی کۆن و سەرەتایی و ئەبەدیەتی تێدابێ، ناچارمان دەکات بەرەو زەمین– دایك بگەڕێینەوە، بەرەو خاك و بەرەو هێوەترو پتر شۆڕبوونەوە بگەڕێینەوە، هەر لەبەر ئەمەیە شاعیر لە جۆری فیکری تاك خواوەندییەوە، کە لە رادە بەدەر زهنییە، لە فیکری منی ناڕاستەوخۆوە دەگەڕێتەوە بەرەو فیکری چەند خواوەندی سەردەمی منداڵێتی بە شەرو سەرەتایی غەریزەکان. چونکە تاقە یەك شت لە جیهاندا نییە، بەڵکو شتی جۆراوجۆر بۆ شاعیر هەیە.

هەر ئەم هەنگاوە ناڕاستەوخۆیە بەرەو فیکری چەند خواوەندی، شاعیر بەشێوەیەکی ناخود ئاگایانە داهێنەر (خالق) رەفز دەکاو لەبری ئەوە باوەش بە زەویدا دەکاو تێکەڵ بە خاك و بەردو گیا دەبێ، لە راستیدا بەشێوەیەکی ناخود ئاگایانە (لاشعوری) (باوك– خواوەند) رەفز دەکاو مل دەداتە ئەشقی (دایك– زەمین)، ئەو دایکەی کە دەرێ و خواوەندان دروست دەکا. شاعیر هەمیشە لە رێگەی ئەفسانەسازییەوە بەرەو خواوەندان و زەمینی خواوەندان و دروستکەری خواوەندان دەگەڕێتەوەو رازو نهێنی شیعری (حەماسی و یاخی) لەمەدایە. واتە رەفزکردنی هەموو جۆرە (خوایەتییەك)و گەڕانەوە بەرەو شت و مرۆڤەکان کە خۆیان خواوەندن و دەتوانن رەنگدانەوەی خواوەندان بن.



زۆرم باسی شت و مرۆڤ، و مرۆڤم لە نێو شتەکاندا کرد. ئێستاش فەرموون با پێکەوە گەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بووە گەشتێکی نێوشار بکەین و چاوێکمان بە خەڵکی و شتەکان بکەوێ. من لێرەدا هەر هێندەم بۆ کراوە کە ناوەکان و هێندێ حاڵەتی ئینسانی لە چوارچێوەی شتەکاندا تۆمار بکەم. دیارە هەر یەکێك لەم ناوو حاڵەت و ئینسانانە بۆ خۆیان یادو یادگاریەکیان لە هزرو بیری ئێمەدا جێ هێشتووە. فەرموون لەگەڵ سوکە مێوانییەکەدا: مەیدان و پەیکەرەکان، سێ ڕیان و چوار ریانەکان، کۆڵان و کوێرە کۆڵانەکان. ئاو و فوارەو گیاو گوڵ، خەڵکی و ئۆتۆمبیلی بچووك و گەورەو عەرەبانەو پایسکل. سەگانی بچووك و گەورە، خەڵکی لە هەموو شوێنێکدا، لە

پشت پەنجەرەکانەوە، لەسەر شۆستەو نێو شەقامەکاندا، لەبەردەم گڵۆپە سوورو سەوزو زەردەکاندا. فیزاح و ناڵە ناڵ و دەنگی دی. دووکەڵ و تەم و هەڵم. پێکدا هەڵشاخان و جنێودان و خوێن ڕشتن و چەقۆی تا مشتو لە ورگان ڕۆچوو. و تەنانەت گوللەو تەقەکردن. پاشان هەڵاتن. هەنگاوی گورج و خێراو تامپۆنی لە ناکاوی ئۆتۆمبیلان و شکانی هەموو جامخانەکانی شار. ئالاو گڵۆپ و خوێن و تابوت. پەکوپۆ و انا للە وانا الیە راجعون. گریانی بەردەم دیوارە بەرزەکان. دیواری دی بە دەوری کەلاوەکاندا. کاغەزی سپی و ڕەش چاویلکەو تفەنگەکان. دەنگی تەرزەبارین و لێزمەی باران. سەربازان. بولێڵی ئێوارەو سپێدەی بەیان، هاتووچۆی پیاوو ژنان لەم شەقامەوە بۆ ئەو شەقام. چاوداگرتن لە ژنانی هەرزەو خەتاکار. بانگ و سەلای باوەشی شەو. گەشتی نێو فاڵچی و ڕەمڵچی و خەیاڵ پڵاوان. گەشتی نێو گیرفان بڕان و سیاسەتمەداران و تاوانباران و گەوادان. گەشتی نێو باب مردوان و داك مردوان، باب کوژراوان و داك کوژراوان و هاو ڕەگەز بازان و شەهوەت پەروەران و قەدیسان و پاش ئەم هەموو گەشتە خۆسپاردن بە خەوی ڕۆژانە. ژنان و زندانیان و ئەوجا گڵۆپ و گڵۆپ تا ئەو پەڕی شەو. هەیڤی لە جێ خۆدا تەزیوو ئەستێرانی قوتبەکان، ئەشقەساردو تەزیوەکانی ژێر درەختانی گەلا ڕژاو و پاڵ جۆگەلە بۆگەنەکان. ئەشقی کەنار پشیلەی تۆپیوو زامی پیس کردوو.شێتییەکی نەزۆکی لە ڕادەبەدەر بۆ تاوان و کوشتارو قەتل و عام.

هەراو هەنگامەو هاواری (ئینسانیەت و ئەمەشە چارەنووسی ئینسان) کە نەلێرەو نە لە شوێنی دیدا حسێبی چارەنووسی پشیلەی تۆپیویشی بۆ نەکراوە. ڕۆژنامەکان و قەحپەگەرێتی یاسا لە ناو پیتە وردو درشتەکانی چاپخانەکاندا. گەدایان، شەل و سەقەت و نوقسانان. شێتان، نیوە دەستان، نیوە لاق و نیوە ئەندامان و پێ شێل کراوان. پیرێژنان. پشت کۆڵان و بانیژەکان. دەستانی هەڵواسراو و پڕ جولەو زیندوو مردوو. زاری پڕ جنێوی ژێر درەختانی پاکیزە. چاوانی کوێرو نیوە کوێرو بیناو شووشەیی و پرشنگدار. سینەی لاوازو مردوو، پان و پۆڕو ئەوجا پاڵەوانانە. ورگی قوپاو و بەتاڵ و برسی و نیوە بەتاڵ و نێوە پڕ. پڕترو پڕترین هەڵئاوساو و لە تەقین نزیك. فیکەو قامچی و هەراو هەنگامەو هەڵاتن و ڕێژنەی تەرزەو بەفرو پاش هەمووی تەنیایی. بانگ و سەلایەکی دی. هەڵبوونی گڵۆپ، چاوان و ورگی برسی و هەمدیس تەنیایی. دووکەڵ و کوورەو کوێری و تاریکی و شەو و وەستان لەبەردەم گڵۆپی سووری ئۆتۆماتیکی و لە فکران ڕاچوون. ڕەنگەکان و مۆسیقای خێراو سرروودە کۆنە سواوەکان لەگەڵ گۆڕانی ناجۆری حەیوانیدا. ڕەنگەکان و هەموو ڕەنگەکان لە پێناوی جۆشدانی شێتیدا. بۆکڕوزی سووتاوی جەرگی ئینسان کە لەسەرجەم وشەکانی ئەم مێژووەوەو لە هەموو قۆناغەکانەوە هەڵدەستێ و بە شاردا بڵاو دەبێتەوە.

کالای شێتی دڕواو بڕاو بە بالای یەك بەیەکی ئێمەداو مێشکی پڕ کرمی ترسی ژێر سمی ولاخانی چەموشی بە ڕواڵەت ئینسان. و هەموو تیرەی بەشەر دەعوەت کراون تا شەڕخوازی ئێمە ببینن. تا شایەتی غروری خەوتوو و مردوی ئێمە بن. ئەمانەو هەزاران شت و مرۆڤ و حاڵەت و حەرەکەتی دی کە ئێوە هەمیشە میوانی ناوەختیانن و دەیان بینن.


شاعیر، لەسەر زەوی دەژی و دەبێ شایەتی بوونی شتەکان بێ. گەر زەمان و سەردەمی خۆی نەبینێ، ئەوە خیانەتی لە مێژوو کردووە. گەر شوێن و ژینگەی خۆی نەبینێ و نەبێ بە قازی و دادوەری رابووردوو، و شایەت و بینەری ئێستاو دەمڕاست و نوقلانەلێدەری ئایندە، ئەوە خیانەتی کردووە. شاعیر خوازیاری خوێن و هەڵچوون و ئەشقە، نەفرەت لە ملکەچی و داماوی دەکات. ئەگەر نوێنەری تیشك و جیلوەکانی سەردەمی خۆی بێ، ئەوا پاش مردنی، شیعرەکانی نەمری پێ دەبەخشن. چونکە شیعر لە نووسینی فەیلەسوف و کۆمەڵناس و رەخنەگر، پتر بەڵگە نامەیەکی مێژووییە دەربارەی سەردەمێکی تایبەتی. چونکە شاعیری رەسەن، لەسەردەمەکەی خۆیدا دەژی، بەڵام کۆمەڵناس و رەخنەگر تەنیا بیری لێدەکەنەوەو جیاوازی ئەم دوو دەستەیە لە جیاوازی نێوان بیستن و بینینیش زێدەترە.

بۆدلێر دەڵێ: "خوا ئەو شتەیە کە بێئەوەی هەبێ حوکمڕانی دلان دەکا." ئەم گوتەیە بۆ شاعیری گەورەش راستە. بۆ وێنە حافز شاعیرێکی لەو بابەتەیە. حافز بەشێکە لە زمانی فارسی و پارچەیەکە لە کەسێتی یەك بەیەکی ئێمە. شاعیری چاك جگە لەمە چ شتێکی دی نییە. دەبێ لە ناو جەرگەی زماندا بژی و یارمەتی ژیان و تەمەن درێژی زمان بدات. شاعیر لە پێشینانەوە دەست پێدەکاو ئاوێتەی نەوەکانی داهاتوو دەبێ. گەرچی ژیانی داهێنەرانەی شاعیرانەی شاعیر لە هێندێ ساتی تایبەتیدا دەگاتە لوتکە، بەڵام پەیکەری ئەبەدیەت لەو ساتە تایبەتیانە دەتاشێ. هیچ تواناو دەسەلاتێك ناتوانێ رازی شاعیر کلیل بداو هیچ کەسێك ناتوانێ خۆی بەسەردا بسەپێنێ و مل هوڕی لەگەڵ بکا. شاعیری چاك دەبێ هێندە ئاوێتەی شیعری خۆ ببێ کە ببێ بە شیعر. شیعر دەبێ بگاتە ئاستێکی هێندە گەورە کە ببێ بە سەرجەمی زمان.

دایلان تۆماس لە شیعرێکیدا دەڵێ:

من زمانی بەشەر
لە هەوەڵین یاسای
شەهوەت و غەریزە بەشەرییەکانەوە
فێر بووم،
تا شێوەی بیرەکان
لە قاڵبی زەیندا دابڕێژم.
وڕستی وشەکان
سەر لە نوێ بهۆنمەوە.
ئەو وشانەی کە بە میراتی
لە مردوانی خەوتووی نێو
گۆڕی بێ هەیڤە شەو ماونەتەوە
ئەو مردووانەی چیدی پێویستیان
بە دەستەمۆ کردنی
وشەکان نییە..

سەرچاوە:طلا در مس /رضا براهنی/چاپ دوم:١٣٤٧/کتاب زمان



# ڕۆبەرت فرۆست

## هەڤپەیڤین لەگەڵ ڕۆبرت فروست دا*

## ١٩٦٣-١٨٧٤

**سازدانی: ریچارد پوریە**

فرۆست: من هەمیشە تەختەیەکی ساف لەژێر دەستمدا دادەنەم و دەنووسم. لە هەموو تەمەنمدا قەت لەسەر مێز نەمنووسیوە. تا ئێستا بۆ نووسین سوودم لە هەر شتێ بڵێی وەرگرتووە. تەنانەت لەسەر بنی پێڵاوەکانیشم شتم نووسیوە.

*- بۆچی حەز لە مێز ناکەن؟ لەبەر ئەمە نییە کە بە زۆری لە سەفەردای و لە ڕووی پراکتیکییەوە ناتوانی مێز بەکار بێنی؟

- تەنانەت لە کاتی لاویشدا مێزم نەبووە. لە هەموو تەمەنم قەت ژووری کارکردنم نەبووە.

* - حاڵی حازر کەمبریج بارەگاو ماڵی ئەسڵی تۆیە، وانییە؟

- لە زستاندا با، نزیکەی پێنج مانگی ساڵ لە "ریپتون"ی شاری "ڤێرمونت"دا بەسەر دەبەم، بەڵام وەکو تۆ گوتت بارەگای سەرەکی و شوێنی کارکردنم شاری کەمبریجە.

*- "ریپتون" نزیکی " قوتابخانەی نووسەرایەتی بردلوف"ە وانییە؟

- سێ میل لەوێندەرەوە دوورە. پێموایە زۆریش نزیك نییە. قوتابخانەکە لە بناری چیاداو لە سەرووی جادەیەکی لاوەکییەو دەبێ ماوەیەك بڕۆم تا بیگەمێ. بۆ گەیشتن بە قوتابخانەکە دەبێ لە چیاکەوە داگەڕێم، جادە لاوەکییەکە بڕم تا بیگەمێ. من لەم قوتابخانەیەدا یەك سیمنار و یەك دەرسی ئاساییم لە ئەستۆیە و هیچی دیکە.

*- تۆش یەکێك بووی لە دامەزرێنەرانی ئەم قوتابخانەیە، وانییە؟

- وادەڵێن. بەڵام من باوەڕم وایە کە پتر لە سیمنار گرتندا دەورم هەبووە. حەزم دەکرد سیمینارێك بگرم کە کەمتر حاڵەتی ڕەسمی و قوتابخانەیی هەبێ. بە مەنسوولی قوتابخانەکەم گوت: "بۆچی بە دروستی سوود لەم شوێنە وەرناگریت؟ دوای تەواو بوونی دەوامی قوتابخانە دەتوانی چالاکی دەرەکی ئەنجام بدەی." حەزم دەکرد شتێکی جیاواز لە وانەی ئاسایی هەبێ، جۆرە چالاکییەکی دەرەکی و بەدەر لە بەرنامەو پرۆگرام. حەزم دەکرد هەموویان ئازاد بن و ناچار نەبن بۆ خۆ قەید کردن پارە بدەن. مەبەستم ئەمە بوو خەڵکانی ئەهلی ئەدەبیات دەعوەت بکەین و هەریەکەو دوو هەفتەیەك بێنە ئێرەو لەگەڵ خوێندکارەکاندا قسان بکەن. یانی قسە بۆ خوێندکارەکان بکەن. ئێستاش چوارچێوەو شوێنەواری ئەو ئاشخانەیەی کە لە پاڵ قوتابخانەکەدا دروستمان کرد، هەر ماوە. هەڵبەتە پاش ماوەیەکی زۆر کەم پێشنیازەکەی من بە جۆرێکی دیکە شکایەوەو سیمینارەکە کرا بە وانەیەکی قوتابخانەیی و خوێندکاران بۆ بەشداری لە سمینارەکەدا دەبوو ناوی خۆیان قەید بکەن و پارە بدەن.

*- له سالانی ١٩١٢-١٩١٥ دا كه له بەریتانیادا دەژیای قەت بە بیرتاندا دەهات بۆ هەمیشە لەوێندەر ئاكنجی بن؟

- نا،نا. تەنیا لەبەر ئەوە چووم بۆ بەریتانیا تا پشوویەك بدەم و ژیانێكی هەژارانە تاقی بكەمەوە.

هیچ بڕیارێكم نەدابوو كتێبێك بڵاو بكەمەوە. لەوێ هیچ یەكێك لە كارەكانی خۆم نیشانی كەس نەدا. لەو سەروبەندەدا سی و هەشت ساڵان بووم، نەبووم؟ بەڕاستی بە دروستی لە یادم نییە دەبێ لەو دەوروبەرە بووبم. وەكو گوتم زۆر لە خەمی بڵاوكردنەوەی كتێبدا نەبووم. وام پێ چاك بوو بەر لەوەی دیوانێك چاپ بكەم، شیعرەكانم بۆ گۆڤاران بنێرم (تا هەمووان بمناسن). لەگەڵ ئەمەشدا ئەم كارە زۆر بەسوود نەبوو. كەس ئاوڕی لێنەدامەوە. تەنیا هەندێجاران لە بری ئەو شیعرانەی بۆ گۆڤارانم دەناردن، چەكێكیان بۆ دەناردم. ئەوەبوو بە هیچ جۆرێ پێم وانەبوو بتوانم كۆمەڵە شیعرێك بڵاو بكەمەوە. هەڵبەتە بەر لە چوونم بۆ ئینگلستان سێ كۆمەڵە شیعرم ئامادە كردبوو "ئارەزووی منالێك"، "باكووری بوستون" و بەشێك لە كۆمەڵەی "مەداری نێوان كێوەكان" كە پاكنووس نەكرابوو و تەنیا كۆمەڵە كاغەزێكی لەسەر یەك كەڵەكەكراو بوو.

* - چۆن لە ئینگلستاندا پاوەندت بینی؟

- "فرانگ فلینت" منی بە پاوەند ناساند. فلینت بابایەكی وەرگێڕ بوو و یەكێك بوو لە شاعیرانی (ئیماژیست) هاوڕێی پاوەند بوو و ئەندامی گروپێكی چكۆڵەی ئەدەبی بوو كە پاوەند لە ئینگلستان دایمەزراندبوو. لە دوكانی كتێبفرۆشێكدا ئەوم بینی، پرسی: "ئەمریكاییت؟ وەڵامم دایەوە: "بەڵێ، چۆنت زانی؟" گوتی: "بە پێڵاوەكانتدا" چاك لەبیرمە لە كتێبفرۆشییەكەی "هاروولد مونرو"دا بووین، ئەو كتێبفرۆشییەی كە تەنیا كتێبی شیعری دەفرۆشت. تازە كرابووەوە. فلینت دیسان پرسی: "شیعر دەڵێی؟" وەڵامم دایەوە: "ئەم قسەیەت بە نوقلانەی خێر وەردەگرم." گوتی: "كەواتە دەبێ ئیزرا پاوەندی شاعیری هاوڵاتی خۆت بناسیت؟" وەڵامم دایەوە: "تانهوو ناویشم نەژنەوتووە". بەڕاستیش وابوو. زۆر لە گۆڤارە ئەدەبییەكان بێزار بووم و زۆر بەكەمی دەمخوێندنەوە. هەروەها كەسێكی چەنەباز نەبووم و حەزم لە فشەو بانگەشە و گەنگەشە نەدەكرد. ئەنجام فلینت گوتی: "من بە پاوەند دەڵێم كە تۆ لێرەی". پاش ئەوە پاوەند كارتێكی بۆ ناردم. كارتەكەم دوو سێ مانگێك لەلا مایەوەو ئاقیبەت نەچووم بۆ دیداری پاوەند.

*- راستە كە پاوەند "ئارەزووی منالێك" ی بەر لە بڵاوبوونەوە خوێندووەتەوە؟ چۆن بوو لیبڕایت بەر لە بڵاوبوونەوە بیدەیت بە پاوەند تا بیخوێنێتەوە؟

- كە پاوەندم بینی دووسێ مانگێك بوو كتێبەكەم دابوو بە بڵاوەخانە، بەڵام هێشتا چاپ نەبووبوو...سێ چوار مانگێك دوای كارتەكەی پاوەند چوومە دیدەنی. كارتەكەیم زۆر بەدڵ نەبوو.

*- مەگەر چی تیا نووسیبوو؟

- تەنیا ئەم ڕستە كورتەی نووسیبوو: "هەندێجار لە ماڵەوەم". ڕستەكە وەكو خودی پاوەند كورت و مانابەخش بوو. ئەم رستەیەم زۆر بەدڵ نەبوو، پێم وابوو دەعوەتێكی زۆر گەرم نەبوو.

بەهــەرحالْ رۆژێــك کــە لــە شــاری "کنزیگتــون"دا پیاســەم دەکــرد و لــە "چــرچ واك" رەت بــووم کارتەکەم لە بەرکم دەرێنا و چووم بۆلای ئەو. پاوەند لەماڵ بوو. زۆر بەگەرمی پێشوازی کردم، پەشیمان بووم لەوەی کە بۆ زووتر نەهاتبووم بۆلای. دوای تۆزێك گوتی: "فلینت گوتی کتێبێکی شیعرت هەیە؟" وەلامم دایەوە: "دەبوایە هەمبووایە بەڵام نیمە". پرسی: "مەبەستت ئەمەیە کە کتێبەکەت هێشتا دەرنەچووە، وانییە؟" گوتم: "نەخێر. هێشتا بلاو نەبووەتەوە." گوتی: "چۆنە بچین نوسخەیەك لە کتێبەکەت لە بلاوەخانەکە وەربگرین؟" پاوەند هەمیشە حەزی دەکرد لە پێش هــەموو کەســێکەوە بەرهــەمی خــەڵکی بخوێنێتــەوەو رای خــۆی لەســەر دەربــڕێ. باشــترین تایبەتمەندی و خەسڵەتی پاوەند ئەوەبوو. حەزیدەکرد بەر لە هەموو کەسێك رای خۆی دەربڕێ. هەڵبەتە مرۆڤێکی خاکی بوو و حەزی لەخۆهەڵکێشان و خۆ نواندن نەبوو. بەبێدەنگی دانیشتبوو و پەرۆشی ئەوە بوو بە زووترین کات کتێبەکە ببینێ. بە پێیان وەرێکەوتین و چووین بۆلای بلاوکەرەوەکە.نوسخەیەکی لە کتێبەکە وەرگرت. تەنانەت بەخۆیشمی نیشان نەدا. خستییە گیرفانی. گەڕاینەوە بۆ ژوورەکەی ئەو. گوتی: "قەیناکا ئەگەر تەماشایەکی کتێبەکەت بکەم؟" کەمێك فۆنەتێکی ئینگلیزی بەسەر زمانیدا زاڵ بوو. گوتم: "ببورە، فەرموو بیخوێنەوە".
دەستی بە خوێندنەوەی کتێبەکە کرد. زۆری پێنەچوو پێکەنین گرتی. گوتم: "دەزانم لە چ شتێکی کتێبەکە پێکەنین گرتتی.. دەزانم بە چ رستەیەك پێدەکەنی" دوای چەند ساتێك پاوەند گوتی: "واچاکە بڕۆیتەوە بۆ مالی خۆت، دەمەوێ کتێبەکە هەڵسەنگێنم." ئیدی کتێبەکەم نەدیتەوە. بەبێ کتێب بۆ ماڵ گەڕامەوە و پاوەند کتێبەکەی لای خۆی هێشتەوە. دواتریش زۆر کەم ئەو کتێبەم بەدەستیەوە بینی.

*- پێدەچێت پاوەند یەکەمین کەس بووبێ کە رەخنەیەکی باشی لەسەر ئەو کتێبە نووسی بێ، وایە؟

- بەڵێ، دروستە، هەڵبەتە یەکەمجار لە ئەمریکا، لە شاری شیکاگۆ دا، رەخنە لەسەر ئەم کتێبە نووسرا، بەڵام ئەم رەخنەیە یارمەتییەکی ئەوتۆی منی لە ئینگلستاندا نەدا. سەبارەت بە کتێب، لە ئەمریکادا وابـاوە هەرکە بلاوبووەوە لە سەری دەنووسرێ. بەمەزەندەی من زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە ئینگلستاندا لەمەڕ ئەم کتێبەیان نووسیگە، نەیانزانیوە رەخنەگرێکی دیکە لە شیکاگۆدا لەسەری نووسیوەو هەڵیسەنگاندووە. لە نووسینەکانیاندا وا دەردەکەوێ. بەڵام لێکۆڵینەوەکەی پاوەند شتێکی دیکە بوو، بووە مایەی ئەوەی بە جددی تەمەشا بکرێم و بەرە بەرە ناوبانگ دەربکەم. هەمیشە هەستێکی غەریبم سەبارەت بەو قۆناغە هەبووە (ئێستاش ناتوانم باوەڕ بە زۆر لەو رووداوانە بکەم): ئەوەبوو پاوەند ڤیروسیای کرد و ئەو رەخنە باشەی نووسی. لەو قۆناغەدا لە ناوەند و بنکە ئەدەبییەکاندا راوبۆچوونی جیاواز دەربارەی پاوەند هەبوو. بەڵام هەمووان رێزیان دەگرت و بە لایانەوە بنیادەمێکی غەریب بوو، بەیینی لەگەڵ "ییتز" و "هوفر" و چەند هونەرمەندێکی دیکەدا خۆش بوو.

*- "هوفر"ت دەناسی؟

- بەڵێ. لە رێگەی پاوەندەوە "هوفر" و "ییتز"م ناسی.

* – ئەو سەردەمەی کە لە ئینگلستان بوویت (ییتزت) زۆر دەبینی؟

– نەء، زۆر کەم دەمبینی. لیّ هاتوچۆم لەگەڵ "پاوەند"دا هەبوو، زۆربەی کات لەگەڵ ئەودا بووم.

* – کاتیّ ئینگلستانت بەجیّهیّشت بە ئانقەست کیّڵگەی دوورەدەست و کویّستانی "گلوستەر شایر" ت بۆ ژیان هەڵبژارد؟ دەتویست کەمیّ لە هەراو هەنگامەی شارو ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان دوور بی؟

– نەخیّر، هیچ قەست و مەبەستیّك لە گۆڕیّ نەبوو، تەنانەت چوونم بۆ ئینگلستانیش بە مەست و ئاگایانە نەبوو. هیچ کاریّکم بە قەست و مەبەست نەبوو. لەو سەروبەندەدا زۆر گیّژ و هیّڕ بووم و نەمدەزانی من لەم دنیایەدا چ کارەم. بەخۆیشم نەمدەزانی دەمەویّ چ بکەم. تەنیا بەتەبیعەت و لەخۆڕا نەمدەویست بە گرووپیّکەوە پەیوەست بم. بەتایبەتی حەزم لەو رۆشنبیرانە نەدەکرد کە نازانم بەخۆیان دەگوت گرووپی "لایەنگرانی جورج" و یا "گرووپی ئیدوارد" و نەمدەویست پەیوەندییان پیّوە بکەم. مەبەستم ئەو گرووپەیە کە "ئیدوارد مارش" دایمەزراندبوو. مارش زۆری حەز لەم گرووپانەو رۆشنبیران دەکرد. بیستوومە لە کتیّبی بیرەوەرییەکانیدا شتیّکی دەربارەی منیش نووسیوە، بەڵام قەت ئەوم نەبینیووە.

* – ئەم گرووپبازییە لەنیّو ئەو رۆشنبیرانەشدا کە لە ئینگلستاندا دەتناسین هەبوو؟

– بەڵیّ، زۆریش بوو، وەزعیّکی پیّکەنیناوی بوو. لەوەیە لە ئەمریکاشدا واهی بیّ. نازانم. من زۆریش ئەمریکاچیەتیم نەدەکرد و خۆم بە پابەندی ئەو سەرزەمینە نەدەزانی. کەچی ئەم بابەتە رستانە بوو بوو بە ویّردی سەر زمانیان و دەیانگوتەوە:"بەڵیّ، فروست شاعیریّکی ناوچەییەو شیعر دەربارەی وڵاتەکەی و خەڵکی ئەویّندەر دەڵیّت. تا ئیّستا لە ئەمریکادا شاعیریّکت دیتووە کە شتی وەهای تەجرەبە کردبیّ؟" بەجۆریّ قسەیان دەکرد کە لە تۆ وایە قسەکانیان سەدی سەد دروست و ڕاستە. جا ئەم حاڵەتە دەربارەی (میس فیلد)ش دەگوترا. ئەویان هەر نەدەناسی. کەچی دەهاتن و دەیانگوت: "بەڵیّ میس فیلدی دۆستمان گەییوەتە دەستکەوتیّکی واهی. بەباوەڕی من ئەو دەربارەی ئەم تاقمە خەڵکە شیعری گوتووە".

*– لەو ساڵانەد ا باشترین هاوڕیّت (ئیدوارد تۆماس)بوو؟

– بەڵیّ. ئیدوارد لە باقی هاوسونج و ساڵەکانی خۆی جیاواز بوو و کەمتر لەگەڵ ئەواندا هەڵسوکەوتی دەکرد. ئەویش وەکو من بنیادەمیّکی گۆشەگیر و تەنیا بوو. کەس نەیدەزانی شاعیرە. تا پیّش بەشداری کردنیش لە جەنگ، شیعری نەدەگوت. تیّکەڵبوونی لەگەڵ مندا کاریگەری هەبوو، بوومە مایەی ئەوەی بیخەمە سەر سکەی شیعر. یەجگار دۆست بووین. وەکو گوتم بە تەبیعەت دژی هەموو ئەو گرووپبازیانە بووم و حەزم لیّنەدەکردن. هەڵبەتە منیش هاوڕیّم هەبوون، بەڵام هەموومان پەراگەندە بووین، کەمتر لە دەوری یەکدی خڕدەبووینەوە ،پاوەند کۆڕو کۆبوونەوەی هەفتانەی هەبوو، هەفتەی شەویّك ئەوو (فینت) و (ئالدینگتون) و (ئیّچ. د) لەدەوری یەکتر خڕ دەبوونەوە. پیّموایە (هیوم)ش ماوەیەکی کەم لە کۆڕەکانیاندا بەشدرای کرد. "هیوم" لەگەڵ ئەو جەماعەتەدا دەستی بەکارەکانی کرد. لەم کۆڕ و کۆبوونەوانەدا شیعریان دەخویّندەوەو شیعریان بۆ یەکتر راست دەکردەوە یان سەر لەنویّ دەیاننووسییەوە.

*– "هیوم" ت زۆر دەبینی؟ لەو کۆڕانەدا ناسیت؟ یان حەزت لەو کۆڕانە نەدەکرد و بەشداریت نەدەکرد؟

– بەڵێ "هیوم"م دەناسی. زۆر هاوڕێ بووین، لێ قەت نەچووومە ئەو کۆڕانە. لە پاوەندم پرسی: "لەو کۆڕانەدا چ دەکەیت؟" گوتی: "شیعری یەکتر هەڵدەسەنگێنین و دایدەڕێژینەوە." پرسیم: "لەبەر چی؟" وەڵامی دایەوە: "تا پوختەو پاڵاوتە ببێ." گوتم: "بەم قسەیەی تۆ بێ ئەم کۆڕانە لە هەر چییەك بچێت لە کۆڕی جددی ناچێت. نەء، ئەوێ شوێنی من نییە. من هونەرمەندێکی جددیم. هەڵبەتە سوعبەتم دەکرد. پاوەند بەو وەڵامە پێکەنی و چیتر منی دەعوەت نەکرد.

*– ئەم پەیوەندییە شەخسییانەی کە لەگەڵ پاوەند و ئیدوارد تۆماس و گرووپی "لایەنگرانی جۆرج" لە ئینگلستاندا هەتبوو کاریگەری بەسەر شیعرتانەوە هەبوو؟ ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم تا پێش ئاشنابوونت لەگەڵ ئەو کەسانەدا سێ دەفتەری شیعرت گوتبوو. وایە؟

– چاکترە بڵێین دوو دەفتەر و نیو، چونکە هەندێ لەو شیعرانەم لە دە ساڵی یەکەمی ١٩٠٠دا گوتبوو.هەمان ئەو شیعرانەی کە لە کتێبخانەی "هانتیگتون"دان یەکەم شیعرم لە ساڵی ١٨٩٠دا بڵاو بووەوە. کۆنترین شیعرم لەو ساڵەدا بڵاو بووەتەوە.

*– پێم وانییە مەبەستت یەکەم کۆمەڵە شیعرتان " ئارەزووی منالێك"بێ، چونکە ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٨٩٤ دا بڵاو بووەوە.

– نە، مەبەستم ئەم کۆمەڵەیە نییە. "ئارەزووی منالێك" کۆنترین کۆمەڵە شیعرمە.. ئەو شیعرانەی کە بە شێوەی پیشەیی بڵاوم کردنەوەو بە گۆڤارانم فرۆشتن. ئەو شیعرانەی کە لە ساڵی ١٨٩٠دا بڵاو بوونەوە لە هەموو شیعرەکانم کۆنترن. تا پێش ئەو ساڵە هیچ بەرهەمێکی من بڵاو نەبووبووەوە. ساڵانی بەر لە ١٨٩٠ هەندێ شتم بە یونانی و لاتینی دەنووسی.

*– هەندێ لە رەخنەگرانی کۆن، "گارنت" و یان پاوەند کە ویستبێتیان دەربارەی شیعری یونانی یان لاتینی قسە بکەن زیاتر خوێنەریان هاندەدا کە بچنەوە سەر بەرهەمەکانی تۆ. پێدەچێت تۆ لە واری ئەدەبیاتدا، لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا زۆرت خوێندبێتەوە؟

– رەنگە زۆر زیاتر لە خودی پاوەند لەو بوارەدا کارم کردبێ.

*– سەردەمانێك دەرسی لاتینیت دەگوتەوە، وایە؟

– بەڵێ وایە، کاتێ بۆ جاری دووەم لە کولیج دا خۆم قەید کرد لە دڵی خۆمدا بیرم کردەوە کە رەنگە تەنیا لە رێگەی خوێندنی زمانی یۆنانی ، لاتین و فەلسەفەوە بتوانم تەحەمولی ژینگەی کۆلیژ بکەم.

*– ئەدی دەربارەی شاعیرانی رۆمانتیك، پەیوەندی زۆرت بەوانیشەوە هەبوو، و دەربارەی ئەوانیش زۆرت دەخوێندەوە؟ بۆ نموونە دەربارەی "وردز ورت"؟

– نە پەیوەندییەکی ئەوتۆم پێیانەوە نەبوو. بەڵام هەموو شتێکم دەخوێندەوە، دەربارەی هەموو شتێکم دەخوێندەوە. بەرێکەوت دوێنێ قسەم لەگەڵ چەند قەشەیەکی کاتولیکدا دەکرد. پرسیاری ئەو کتێبانەیان لێکردم کە خوێندوومنەوە. گوتم: "ئەگەر مانای راستەقینەی وشەی کاتولیك بزانن، منیش دەبم بە کاتولیك."

*- دایکت چ شتگەلێکی بۆت دەخوێندەوە؟

- پرسیارێکە ناتوانم زۆر بە وردی وەڵامی بدەمەوە. هەموو شتێکی بۆ دەخوێندمەوە. لە هەر شتەو کەمێك، ژنێکی ڕەنجبەر بوو. ژیانی ئێمەی هەڵدەسوڕاند و لە باری مەعنەوییەوە دەیپاراستین. لەدایکبووی ئوسکاتلەند بوو بەڵام لەشاری (کولومبس)ی ویلایەتی ئوهایودا گەورە بوو بوو. حەوت ساڵی خشت لە کولومبس دا دەرسی بیرکاری گوتەوە. ساڵێك لەگەڵ بابمدا دەرسی دەگوتەوە. ئەو ساڵەی کە بابم تازە وازی لە هارڤۆرد هێنابوو. بەر لەوەی بۆ کالیفۆرنیا بڕۆن. لەو سەردەمەدا خوێندکاران هەرکە ئامادەییان تەواو دەکرد دەبوون بە موعەلیم. هەندێ لە موعەلیمەکانی منیش کولیژیان تەواو نەکردبوو. بۆ نموونە دووان لە باشترین موعەلیمەکانم کە زمانی لاتینی و یونانییان دەگوتەوە، ئەمانە هیچیان نەچووبوونە کولیژی تایبەتی ژنان. ئەوانە مامۆستای (فیرید رۆبینسون)ش بوون. من و فیرید هاوپۆل نەبووین بەڵام موعەلیمەکانمان یەك بوون. "فریتس رۆبینسون" دەڵێم، ئەو توێژەرە پیرە. دایکی منیش وەکو موعەلیمەکانی ئەو زەمانە بوو. لە هەژدە ساڵیدا دەبێ بە مامۆستای ئامادەیی و لە بیست و پێنج ساڵیدا مێرد دەکات. لەم دواییانەدا بەشێوەیەکی سەیر ڕمووودەی ژیانی ئەو بووم و هەر شتێك دەربارەی ئەو بێ کۆی دەکەمەوە. کە دەچمە ئەملا و ئەولا زۆر هەواڵ و باسم دەربارەی ژیانی ئەو دەستدەکەوێ. کە لە شاری (لویس تاڤن)ی پەنسلڤانیا بووم، ڕۆژی زەماوەندەکەی و کۆمەڵێك هەواڵی تازەو دروستم دەربارەی زەماوەندەکەی بەدەستکەوت.

*- ڕاستە کە دایکت لە شاری "لارنس"دا قوتابخانەیەکی تایبەتی بەڕێوە دەبرد؟

- بەڵێ ڕاستە، قوتابخانەکەی لە نزیك شاری "لارنس"بوو بەخۆی خاوەنی ئیمتیازی قوتابخانەکە بوو منیش سەردەمانێك لە هەمان قوتابخانەو چەند قوتابخانەیەکی دیکەدا دەرسم دەگوتەوە. هەرکاتێ هەوای فەسڵی بەهاری "لارنس" لە کەللەی دابام دەچووم بۆ ئەوێندەر و لە قوتابخانەکەی ئەودا دەرسم دەگوتەوە.

*- چەند ساڵ بووی؟

- چەند چەند؟ نزیکەی بیست ساڵ دەبووم. ئەمە بۆ ساڵانی ١٨٩٣-١٨٩٩ دەگەڕێتەوە. ڕێك بۆ ئەو زەمانەی کە وازم لە کۆلیجی (دارموت) هێنابوو، هەرکاتێ لە شار بێتاقەت دەبووم و هەوەسی بەهارم دەکرد دەچووم بۆ "لارنس" و کۆرسێك دەرسم دەگوتەوە. وابزانم ئەگەر هەمووی بخەیتە سەریەك دوو-سێ کۆرس دەرسم لەو قوتابخانەیە گوتووەتەوە. قوتابخانەیەکی بچووك بوو. هەر پۆلێك ئەوپەڕی دوانزە قوتابی تێدا بوو. یەك دەرزەن قوتابی، جا قوتابیانی هەژار و پێ پەتی. لە شاری "لارنس"دا ڕۆژنامەنووسیشم دەکرد. ڕێك وەکو داك و بابم. خۆیشم نەمدەزانی دەمەوێ بەو پارانە چی بکەم. تەنیا کارم دەکرد و پارەیەکی کەمم پەیدا دەکرد. ژیانم ئەمە بوو کە تۆزێ دەرس بڵێمەوە، بابەت بۆ ڕۆژنامەی ناوچەیی بنێرم و کەمێکیش لە مەزرادا کشتوکاڵ بکەم. بە لاسایی کردنەوەی دایکم و باوکم دەستم بە ڕۆژنامەوانی کرد. سەرزەمانێکیش سەرنووسەری گۆڤارێکی هەفتانە بووم. پاش ئەوەش بە بەردەوامی هاوکاریم لەگەڵ ڕۆژنامەیەکدا دەکرد. ئەم ڕۆژنامەیە تا ئێستاش لە شاری "لارنس"دا دەردەچێت.

*- ئەوسای کە تازە روو ت کردبووە شیعر، هیچ شاعیرێك هەبوو کە دڵبەندی بی؟

- مـن زۆر دژی ئـەم بۆچـوونە بـووم. ئـەم بۆچـوونەی "ئەستیونسـون" کـە پێـی وابـوو هـەر هونەرمەنـدێك دەبـێ لاسـایی کەسـێك بکاتـەوەو بیکـات بەسـەر مەشـقی خـۆی. بـەڕای مـن ئـەم بۆچوونە پتر لە هەر شتێکی دیکە جەزرەبەی لە ژیانی ئەدەبی و پەروەردەیی ئەمریکادا.

*- تا ئێستا هەستت بە هیچ جۆرە پەیوەندی و لێکچوونێك نەکردووە لە نێوان شیعرەکانی خۆت و شیعری شاعیرانی دیکەدا؟

- ئەمە ئەرکی خەڵکانی دیەیە کە ئەم داوەرییە بکەن. من نازانم

*- بۆ نموونە کاتێ کە شیعری کەسانی وەکو (رابینسون) یان (ئەستیونس) دەخوێنیتەوە هیچ لێکچوون لە نێوان شیعری وان و شیعری خۆتدا نابینی؟

- والاس ئەستیونس دەڵێیت؟ ئەو زۆر لەدوای من بوو بە شاعیر.

*- مەبەستم ئەوەیە کە بە خوێندنەوەی شیعری ئەو هەست ناکەیت کە...

- مەبەستت ئەمەیە کە ئایا نزیکییەك هەیە یان نا؟

نـەء، پـێم وانییـە شـتی وەهـا هـەبێ. ئەسـتیونس یـەکجار بـەمنی گـوت: "تـۆ هەمیشـە دەربـارەی بابەتێن رۆژ شیعر دەڵێی". وەڵامـم دایـەوەو گـوتم: "تـۆش زیـاتر حـەزت لەوەیـە دەربـارەی بابـەتێن کۆن شیعر بڵێی". کاتێك کە کتێبێکی دواتری خۆی بۆ ناردم سەیرم کرد شیعرەکانی لە جاران زیاتر دەربارەی بابەتێن کۆنن. بەڵام زۆر ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا کردوون و تێهەڵکێشی شیعری کـردوون. نـەء، شـیعری مـن هـیچ لێکچوونێکی لەگـەڵ شیعری ئـەودا نـەبوو. ئێمـە تـەنیا دۆسـت و هـاوڕێ بـووین. ئەگـەرچـی بـە مـیلان لێکـدی دوور بـووین. بـەڵام بنیـادەم بەخۆیشـی نـازانێ چـۆن ئاشنایەتی لەگەڵ کەسێکدا پەیدا دەکات.

*- لە بیرمە لە گفتوگۆیەکدا کە ماوەیەك لە مەوبەر لەگەڵ یەکدیدا کردمان گوتت کە "روبرت لاول" پێی گوتبووی کە تۆ زۆر لە فۆکنەر دەچیت و هەوڵیداوە بەوت بناسێنێ.

- من قسەی وام کردووە؟

* نەء، گوتت روبرت لاول گوتو یەتی کە تۆ زۆر لە فۆکنەر دەچیت.

- راسـتیەکەی دەزانـی "رۆبـرت لاول" جارێـك چـی بـەمن گـوت؟ گـوتی: "پـورم بـە لەهجـەی نیوئینگلەنـدی قسـان دەکـات، رێـك وەکـو لەهجـەی "بـورنز" قسـەکردنی ئـەو "بیلـوپیپرز" وەبـیر دێنێتـەوە. وانییـە؟" گـوتم: "ئـەوە چ دەڵێـی روبـرت: یەکـەم بـورنز لەهجـە نییـە بـەڵکو نـاوی شاعیرێکە. دووەم سکوتلاندی-ش لەهجە نییە بەڵکو زمانە." لێ رۆبرت گوێی لەم قسانە نەبوو و هەر لە خۆیەوە قسەی دەکرد. رۆبرتی نەحلەتی بەخۆیشی نەیدەزانی چ دەڵێت.

*- کەواتـە کاریگـەری شـاعیرێکی تایبـەتیت بەسـەرەوە نـەبووەو تـەنیا شـیعری یـەك شـاعیر ناخوێنیتەوە؟

- نە، هەموو شتێکم دەخوێندەوە. زیاتر حەزم لـە گوڵبـژێری ئەدەبی دەکرد. ئەو بابەتـە کتێبانـەم دەکردەوەو بەدوای شاعیری دڵخوازی خۆمدا دەگەڕام. لـە دڵـی خۆمدا دەمگوت دەبێ شیعری زۆر چـاکی تیـا بدۆزمـەوە. شـیعرێن کـۆن. بـۆ نموونـە شـیعری وەکـو شـیعرەکانی "شـرلی". شـیعرێن

جوانی وەکو "شیوەنی شکۆنەژاد و دەوڵەتی ئێمە" کتێبی شیعرانم ژێروژوور دەکرد، بەڵام نە، تەنیا یەک-دوو شیعری وەکو ئەم شیوەننامەیەم دەدۆزییەوەو بەس. بیرم دێ لەو سەروبەندەدا هەندێجار هەندێ لە لاوان-ش دەربارەی ئەم شیعر یا ئەو شیعر هاوسەلیقەی من بوون. رۆژێك لە جیاتی مامۆستایەکی کولیجی "ئەمهرست" دەرسم دەگوتەوە. "رۆبن برۆیر" هەمان (ئەو کەسەی کە پاشان بوو بە سەرۆکی کۆلیجی "ئادامز هاوس"ی زانکۆی هارڤەرد) خوێندکاری ئەو پۆلە بوو. چاك لەبیرمە کە لە خوێندکارەکانم پرسی: "لەم پۆلەدا کەسێك هەیە کە بیەوێ ئەم شیعرەم بە دەنگی بەرز بۆ بخوێنێتەوە؟" یەکێك بوو لە شیعرە کۆنەکانی "ئیدواردرز". شیعری "دووبارە دەڕۆم بۆ هەمان گۆشەی تەنیاییم، هەمان گۆشەی کە هەمیشە لەوێندەر راکشاوم." برویر هەستا. شیعرەکەی زۆر باش خوێندەوە. کە شیعرەکەی تەواو کرد گوتم: "ئەگەر مامۆستات بوایەم هەمیشە نمرەی $A$م دەدایتێ".بەو جۆرە سوعبەتمان لەگەڵ یەکدیدا دەکرد. هەڵبەتە قەت نەبوو بە خوێنکاری من، تەنیا هەندێجار دەهاتە پۆلەکەم. بەر لەم پۆلە چووبوومە پۆلەکانی دیکەش. لێ هەرکە چاوم بە "برویر" کەوت جیاواز هاتە بەر چاوم. نازانی چەند جوان شیعری دەخوێندەوە.شیعرە قورس و ئاڵۆزەکانی زۆر ئاسایی و ڕەوان دەخوێندەوە. ئەو شیعرانەی کە پڕ بوون لە پەندی پێشینان، قسەی نەستەقی وەکو: "شەڕ لەگەڵ دۆستانی دڵسۆزدا تازەکردنەوەی خۆشەویستییە." من بنیادەمێکی کاتولیك مەشرەبم. ئەمە تاقە شتێکە کە دەتوانرێ دەربارەم بگوترێ. حەز دەکەم لە بابەتێن جیاوازدا قووڵ ببمەوەو بچمە بنج و بناوانی. من هیچ لەو کەسانە ناچم کە لەو رۆژگارە کۆنانەدا لە ئەڵمانیا خوێندنیان تەواو کردبوو. نە، زەرەیەك لەوان ناچم. من هاوفیکری ئەوانە نیم کە دەڵێن هەموو بەرهەمی یەك کەس بەتەواوی بخوێنییەوە. زیاتر حەزم لەوەیە زۆر و بە وردی و قووڵی بخوێنمەوە.

*- ئەوسای لە ئینگلستان بوویت زیاتر پەیڕەوی پاوەند بوویت و سەلیقەی شیعریتان وەکو ئەو بوو؟

- نە، ئەو زیاتر ڕموودەی شاعیرانی لیریکی کۆن بوو،شاعیرانی "تروبادر".

*- بەجووتە باسی شاعیرێکی تایبەتیتان دەکرد؟

- پاوەند لەو زەمانەدا،کاتێ کە تازە ناسی بووم، زیاتر حەزی لە "رابینسون" و "دلامار" دەکرد. بەڵام زۆری پێنەچوو کە تاقەتی لە دلامار چوو، پاش ئەو لە شەڕی رابینسون-ش رزگار بوو. پاشان زیاتر خوومان دایە شیعرێن کورت و سادەو بۆ یەکترمان دەخوێندەوە. هاتووچۆمان زۆری نەخایاند، تەنیا چەند هەفتەیەك دەوامی کرد. هەڵس و کەوت و هەڵوێستیم بەدڵ بوو. ئەگەر حەزی لە کەسێك نەکردبا زۆر بە رەحەتی پێی دەگوت و ڕووی نەدەدایێ. رێك وەکو "ویلی ویستلر". بەڕای من ئەم هەڵسوکەوتەی زیاتر لە ژێر کاریگەری "ویستلر"دا بوو. ویستلر لە ئەدەبیاتی فەڕەنسادا دابێکی تایبەتی داهێنا، دابی تانەوتەشەر و بەدەمی ئەم و ئەودا کێشان.

* - هەڵبەتە بە ئەدەب

- بەڵێ، نازانم گوێت لەو گۆرانییە بووە کە دەڵێت:"بە پێیان کەوتنە گیانی یەك و شەڕیان کرد.." جگە لەمانە پاوەند منی ئاشنای ڕۆشنبیریی بوهمی کرد.

*– چما  لەو سەروبەندەدا بوهمییەکان لە لەندەن دەژیان و ڕێکخراوێکیان هەبوو کەوا پاوەند توانی تۆ بەوان بناسێنێ؟

– بەڵێ، هەبوون! ئەوان بەلای کەمەوە بۆمن تازە بوون. من لەوەپێش نەمدیتبوون. پاوەند منی بۆ خوارنگەیەکی تایبەت بەوان برد. لە خوارنگەکەدا دیمەنێکی پاڵەوانبازی لە سەر ئەنجام دام. لە ناوەندی خوارنگەکەدا منی بۆ سەر سەری بەرز کردەوە.

*–  پاوەند تۆی بەرز کردەوە؟

– بەڵێ، زۆر باشیش بەرزی کردمەوە. چاوەڕوانی ئەوەم لێی نەدەکرد، هێز و توانای پاوەند لە من زیاتر نەبوو. لە یەك ئاستدا بووین. گوتی: "ئێستا پێتی نیشان دەدەم کە ئەم جوڵەیە چۆنە. نیشانت دەدەم.هەستە بوەستە." هەستام و وەستام. دەستم دایە دەستی. کەمەری گرتم. خستمییە سەر دەستی.

*–  ئەم کارەت پێ خۆش بوو؟

– بەڵێ، خراپ نەبوو. مشتەرییانی خوارنگەکە وەستابوون و تەماشای ئێمەیان دەکرد. پاوەند بە هەموو کەسێکی دەگوت تەنسەکە بەتاڵە.. بەڵام من یاری تەنسم نەدەکرد. عادەتی وابوو بنیادەم بۆ شوێنی عەجیب و غەریب ببات، شوێنانێ کە بنکەو یانەی شاعیران بوو. هەڵبەتە بە زۆری شاعیرانی ڕەفتار غەریب بوون. لە بیرمە ڕۆژێك سەرو کەللەی شاعیرێك پەیدا بوو کە لە گۆڤاری "ئینگلیش ریویو"دا شیعرێکی دەربارەی "ئەفرودیت" بڵاو کردبووەوە. لەم شیعرەدا دەڵێت چۆن لە "لدرهد"دا "ئەفرودیت"ی دیتووە. بە بەردەوامی بۆ ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە دەهات. ئەم پیاوە دەریاوان بوو. ئێستا ناویم لەبیر نەماوە. پاش ماوەیەك دیار نەما و هیچ خەبەرێکم لێی نەما. خوا دەزانێ چ بەڵایەکی بەسەر هاتووە. لەوەشە شتی دیکەی چاپ کردبێ و ئێمە خەبەرمان لێی نەبێ. بەڵام هەرچییەك بوو دەریاوانێکی تەواو بوو. بە پاسکیل بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەکان دەهات و پاسکیلەکەی بە باوەش دەهێنایە ژوورەوە. کە بەو وەزع و حاڵەوە دەهات هەمووان هەم دەترسان و هەم پێکەنین دەیگرتن. زەلامێکی چوارشانەی تۆکمە بوو. سیماو قەڵافاتی لە دێهاتیان دەچوو. زیاتر لە "جون لویس" دەچوو ئەم برادەرە بەو شێوەو شەکڵەوە شاعیر بوو. ئەمانە پەروەردەی دەستی ئیزرا پاوەند بوون. ئیزرا بەڕاستی وایدەزانی دەتوانێ ئەو جۆرە خەڵکانە بکات بە شاعیر. دەیویست کەسانێك بکات بە شاعیر کە لە تەمەنی خۆدا ڕستەیەکیان نەنووسی بوو. من بەهیچ جۆرێ لەگەڵ بۆچوونی ئەودا نەبووم.

*–  دەمویست بۆچوونتان دەربارەی ئەو گوتارە کە لەو دواییانەدا "کارل شاپیرو" لە گۆڤاری "نیو یورك تایمز بوك ریویو" بڵاوی کردۆتەوە بپرسم. وەکو دەزانی "شاپیرو" لەوێدا بۆیە ستایشی تۆی کردووە کە گوایە وەکو پاوەند و ئیلیوت نەبوویتە مایەی "مودیرنیزم" لە ئەدەبیاتدا. " تەلەفۆن لێ دەدات".

– تەلەفۆنەکەی منە کە زەنگ لێدەدا؟ یەك دەققە ببورە. (فرۆست ڕادەبێ کە وەڵامی تەلەفۆنەکە بداتەوە.)

– ئێ، لەکوێ بووین؟ بەڵێ خەریك بوو پرسیار بارانم بکەی.

*– نە، پرسیار بارانم نەدەکردی، تەنیا دەمویست...

– بەڵێ، بیرم کەوتەوە. دەتویست بۆچوونی بەندە لەمەڕ گوتارەکەی "شاپیرو" بزانیت. بەڵێ، مایەی پێکەنین نییە؟ زۆر کەس هەمان پرسیارم لێدەکەن. من زۆر دەچمە ئەملاوئەولاو زۆربەی کات لە سەفەردام. لە رۆژئاوای ئەمریکاش هەمان پرسیاریان لێکردم: "بەڕای تۆ شاعیر چتۆ بنیادەمێکە؟ " منیش بەزۆری خۆم لە وەڵامدانەوە دەدزییەوە تا ئاقیبەت شەوێ وەڵامم دایەوە: "بەڕای من شاعیری نوێخواز کەسێکە کەشتێکی تازەی پێ بێ بۆ خەڵکی و بتوانێت بە زمانی ئەوان شیعر بڵێت. گرنگ نییە لە چ دەور و قۆناغێکدا بژی. بە باوەڕی من ئەمە یەکێکە لە پێناسەکانی شاعیری نوێخواز. خۆ ئەگەر ئەم شاعیرە هەم بتوانێ بە زمانی خەڵکی ئەمڕۆ شیعر بڵێ و هەم بنیادەمێکی دڵزندوو بێ ئەوا زیاتر دەچێتە دڵەوەو تازەتر دێتە بەرچاو.

*– ئەم قسەیەت دروستە، خۆ ئیلیوت و پاوەند– ش بە هەمان شێوە شیعریان گوتووە، بەڵام بە باوەڕی گەلێك لە رەخنەگران سوننەت و رێچکەی شیعرییان لە هی تۆ جیاوازە.

– بەڵێ، وایە. هەڵبەتە زمانی شیعریی ئیلیوت لە هی پاوەند جیاوازە. زمانی پاوەند ئاڵۆزتر و قەدیمی ترە. زیاتر لە شاعیرانی لیریکی سەدەکانی یانزە تا سیانزە دەچێت: شاعیرانی وەکو "برنارد دوبورن" و "ئارنت دانیل". من هەرگیز بەدووی ئەم جۆرە شیعرانەدا نەچووم. من زمانی فەرەنسای کۆن نازانم. من لە بنەڕەتەوە حەز لەم جۆرە زمانە بێگانانە ناکەم و وەکو پاوەند خۆم فێری زمانێکی بێگانە نەکردووە. هەرچییەك دەزانم هەر ئەوەیە کە لە کۆلیج فێری بووم. من وەرگێڕانەکان ناخوێنمەوە، وەکو پاوەندش زۆر حەز لە دانتی ناکەم. تەنانەت حەز دەکەم شتی خراپیشی دەربارە بڵێم. هەڵبەتە پاوەند بنیادەمێکی دیکەیە. پێدەچێت زمانی فەرەنسی کۆن بزانێت.

*– پاوەند زمانزانێکی باش بوو، وانییە؟

– نازانم. یەکێك لە مامۆستاکانی هەنووکە لە فلۆریدا دەرس دەڵێتەوە. سەرزەمانێك لە زانکۆی پەنسلڤانیا قوتابی ئەو بووە. جارێکیان پرسیاری پاوەندم لێکرد. گوتی: پاوەند؟ سەردەمێك قووتابیم بوو و لاتینیم فێر دەکرد. کەسێك بوو کە جیاوازی نێوان گەردانی فرمان و ناوی نەدەزانی". زۆر لەدەست پاوەند تووڕە بوو و زۆر بە خراپی باسی دەکرد. ئەو پیرەمێردە تا ئێستاش لەدەست پاوەند بێزار بوو "قاقا پێدەکەنێ". پاوەند مامۆستای تووڕەکردنی خەڵکییە.

*– هێشتا پەیوەندیت لەگەڵ پاوەندا هەیە؟ نامە بۆ یەکتر دەنێرن؟

– نەء، تەنیا پار کە لە زیندان هاتە دەرێ دوو نامەی بۆ ناردم. دوو نامەی کورت و پێکەنیناوی بوون. بەشێوەیەکی گشتی نامەی باش بوون.

*– سەبارەت بە ئازادی پا وەند لە واشنگتون قسەت لەگەڵ کێدا کرد؟

– تەنیا لەگەڵ دادوەری گشتیدا. مەسەلەکەم تەنیا لەگەڵ ئەودا باس کرد و ئیدی چارەسەر بوو. پێش ئەوە دووجار لەگەڵ "ئارچیبالد مکلیش"دا چووبووینە لای دادوەر، بەڵام هیچمان بەهیچ نەکرد. پێم وایە هۆیەکەی ئەمە بوو کە دادوەر و ئارچی لە رووی حیزبایەتییەوە هەڤڕکی یەکتر بوون. من سەر بە هیچ حیزبێك نەبووم: لە ئەنجامدا مەسەلەکە چارەسەر بوو.

*– بەڵام باوکت بە یادی فەرماندەی لەشکری باشوورەوە "روبرت لی" ناوی ناویت، چونکە ئەوی زۆر خۆشدەویست و کەسێکی دیموکرات بوو. بە هەرحاڵ تۆش لە بنەماڵەیەکی دیموکرات گەورە بوویت و دەبێ جۆرە مەیلێکت بۆیان هەبێ، وایە؟

– بەڵێ، من دیموکراتم. واتا بە دیموکراتی هاتوومەتە دنیاوە. و لە ساڵی ١٨٩٦وەش کەسێکی ناشاد و بێ تالح بووم. رۆژێ کەسێك لێی پرسیم: "باشە دیموکراتەکان و کۆماریخوازەکان جیاوازییان هەیە ؟" بەهەرحاڵ پاش ئەوەی هەوڵەکانمان بەهیچ نەچوو، ئارچی بەتەواوەتی نائومێد بوو و دەیگوت چ ئومێدێك نەماوە. من بەتەنیا دەستبەکار بووم. بەتاقی تەنیا چووم بۆ نووسینگەی دادوەری گشتی و پێم گوت: "من تەنیا بۆ ئەوە هاتووم بۆ ئێرە تا بزانم ڕاتان دەربارەی ئیزرا پاوەند چییە؟. نەفەرێکی دیکەش لە نووسینگەکەی دادوەر بوو. هەردووکیان پێکەوە وەڵامیان دایەوە: "ڕای ئێمە وەکو ڕای تۆیە. ئێمەش بەئازاد کردنی قاییلین". بەو ڕاشکاوییە. پرسیم: "ئەم هەفتەیە ئازادی دەکەن؟" وەڵامیان دایەوە: "ئەگەر دڵتان پێوەیە، لاریمان نییە، ئەم هەفتەیە ئازادی دەکەین.. تەنیا پارێزەرێك بگرێ. ئێمەش ڕێ لە ئازادبوونی ناگرین". لەبەر ئەوەی دادوەر و هاوکارەکەی کۆماریخواز بوون، بۆیە بیرم کردەوە کە ئەگەر پارێزەرێکی چەپ بدۆزینەوە ڕەنگە باشتر بێ. ئەوەبوو لە ڕێگەی دۆستەکانمەوە پەیوەندیم بە "تورمن ئارنولد"ەوە کە پارێزەرێکی چەپ بوو، کرد. پاشان نامەیەکم بۆ دادگا نووسی و بەناوی ئیزراوە داوای ئستینافم کرد و گوتم ئارنولد پارێزەری ئەوەو هەموو دەسەڵاتێکمان داوەتێ. بۆ سبەینێ، بەر لەوەی لە شار بڕۆم نامەیەکی دیکەم نووسی، نامەیەك کە لە داوای ئیستیئناف کورتر بوو. بەمجۆرە ئەرکی خۆم ئەنجام دا و چ کارێکم نەبوو و دەبووایە واشنگتۆن بەجێ بهێڵم. پاش ئەوە ئیزرا نامەیەکی کورتی بۆ ناردم و سوپاسی کردبووم. لە نامەکەدا نووسی بووی: "زۆر سوپاست دەکەم بۆ ئەو کارەی کە خەریکی بۆمی دەکەیت. گفتوگۆیەکی کورت لەگەڵ تۆدا لە بەرنامەدایە." ئەوجا نامەکەی ئیمزا کردبوو. ئەو چەند دێڕەی لە کاغەزێکی گەورەدا نووسی بوو. پاش ئەوە نامەیەکی تری بۆ نووسیبووم، نامەیەکی باشتر و راستگۆیانەتر لە نامەی یەکەم.

* – بەر لەوەی بچیت بۆ ئیتاڵیا بینیت؟

– نا، نا. بە هیچ جۆرێ حەزم نەدەکرد بچمە پێشوازی. حەزم دەکرد هەست بە ئازادی بکات و هەر خۆی بێ و وا نەزانێ کە دەخوازم وای پێنیشان بدەم کە کارێکم بۆی کردووە. بە هەرحاڵ ئەو وای بیردەکردەوە کە کارێکم بۆی کردووە و تەواو پێی دەزانی. ئیزرا حاڵی باش نەبوو. تەنانەت هەندێ لە دۆستەکانی نەیاندەویست... (فروست لێرەدا قسەکەی تەواو نەکرد. بەڵام پاشان بەتایبەتی گوتی، هەڵبەتە قسەکانی تۆمار نەکراون، هەندێ لە دۆستانی پاوەند–ناوی (مریل مور)ی هێنا– وایان بەباش دەزانی پاوەند ماوەیەك لە نەخۆشخانەی "سنت ئیلیزابت" بکەوێ. مریل پێی وابووە کە لەم نەخۆشخانەیەدا بەلای کەمەوە ژوورێکی تایبەتی بە ئیزرا دەدەن، چوار دیوارێك کە بتوانێ خۆی تیا بشوات:" بەڵێ، وەزعێکی خەمناك بوو. من هەرگیز گومانم لە شاعیر بوونی پاوەند نەبووە. و بە درێژایی تەمەنیش هەر هاوڕێی بووم. بەڵام هەرگیز لەگەڵ ئەو کارەیدا نەبووم کە لە ساڵانی جەنگدا ئەنجامی دا. هەڵبەتە زانیاری من لەو بارەیەوە

زانیاری دەستی دووەو لەم بارەیەوە هیچم لەخۆی نەژنەوتووە. بۆیە ناتوانم لەم بارەیەوە حوکمی تەواوەتی بدەم. لێ پێدەچێ کاریێکی زۆر خراپی کردبێ. بەڕای من دەستی دایە قوماریێکی گەوجانەو هەرکەسێکی دیکەش وەکو پاوەند بکەوێتە ئەم داوەوە خەتابارە. من نامەوێ بەخۆڕایی پاکانەی بۆ بکەم و خراپی کارەکەی بپۆشم.

*- تا ئێستا زیاتر دەربارەی شیعر و چالاکییە ئەدەبییەکانت قسەمان کرد و پرسیارەکانی من پتر لەو بوارەدا بوون. بەڵام وەکو دەزانین هەموو ژیان و کەڵکەڵەکانی تۆ هەر ئەم بوارە نەبووە، تۆ حەزت لە بوارێن دیکەش هەبووە. بۆ نموونە دڵبەندی تایبەتیت بە زانستەوە هەیە.

- راستە. مرۆڤ بیەوێ و نەیەوێ دەکەوێتە ژێر کاریگەری زانستێن سەردەمی خۆیەوە. بۆ نموونە رەخنەگرێك ئەوەی گوتووە کە لە هەموو دیوانەکانمدا بە جۆرێك لە جۆرەکان باسی ئەستێرانم کردووە.

*- بۆ نموونە شیعری " جوتیاری ئەدیب و ئەستێرەی زوهرە"؟

- بەڵێ. بەڵام تەنیا تایبەت بەم شیعرە نییە. لە هەموو کۆمەڵە شیعرەکانمدا باسی ئەستێرەم کردووە. لە هەر هەموویانا، زۆربەی شیعرەکانم هەر یەکەو بە جۆرێ پەیوەندییان بە ئەستێرەوە هەیە. دەتوانم ناوی بیست شیعران بێنم کە باسی ئەستێرەیان تێدا هاتووە. یەکێك لەو رەخنەگرانەی کە ئەم شتە سەرنجی راکێشابوو لێی پرسیم: "باشە بۆ تا ئێستا چ کەسێك سەرنجی ئەمەی نەداوەو نەیخستۆتە ڕوو کە تۆ چەند ئاشقی ئەستێرەی؟" بەڕای من هۆی ئەمە جگە لە تەنگبینی و ڕق چ شتێکی دیکە نییە. بە ڕێکەوت یەکێك لەو هەوەڵێن کتێبانەی کە خوێندمنەوەو تەواو کەوتمە ژێر کاریگەرییەوە کتێبی "شوێنی ئێمە لەنێو بێ کۆتایی"دا بوو. نووسەرەکەی ئەستێرەناسێکی ئینگلیز بوو بەنێوی "پروکتور" پسپۆرێکی بەرجەستەی ستێران بوو. کتێبێکی قەدیمی گرنگە. لە یەکێك لە شیعرەکانمدا ناوی ئەو کتێبە هاتووە. من دەستەواژەی "شوێنی ئێمە لەنێو بێ کۆتایی"دام لەو کتێبەوە وەرگرتووە.لە بیرم دێ ئەم کتێبەم لە گەنجێتیدا، لە سیانزە چواردە ساڵیدا خوێندەوە. یانی ڕێك لەو سەردەمانەدا کە تازە دەستم بە کتێب خوێندنەوە کردبوو. چاك لەبیرمە ئەم کتێبەم لەگەڵ کتێبی "فەرماندانی سکۆتلەندی"دا خوێندەوە. ئەو ساڵەم زۆر باش لە بیرە. یەکەمجار بوو کە کتێبێکم لە هەوەڵەوە تا کۆتایی دەخوێندەوە. خوشکێکی چکۆڵەم هەبوو کە بەردەوام کتێبی دەخوێندەوە. هەر شتێکی دەست بکەوتبووایە، لە هەوەڵەوە تا کۆتایی دەیخوێندەوە. کیژێکی زۆر زیرەك بوو. بەڵام سەبارەت بە من کەمتر ڕێگەیان دەدا لە ماڵەوە بمێنم و ناچاریان دەکردم کە لەبەر خاتری سەلامەتی خۆم بچمە دەرێ و پیاسە بکەم.

*- ئێستا کە باسی ئەدەبیات و زانست هاتۆتە پێشێ ویستم ئەوە بپرسم کە بۆچوونت دەربارەی ئەمەی کە زانکۆی "M.i.T" دەیەوێت چەند کۆرسێکی ئەدەبیات بۆ خوێندکارەکانی دابنێ چییە؟

- بەڕای من باشتر وایە بایەخ بە ماتماتیك و زانستە باڵاکانی خۆیان بدەن. زانستێن رووت. ئەمەم بە خۆیشیان گوتووە. هەڵبەتە نامەوێ بە خوتوخۆڕایی رەخنەیان لێبگرم و هەرا بنەمەوە.

بەڵام بەڕای من مەسەلەکە بەم جۆرەیە: زانست پێگەیەکی تایبەتی لە ژیانی بەشەردا هەیە، گەورەترین رووداوی ژیانی ئەوە. دەتوانێ مادده بگۆڕێ و جیهانی ماددی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. هەڵبەتە سەرکێشی و کەڵکەڵەی کەشف و دۆزینەوە خەسڵەتێکی تەواو مرۆڤانییە. هەڵبەتە لەلایەکی دیکەشەوە دیارترین خەسڵەتی بەشەر مرۆڤبوونی بەشەرە. رەنگە ئەو زانایانەی کە لە زانکۆی "M.i.T"دا کاردەکەن بیانەوێ بە خوێنکارەکانی خۆیان بڵێن کە زانستە مرۆڤانییەکان یارمەتی ئەوەتان دەدەن کە خۆتان و بەشەر بناسن. بەڵام چونکە زانستێن رووت کەمتر دەپەرژێنە سەر ئەم مەسەلانە بۆیە ئێوە ناچارن کە لەم بارەیەوە زیاتر بزانن. رەنگە ئەو یەك دوو دەرسە سایکۆلۆژییەی کە بەگوێرەی بەرنامەی دەرسی دەیخوێنن کۆمەکێکتان پێ بکات بەڵام ئەم کۆمەکە یەجگار کەمە. ئەنجام وا کەوتۆتەوە کە ئێستا نیوەی وەختی قوتابیانی ئەم زانکۆیە، زانستە مرۆڤانییەکان پڕی دەکەنەوە. بەڕای من دەرسی ئەدەبیات بەم ئەندازەیە زەروری نییە. کارگێڕان و مامۆستایانی زانکۆ بە بەردەوامی نیگەرانی ئەوەن کە چۆن ئەم دوو لقە لەگەڵ یەکتردا بگونجێنن. وێڕای ئەمەش بەڕای من هەقە ئەوان پتر خەریکی لقەکەی خۆیان بن. سەردەمانێ کە تازە باسی پەیوەندی ئەدەبیات و زانست هاتبووە ئاراوە، من لای ئەوان بووم و پێم گوتن من گومانم هەیە کە بتوانرێ ئەم دووە بەتەواوەتی پێکەوە بگونجێنرێ، بەرێکەوت لە یەکێك لەو شەوانەدا "کامپیتون" لە هۆڵی کۆنفرانسدا لە لای منەوە دانیشتبوو. لە بەردەم ئامادەبوواندا رووم تێکرد و گوتم: "بەڕای من لە واری زانستێن رووتدا تا ڕادەیەك کەم کارمان کردووە. وانییە؟" کامپتون وەڵامی دایەوە: "بەڵێ،رەنگە. بۆ نەگبەتی هەندێ خەمساردیمان کردووە:" لە وەڵامی ئەودا گوتم: "بەڕای من هێشتا نەچووە بچێ و دەکرێت لەم بوارەدا کاری زۆرتر بکرێ". ئەمەی کە بۆم گێڕایەوە کۆنە، دەگەڕێتەوە بۆ چەندین ساڵ لەمەوپێش.

*- لە قسەکا نتدا ناوی سایکولوژیات برد. پێم وایە سەرزەمانێك دەرسی دەرونزانیت دەگوتەوە، وایە؟

- دەرونزانی گوتنەوەی من سوعبەتێك بوو لەو گۆڕە. هەڵبەتە دەرەقەتی دەهاتم. (مریل مور) داوای لێکردم کە بچمە ریزی ئەنجوومەنی دەرونزانانەوە. مۆر زۆر بەڕاستی بوو و نەیدەویست دەستخەرۆم بکات. بەڵام بۆیە داواکەیم قبووڵ کرد و بووم بە ئەندامی ئەنجوومەنی نێوبراو چونکە دەمویست لە نزیکەوە پەیوەندیم بە (کۆلیجی پەروەردەی مامۆستایان"ەوە هەبێ و ئەوان لەو هەڵەیە دەربێنم کەوا بیر نەکەنەوە پەیوەندییەکی زۆر بتەو لە نێوان دەرونزانی و دەرس گوتنەوە لە پۆلدا هەیە. مامۆستاکان وایاندەزانی ئەگەر دەرونزانی بخوێنن دەتوانن قوتابییەکانی خۆیان بەشێوەی موگناتیسی بنوێنن و هەرچییەکیان بوێ ئەوەیان تەڵقین بدەن. بەڕاستی ئەو تەسەورە لەمەڕ دەرونزانی لە کولیجی (پەروەردەی مامۆستا)دا هەبوو.

*- هیچ کاتێك دڵبەندی ویلیام جیمز و بەرهەمەکانی نەبووی؟

- با، بەرێکەوت هەر ئەو دڵبەندی و پەیوەندییە بووە هۆی ئەوەی کە دووبارە بۆ هارڤرد بگەڕێمەوە. بەڵام کاتێ گەڕامەوە ویلیام جیمز لەوێندەر نەمابوو. لە جیاتی جیمز سەروسەختم لەگەڵ کۆمەڵێك فەیلەسووفانی قەدیمی وەکو "سانتایانا"،"رویس"، "موستربرگ"، "جورج

هربرت پالمر" پەیدا کرد. هەموو ئەمانە دەرسیان دەگوتەوە، بەلام دلم بەمانە دانەدەکەوت و چاوەڕوانی گەڕانەوەی جیمز-م دەکرد و بەرە بەرە لە دەرونزانی و دنیای دەرونزانی دوور دەکەوتمەوە.

*- ئەدی سەبارەت بە سانتایانا، حەزت لەویش نەدەکرد؟

- نەء، هیچ پەیوەندییەکی تایبەتیم لەگەڵیدا نەبوو.. هەمیشە لە هۆڵی ئەمەدا بووم کە لە بنەماکانی فەلسەفەی ئەو حاڵی ببم. حەزم دەکرد تێبگەم کەچی دەڵێت. چەندین ساڵ پەیگیری کارەکانیم کرد. قەت لە نزیکەوە نەمناسی. لەو سەردەمەدا لە کولیج دا هاتووچۆم لەگەڵ کەسدا نەبوو. زیاتر بەتەنیا بووم و هەقی کەسم نەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا ڕێزم دەگرت. کۆڕ و سمینارەکانی قەرەباڵغ بوو، بنیادەم حەزی دەکرد گوێی لێبگرێ، ڕێك وەکو نووسینەکانی کە شێوازێکی ناسکیان هەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا باش لە فەلسەفەو قسەکانی حاڵی نەدەبووم. دوای ساڵانێك پاش ئەوەی لە نووسینەکانی قووڵ بوومەوە بابەتێکم بۆ بەدیار کەوت کە دەڵێت ژیان جگە لە وەهمێك چیتر نییە و ئەم وەهمەش دەشێت بە دوو شێوە دەربکەوێ: ڕاستی و دەستکرد. تەواو لەم گوتەیە قووڵ بوومەوەو ئاقیبەت گەییمە ئەم ئەنجامەی کە تەنیا وەهمی دەستکرد دەشێت حەقیقەتی هەبێ:

نێگەتیف + نێگەتیف= پۆزەتیف.

*- ئیستا کە قسە ها تۆتە سەر مەسەلەێن ناشیعری پێم وایە خراپ نەبێ بۆ چەند ساتێك خۆ لە قەرەی سیاسەت بدەین. لەبیرمە شەوێکیان گوتت کە "هنری والاس" شیعری "تەدارەك، تەدارەك" ی بەدڵ بووەو دڵبەندی ی خۆی سەبارەت بەو شیعرە نیشان داوە.

- خەڵکی هەمیشە حەزدەکەن لەم جۆرە مەسەلانەدا زیادەڕۆیی بکەن. کاتێ ئەم شیعرەم لە کۆڕێکدا خوێندەوە هنری والاس"ش لە واشنتگون بوو. ڕێك لە ریزی یەکەمدا دانیشتبوو.. کە گەییمە کۆتایی شیعرەکە، بەو شوێنەی کە دەڵێت:

" وا چاکترە بەکەرامەتەوە ئاوابی

لەگەڵ دۆستا یەتییەکی بەپارە کڕدراوی کەنارتدا بی

باشترە لەوەی بەتەنیا بی

دۆستێك تەدارەك ببینە، تەدارەك!

گەر تۆ نەیبینی، یەکێکی دی بۆتی دەبینێ"

کە گەییمە ئێرە والاس بزەیەکی کرد، ژنەکەشی بزەیەکی بۆ کرد. بەڕادەیەك لەمنەوە نزیك بوون کە زۆر باش دەمتوانی جوڵەی دەموچاویان بدینم.

*- ڕەنگە ئەم داوەرییە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە تۆ هیچ کاتێك لایەنگری ڕۆزفلت و بەرنامەکەی ئەو "ئابوری تازە" نەبوویت.

- هەموو کەس وا تەسەور دەکات کە من لایەنگری روزفلت نەبووم. بەڕاستیش زۆرم حەز لێنەدەکرد. ئەمە شتێکی تەواو روون و ئاشکرایە. بۆ نموونە لە شیعری "مەرگی بەکرێ گیراوێك"دا کە زۆر پێش هاتنە سەر حوکمی ڕۆزفلت دامناوە باسی ئەوەم کردووە کە دوو جۆرە

مامەڵە دەربارەی ماڵ هەیە. یەکێك لەم دوو مامەڵەیە پیاوانەیە: "ماڵ شوێنێکە هەرکاتێ رووی تێبکەی، دەبێ پێشوازی بکرێی. لە بەرانبەر ئەمەدا ڕای دایکی ماڵ هەس. ئەو دەڵێت: "بەڵام بەڕای من، ماڵ شوێنێکە کە مەرجی بۆ ئەندامێتی نییە". ئەمە مامەڵەیەکی تازەیە، هەستێکی ژنانەو دایکانەیە. بەڵام مرۆڤ نابێ بۆچوونی دایکی بەدروست بزانێ. مامەڵەی باوك لە هی دایك سەنگین ترە. بۆچوونی باوك دیارترە. بۆچوونی باوکان وەکو کۆماریخوازەکانە، دایکان وەکو دیموکراتەکان بیر دەکەنەوە. باوك عادەتەن مامەڵەی کۆماریخوازانە لەگەڵ کوڕەکەیدا دەکات، بەڵام رەفتاری دایك دیموکراتانەیە. کەم کەس گوێ بەدایك دەدات. هەمووان زیاتر سەختگیری و توندی باوك دەبینن و پتر زەبت و رەبت و توند و تیژی رەگەزی نێر پەسند دەکەن.

*– شیعری " مەرگی بەکرێگیراوێك" لە زۆربەی کۆمەڵە شیعرەکانتدا دووبارە چاپ بووەتەوە، پێت وانییە ئەو شیعرانەی کە لەوانی تر زیاتر چاپ بوونەتەوە بایەخیان زیاترەو رەنگدانەوەی خودی خۆتە؟

– من هەرکاتێ کەسێك شیعرێکی تازەی من کەشف دەکات و دەیخاتە ناو کۆمەڵەی دڵخواز و هەڵبژاردەی خۆیەوە، زۆر خۆشحاڵ دەبم. ئەمە تەنها وەڵامی منە بۆ ئەو پرسیارەت وەڵامی تەواوی پرسیارەکەی تۆ تەنیا خوا دەیزانێ و بەس.

*– بەڵام هەندێ لە شیعرەکانت کەمتر لەوانی دی چاپ بووەتەوە بۆ نموونە: "خزمەتکارێك لەنێو خزمەتکاران"، "زیاتریان"، "گوڵی پەژموردە" ئەمانە لەوانی دی کەمتر چاپ بوونەتەوە، هیچ یەکێك لەمانە لەو کۆمەڵەیەی کە لەو دواییانە (ئانترمیر) هەڵی بژاردبوو، نابینرێ. ئەمە کارێکی سەیرە، وانییە؟

– بەهەرحاڵ، ئەمە بۆچوونی خودی "میر" بووە، من سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەو کۆمەڵەیە چ قسەیەکم لەگەڵی نەکردووە. هەرگیز هانم نەداوە کە فلان شیعر دابنێ و فلان شیعر لابەرێ. ئەوەندەی من بزانم تەنیا یەك شاعیر بە کۆکەرەوەی شیعرەکانی گوتووە کە کام شیعری هەڵبژێرێ "ئیدوارد ئارلینگتون" دەیگوت روبینسون پێی گوتووە: "ئەگەر دەتەوێ دڵی منی پیرەمێرد خۆش بکەی نابێ شیعری "میوانی ئاغای فلاد" فەرامۆش بکەی. پیاو هەق بڵێ شیعرێکی جوانیشە.

*– بەخۆتان هەست دەکەن کە هەندێ لە کارەکانتان کەمتر ئاوڕیان لێدراوەتەوەو چاپکراونەتەوە؟

– نازانم، رەنگە وابێ. بۆ نموونە کەس بەلای "گوڵی پەژموردە"دا نەچووە. نە، ببوورە ئەم شیعرەش لە "کۆمەڵەی شیعران"دا بڵاو بووەتەوە. وابزانم لە کۆمەڵە هەڵبژاردەکەی "متیسن"ش دا بڵاو بووەتەوە. واتە لە هەمان کۆمەڵەدا کە لە لایەن زانکۆی ئۆکسفۆردەوەو بەسەرپەرشتی "متیسن" بڵاوبووەتەوە.

*– بە هەرحاڵ لەچاو شیعرە کانی دیکەتدا کەمتر بایەخ بەم شیعرەت دراوە. پێدەچێت رەخنەگران حەزیان لێی نەبێ. شیعرێکی دیکەت، کە بەڕای من بەرهەمێکی جوانەو کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە، شیعری "تۆودانە".

– زۆر وایە. بەڵێ، ئەم شیعرە زۆر پشتگوێ خراوە. لە هەر هەموو ئەو کۆمەڵە شیعرانەی مندا کە چاپ کراون، ئەم شیعرە بەرچاو ناکەوێ. تاقە کەسێك کە ئاوڕی لەم شیعرە دایەوەو حەزی لێکرد دۆستی زۆر ئازیزم "کورنلیوس ڤیگانت"ی مامۆستای زانکۆی پنسیلڤانیایە. ئەو ئەم شیعرەی پەسند کرد و گوتی: "چاك دەزانم ویستووتە چی بڵێی".

*– تا ئێستا ئەو شیعرەت لە کۆڕی شیعر خوێندنەوەدا بۆ خەڵکی خوێندووەتەوە؟

– نە، من هیچ کاتێك لە کۆڕی شیعردا ئەم جۆرە شیعرانە ناخوێنمەوە. نە، تەنیا شیعرێن تایبەتی دەخوێنمەوە. بۆ نموونە هیچ کاتێك شیعری وەکو "گوڵی پەژموردە" بۆ جەماوەر ناخوێنمەوە. هەڵبەتە لەبەر هیچ شتێك نییە، تەنیا ئەوەندەیە حەزناکەم لە کۆڕێکی گشتیدا ئەو بابەتە شیعرە بخوێنمەوە. من کەسێکی شەرمنم و ناتوانم هەندێ لە شیعرەکانم لە کۆڕدا بخوێنمەوە. نازانم چۆنی بڵێم؟ بە هەرحاڵ حەزدەکەم خەڵکی بەخۆیان بیخوێننەوە. بۆ نموونە ژنێك لێی پرسیم: مەبەستت لە "گوڵی پەژموردە چییە؟" وەڵامم دایەوە: "مەبەست ساردی مگێڕی ژنانە". ئیدی لێیدا و ڕۆیی.

*– تۆ لەگەڵ ئەم بۆچوونەی خەڵکیدای کە دەڵێن هەندێ لە شیعرەکانت هاماجێکی تاریك و شەقڵێکی ڕەشبینانەیان هەیە؟ زیاتر مەبەستم کۆشیعری "درەختانی غان"ە. ئەگەر لە بیرتان مابێ " لیونل تریلینگ" لەو گوتارەیدا کە بە بۆنەی هەشتاوچوارەمین ساڵیادی لەدایك بوونتانەوە خوێندییەوە ئاماژەی بۆ ئەم کۆشیعرە کرد و گوتی شیعرەکانی ناو ئەم کۆشیعرەتان لەچاو شیعرەکانی دیکەتدا هاماجێکی تاریك تریان هەیە.

– نازانم. ڕەنگە واچاکتر بێ پاش گوتارەکەی تریلینگ بە هەموو شیعرەکانمدا بچمەوەو بەدووی شیعرێن ڕەشبینانەدا بگەڕێم و لە دڵی خۆدا بڵێم بۆچی تریلینگ ئەم شیعرەی بە ڕەشبینانە لە قەڵەم نەداوە! ئاخر زۆربەی شیعرەکانی من نائومێدانەو ڕەشبینانەن.

*– وا هەست ناکەی تریلینگ نیازێکی خراپی نەبووبێ و تەنیا ویستبێتی باشتر شیعرەکانت بناسێنێ، بۆچوونە هەڵەکان دەربارەی شیعرەکانت ڕاست بکاتەوەو قسەیەك دژی فەرامۆشکردنی شیعرەکانت بکات؟

– بەڕای من پتر لە هەوڵی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ڕابردووی خۆیدا بوو. لەو گوتارەدا بە ڕاشکاوی دانی بەوەدا نا کە بە هەڵە بیری لە شیعرەکانی من دەکردەوە. مەگەر وانەبوو؟ بە باوەڕی من لەو گوتارەدا زیاتر دەیویست باسی ئەزموونی خۆی بکات و چ گیروگرفتێکی لەگەڵ شیعرەکانی مندا هەبووە. جۆرە ئیعترافێك بوو، ئیعترافێکی جوان و دڵگیر.

* – ئەم قسەیەتان دروستە، لێ گەلێك لە لایەنگرانی تۆ بە و بۆچوونەی تریلینگ دەربارەی ڕەشبینی و نائومێدی شیعرەکانت ناڕەحەت بوون و پێی قاییل نەبوون.

– بەڵێ، وایە. ئەوەی ڕاستی بێ بەخۆیشم ئەو شەوە کەمێك نیگەران بووم. ڕێك لە تەنیشتمەوە وەستابوو و قسەی دەکرد. تەواو پێکەوە نووسابووین. ئاهەنگی لەدایکبوونم بوو. زۆر بە قسەکانی سەغڵەت نەبووم. بەڵام لە سەرەتادا وامزانی خەریکە هێرشم دەکاتە سەر. لێ زۆری نەبرد کە منی بە (سوفوکل) و "دی، ئێچ لۆرنس" بەراورد کرد. سەرم لە قسەکانی سوڕما. ئاخر

من لەکویٚ و (سوفوکل)و (لورانس) لەکویٚ؟ ئێستا (سوفوکل) هەر نەیسە، زۆرم پیٚ سەیر بوو لەگەڵ "لورانس"دا بەراوردی دەکردم. بە هەرحاڵ هەرچییەك بوو، بوو. سەیر ئەوە بوو دوای ئەو نۆرەی من بوو کە چەند وشەیەك بڵێم. تۆزێك گێژ بووم و تیا مابووم کە لە بەرانبەر ئەو قسەو بەراوردانەدا دەبیٚ چ بڵێم. و لەو کاتەدا بیستم کە تریلینگ نامیلکەیەکی دەربارەم نووسیوە. من کەمتر شتی ئەوم خوێندبووەوە. من ڕەخنەی ئەدەبی ناخوێنمەوە. دەبینی کە لەم خانەیەدا هیچ گۆڤارێك نییە.

*– پاش ئاهەنگەکە، تریلینگ وتارێکی لە " پارتیزان ریویو"دا بڵاو کردەوەو هۆی هەڵوێستگیری ئەو شەوەی خۆی روونکردەوە، ئایا لەپاش خوێندنەوەی ئەم گوتارە ڕات سەبارەت بەو نەگۆڕا؟

– بەڵیٚ، ئەو بەرگرینامەیەم خوێندەوە. گوتارێکی زۆر جوان و هۆشمەندانە بوو. زۆرم بەدڵ بوو. بنیادەمێکی گەلەك رۆشنبیرە. بەڵام وەکو گوتم من کەمتر تاقیبی گۆڤاران دەکەم و کەمتر ڕەخنەی ئەدەبی دەخوێنمەوە. تەنانەت ئەو گوتارەی "شاپیرو"شم کە پێشتر ئاماژەت بۆ کرد نەخوێندووەتەوە. قسەکانیم بەلاوە تازەن. شاپیرو بۆچوونی دۆستانەی سەبارەت بەمن هەبووە؟

*– بەڵیٚ، تەواو دۆستانە "شاپیرو" ش وەکو زۆربەی دۆستانی نزیکتان دەیەویٚ شیعرەکانتان لە روانگەی زەوقی خۆیەوە بدینیٚ: شیعرێن سادەو لەبەر دلاٚن. وەزعی شاپیرو زیاتر لە وەزعی "ج. دونالد ئادامز" دەچێت. "ئادامز" ش وەکو شاپیرۆ لە گۆڤاری "تایمز" دا گوتارێکی نووسی و بە زمانێکی توند و تیژ و توڕە دژی تریلینگ وەستاوەو بەرگری لەتۆ کردووە. بەڕای من "ئادامز" ش وەکو شاپیرۆ تەواو مەسەلەکەی نەپێکا وەو بەباشی لە شیعرەکانی تۆ حاڵی نەبووە.

– شاپیرۆ چی نووسیبوو؟

*– هەموو قسەکانی ئەمە بوو کە زۆربەی شیعری نویٚ ئاڵۆزو زۆر زەحمەتە، بەتایبەتی شیعری ئیلیوت و پاوەند. بەڵام شیعرەکانی تۆ وانین.

– ئەوەی ڕاستی بیٚ، من بەخۆیشم حەز ناکەم شیعرەکانم قورس بن. هەڵبەتە بنیادەم هەندێجار حەزدەکات شیعرەکانی کەمۆکەیەك بئاڵۆزێنیٚ و تۆزێك چاو و ڕاو لە خوێنەر بکات، بەڵام نەك بەو ئەندازەیەی کە شیعری سەخت و ئاڵۆز بڵیٚ.

*– ڕەنگە قورسی و ئاڵۆزی شیعرەکانی تۆ بگەڕێتەوە بۆ مۆسیقای زمانەکەیان. مۆسیقای زمان جێگەی تایبەتی خۆی هەیە. جارێکیان بەخۆت گوتت، کە ئاگایانە یان نائاگایانە بایەخێکی تایبەتیت بە مۆسیقای زمان داوەو بۆیە وشە لە شیعرەکانتدا مانای جیاوازیان هەیە.

– بەڵیٚ، مرۆڤ دەتوانیٚ بەم شێوەیە شیعر بڵیٚ، بە زمانێکی چەند لایەنەو هەندێجار ئاماژەیی و ڕەمزی.پێویست ناکات هەموو شتێك ڕێك و ڕاست و بە ڕاشکاوی بڵیٚ. دەتوانیٚ قسەکانی بە پێچەوانەوە بڵیٚ. لە یەکێك لە شیعرەکانمدا ئەمەم تاقی کردۆتەوە. مرۆڤ دەتوانیٚ لەگەڵ دۆستانی نزیکی خۆیدا بەهەمان شێوە قسە بکات: بە ڕەمز و ئامارژە. چونکە باش لێت تێدەگەن کە تۆ دەربارەی چی دەدوێی. ئاڵۆزبێژی و دوو فاقەگۆیی ئەگەر بخەملیٚ، زمانی ئاماژەیی لیٚ دەکەوێتەوە. پیاو دەتوانیٚ لەگەڵ دۆستانی گیانی بەگیانی دا بە هەمان زمان بپەیڤیٚ. دروست حاڵی بوونی ڕەمز و ئاماژان مەرجی بنەڕەتی پەیوەندییانە، چونکە زۆر ماڵباتان بەهۆی دروست

حاڵی نەبوونی زمانەوە لێکدی دابڕاون یان بابەتێکیان بە چەواشەیی لێکداوەتەوە. مرۆڤ دەتوانێ وەکو دەرونزانان هەموو کاریگەری و کارلێکەکان لەبەرچاو بگرێ. نازانم. نە، ئاوهاش نییە. نە،وانەزانی کە... وانەزانی کە من... تەمەشا، من هیچ کاتێ گێرۆدەی ژیانی رۆشنبیرانە نەبووم. ئەم دۆستانە، ئەوانە "بەڕاستی" پەنا وەبەر نووسین دەبەن و بە نووسینەکانیان خۆیان دەنوێنن و خۆنیشان دەدەن و زۆر چاك لە قسەی یەکدی حاڵی دەبن. من ناتوانم کاری واهی بکەم. حەز ناکەم لە ڕادەبەدەر دەربارەی خۆم بزانم. بەڕاستی پێم خۆش بوو کە بیستم شاپیرو گوتویەتی شیعرەکانم قورس نین. خەبەرێکی خۆش بوو. لە هەموو ژیانمدا وتارێکی رەخنەییم نەنووسیوە. هەمیشە ئەو پێشنیازانەم رەت کردۆتەوە کە داوای وتارنووسینیان لێکردووم. هەموو ئەو خەڵکانەی کە دەیانبینی کۆمەڵە ئەدەبیاتچییەکن و تەواو. من ئەو کاتەی ئەوانم نییە و ناتوانم رۆژگاری خۆم بەو مەسەلانەوە سەرف بکەم. من جوتیار نیم. ئەم کارەم لێنایەت. لەگەڵ ئەمەشدا وەکو هەرکەسێك هەندێجار جوتیاریم کردووەو تۆزە سەفەرێکم کردووەو بەم لاو بەولادا سوڕاومەتەوە. جگە لەمانە ئیدی هەمیشە هاوڕێی جەماوەری خەڵکی بووم و لەگەڵ ئەواندا ژیاوم. حەز دەکەم زۆر قسان بکەم. لەگەڵ ئەمەشدا هیچ کاتێك ژیانێکی رۆشنبیرانەم نەبووەو زۆر سەرم لەوە نەخوراوە کە یەکێك بم لە دەستەی هەڵبژاردە. من یاریدەدەر، نا، ببورە، "سەرۆکی فەخری ئەنجوومەنی شیعری ئەمریکا"م. یەعنی بووم. ئەویش عەیامێك لەوە پێش. و ئومێدی بەختەوەری بۆ هەموو ئەو دۆستانە دەخوازم کە هێشتا ئەندامن. هیوادارم کە هەموو ئەم دەزگا جۆراوجۆرانە، ئەوانە پەنا بدەن و ئاگایان لێیان بێ.

*– کە باسی دەزگاکان هاتە ئاراوە، حەز دەکەم بپرسم بۆچی پێت وایە دەبێ دام و دەزگا گەورەکان پارێزگاری لە کۆمەڵگە ئەدەبییەکان بکەن و پەنایان بدەن؟ ئایا ئەمانە هەمان ئەو دەزگایانە نییە کە ئەهلی ئەدەبیات بەردەوام رەخنەیان لێگرتوون کە زەوقیان نییە و هەموو هۆش و گۆشیان لەلای پارەو مادەیە؟

– مایەی پێکەنینە کە بۆچی سەرمایەداران بەر لەمان نەکەوتوونەتە بیری ئەدەبیات. ئاخر زۆر لەم ئاغایانە سەرمایەدارانی خوێندەوار و کۆلیج دیدەن و شرینقەی شیعر و ئەدەبیاتیان لێدراوە. نیوەی دەرسەکانیان، ئەو زمانە بێگانانەی کە فێری بوون و ئەو شتانەی کە خوێندوویانە بەشیعر بووە. تۆ تۆزێ بیری لێبکەوە: نیوەی دەرسەکانیان! لەبەر ئەمە رێزێکی تایبەتییان بۆ ئەدەبیات هەیە. خۆ ئەگەر هەندێجار لەلایەن ئێمەوە بێ حورمەتیان دەرهەق بکرێ. چاوپۆشی دەکەن و دەبوورن. تاقە نیگەرانی ئەمانە ئەوەیە کە ئێمە بە ئەندازەی پێویست توانای داهێنانمان نییە. تاقە شتێك کە ئەوان لەم سیستەمەدا نیگەرانین هەمان نەبوونی توانای داهێنانەو هیچی دی. ئەوان باوەڕیان وایە ئەگەر کەمێك پتر لەو وارەدا چالاکیمان بنواندایە دەمانتوانی بەسەر رووسەکاندا زاڵ ببین. هەست دەکەم کە ئەم پەندەم پێ خۆشە: "نەماندەتوانی جەنگی ناوخۆ لەگەڵ "ئیمیلی دیکنسون"دا ببەینەوە. جەنگی ناوخۆ جێی خۆی هەیە ئێمە تەنانەت نەماندەزانی کە "ئیمیلی دیکنسون" بوونی دەرەکی هەیە. ژارۆ ئیمیلی دیکنسون.

*– لەگەڵ ئەوەدایت کە ئەوڕ ۆکە ئەوەندەی خەڵاتی شیعری هەیە، ئەوەندە شاعیری چاك نییە؟

– نازانم. حەز ناکەم ئەو جۆرە حوکمە بدەم. بەلای کەمەوە دڵنیام لەوەی کە قازانجی هەمان دام و دەزگای گەورەو گرانە کە پەیوەندییان بە ئێمەوە هەبێ و بەرەڤانی و پارێزگاریمان لێبکەن. پیاو نازانێ ئاقیبەتی ئەم پارێزگارییانە دەگاتە کوێ. تەنیا ئەوە دەزانێ کە سەرکێشی و خۆفیداکردن گەورەترین شتە لەم دنیایەدا. ئەگەر ئەم تایبەتمەندییە لە هونەرمەندان وەربگیرێتەوە ئیتر چ دەمێنێتەوە؟ هیچ. شاعیر دەخەسێ و لە مرۆڤایەتی دەکەوێ. بەڵێ ئەم پارێزگارییانە جگە لە زایەکردنی هونەرمەند هیچ سەرەنجامێکی دیکەی نابێ. چارەنووسی زۆربەی ئەو دۆستانەی کە چوونەتە ژێر چەتری پارێزگاریی ئەم دەزگایانە هەمان ئەو شتەیە کە باسمان کرد. جارێك لە کۆڕێکدا لە حوزوری چوارسەد پێنج سەد ژندا لێیان پرسیم چۆن ژیانم بەڕێوە دەبەم و کات بۆ نووسین پەیدا دەکەم؟ وەڵامم دایەوە: "چونکە هەموو ئامادەبووانی ئەم هۆڵە ژنن –عەیب نەبێ– وەکو حیزە دزان هەوڵ دەدەم کەمێ وەخت بدزمەوەو رۆژگارم بە هەر جۆرێ بووە بقەتێنم. وەکو هەموو خەڵکی دی هەوڵ دەدەم پاروە نانێك پەیدا بکەم. هەڵبەتە کاسەم زۆربەی کات خاڵییەو زۆر کەم پارەی تێدەکەوێ." دەڵێی وەڵامەکەم بۆنی گەدایی لێدێ. وانییە؟ بەڵام راستت دەوێ قەت هەستم نەکردووە کە دەمەوێ سواڵ لە کەسێك بکەم. بە ڕاستی تا ئێستا لە سایەی لوتفی... لوتف نا، بەڵکو لە ڕێگەی کۆلیج و زانکۆکانەوە ژیانم گوزەراندووە. و ئەمە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ژیانی ئەمریکایی: بنیادەم ئەگەر تاقە سەنتێکی لە کەسێك وەرگرت ناچار نییە تەنانەت بە وشەیەکیش سوپاسی بکات. کۆلیجەکان باجی ئەم سوپاسە دەدەن. شیعر هەمیشە پێویستی بە پارێزگاری دارایی هەبووە. ئەدیبانیش وەکو شاعیران ناچار بوونە کاسەی گەداییان لە بەردەم ئەم و ئەودا ڕابگرن. هەڵبەتە ئەوان تەنیا دەست لە سەرانی کۆلیجەکان پان دەکەنەوە تا مەحەبەتێکیان دەرهەق بکەن.

*– لە پرسیاری پێشوودا دەمویست تەنیا ئەم پرسیارە بکەم کە ئێستا پتر لە جاران پشتیوانی دارایی لە شاعیران دەکرێ، دەبووایە شاعیرانی چاکتر و گەورەتر بێنە ئاراوە. ئایا پێت وانییە، بە پێچەوانەوە، زیاتر شاعیرانی مامناوەندی پەیدا دەبن تا شاعیرانی مەزن؟ پێت وانییە ئەگەر شاعیرێکی باشیش پەیدا ببێ ئەوا لەناو ئەوانی دیدا گوم دەبێت یان بەلای کەمەوە رەخنەگران بە زەحمەت دەتوانن کەشفیان بکەن؟

– بە ڕێکەوت جارێکی دیکەش کەسێك ئەم پرسیارەی لە من کرد. لە وەڵامدا گوتم قەت لەوە حاڵی نەبووم کە بنیادەمێك دەبێ لە چ هەلومەرجێکی نالەباردا بێ تا بتوانێ کارێك ئەنجام بدات و ببێ بە شتێك.. ئاڵۆزی سەرەکی لەمەدایە کە مرۆڤ نازانێ دەبێ چۆن ئەم جۆرە مەسەلانە هەڵبسەنگێنێ. تا ئێستا دەرونزانیش نەیتوانیوە وەڵامی ئەم دۆزە بداتەوەو ئەوە روون بکاتەوە کە پێویستە کام ئەسپ بەر قامچی بدات و کام ئەسپ تەنیا بەر یەك سووکە مامێز بدات تا پێشبڕکێیەکە بباتەوە.. راستیت دەوێ گرنگترین خەسڵەتی هەر شیعرێك هونەرییەتی شیعرەکەیە. نازانم کەسانی دی بەو جۆرە دەڕواننە شیعر یان نە؟ من هەمیشە وەکو نمایش روانیوومەتە شیعر. شاعیر بەلای منەوە وەستایەکە کە شتێك دروست دەکات و پیشانی خەڵکانی دی دەدات: وەکو وەرزشکارێك کە لە بەرانبەر خەڵکیدا هونەرنوێنی دەکات. شاعیریش شتێك

پیشـان دەدات. هەڵبەتـە شـاعیر دەتـوانێ شـتانی جیـاواز پیشـان بـدات. شـاعیر دەتـوانێ باسـی کەسانی جیاواز بکات، کەسانێ کـە هـەر یەکەیان دەنگی تایبـەتی خۆیـان هەیـە و ئـەم کەسـانە بـەردەوام دەگـۆڕێن. مـن هەمیشـە بایـەخی تایبـەتیم بـە تـەرجیع بەنـد داوە. هەڵبەتـە ئـەو تـەرجیع بەندانـەی کـە لێکـدی جیـاوازن. حەزدەکـەم ئـەو سـێ یـان چـوار تـەرجیع بەنـدەی کـە لـە شـیعردا دووبـارە دەبنـەوە لـە رسـتەێن جیـاواز پێـك هـاتبن. حـەز ناکـەم تـەرجیع بەنـدانی یەکسـان لـە یـەك شیعردا دووبارە بکەمەوە. بەڕای من شاعیر لە هەر شیعرێکدا تەنیا تا ڕادەیەك دەتـوانێ شـتێك نیشان بـدات یـان بەرجەسـتە بکـات. یـەکێك گوتوویـەتی لـەنێو خەسـڵەتە جیاوازەکـانی شـیعردا شـۆخیش خەسـڵەتێکە. بـەڵێ، لەوەیـە ئـەم خەسـڵەتەش لـە شـیعردا جێیـەکی هـەبێ: جەوهـەری شـۆخی. شـیعر دەبێ ڕەگەز و تـوخمی شـۆخیش بگرێتـەخۆ. هەڵبەتـە کـەمتر ئـاوڕ لـەم خەسـڵەتە دراوەتــەوەو تــا ئێســتا پــتر پشــتگوێ خــراوە. ئــەم خەســڵەتە مایــەی ســەرنجی شــاعیران و شیعردۆستان نەبووە. خەسڵەتێکی دیکەی شیعر کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەم ئەمەیە کە هەر تێفکرین و هزرینێك، شاعیرانە بێ یان ناشاعیرانە، جۆرێکە لە تـەداعی مانایـان. دەڵـێن کـاتێ "گیبـون"ی پـیر لەسـەر جێگـەی مـەرگ کـەوتبوو وەکـو قارەمانـانی کتێبـەکانی لـە دنیـا ڕۆیـی، قارەمانـانی کتێبـە مێژوویـیەکانی. هـەر تێفکـرین و هزرینێـك لـە کۆمـەڵێك تـەداعی مانایـان پێـك هـاتووە. مـرۆڤ شـتێك دەبـینێ و ئـەم شـتە وێنەیـەکی دیکـە لـە زەینیـدا دەژێنێتـەوەو بەرجەسـتە دەکات: وێنەیەك کە تازەیەو پیاو نازانێ کە پێشتر ناسیویەتی. هونەرمەند ئەم پارچەیە لەپاڵ پارچـەیەکی دیکـەدا دادەنـێ و پێکهاتەیـەکی تـازەی لـێ دەخـوڵقێنێ، دیسـان شـتێك لـە زەیـنی بنیادەمدا زەنگ لێدەداو وێنەیەکی تازە پێك دێت.

*– دەشێت بەگوێرەی شیعرەکانی خۆت ئەوە روون بکەیەوە کە "تەداعی مانایان" چۆن چۆنی قاڵبی خۆی وەردەگرێت؟

– باشـترین نموونـەی "تـەداعی مانایـان" لـە شـیعری "مەهزەلـەی ئـەقڵ"دا بەرجەسـتە بـووە. خـوا دەڵێـت: "ئـەی ئـەیوب، مەبەسـتت ئـەوە بـوو کـە لەبـەردەم شـەیتاندا خـۆم بنـوێنم". ئـەیوب بەسەرسامی دەڕوانێتە خوا. کەمێ پەریشانە. خوا لە ئەیوب دەپرسێت: "خراپە؟" ئەیوب وەڵام دەداتەوە: "نا، نا" ئەم "نایە" تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، جۆرێکە دەچێتە دڵەوە. ئەم "نەیە" کاریگەرییەکی تایبەتی بەسەر منەوە هەبوو و بووە مایەی ئەوەی کە شتی دیکە بەزەینم دا بێت و بەیتی "مەهزەلەی ئەقڵ" بهۆنمەوە. تەنیا ئەم وشەیە هاڕوژاندمی..

* – " مەزحەکەی ڕەحمەت" ش بەهەمان شێوە لەدایك بووە؟

– بە باوەڕی من لە مێژووی جیهاندا حیکایەتی یونس کۆنترین حیکایەتێکە کە ڕەحمەت بابەتـە سـەرەکییەکەیەتی. هەڵبەتـە بـەر لـە حیکایـەتی یـونس لـە کتێبی پیرۆزدا چـەند نـەقڵێك دەربـارەی ڕەحمـەت هەیـە. بـۆ نموونـە لەوێـدا کـە دەڵێـت: "ئەگـەر دە هـەوادارت لـە شـاردا هـەبێ ئایـا دیسـان نابەخشیت؟ دە مرۆڤی باش". بەڵام لـە حیکایەتەکەی یونس دا مەسـەلەکە لەمـەش خراتـرە. خـوا لە یونسی دەوێ کە بێ هیچ هـەوادارێك بڕوات و لـە شاردا بانگەشە بکات و جاڕی پـەیام بدات. هەڵبەتە یونس "دەزانـێ" کـە خـوا کۆمـەکی دەکـات. دەزانێـت کـە دەبـێ پشـت بـە خـودا ببەسـتێ و

خـوا دلۆڤانـه. خـوا نـاتوانێ دلۆڤـان نـەبێ. لەگـەڵ ئەمەشـدا یـونس بەرگـە نـاگرێ و هەڵـدێ و نەهەنگێك قووتی دەدات. ڕازی حیکایەتەکە لەمەدایە: سەرپێچی یونس. بابەتێکە کە تا ئێستا چ کەسێ ئاوڕی لێ نەداوەتەوە. مەبەستی سەرەکی حیکایەتەکەیان وەرنەگرتووە.

*- بەڕێز فروست، بەڕای تۆ بۆچی شانۆی مەزەبی و دەمامکدار "بال ماسکە" لەنێو یەسوعیان و یەهودیاندا زیاتر باوە تا لەنێو ئاین و مەزەبەکانی دیدا؟

- بەڕای من زۆر سەیرە. بەڵێ پیاو سەری سوڕ دەمێنێ کە بۆچی تەنیا لەنێو ئەم دوو گروپەدا بە برەوترە. سەیر ئەمەیە کە لەنێو گروپە مەزەبییە بچووکەکاندا، واتە لەنێو ئەوانەدا کە یاسایێن تۆمارکراوی ئاڵۆزیـان نییـە، لـە ئـاینی ئەوانـدا چ هـەواڵێك لـەم جـۆرە مەراسـیم و نەریتانـە نییـە. هەڵبەتـە پێت وانـەبێ کـە ئـەوان بـەخۆیان ئاگایـان لـەم بیدەعـەت و یاخیگەرییـە هـەبێ. نـا، ئـاین و سوننەت لە داك و بابانەوە بۆ منداڵ دەمێنێتەوەو ئیدی پشتاوپشت دێت. بەڵام هەرچۆنێ بێ لە ئـاینی ئەوانـدا هـیچ نیشـانەیەکی ئـەم بالماسـکە مەزەبییانـە بـەدی نـاکرێ. دیـارە هـیچ نیـاز و مەبەستێکی یاخیگەریشیان نەبووە. تەنیا ئەوەیە کە لە داب و نەریتی ئەواندا ئەو جۆرە شتانە نـەبووە... لـە بەرانبـەر ئەمانـەدا جولەکـەو یەسـوعیان هـەن: ئـاینی لـە ڕادەبـەدەر سـوننەتگەراو ئەرتەدۆکسن. بـەڵام تـۆ چـۆن ئـەم شـتەت بـەبیرا هـات؟ بـەلای منیشـەوە سـەیرە. جا بـە ڕێکـەوت پەیوەنـدی مـن بـە پـەیڕەوانی ئـەم ئاینانـەوە زۆر بـاش بـووە. بەتایبـەتی لەگـەڵ یەسـوعیاندا. لـە سەرانسـەری وڵاتـدا مامەڵـەی دۆسـتانەیان لەگـەڵ منـدا کـردووە. لـەم سـەفەرەی دواییەمـدا بـۆ "کـانزاس سـیتی" میـوانی ئـەوان بـووم. نمایشـە بالماسـکەکانیان جوانـە. پیـاو ئـاینی راسـتی و دروستیان تیادا بەدی دەکات. لە یەکێك لەم مەراسیمانەدا دەویسترا ئەوە نیشان بدرێ کە بەدی لـە بەرانبـەر چاکیدا دەردەکـەوێ و چـاکی لـە بەرانبـەر شـەڕدا. کـە ئـەم نمایشـەم بینی یەکسـەری چوارینەیەکم بۆ هات:

"ئـەو دووە لـە بەرانبـەر یـەکتردا دەردەکـەون، چـاکی و خراپـی هـی پـیرە ڕۆژگـارن، پێکـەوە ئاشـکرا دەبن".

*- بەم قسەیەتاندا وا دەردەکەوێ کە شیعرگوتنی یەکسـەری کارێکی زۆر غـەریب نییـە. ڕێك وەکو ئەوەیـە کـە شـاعیرێك بێ ـ هوێ بـەپێی بەرنامەیـەکی تایبـەتی شـیعر "بنووسـێت" وانییـە؟ شاعیرێکی گەنج دەناسم کە دەڵێت: هەموو ڕۆژێ لە سەعات شەش ی بەیانییەوە تا نۆ شیعر دەڵێت، ڕەنگە بەر لەوە بێ کە بچێتە دەرسەکەیەوە.

- بەڵێ، وایە، شتێکی بەڵگە نەویستە کە دەتوانرێ بـە شـێوەی جۆراوجۆر پشیلە کـەوڵ بکرێ. تـەنیا یـەك شـێوەی نییـە. من ناتوانم تەسـەوری ئەوە بکـەم کە چۆن دەشێت بە گوێرەی بەرنامـە شیعر بگوترێ، بەڵام پێدەچێت کاری وا بکرێ. من هەر کاتێ دەست بە کارێك بکەم حەز ناکەم... یـانی بڵـێم: یەکـەمین شیعرم بـەدەم ڕێـوە لـە قوتابخانـەوە بـۆ ماڵـەوە گوتـووەو لـە پـڕ بـۆم هـاتووە. ڕۆژێکی مـانگی ئـازار بـوو. بـەدرێـژایی پـاش نیـوەڕۆی ئـەو ڕۆژە هـەر خـەریکی ئـەو شیعرە بووم و مەسەلەکە هێندە درێژەی کێشا کە زۆر درەنگ گەییمە ماڵـەوەو بەپەلـە پـروزێ فریـای شـیو کـەوتم. ئـەنجام شـیعرەکەم تـەواو کـرد. بـەر لـەوەی تـەواوی بکـەم شـتێك لـە ناخمـا بڵێسـەی سـەندبوو و

دەسـووتا. نەمـدەتوانی جڵـەوی بگـرم. چ شـتێك باعیسـی ئـەوە بـوو؟ چ شـتێك ئاگرەکـەی هەڵایسـاند؟بەڵگەی زۆریـان هێناوەتـەوە، زۆربەشـیان هەڵـەو پەڵـەو بـێ سـەروبەر. ئیـدی چـوزانم چەندم رەنج بە گوتنی ئەم شیعرەوە کێشاوەو نووسین چەند زەحمەتەو دەبێ چ رەنجێکی پێوە بدەی... و لەم بابەتە قسانە. لەم وارەدا بە زۆری ئەم رستەیەی منیان دووبارە کردۆتـەوە: "ئەگـەر نووسەر فرمێسکێکی نەڕشتبێ ناتوانێ فرمێسك بە خوێنـەر بڕێژێ و ئەگـەر تەعەجوبی نـەکردبێ نابێ چاوەڕوانی تەعەجوب و سەرسامی لە خوێنـەر بکات. جا لێرەدا دەمەوێ شتێکی دیکەش بڵێم: شیعر هەرچەند غەمگین بێ نابێ خوێنـەر لە ئەندازەبەدەر خـەمبار بکـات: خـەم بـەبێ ژان. بـەڵام شـتی واهـی چۆن دەبـێ؟ خوێنـەر چـۆن دەتـوانێ لـەزەت لـە شـیعری مـن ببـینێ و کـاتێکی خۆشی لەگەڵ بەسەر بەرێ لە کاتێکا من ئەو هەموو رەنجەم لەگەڵیدا دابێ؟ چۆن دەتوانێ؟ راسـتە مـن دەمـەوێ پەیوەنـدی لەگـەڵ خوێنـەردا بەرقـەرار بکـەم و قسـەی خـۆم بکـەم، بـەڵام بـۆ ئـەم گوێزانەوەیـە دەبـێ چـەندم رەنـج دابـێ؟! بـەڕای مـن هـەموو کـار و ئـەرکێکی هونـەر لـە سـێ شـتدا بەرجەستە دەبێ: نیشان دان، لێهاتووی و کارامەیی، و تەداعی مانایان. نازانم بۆچی رەخنـەگران باسی ئەمانە ناکەن. بۆ نموونە دەتوانرێ ئەو پرسیارە بکرێ کە چ شتێك بووەتـە باعیسـی قاڵب گـرتنی ئـەم وێنەیـە و فاکتـەری سـەرەکی تـەداعی ئـەو چ بـووە؟ بەڕاسـتی بۆچـی رەخنـەگران دەربارەی ئەمانـە قسە ناکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسانە: چونکە تەنیا دەیانەوێ نمرە بدەن. شاعیر دەبـێ نمرە بێنێ. رەخنـەگران دەڵـێن دەبـێ نمرە بێنێ. لـە هـەموو بوارەکانـدا: ئیلاهیـات، سیاسەت، ئەستێران، مێژوو، ژینگەی دێهاتیانەی دەوروبەرت.

*– ڕ اتان دەربارەی ئەو شاعیرە لاوانەی کە سانفرانسیسکۆی زێد ی تۆیان کردووە بە مەڵبەندی خۆیان چییە؟

– مەڵبەنـدیان لـە سانفرانسیسـکۆیە؟ یـەکێك بـۆی باسـکردم کـە ژمارەیـەکی زۆری لـە "کـانزاس سیتی" دیتووە: لە کۆڕەکەی مندا دێن بەو کەسە دەڵێن: "ئەو پەڵەیە دەبینی؟ ئەوەی کە خەریکە قسـە دەکات؟ ئـەوە سافیلکەیە" نـە، مـن شـتێکی ئـەوتۆیان دەربـارە نـازانم. چاوەنوارم کـە قسـەی خۆیان بکـەن تـا بزانم چ دەڵێن. چەند دەم پیسش بن قەیدی ناکات. باشترە. چونکە هەرچییەك بڵـێن پـێم خۆشـە. وەکـو ئەوەیـە پیـاو بـە کەسـێك بڵـێ: "شـتێ بڵـێ، شـتێ بڵـێ" و ئـەویش بڵـێ: "سوتام".

*– شاعیرانی لاویش شیعرو بابەتت بۆ دەنێرن؟

– بـەڵێ، هەنـدێجار. زۆر نـانێرن. چـونکە کـەمتر وەڵامیـان دەدەمـەوە. مـن نامـە نانووسـم. لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێ جار بۆم دەنێرن. هەنـدێ جاریش دەچمە دیدەنیان و قسـەیان لەگەڵـدا دەکـەم. هەندێجار کتێبێکیشم پێ دەگات. یانی بۆمی دەنێرن. بەردەوام لەخۆم دەپرسم ئەم شاعیرە لاوانـە چ دەکەن و دەیانەوێ بگەنە کوێ. بە عینوانی یەکێك لەمانەدا پێدەچێ کتێبێکی باش بێ: "ئاه، دۆزەخ". ئاخر "ئاه" بارێکی سۆزداری تایبەتی هەیە و ئەگەر بە قەڵـەوی بیدرکێنی و دۆزەخـیش بەدوای ئەودا بێ دەبێ شتێکی باش بێ.

*- بەزۆری عینو انی پێکەنیناوی بۆ کتێبەکانیان هەڵدەبژێرن بۆ نموونە عینوانی یەکێك لەو کتێبانە "قروسکە" یەو یەکێکی دی "گازویل"ە.

- گازۆیل؟ ئەوانەم زۆر بەرچاو نەکەوتووە. هەندێجار لێرەو لەوێ بەرچاوم کەوتوون. کە لە شیکاگۆ بووم نۆ شیعری ئەوانە لە یەك گۆڤاردا بڵاو بووبووەوە. هەموو شاعیرەکانی خەڵکی سانفرانسیسکۆ بوون. پاش خوێندنەوەی ئەو شیعرانە هیچ رایەکم لەلا دروست نەبوو، نە باش و نە خراپ. من هەمیشە بەوە خۆشحاڵ بووم کە کەسێك قسەیەکی ناشیرینی کردبێ. چونکە دەتوانم قسەکەی هەڵگرمەوەو لە شوێنێکدا بەکاری بێنمەوە. پێم وایە هەموو کەسێك ئەو خووەی هەبێ. مرۆڤ دەبێ فێربێ لەزەت لەو شتانە وەربگرێ کە حەزیان لێناکات. بۆیە هەمیشە چاوەڕوانم کەسێك قسەی ناشیرین و رەق بکات. هەمیشە حەزم لەم پەندە بووە کە دەڵێت:"یەك دەققە بووەستە، تا بتوانم هەڵیم، باشە؟" بە مەرجێ کەسبەی پەیدا نەبێتەوە، باشە؟" عەجەب دنیایەکی پێکەنیناوییە.

*- کاتێ کە شیعرێکی تازەت بەدەست دەگات چ شتێك دەبێتە باعیسی ئەوەی کە بە وردی تا کۆتایی بیخوێنیتەوە یان توڕی بدەی؟

- لەمەشدا هەرسێ فاکتەری نیشاندان، بەهرەو لێهاتوویی، و تەداعی مانایان دەور دەبینن. سەرنج دەدەم تا بزانم شاعیر چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم فاکتەرانەدا کردووە. کە شیعرێکم بۆ دەنێرن یەکەم کارم ئەمەیە کە بزانم قافیەی هەیە یان نا. ئەگەر شیعرەکە قافیەدار بێ دەزانم دەبێ چۆنی هەڵبسەنگێنم. چونکە قافیە لە شیعردا جووت جووت دێ؟ وانییە؟ عادەتەن شاعیرێکی مامناوەندی نۆ لە دەی شیعرەکەشی مامناوەندییە. تەنیا یەك دوو جار پرشنگێك دەدات و شیعرێکی باش بەرجەستە دەکات. ئەوسا مەسەلەکە دیسان دووبارە دەبێتەوە. ماوەیەك دەگوزەرێ و دووبارە پرشنگ دەداو شیعرێکی درەخشان دەڵێت. هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە لە رووی نیشاندان و بەرجەستەکردنی شیعرییەوەیە. من حەساسیەتێکی تایبەتیم سەبارەت بە فاکتەری نیشاندان و بەرجەستە کردنی شیعرییەوە هەیە. هەندێجار ئەوەندە لەم فاکتەرە ورد دەبمەوە بێ تاقەت دەبم. حەزدەکەم نەتوانم مەزەندەی ئەوە لێبدەم کە شاعیر هەوەڵجار بیری لە چ قافیەیەك کردووەتەوەو پاشان کامە بەدوای یەکەمدا هاتووە، ئەگەر شاعیر بیەوێ فێڵ بکات، بۆ نموونە بەیتە جوانەکان لە پێشەوە دابنێ تا من هەڵخەڵەتێنێ، یەکسەر لە قافا دەیگرم. هەموو ئەمانە لە باری نیشاندان و بەرجەستە کردنی شیعرییەوە گرینگە. شاعیر دەتوانێ وابەستەی هەر قوتابخانەیەك بێ کە خۆی بیەوێ: "سپینۆزا"، "شوپنهاور"، هەر قوتابخانەیەکی دی. بەلای منەوە گرنگ نییە. بەرچاوم کەوتووە کە "پۆ" ئەوانەی ناوناوە فەیلەسووفانی دیکارتی: فەیلەسووفانی پەیڕەوی دیکارت.

*- ئەگەر لە بیرتان بێ جارێکیان دەستنووسێکی "دیلان تۆماس" ت کەوتبووە دەست کە لەسەر کاغەزی یەکەم هەموو قافیەکانی نووسی بوو پاشان شیعرەکەی لە قاڵبی ئەو قافیە پێشوەختە ئامادەکراوانەدا داڕشتبوو. ئاشکرایە کە مەبەستی تۆ لە نیشاندان و بەرجەستە کردنی شیعری چ پەیوەندییەکی بەم کارە میکانیکییەوە نییە. وایە؟

– بەڵێ. ئەمە کارێکی سامناکە. شاعیر کاتێ کە خەریکی دانانی شیعر دەبێت وا هەست بکات کە دەیەوێ بچێتە پێشێ و دەتوانێ هەستی خۆی زۆر بەچاکی نیشان بدات. لێرەدا شاعیر تەنیا ئەوە دەردەبڕێ کە هەستی پێکردووە.هەست بەسەر هزریندا زاڵە. شیعر بە زۆری بەوجۆرە دەست پێدەکات و دەچێتە پێشێ. جا لەم ڕێگەیەدا چ شتێك ڕێنوێنی ئێمەیە؟ بەڵێ چ شتێك ڕێنوێنی ئێمەیە؟ بە زۆری شاعیرانی لاو ئەو پرسیارە لەخۆ دەکەن. ئەمە بۆ ئەوان گرفتێکە، وا نییە؟ لێ پێویستە پێیان بڵێم زۆر نیگەران نەبن. ئەم کارە وەکو نوکتە گێڕانەوەیە. خۆبەخۆ دێت. بۆ نموونە پیاو بە شەقامێکدا دەڕوات، دەبینێت کەسێك لە بەرامبەرییەوە دێت. کەسێك کە هەمیشە تەعلیقی لێداوە. هەر کە لێی نزیك دەبینەوە هەست دەکەین کە تەعلیقەکە خۆبەخۆ بەرجەستە دەبێ. ئەنجام لێی نزیك دەبینەوەو تەعلیقی خۆ دەهاوین. ئەم تەعلیقە چۆن بەبیرماندا هات؟ لەکوێوە هات؟ یەکێك بووەتە مایەی تەعلیقەکە، هەمان ئەو یەکەی کە لە بەرانبەرەوە دەهات. ئەو فاکتەری سەرەکی بەرجەستە بوونی تەعلیقەکە بوو. کە باسی ئیلهامم لێدەپرسن، ئەو نموونەیەیان بۆ دەگێڕمەوە، دەبێ زیاتر بە شێوەیەکی خۆڕسکانە بێت.

*******************************************************

## *ڕۆبەرت فرۆست (١٨٧٤–١٩٦٣)

ڕۆبەرت فرۆست کە شاعیرێکی ناوچەیی بوو و شۆرەت ونێوبانگی جیهانی پەیدا کرد،لە ١٨٧٤/٣/٢٦ لە سانفرانسیسکۆ هاتووەتە دنیا. بابی ڕۆژنامەوان و سیاسەتوا نێکی لیبراڵ بوو. چونکە کاروباری سیاسی سەرزەمینی نیوئینگلاند بە دەستی کۆماریخوازەکانەوە بوو، بۆ سانفرانسیسکۆ باری کردبوو. بابی ڕۆبەرت کە هاوخەمی خەڵکی باشوور بوو وپەیوەندییەکی خۆشی لەگەڵیان هەبوو و ماوەیەکیش بەشداری شەڕەناوخۆییەکانی ئەمریکای کردبوو، بە یادی فەرماندەی مەزنی ئەمریکاییەوە (ڕۆبەرت لی) کوڕەکەی ناو نا. ڕۆبەرتی لاو کاتێ بابی مرد، لەگەڵ دایکیا بۆ نیوئینگلاند گەڕایەوە تا لای باپیری، لە شاری لورنس ماساچۆست بژی. لەم شارەدا یەکەمین شیعری خۆی هۆندەوەو ئەگەرچی چ کەسێك هاندەری نەبوو،ژیانی پڕبەرهە م ودرێژی شیعریی خۆی دەست پێکرد..لە ساڵی ١٨٩٢دا چووە کۆلیژی (دارموت) لێ پاشی دوو هەیڤان،چونکە کەش و هەوای ئەوێندەری بەدڵ نەبوو وازی هێنا. لە تەمەنی بیست و دووساڵیدا چووە زانستگەی هارڤەرد ودوو ساڵێکی بە خوێندن و لێکۆڵینەوەی زمانانی لاتین و یونانی ڕابوارد.. دوای ئەوە چوو بۆ مەزرایەك لە (دری) (نیوهامشایر) و کەوتە کاری کشتیاری. لەم قۆناغەدا جگە لە کشتیاری دەرسیشی دەگوتەوەو هەندێ جاریش بابەتی بۆ ڕۆژنامە ناوچەییەکان دەنارد. هەڵبەتە لە شیعریش غا فڵ نەبوو و بەردەوام شیعری دەگوت. لەگەڵ ئەمەشدا تا ساڵی ١٩١٢ کە چوو بۆ ئەوروپا شیعرەکانی ڕەونەق و برەوێکی ئەوتۆیان نەبوو. لە ئەوروپادا یەکەمین کۆشیعری بە ناوی : (ئارەزووی منداڵێك)و(باکوری بۆستۆن) بلاوکردەوە. لە بەهاری ١٩١٥ دا بۆ ئەمریکا

گەڕایەوە. ئەمجارە بە پێچەوانەی جارانەوە، هەمووان بە شاعیرێکی مەزنیان دەزانی و دەیتوانی ژیانی خۆی لە ڕێگەی شیعرو دەرس وتنەوەوە بەڕێوەبەرێ.

فرۆست چوارجاران خەلاتی (پولیتزەر)ی وەرگرت: سالی ١٩٢٤ لەسەر کۆشیعری (نیوهامشایر)، سالی ١٩٣١ لەسەر (کۆهۆزان)، سالی ١٩٣٧ لەسەر (ئاسۆی دوورتر) و دواجار لە سالی ١٩٤٣ لەسەر (درەختی شایەد). دوا کۆشیعری فرۆست لە ژێر سەرناوی (سەرزەمینی بێ درەخت) دایە کە لە سالی ١٩٦٢دا بلاو بووەتەوە....... دیارترین خەسلەت و تایبەتمەندی فرۆست تاکپەروەری بوو . هەموو وابەستەییەکی دەستەجەمی ڕەتدەکردەوە.. فرۆست پێی وابوو لە ژیانی شیعرییشدا ، وەکو ژیانەکانی دی ( دەستەبەندی،گروپ گروپێنە،وڕەوت و ڕێبازانی جیاواز هەیە.. ڕەنگە هیچ چارێك نەبێ و دەبێ هەرکەسەو سەر بە گروپێك بێ، لێ من گورگی تەنیام.)

ڕۆبەرت فرۆست لە ١٩٦٣/١/٢٩دا کۆچی دوایی کرد.

سەرچاوە:

کارنویسنده، ترجمە احمد اخوت ، ١٣٦٧



# تی.ئێس.ئیلیوت

# گفتوگۆیەك لەگەڵ تی.ئێس. ئیلیوت

## سازدانی: ڕۆنالد هول

تۆمـا س سـتیرنز ئیلیـوت لـە ١٨٨٨/٩/٢٦ لـە شـاری سـەنت لـویس، لـە بنەماڵەیـەکی دیارودەوڵەمەندی بۆستۆنی هاتووەتە دنیا،بنەماڵەیەکی فرە محافەزەکارو پابەندی دابونەریتی خەڵکی نیوئینگلاند. ئیلیوت تا هەژدە ساڵان لە سەنت لویس ژیاوەو لە ساڵی ١٩٠٦دا، پاش ئەوەی ساڵێکی لە کۆلێجی میلتۆن رابوارد، چووە زانستگەی هارڤەرد. لە زانستگەی نێوبراودا زۆر دەرکەوت و توانی لە ماوەی چوار ساڵدا شادەتنامەی ماجستێر وەربگرێت. دوای ئەوە ساڵێکی لە زانستگەی سۆربۆنی فەرەنسی رابوارد وخوێندنی بە نیوەچڵی بەجێ هێشت و بۆ هارڤەرد گەڕایەوە. ئەمجارەیان کاری لەسەر دکتۆرا کرد و دکتۆرانامەکەی دەربارەی (ئێف. ئێچ برادلی -*F.H.Bradley* )بوو. دکتۆراکەی یەکسەرو بێ چەندوچوون پەسند کرا. بەخۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: " ئەوی راستی بێ لەبەر ئەمە پەسندیان کرد، چونکە نە دەخوێنرایەوەو نە کەس سەری لێی دەردەکرد".

وێرا ی ئەمەش قەت شادەتنامەکەی وەرنەگرت و زانستگەی هارڤەردی تەرك کرد. ئیلیوت لە هاوینی ساڵی ١٩١٤ دا چوو بۆ ئەڵمانیا،بەڵام بە هۆی هەڵگیرسانی شەرەوە بۆ ئینگلیستان زڤڕییەوەو لە شاری ئۆکسفۆردا دەرسی فەلسەفەی خوێند. لەم ساڵەدا بە یەکجارەکی ئاکنجی ئینگلیستان بوو و باقی تەمەنی لەم وڵاتەدا بەسەر برد. ئیلیوت لە ساڵانی ١٩١٧–١٩١٩دا بوو بە یاریدەدەری سەرنووسەری گۆڤاری (ئیگویست– *Egoist*) ویەکەمین کتێبی شیعری خۆی لە ژێر سەرناڤی (پرۆفراك و هەندێ سەرنجی دی) لەم قۆناغەدا بلاۆکردەوە. هەروەها چەندین وتاریشی بلاۆکردەوە کە (ئەزراپاوەند، شیعروکێش) یەکێکیان بوو. ویرای ئەمەش تا ساڵی ١٩٢٢ کە قەسیدەی (وێرانە خاك) ی بلاۆ بووەوە، نێوبانگێکی ئەوتۆی نەبوو. لەم ساڵە بەدواوە نێوی ئیلیوت لە ترۆپکی ئەدەبیاتدا درەوشایەوە. هەندێ لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی دیکەی بە گوێرەی ریزبەندی بلاۆ وبوونەوەیان ئەمانەن: دوو دیوانی شیعر: (چوارشەممەی کەوەیی– ١٩٣٠)و (چوار ئاوازی چوارقۆڵی–١٩٣٤). لە شانۆنامەکانی : (قەتڵێك لە کڵێسادا– ١٩٣٥)، (یەکگرتنەوەیەکی خانەوادەیی– ١٩٣٩)، (ئاهەنگی کۆکتێل– ١٩٥٠)، لە کۆ وتارەکانی: (بێشەی پیرۆز– ١٩٢٠)، (ئانـدرومارڤل–١٩٢٢)، (هەنـدێ هـزرین دەربـارەی لـەمبیس–١٩٣١)، (بەکارهێنانەکانی شیعرو بەکارهێنانەکانی رەخنە–١٩٣٣)و (وتارێن کۆن ونوێ– ١٩٣٦)

یەکێك لە چالاکییە ئەدەبییە شایستەکانی ئیلیوت دامەزراندنی گۆڤاری (کریتریون) بوو لە ساڵی ١٩٢١دا. ئەو گۆڤارەی کە بۆ جاری یەکەم قەسیدەی (وێرانە خاك) ی تێدا بلاۆ بووەوەو بۆ ساڵانێکی زۆر بە گۆڤارێکی سەنگینی واری ئەدەبیات و فەلسەفە دەژمێردرا.. لە ساڵی

(١٩٢٥) شدا سەرنڤیساری وەشانخانەی (فیبەر ئاند فیبەر) ی لە ئەستۆ گرت و چەند ساڵێك كاری بۆ ئەم وەشانخانەیە كرد.

ئیلیوت لە ساڵی ١٩٢٧ دا بە فەرمی رەگ ەزنامەی ئینگلیستانی وەرگرت، بوو بە هاووڵاتی ئینگلیستان. ئیلیوت لە ساڵی ١٩٣٣ دا بەمجۆرە پێناسەی خۆی كردووە: " لە مەزەبدا ئەنگلۆ- كاتۆلیكم، لە ئەدەبیاتدا پەیرەوی قوتابخانەی كلاسیكم و لە سیاسەتدا خۆم بە سەڵتەنەت خواز دەزانم". لە ساڵی ١٩٤٨ دا خەڵاتی نۆبڵی ئ ەدەبیاتی لەسەر قەسیدەی (وێرانە خاك) وەرگرت، وجۆرجی حەوتەم، پاشای سوێد، پەسنی دا.

***

ئەم وتووێژە لە نیویورك، لە تەلارەكەی خات (لویس هنری كوهن) ی بەرێوەبەری وەشانخانەی (خانەی كتێبان) دا كە لە دۆستانی نزیكی ئیلیو ت و هاوسەرەكەیەتی، ئەنجام دراوە. رەفە جوانەكاذ ی ژووری دانیشتن تەژی بوو لە بەرهەمێن نووسەرانی تازە. لە سەرووی دەرگای ژوورەكەدا، وێنەیەكی گەورەی ئیلی وت هەڵواسرابوو كە (خات هنری ئیلیوت) ی هاوسەری ئیلیوت، كێشابووی. وێنەی زەماوەندەكەی ئیلیوتیش لە چوارچێوەیەكی زیویندا لەسەر مێزێك دانرابوو. خات ئیلیوت و یا كوهن لە بنەبانی ژوورەكەدا، لەسەر مۆبیلەیەك دانیشتبوون. من و جەنابی ئیلیوت، بەرانبەر بە یەكدی و تەقریبەن لە ناوەراستی ژوورەكە دانیشتبووین، مایكی ریكۆردەرەكە، لەسەر زەوی لە بەینی هەردووكماندا بوو.

ئیلیوت، بەكە یف و بەدەماخ دەهاتە بەرچاو. رۆژانی پشووی لە (ناسایۆ) رابواردبوو و دەیویست بۆ لەندەن بزڤرێتەوە. بەنیاز بوو چەند رۆژێكیش لە ئەمریكا رابوێرێ و دیدارێك تازە بكاتەوە. زۆر تاوەگاز بوو ومن سێ ساڵێك پیشتر دیتبووم، كەمێك لەوسا قەڵەوتر دەینواند. بە تێكڕایی لە جاران گەنجترو بە دەماختر بوو. بە درێژایی وتووێژەكەمان ناوە ناوە نیگایكی خا ئیلیوتی دەكرد: لە تۆ وایە گەرەكیەتی بۆ وەڵامی پرسیارەكان هانای بۆ بەرێ، بە تایبەتی ئەو پرسیارانەی كە وەڵامی تەواوەتیانی پێ نەبوو.

ئەمە یەكەمجار نەبوو كە جەنابی (ئیلیوتم دەبینی. پێشتریش لە لەندەن گفتوگۆم لە گەڵی كردبوو. نووسینگەی كارەكەی لە دەزگای وەشانخانەی (فیبر) بوو، نووسینگەكەی لە مەیدانی (رەسل) بوو، بە چەند قاڵدرمەیەك سەر دەكەوتە سەرێ. دەوراندەوری ژووری كارەكەی وێنەی لە چوارچێوە گیراو بوو: وێنەیەكی گەورەی (ڤیرجینیا ولف)، وێنەیەكی (پیوسی دوازدەیەم) كە دیار بوو چوارچێوەكەی تازە، تازەكرابووەوە. جگە لەم دووانە زۆر وێنەی دیكەش هەبوو: وێنەی ( ئای،ئەی ریچاردز،پۆل ڤالیری، ییتز، گۆتە، مارین مۆر، چارلز ویبلی،ئۆنابارنزو...) گەلێك لە شاعیرانی لاو لە كاتی وتووێژ دەگەڵ جەنابی ئیلیوتدا لەم وێنانە رادەمێنن. یەكێك لەوانە باسی دیدارێكی لەو جۆرەی خۆی گێرایەوە كە بەباشی ئەوەی نیشان دەدا كە جەنابی ئیلیوت چۆن قسە دەكا و چۆن هەندێ جار قسەی چاوەروان نەكراو دەكات..دەڵێت: پاش ئەوەی جەنابی ئیلیوت سەعاتێك بەو پەڕی جددی باسی ئەدەبیاتی كرد، لە دواییدا هەڵوەستەیەكی كرد تا بزانێ چ قسەیەكی دی ماوە بیكات و ئایا وەكو دوا قسە

ڕێنوێنییەکی هەیە یان نا، بەرانبەرەکەی ، واتە ئەو کەسەی ئیلیوت قسەی بۆ دەکرد، شاعیرێکی لاو بوو، شاعیرێکی ئەمریکایی بوو دەیویست بچێ بۆ ئۆکسفۆرد. ڕێك وەکو چل ساڵ لەوە پێش کە خودی جەنابی ئیلیوت بۆ درێژەدانی خوێندن بۆ ئۆکسفۆرد چوو بوو. ئیلیوت چەند دەمێك لە فکران رادەچێت و زۆر بە جدی وەکو ئەوەی بیەوێ ڕێنوێنییەکی زۆر گرینگی بکات، دەڵێت: " بە رای من بلوزێکی چاکەتی ی خوری درێژ بکڕیو لە ژێر جلەکانتەوە لەبەری بکەی. چونکە هەوای ئۆکسفۆرد سارد و شێدارە، لەوەیە سەرمات بێ." ئیلیوت هەموو کاتێ دەتوانێ کەسێکی سوعبەتچی بێت، بەتایبەتی کاتێ لە نێوان دوو شتدا پەیوەندییەکی گونجاو نەبێت، یان پەیوەندییەکی پێکەنیناوی هەبێ. ئەم تۆنە تەوسامێزە بە باشی لە سەرانسەری وتو وێژەکەدا دیارە. ئەوی راستی بێ وتوویژەکەمان بە وەلامە تەنزئامێزەکانی جەنابی ئیلیوت دەستی پێکردو تا زیاتر دەچووینە پێشێ وەلامەکانی پێکەنیناوی تر بوون. لەسەر کاسێتی وتوووێژەکە بەر لە هەر شتێك دەنگی قاقای پێکەنینی جەنابی ئیلیوت دەژنەوی. پێکەنینێك کە پەیوەندی بە چیرۆك و سەربوری یەکەمین دیداری ئیلیوت لەگەڵ پاوەندا هەیە و چۆن پاوەندی بە کەم زانیوەو وەکو بنیادەمێکی مەخسەرەی هاتووەتە بەر چاو. یا کاتێ دەربارەی شیعرەکانی سەرەتای پرسیارم لێکرد، کۆمەڵە شیعری (کینگ پولو) ، ئەو کاتانە کە لە هارڤەرد دەیخوێند و هیچ کاتێ ئەم شیعرانەی چاپ نەکرد– هەمدیس لە قاقای پێکەنینی دا.

***– پێدەچێت، دەبێ دەست بە باسەکەمان بکەم. ئەو کاتانەت بیرن کە منداڵ بوویت و لە (سەنت لویس) دەژیایت؟ لە بیرتان ماوە چۆن هەوەڵین شیعرت گوت؟**

– پێموایە چوادە ساڵان بووم کە لە ژێر کاریگەریی وەرگێڕانی چوارینەکانی خەیام لە لایەن (فیتزجیراڵد)ەوە دەستم بە شیعر گوتن کرد. بە هەمان شێوازو ڕێبازی خەیام چەندین چوارینەی پڕ لە کوفرو خوانەناسیم گوت. خۆشبەختانە هەموو ئەو شیعرانەم لە بەین برد و تاقە دانەیەکیان نەماوە. ئەم چوارینانەم هەرگیز بە کەس نیشان نەدان. کۆنترین شیعرم کە مابێتەوە پارچە شیعرێکە کە هەوەڵجار لە گۆڤاری (سمیت ئاکادمی ریکۆرد) و پاشان لە (هارڤەرد ئیدوکیت)دا بلاو بووەوە. ئەم پارچەیەم وەکو وەزیفەی دەرسی ئینگلیزی نووسی و لاسایی کردنەوەیەکی (بن جۆنسون) بوو. مامۆستاکەم گوتی ئەم شیعرە بۆ منداڵێکی چوارده پانزە ساڵە و بگرە شانزە ساڵەش، زۆر باشە. پاش ئەوە چەند شیعرێکم لە گۆڤاری (هارڤەرد ئیدوکیت)دا بلاو کردەوە و ئەمە کردیە کارێك بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نێو براو هەڵیان بژاردم. ئەمەم زۆر پێخۆش بوو. لە دوو دوا ساڵی زانستگەدا شتێك لە مندا تەقییەوە. کەسێکی زۆر بەکاربووم. هەوەڵجار لە ژێر کاریگەری (بۆدلێر)دا شیعرم دەگوت و دوای ئەو (ژول لاڤۆرگ)م کەشف کرد. ڕێك لە ساڵی سێیەمی زانستگەدا ئاشنایەتیم دەگەڵ بەرهەمەکانی (لاڤۆرگ)دا پەیدا کرد. (لاڤۆرگ، شاعیری سەمبولیستی فەرەنسی، یەکێك بوو لە پێشەنگانی شیعری ئازاد.)

***- كەسێكی تایبەتی ئەم شاعیرە فەرەنسییەی پێناساندیت؟ پێم وانییە (ئیرڤینگ بابیت) یەكەمجار ئەوی پێناساندبیت؟**

- نەخێر، (بابیت) دوا كەس بوو كە ئەوی پێناساندم.بابیت زیاتر حەزی لە بەیتی (لاوانەوەیەك لە حەوشی كڵێسا) دەكرد.هەرچەندە ئەمە بەیتێكی باشە بەلآم ئەم هەڵبژاردنە ئەوە نیشان دەدات كە بابیت لە هەندێ بواراندا كەموكوڕی هەیە.بە پێچەوانەوە من زۆر دڵبەنی كتێبەكەی (ئارتۆر سیمۆن) بووم.ئەو كتێبەی كە دەربارەی شیعری فەرەنسییە.ئەم كتێبەم هەوەڵجار لە (هارڤەرد یونیون) پەیدا كرد.ئەو سەردەمە هەموومان لە (هارڤەرد یونیون) كۆ دەبووینەوەوباسی ئەدەبیاتمان دەكرد.هەموو خوێندكارانی قۆناغی بەكالۆریۆس دەیانتوانی ببن بە ئەندامی ئەم ئەنجوومەنە. كتێبخانەیەكی فرە خاسیشی هەبوو، رێك وەكو هەمان ئەم كتێبخانانەی سەر بە زانستگەی هارڤەرد كە ئیستا لە دەورو بەری شاری (بۆستۆن)ن كە كتێبەكەی (ئارتۆر سیمۆن)م بینی زۆرم چووە دڵەوە. لێبڕام بیكڕم. چووم بۆ كتێبخانەیەكی شاری بۆستۆن كە كتێبی فەرەنگی دەفرۆشت. (ناوی كتێبخانەكەم لە بیر نەماوەو نازانم ئاخۆ ئێستا ماوە یان نا).ئەم كتێبخانەیە زیاتر كتێبانی ئاڵمانیو فەرەنسی دەهێنا.لە نێو كتێبەكانیا بەرهەمەكانی لاڤۆرگو چەند شاعیرێكی تری ئەوروپاییم بینی:ئەوی راستی بێ نازانم كتێبەكانی لاڤۆرگو شاعیرانی وەكو ئەو لەوێ چییان دەكرد. بۆ لەوێ بوون. خودا دەیزانی ئەم كتێبانە چەند بوو لە كتێبخانەكەی ئەودا مابوونەوەو كەس لێی نەدەپرسین، ئاخۆ دوای من كەسی دی سۆراخی كردوون یان نا.

***- كاتێ خوێندكار بووی هەستت بە كاریگەریی هەندێ لە شاعیرانی بە تەمەنو دەسەلآتدار دەكرد؟بۆ نموونە ئەمرۆ شاعیرانی لاو هەست دەكەن لە سەردەمی ( ئیلیوت، پاوەند، وستیڤنس) دا شیعر دەڵێن. پێم وانییە لە سەردەمی ئێوەدا وەزعو حاڵەكان لەگەڵ ئیستادا زۆر جیاواز بووبێ؟**

- بەڕای من ئێمە شانسمان هەبوو كە لە رۆژگاری ئێمەدا هیچ شاعیرێكی زندووی بە نامێ لە ئینگلیستانو ئەمریكادا نەبوو..شاعیرێك كە بنیادەم بكەوێتە ژێر كاریگەرییەوە. هەرچەند بە تەواوەتی نازانم بۆ، بەلآم هەست دەكەم بوونی شاعیرانی تۆ گوتەنی (دەسەلآتدار)شاعیری لاوی تازەكورە گومڕا دەكات. خۆشبەختانە هیچ یەكێك لە ئێمە ئەوانی تری گومڕا نەدەكرد.

***-یانی تەنانەت هە ستت بە كاریگەریی شاعیرانی مینا ( هاردی ورۆبینسۆن)ش نەدەكرد؟**

- تا رادەیەك رۆبینسۆنم دەناسی. لە گۆڤاری (ئەتلانتیك مانتلی)دا گوتارێكم دەربارەی خوێندبووەوە. وتارەكە هەندێ نموونەی شیعری وی هێنابووەوە كە بە هیچ جۆرێ دڵم نەیگرت.سەیرم كرد شیعرەكانی بابەتی زەوقی من نین.لەو زەمانەدا كەم كەس هاردی بە شاعیر دەزانی. هەموو كەس بە رۆماننووسیان دەزانی. بەلآم شیعرەكانی نە دەچوونە دڵەوەو كەم كەس حەزی لێدەكردن. جگە لەم دووە (ییتز)ش هەبوو. (ییتز) تازەكار بوو. شیعرەكانی زۆر باش

نـەبوون.هێنـدەی وشـەو بابـەتێن سـەلتی تـیّ هـەڵکێش دەکـردن زەوقـم نەیـدەگرتن.هـەروەها هونەرمەنـدی شایسـتەش لـە مەیـدانا نـەبوون، جگـە لـە چـەند هونەرمەنـدێك لـەو كۆمەڵـە هونەرمەندانـەی کـە لـە ئـاخرو ئـۆخری سـەدەی نـۆزدەدا، بـەهۆی خۆكـوژی یـا ئـالوودەبوون بـە خواردنەوەونازانم شتی تر لە بەین چوون، چ کەسێك نەمابوو.

*– ئەو زەمانەی کە دەگەڵ (کونراد ئیکین)دا ئەندامی دەستەی نووسەرانی (هارڤەرد ئیدوکیت) بووی لـ ە مەیدانی شیعردا یارمەتی یەکترتان دەدا؟

– دۆستی یەکدی بووین، لیّ پێم وانییە هەرگیز کاریگەریمان بەسەر یەکەوە بووبیّ. کە مەسـەلەی شـاعیرانی فـەرەنگی دەهاتـە پێشـیّ ئـیکن لایـەنگری شـاعیرانی ئیتالیـا و ئەسـپانیا بـوو، و مـن دڵبەندی شیعری فەرەنسی بووم.

*–دۆستانی تریش هەبـ وون کە شیعرەکانتان بخوێننەوەو لەم وارەدا یارمـەتیتان بدەن؟

– بـەڵیّ ، تـەنیا یـەك کـەس هـەبوو، پیاوێك لـە کـەمبریج دەژیـا، ئەمـە دۆسـتی براکـەم بـوو، نـاوی (تۆماس.هـ.هاردی) بـوو. چـەند شیعرێکی منـی لـە گۆڤاری (هارڤـەرد ئیدوکیت)دا خوێنـدبووەوەو چەند نامەیەکی پڕ لە هاندانی بۆ نووسیمو زۆری هاندام. نامەکانیم فرە وەلاوە گرینگ بوونو رێزم دەگرت، کاشکیّ نامەکانیم هەڵگرتبووایە.

*– (کۆنراد ئیکن)  تۆی بە پاوەند ناساندو نووسینەکانتی نیشان دا وایە؟

– بـەڵیّ وایـە.ئـیکن دۆسـتێکی فـرە جـوامێر بـوو. لـە سـەفەری هاوینەیـدا بـۆ ئینگلیسـتان زۆری هەوڵـدا شـیعرەکانم لـە لەنـدەن بـڵاو بکاتـەوە. دەگـەڵ( هارۆلـد مـۆنرۆ) و خـەڵکانی دیکەشـدا لـەم بارەیـەوە قسـەی کردبـوو. کـەس تەسـەوری نـەدەکرد بتـوانریّ بـڵاو بکرێنـەوە. ئـیکن ناچـار شیعرەکانی بۆ گەڕاندمەوە. پاشان پێموایە لە هاوینی ١٩١٤دا کە هـەردووکمان لە لەندەن بـووین، ئیکن گوتی:

"بچۆ لای پاوەندوشیعرەکانتی نیشان بدە".پێی وابوو پاوەند شیعرەکانمی بەدڵ دەبێت. ئیکن بە خۆیشـی حـەزی لـە شیعرەکانم دەکرد. ئەگەرچی فـەرقێکی زۆریـان لەگـەڵ شیعرەکانی خۆیـدا هەبوو.

*–  یەکەمین دیدارت دەگەڵ پاوەندا لەبیرە؟

– وابزانم هەوەڵجار من چوومە دیدەنی ئەوو هەوەڵ دیدار ومامەڵەمان باش بوو. لـە بیرمـە پاوەند لـە گـەرەکی (کنزیگتـۆن) دەژیـا. ژوورێکـی دانیشـتنی سـیّ گۆشـەی هـەبوو لەوێـدا یـەکمان بینـی. گـوتی: "شـیعرەکانتم بـۆ بنێـرە."کـە شـیعرەکانم بـۆ نـارد لـە نامەیەکـدا بـۆی نووسـیبووم: "شیعرەکانت هیچیان لەو شیعرە باشانەی کە تا نهو خوێندومنتەوە کەمتر نییە. ئەگەر هـەلێکت بـۆ هەڵکـەوت وەرە بـا قسـەیان لەسـەر بکـەین".پاشـان شـیعرەکانی بـۆ (هاریـت مـۆنرۆ) نـاردمو ناچاری کرد چاپیان بکات. هەڵبەتە کەمێك درێژەی کێشا تا ئەو شیعرانە چاپ بوون.

***– له کۆمەڵە شیعرێکتدا کە بە بۆنەی شەستەمین ساڵیادی لە دایك بوونتەوە بلاّوبووەتەوە، ئیکن وتارێکی نووسیوەو ئاماژەی بە نامەیەکی تۆ کردووە کە لەو سەرەتایانەدا بۆ (ئیکن)ت ناردبوو. لەو نامەیەدا شیعرەکانی پاوەندت بە (بێ کەڵك و خراپ) زانیوە. گەرەکمە پرسیاری ئەوە بکەم بۆچی بۆچوونت سەبارەت بە پاوەند گۆڕا؟**

– ئم! ئەم حوکمە هەندێ پەلەی تیا بوو. وانیە؟ هەوەڵجار (و.ج. تینکوم فرناندز) سەرنووسەری (هارڤەرد ئیدوکیت) شیعرەکانی پاوەندی بەمن نیشان دا. تینکوم فرناندز دۆستی دڵسۆزی من و ئیکن و هەموو شاعیرەکانی تری گروپی (ساینت) بوو. دوو کاری پاوەندی بە ناوی (کەسایەتییەکان) و (خۆشییەکان) نیشان دام کە ( ئەلکین ماتیوز) چاپی کردبوون و گوتی: "ئەم شیعرانە بابەتی زەوقی تۆن، دەبێ بە دڵت بن." ئەوی راستی بێ زۆریش بە دڵم نەبوون. بە رای من ئەو شیعرانە کۆن و رۆمانتیکی بوون. شیعری خەیاڵاوی و رازئامێز بوون. بە کورتیەکەی زۆریان کار تێنەکردم. ئەوەبوو کاتێ کە چوومە دیدەنی پاوەند کارەکانیم بەلاوە جوان نەبوو. ئەگەرچی ئێستا ئەو بۆچوونەی جارانم نییە و باوەڕم وایە شیعری پوختەو تەواو بوون. لێ هێشتاش پێموایە کە ئەمانە ناگەنە ئاستی شیعرەکانی قۆناغی دواتری پاوەند.

***– له هەندێ نووسینتدا نووسیوتە کە پاەند هەندێ بەشی چامەی (وێرانە خاك)ی حەزف کردوو بەم شێوەیەی ئیستای لێکرد. پێت وایە بە گشتی بۆچوون و رەخنەکانی ئەو بۆ تۆ سوودمەند بووە؟ جگە لەم چامەیە هیچی لە شیعرەکانی دیکەت حەزف کردووە.**

– بەڵێ ،بەلاّم لە هەمان قۆناغدا. پاوەند رەخنەگرێکی لە زەبر بوو، نەیدەویست و نەیدەهێشت بنیادەم لاسایی ئەو بکاتەوە. ئازادی تەواوی بە بنیادەم دەدا کە کاری خۆی بکات و بە خۆی بگاتە ئەنجام.

***– هیچ کاتێك یارمەتی دۆستەکانت داوە بەوەی دەسکاری شیعریان و پوختەی بکەی؟ بۆ نموونە ئەزرا پاوە ند؟**

– بیرم نایەت هیچ کاتێك کاری وام کردبێ. هەڵبەتە لەم بیست وپێنج ساڵەی رابردوودا گەلێك لە شاعیرانی لاو شیعری خۆیان بۆ ناردووم و منیش بۆچوون وپێشنیازی خۆم پێگوتوون.

***– دەقی تەواوەتی ( وێرانە خاك) ت بەرلەوەی هیچی لێ حەزف کرابێ لەلا ماوە؟**

– ئەمەم لێ مەپرسە. چونکە هیچ شتێك لەم بارەیەوە نازانم. ئەمەم لا بووە بە مەتەڵێك. نوسخەی یەکەمم بە (جۆن کوئین) فرۆشت. جگە لەو شتانەی کە بەوم دان، دەفتەرێکی شیعری بلاّو نەکراوەش بوو. جۆن کوئین لە زۆر رووەوە چاکەی دەگەڵ مندا کردبوو. ئەمە دوا هەواڵە کە دەربارەی چارەنووسی ئەو دەسنووسانەی دەزانم. پاشان (جۆن کوئین)ش کۆچی دوایی کرد و چ

کەسێك هەواڵی ئەو دەسنووسانەم نازانیٚ و کە شتەکانی (جۆن کوئین)ش هەڕاج کران ئەو دەسنووسانەی تیا نە بوو.

*- پاوەند چ شتگەلێکی حەزف کرد؟ کۆپلەی تەواوەتی لیٚ لابرد؟

- بەلٚیٚ بەندو کۆپلەی تەواوی لیٚ لابرد. بۆ نموونە کۆپلەیەکی درێژیی کە دەربارەی نقووم بوونی کەشتییەك بوو، حەزف کرد.ئیستا لە بیرم نییە ئەم کۆپلەیە چ پەیوەندییەکی بە باقی قەسیدەکەوە هەبوو، بەلاٚم وابزانم بە ئیلهامی ئۆدیسەی دۆزەخەکەی (دانتی) یەوە نووسیبووم. پاوەند جگە لەمە بەشێکی دیکەشی کە بە چاولێکەری قەسیدەیەکی ئاشقانەی (ئەلکساندر پۆپ)م نووسیبوو حەزف کرد و گوتی: "فایدەی چییە کارێك بکەی کە کەسانی دی بە باشی کردبێتیان. کاری تازەو جیاواز بکە."

*- پێت وایە ئەم حەزف و دەسکاریانە بیرۆکەی ئەسڵی شیعرەکەیان گۆریوەو زیانیان پیٚ گەیاندووە؟

- نە، هەست دەکەم ئەم حەزفانە شیعرەکەیان سفتتر کردووە. ئەگەر شیعرەکە درێژتر بووایە شتێکی شاش و پەریشان دەردەچوو.

*- دەربارەی هۆنینەوەو رێکخستنی ئەم قەسیدەیە پرسیارێکم هەبوو. لە کتێبی ( هەنیٚ هزرین لەمەڕ لەمبس) ئەم بۆچوونەی رەخنەگرانت رەتکردووەتەوە کە لە وێرانە خاك دا ویستووتە بێدارێ وونەوەی وەچەیەك نیشان بدەیت و تەنانەت نکوڵیت لەوەش کردووە کە لە بنەرەتدا مەبەستی وات هەبوویٚ. لەلایەکی دیکەوە هەندیٚ لە رەخنەگران، پێم وایە (ف.ر. لیڤاین) یەکێکە لەوانە، گوتویانە ئەم قەسیدەیە شتێکی تازەی تیا نییەو هیچ جۆرە هەڤبەندییەکی زەمەنی تیا نییە. لەم دواییانەشدا، دوای بلاٚو بوونەوەی دوا شیعرتان، هەندیٚ لە رەخنەگران نووسیویانە کە (وێرانە خاك) قەسیدەیەکی مەسیحی و مەزەبییە، بەراستی مەبەستی وەهات هەبووە؟

- نەخێر، هەرگیز مەبەستی وەهام نەبووە. یا ئەگەر هەشبوو بیٚ ئاگایانە نەبووە. پێم وایە لە کتێبی ( چەند هزرینێك لەمەڕ لەمبس) زیاتر لە روانگەیەکی سەلبییەوە تەماشای مەسەلەکانم کردووە تا لە روانگەیەکی ئیجابییەوە. واتا زیاتر ویستوومە بلێم چ شتگەلێك ئامانج ومەبەستی من نەبووە.ئەمە جگە لەوەی من لە بناوانەوە لە مانای (ئامانج و مەبەست) تێناگەم! شتێك لە هزری ئادەمیزادا هەیەو گەرەکیەتی بیلٚیٚ، لە شەڕی رزگار بیٚ، تا ئەو کاتەی ئەو شتە نەلێت خۆیشی بە تەواوەتی نازانێت ئەو شتە چییە..لەبەر ئەمەیە کەمن هەرگیز ناتوانم وشەی ئامانج نەك هەر دەربارەی شیعری خۆم بەڵکو دەربارەی شیعری هەرکەسێکی دیکەش بە نۆرینێکی ئیجابیانە بەکار ببەم.

*- پرسیارێکی ترم دەربارەی تۆو پاوەند هەیە، سەبارەت بەو زەمانەی کە تازە بووبووی بە شاعیر، لە شوێنێکدا خوێندوومەتەوە کە لەو سەرەتایانەدا تۆو پاوەند

لێبڕاون چوارین بڵێن، چونکه هەستتان دەکرد شیعری ئازاد گەییوەته دوا قۆناغی خۆی.

– پێم وایه ئەمه رای پاوەند بوو نەك من. ئەو پێشنیازی کرد چوارینه بڵێین. دیوانی (بەردان و مینایان)ی دامیٚ که بیخوێنمەوەو باشی لیٚ رامێنم.

***– دەمویست راتان لەمەڕ هەڤبەندی فۆرمو ناوەرۆك بزانم. لەو قۆناغەدا سەرەتا فۆرمت هەڵدەبژاردو پاشان بیرت له نێوەرۆك دەکردەوە؟**

– بەڵیٚ تا رادەیەك. هەوەڵجار هەمان دیوانی نێوبراومان خوێندەوە. که باش شیعرەکانی (گوتیه)مان خوێندەوە له خۆمان پرسی: "ئایا دەتوانین لەم قاڵبەدا شیعر بڵێین؟"پاشان چەند شیعرێکمان لەم کەش و هاماجەدا تاقیکردوە. لێرەدا فۆرم، نێوەرۆکی دیاری دەکردو دەجولاٚند.

***– بۆچی له شیعرەکانی سەرەتاتا قاڵب و فۆرمی شیعری ئازادت هەڵبژارد؟**

– بۆیه شیعری ئازادم هەڵبژارد چونکه گەرەکم بوو به شێوازو ستایلی (لاڤۆرگ) شیعر بڵێم. واته درێژی بەیته شیعرەکانم جیاواز بوون و قافیەم به شێوەیەکی نائاسایی بەکار دەبرد. ئەم جۆره شیعره زۆریش ئازاد نەبوو وفره له پەخشان جیاواز بوو. به تایبەتی دەگەڵ ئەو کارانەدا که (ئەزرا) ناوی نابوون (ئیمیگیزم) به تەواوەتی جیاواز بوو. هەڵبەته له قۆناغەکانی دواتردا شیعری ئازادترم گوت، شیعری میناکی (داستانێك له شەوێکی زریانی)دا به تەواوەتی نازانم لەم جۆره شیعرەدا له ژێر گاریگەریی کەسێکدا بووم یان نا. پێموایه به شێوەیەکی ئاسایی دەقیان گرتبوو وخۆ به خۆ به زەینمدا هاتوون.

***– دەشێت بگوتریٚ بۆیه رووت کرده ئەم جۆره شیعره چونکه دەتویست کارێکی تازەت کردبیٚ وفۆرمه تەقلیدییەکان دووباره نەکەیتەوە؟ بۆ نموونه شیعری دەرباری؟**

– نه.نه،نه پێم وانییه ویستبم جۆره شیعرێکی تایبەتی رەفز بکەم. تەنیا هەوڵم داوه رێگەی دروستی خۆم بدۆزمەوە. من شاعیرێکی دەرباری، بۆ نموونه (رۆبرت بریدجز) تەنیا لەبەر ئەوەی که شیعری دەرباری گوتووه رەفز ناکەم. پێم وانییه تەنیا به وەلانانی قاڵبی باوی شیعریی، بتوانریٚ شیعری باش بگوتریٚ. ئەمه کارێکی بێهودەیه. تەنیا شتێکت له جێی شتێکی دیکه داناوەو هیچی تر. یان مەسەلەکه ئەمەیه که بەخۆت دەڵێی: "باشه من که بەو رێچکەیه، بەم شێوەیه ناتوانم شیعر بڵێم، کەواته دەبیٚ چ قاڵبێك بدۆزمەوە تا بتوانم به ئاسانی و رەحەتی قسەی خۆم بکەم؟" بنیادەم زۆریش له خەمی قاڵب و فۆرمانی باوی شیعری نییه

***– پێم وایه ئەو شیعرانەی که بەزوبانی فەرەنسیت گوتوون دوای (پرۆفراك) و پێش (پیری) بوون، ئەو شیعرانەی که له (کۆمەڵه شیعرەکەت)شدا هاتوون. دەمویست بپرسم چی وای ک رد که به فەرەنسی شیعرت گوت؟جگه لەم شیعرانه، شیعری دیکەشت به زمانی فەرەنسی گوتووە؟**

– نه، نه گوتوومه و نه چیتر دەیڵێم. شیعر گوتنی من به زمانی فەرەنسی کارێکی سەیر بوو که ناتوانم روونی بکەمەوه بۆ. لەو سەروبەندەدا زۆر نائومێد بووم. بۆیه به فەرەنسی دەستم به شیعرگوتن کرد. سەیرم کرد وەك بڵێی دەرەقەتی دێم. لەو زەمانەدا ئەم کارەم زۆر بەهەند نەدەگرت زیاتر لایەنی فەنبازی هەبوو. بۆیه زۆر نیگەران نەبووم که ئایا دەتوانم بەم زمانه شیعر بڵێم یان نا. ئەم شیعرانەم تەنیا بۆ مەشق و فەنبازیی و خۆنواندن دەگوت. دەمویست خۆم بازمووم . ئەم رووداوه چەند مانگێکی خایاند. باشترین شیعری ئەم قۆناغەم بلاّوکردەوه. لێرەدا دەبێ ئەوه بڵێم که (ئەزرا پاوەند) هەر هەموو ئەم شیعرانەی خوێندەوەو به وردی پێیاندا چووەوەو (ئیدمۆند دولاك)ش که کەسێکی فەرەنسی بوو وله لەندەن ئاشنایەتیمان لەگەڵی پەیدا کردبوو، له رووی زمانەوه کەمێك یارمەتی دام. به هەرەوەزی شیعرەکانمان راستکردەوه. پێموایه شیعری بێ هەڵه دەرچوون. پاشان لەپڕ به ئینگلیزی دەستم به شیعر گوتن کرد و ئیدی هیچ مەیلێکم نەچووەوه سەر زمانی فەرەنسی. پێم وایه زوبانی فەرەنسی یارمەتی دام تا دووباره بکەومەوه سەر سکەی شیعر.

*– قەت به بیرتا هاتووه که ببی به شاعیرێکی فەرەنسی و شیعرێن رەمزی بڵێی؟ وەکو ئەو دوو ئەمریکاییەی سەدەی رابردوو؟

– (ستیوارات مەریل)و (ویل گریفین) دەڵێی.تەنیا لەو تاقه ساڵەدا که دوای تەواوکردنی (هارڤەرد) له پاریس بووم، کەوتمه ئەو بیره. لەو زەمانەدا وام هاته خەیاڵ که چاك وایه دەسبەرداری زمانی ئینگلیزی ببم، بۆ هەمیشه له پاریس ئاکنجی ببم و هێدی هێدی به فەرەنسی شیعر بڵێم. خۆ ئەگەر زمانه فەرەنسییەکەشم زۆر باش بوایه ئەمه هەر بیرێکی گەوجانه بوو. بەرای من شاعیر ناتوانێ به دوو زمان شیعر بڵێ. هیچ شاعیرێك ناناسم که توانیبێتی شیعری درەخشان و تەنانەت باشیش، به دوو زمان بڵێ. به بۆچوونی من شاعیر دەبێ تەنیا یەك زمان بۆ شیعری خۆی هەڵبژێرێ و دەسبەرداری زمانەکانی دیکه ببێ. به باوەری من زمانی ئینگلیزی له زۆر لایەنەوه له فەرەنسی دەوڵەمەندتره.به گوتەیەکی دی تەنانەت ئەگەر زمانه فەرەنسییەکەم له ئاستی زمانی فەرەنسایی ئەو دوو شاعیره ئەمریکاییەشدا بووایه، هەر به ئینگلیزی باشترم شیعر دەگوت تا به فەرەنسی.

*– دەتوانم بپرسم که ئایا حاڵی حازر به تەمای شیعری تازه بڵێی یان نا؟

– نا، حاڵی حازر هیچ نیازێکی کاری تازەم نییه. له بەرنامەمدا نییه دەست به کارێکی تازه بکەم. بەڵام حەز دەکەم که شانۆنامەی (سیاسەتوانی پیر)م تەواو کردووه (بەر لەوەی لەندەن بەجێ بێڵم دوا رەشنووسیم هەڵەچن کرد) چەند وتارێك له واری رەخنەی ئەدەبیدا بنووسم. من تەنیا دەتوانم بیر له هەنگاوێك بەرەو پێشتر بکەمەوەو بەس. له ئایندەدا شانۆنامەیەکی دی دەنووسم یان شیعرێکی تازه؟ به خۆیشم نازانم. دەبێ ئارەزووی کار له بنیادەما سەر هەڵبدات، ئەوسا دەتوانرێ بگوترێ دەخوازم فلاّن کار بکەم.

*- شیعری تەواو نەکراوت هەن کە هەندێجار بڎ وازی بچیتەوە سەریان و تەواویان بکەی؟

- شتێکی زۆرم نییە.نە، نیمە. بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە ئەگەر شیعرێك بە نیوەچڵی مایەوە دەبێ وازی لێ بێنی. بە رای من ئەگەر بابەتی شیعرێکی تەواو نەکراو بابەتێکی باش بوو، بابەتێك بوو کە بتوانرێ لە شیعرێکی دیکەدا بەکاربهێنرێ، باشتر وایە شاعیر بە زەینی خۆیی بسپێرێت تا بیخاتە سەر کاغەزو لە چەکمەجەی مێزەکەی دابنێ. ئەگەر شیعرەکەی لە چەکمەجەی مێزدا دابنێ هەتا هەتایە هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر بە زەینی بسپێرێ گۆڕانی بەسەردا دێت و دەبێ بە شتێکی دیکە. وەکو پێشتریش گوتوومە، شیعری (بیرنت نۆرتن) لە هەوەڵەوە تەنیا چەند بەیتێك بوو کە لە شانۆنامەی (قەتلێك لە کڵێسا) حەزف کرابوو. لەم شانۆنامەیەوە فێر بووم کە ئەگەر شیعر کاریگەریی بەسەر رەوتی شانۆنامەکەوە نەبێ، چەندیش باش بێ، بەکەڵك نایەت. زۆرم سوود لەو قسەیەی (مارتیت براون)، دەرهێنەری شانۆنامەکە وەرگرت کە گوتی: "ئەم شیعرە بەتەنیا باشە، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بە شانۆنامەکەوە نییە."

*- هەموو شیعرە کورتەکانت بەشێکن لە شیعرێکی درێژ؟ بۆ نموونە دووان لە شیعرە کورتەکانت زۆر دەشوبهێنە سەر ( پیاوانی پوچەڵ)

- ئەو دوو شیعرەی تۆ باسیان دەکەی تەنیا هێڵکاری سەرەتایی بوون، هەر لەبەر ئەمەشە کە نەم خستنە کۆمەڵە شیعرەکانمەوە. ئەوانە بە جیا لە گۆڤارێکدا بڵاو بوونەوە. نەمدەویست لە کۆشیعرەکانمدا دوو شیعری چوون یەك دابنەم.

*- تۆ هەندێ جار شیعرێکی درێژ لە چەند بەشێکی جیاوازدا دەڵێی. ئایا ئەمانە لە سەرەتادا شیعری سەر بەخۆ بوونەو دوایی شێوەی بەیتیان وەرگرتووە؟ بە تایبەتی مەبەستم (چوارشەممەی خۆڵە کەوەییە).

- (چوارشەممەی خۆڵە کەوە)ش وەکو (پیاوانی پوچەڵ) بە جیاجیا قاڵبی خۆیان وەرگرتووە. ئەگەر بە هەڵە نەچووبم هەندێ بەشی (چوارشەممەی خۆڵە کەوە) سەرەتا لە گۆڤاری (کامرت) بڵاو بووەوە. پاشان دامنە دەم یەکەوەو شێوەو قاڵبی شیعرێکی درێژم دایە. زەینی من هەمیشە بەمجۆرە کار دەکات: هەوەڵجار کۆمەڵە بەشێکی جیا دەئافەرێنێ و پاشان ئەم بەشانە دەداتە دەم یەکەوە، تێکەڵیان دەکات و یەکەیەکی یەکپارچەیان لێ دروست دەکات.

*- ئیستا شیعری وەك ( کتێبی پوسوم پیر دەربارەی گوربەێن چالاك) و (کینگ پولو) نانووسیت؟

- ئەم جۆرە شیعرانە تەنیا هەندێجار بە مێشکی مرۆڤدا دێ!هێشتاش چەند شیعرێکی لەو بابەتە لە نێو نووسینەکانمدا هەن ویەك دوو شیعری نیوە چڵم دەربارەی پشیلان هەن کە رەنگە تەواویان نەکەم. یەکێك لەم شیعرانە دەربارەی پشیلەیەکی جادووگەرە. شیعرێکی زۆر خەمناکە. حەزم لە شتی وانیە. حەزناکەم مناڵەکانم لەبەر خاتری پشیلەیەك کە بەردەوام هەڵە دەکات، بگرین. ئەم پشیلەیە بوونەوەرێکی گومان لێکراوەو خویا نییە لە کوێ سکی خۆی تێر دەکات.

ئەم پشیلەیە زۆر جیاوازە لە پشیلەکانی ترم. لە شیعرەکانمدا ا ئیستا نەچوومەتە سەروەختی کسۆکان، سەگان بە پێچەوانەی پشیلانەوە، زۆر بە باشی لە شیعردا جێیان نابێتەوە. لەوەیە لە ئایندەدا ئەو شیعرانەی دەربارەی پشیلان گوتوومن، لە کۆشیعرێکدا کۆبکەمەوە. ئەمەیان زۆر لەگینترە لەوەی کە شیعرێکی تازە دەربارەی پشیلە بڵێم. لەو شیعرانەدا کە دەربارەی پشیلان گوتومن، یەکێکیان زۆر سەرکەوتوو بووە: ئەو شیعرەی کە لە بنەرەتدا بۆ پرۆپاگەندەی دەزگای (فیبەر ئاند فیبەر) گوتوومە، بەڵێ بنیادەم حەزدەکات لە هەموو مەیدانێکدا خۆی بجەرِبێنێ و تەبع و بەهرەی خۆی لە هەر جۆرە شیعرێکدا تاقی بکاتەوە، جا ئیدی کارێکی جدی بێ یان ناجدی، دڵگیر بێ یان ناحەز. ئینسان حەزناکات لە هیچ بوارێکدا دەسبەرداری بەهرەو لێهاتوویی خۆی ببێ .

***– ئ ەمڕۆکە بایەخێکی زۆر بە ڕێبازی کاری هونەرمەند دەدرێ، دەکرێ باسێکی ڕێبازی کاری خۆت بکەی؟ بیستوومە بە تایپ شیعر دەنووسیت؟**

– تا ڕادەیەك بەوجۆرەیە کە تۆ دەیڵێی. بەڵام بە بەردەوامی وانییە. بۆ نمونە بەشێکی زۆری دوا شانۆنامەم (سیاسەتوانی پیر) بە قەڵەم نووسیوە. دەسنووسێکی جەنجاڵ و پڕ لە ڕەشکردنەوە بوو. لەبەر ئەمە بەر لەوەی ژنەکەم کاری لەسەر بکات، بەخۆم جارێکم تایپ کرد. کاتێ کە شتێك تایپ دەکەم زۆر لە خەمی ئەوەدام کە بێ هەڵەبێ و بەخۆم هەڵەچنی دەکەم. لەبەر ئەمەیە عادەتەن نوسخەیەکی باش دەردەچێت. بە هەرحاڵ کارەکەم تایپ بکەم یا بە دەست بینووسم، کورت بێ یان درێژ، شیعر بێ یا شانۆنامەیەکی درێژ، وەختی ئاسایی کارکردنم فەرق ناکات: لە سەعات دەی بەیانییەوە تا سەعات یەکی دوا نیوەڕۆیە، بە تاقیکردنەوە بۆم دەرکەوتووە کە لە ڕۆژێکدا دەتوانم تەنیا سێ سەعاتان کاری جدی و داهێنان بکەم. دوا نیوەروان بە زۆری بە کارەکانی بەیانیانمدا دەچمەوەو هەڵەچنیان دەکەم. لە سەرەتادا هەندێ جار لێدەبرام لە سێ سەعاتان پتر کار بکەم، لێ کاتێ بۆ سبەینێ تەمەشای کارەکەمم دەکرد دەمبینی کاری سەعاتە زیادیەکانم باش نەبوون. بۆیە بەرای خۆم باشتر وایە تەنیا سێ سەعات کاربکەم و پاشان دەست هەڵبگرم و کارێکی تەواو جیاواز بکەم.

***– ڕێك کەوتووە کە شیعرە ناشانۆییەکانت بە پێی بەرنامەیەکی پێشوەختە دارێژراو بڵێی؟**

– هەندێ جار ڕێك کەوتووە. هەڵبەتە تەنیا ئەو شیعرانەی کە بە بۆنەیەکەوە گوتوومن، دەنا (کوارتت)کانم بەرەبەرە گوتووە. (کوارتت)ی یەکەمم لە ساڵی ١٩٣٥دا وسیانی دیکەیانم لە ماوەی جەنگدا نووسیوە. کەش و هەوای جەنگ بۆ نووسینی (کوارتتەکان) لەباربوو. لە ساڵی ١٩٣٩دا ئەگەر جەنگ دەستی پێنەکردبا، لەگین بوو شانۆنامەیەکی دیکەم بنووسیبوایە. بەڵام زۆر باش بوو کە ئەو دەرفەتە نەرەخسا. بەرای من جەنگ بەلای کەمەوە ئەو قازانجەی هەبوو کە نەیهێشت زۆر زوو بەر لە وەختی خۆی شانۆنامەیەکی دیکە بنووسم. لەسەردەمی جەنگدا جارێکی دیکە چاوێکم بە شانۆنامەی (یەکگرتنەوەی خانەوادەیی)دا خشاندەوەو هە ندێ

غەفڵەت و هەڵەم تێدا بینی. بەهەرحاڵ باش بوو کە جەنگ پێنج ساڵێك لە کاری کردم و نەیهێشت کە دووبارە بکەومە تەڵەوە. لە تۆ وایە (کوارتتەکان) بۆ هاماج و کەش و هەوای جەنگ دروست بووبوو وزۆر چاك توانیم لەو هەلومەرجەدا دەرەقەتی نووسینیان بێم. باشیەکەی ئەمە بوو کە دەبوایە پاژ بە پاژ بیان نووسم و پێویستیان بە هەڤبەندی زەمانی نەبوو. ئەگەر جەنگ و دەرهاویشتەکانی جەنگ یەك دوو رۆژێك وەقفەیان دەخستە بەردەوام بوونی یەکێك لە کوارتتەکان گرینگ نەبوو. وەکو چۆن ئەمە هەندێ جار رووی دەدا.

***- تا ئێرە بەردەوام ناوی شانۆنامەکانمان بردوویت بێ ئەوەی قسەیان دەربارە بکەین. لە کتێبی (شیعرو شانۆنامە) دا واتە تەنیا دەربارەی شانۆنامەکانی سەرەتاتان قسەت کردووە. دەکرێ کەمێك دەربارەی (سیاسەتوانی پیر) قسان بکەیت و پێمان بڵێی ویستووتە چ شتێك بە خوێنەر بڵێی؟**

- پێموایە لە کتێبی ( شیعرو شانۆنامە)دا باسی ئامانجی ستراتیجیم کردووەو گوتوومە کە هیچ کاتێ چاوەروانی ئەوە نیم بە تەواوەتی بەو ئامانجانە بگەم. بەرای خۆم شانۆنامە رەسەنەکانم بە (یەککگرتنەوەی خانەوادەیی) دەست پێدەکات. چونکە (قەتلێك لە کلێسادا) ش پەیوەستە بە قۆناغێکی تایبەتییەوەو تا رادەیەك ناباوو نا ئاساییە. زمانێکی تایبەتی هەیە، چونکە زەمانی شانۆنامەکەش پەیوەستە بە قۆناغێکی تایبەتییەوە، زەمانێکی جیاواز لە زەمانی ئیستا. لەم بەرهەمەدا هیچ مەسەلەو پرسێکی من نەخراوەتە روو، وەلأمی ئەو پرسیارو مەسەلانەم داوەتەوە کە هەمیشە لە زەینمدا بوون. دوایی هەستم کرد کە عەیبی گەورەی شانۆنامەی ( یەککگرتنەوەی خانەوادەیی) ئەمەیە کە لە رادە بەدەر بایەخم بە شیعر داوەو کەمتر لە خەمی بونیادو پێکهاتەی شانۆنامەدا بووم. وێرای ئەمەش بە رای خۆم (یەککگرتنەوەی خانەوادەیی) باشترین شانۆنامەی منە. ئەگەرچی بونیادێکی زۆر باشی نییە.

لە (ئاهەنگی کۆکتێل) و هەوەها لە (منشی محرم)شدا کەمتر بایەخم بە بونیادی شانۆنامە داوە. بەرای خۆم ( ئاهەنگی کۆکتێل) بە شێوەیەکی گشتی لە باری بونیادەوە بەرهەمێکی سەرکەتوو نەبوو. هەڵبەتە هەندێ جاران شتی لەو بابەتە روو دەدات و پاژێن کارەکەت لەگەڵ یەکدیدا هاو ئاهەنگ نین. نابێ ئەم حەقیقەتەش بە درۆ بزانرێ کە هەندێ جار دەست دەدەیە ئەزموونێکەوە هەرچەند فۆرم و بونیادێکی گونجا وو هاوئاهەنگی نییە، لێ بە رێکەوت سەرکەوتووترین کارت دەردەچێ .هەمووان رەخنەیان لە (ئاهەنگی کۆکتێل) دەگرت کە زیاتر لە بەشی کۆتایی شانۆنامەکە دەچێت تا بەشێکی سەربەخۆ.بۆیە لە (منشی محرم)دا رووداوەکان بە جۆرێ بگەنە پەردەی سێیەم کە شانۆنامەکە زندوو و سەرنجراکێش بێ. ئەنجام واشکایەوە کە شتەکان بە جۆرێ لێکدی دا جۆشیان خوارد هەموو کەسێك وایدەزانی بە ئانقەست ویستوومە شانۆنامەیەکی کۆمیدی بنووسم.

لەو قۆناغەدا کە ئەم شانۆنامانەم دەنووسی دەموست تەکنیکی شانۆنامە بەرادەیەکی هێندە باش و تەواو فێربم کە ئیتر نیگەرانیان نەبم و لە بیریان بکەم.هەمیشە هەستم بەوە کردووە، لە هەر

بوارێکدا کار بکەی دروست نیە تا بە تەواوەتی شارەزای نەبیت پێوەرو یاساکانی ئەو بوارە ژێر پیێ بنەی. لە شانۆنامەی (منشی محرم)دا سوودم لە شیعر وەرگرتووە، بەلاّم لە شانۆنامەی (سیاسەتوانی پیر)دا هەوڵم داوە زیاتر سوود لە شیعر وەربگرم، تا لەم رووەوە بەرهەمێکی سەرکەوتووتر دەربچیێ. پێت وانەبیێ دەخوازم بڵێم بە مەبەستی خۆم گەییم، چونکە پێم وانیە هەرگیز بگەمە ئەو مەبەستە. تەنیا دەخوازم هەست بکەم کەمێك لە مەبەست نزیك بوومەتەوە.

*– لە (سیاسەتوانی پیر) دا هیچ شانۆنامەیەکی یۆنانی کۆنت لە بەر چاوو لە خەیاڵ نەبووە؟

– ( ئۆدیپ لە کولون)ی سۆفۆکل زەمینەیەکی ئەم شانۆنامەیە بوو. وێرای ئەمەش هەرگیز حەزناکەم بە شێوەیەکی راستەوخۆ لاسایی تراجیدیای یۆنانی بکەمەوەو بیانکەم بە سەرمەشق. ئەگەرچی هەمیشە چاوێکم لەوان بووە بەلاّم هەمیشە ویستوومە شتێك بخوڵقێنم لەودیوی ئەوان بیێ. جا لاوازی ( یەککگرتنەوەی خانەوادەیی) لەمەدایە: لە رادەبەدەر لە ژێر کاریگەریی تراجیدی (ئایومنیدس)دا بووم. لەم بەرهەمەدا دەمویست زۆر پابەندو وەفاداری دەقە ئەسڵییەکە بم ولە ئەنجامدا دووچاری پەرتبوون بوومو بابەتێن پاشو پێشی مەسیحیەتم تێکەڵ کرد، بە تایبەتی بابەتێن مینا ئاگایی، گوناهو تاوانم تێکەڵ کرد. بۆیە لە سیێ شانۆنامەی پاشتردا هەوڵم دا ئەم هەڵەیە دووبارە نەکەمەوە، و تەنیا وەکو سەکۆیەکی گوڕبەستنەوە سوود لە ئەفسانەی یۆنانی وەربگرم. جگە لە هەموو ئەمانە بەرای من شتی هەرە بناغەیی لە تراجیدیدا مەوقیعیەتە.پێم وایە شانۆنامە نووس دەکارێت سوود لەم تایبەتمەندیە وەربگرێت، دەگەڵ دنیای تازەدا بیگونجێنێت، کاراکتەرە دڵخوازەکانی خۆی لەسەر ئەو بناخەیە بینا بکاتو بخوڵقێنیێو پلۆتێکی تازە دابهێنیێ. خویایە(روونە) بەرەنجامی ئەم هەوڵە پەیوەندییەکی ئەتۆی بە شانۆنامە ئەسڵییەکەوە نامێنیێ. بۆ نموونە لە (کۆکتێل پارتی)دا تەنیا بەم مەبەستەو بایی ئەم مەبەستە ئاوڕم لە ئەفسانانی یۆنانی داوەتەوەو مامەڵەم دەگەڵ ژیانی (ئادامتۆس)و (ئالستیس)دا کردووە چونکە حەزم دەکرد کە بزانم ژیانی ئەو دووە پاش ئەوەی کە (ئادامتۆس) دەخوازیێ ژیانی خۆی لە پێناوی ئەوی تردا فیدا بکاتو لە مەرگ رزگاری بکات چۆنە.هەڵبەتە ئەم جیاوازیەش هەبوو کە لە (کۆکتیل پارتی)دا نەدەتوانراو نەدەکرا رووداوەکان کوتو مت وەکو (ئایومنیدس) بیێ. کاتیێ دەستم بە نووسینی (ئاهەنگی کۆکتێل) کرد تەنیا ئەم دوو کاراکتەرە سەرەکیەی شانۆنامەکەم لە هزردا بوونو هەموو کاراکتەرەکانی دی لە سایەی ئەم دووەدا بەرجەستە بوونو قاڵبی خۆیان وەرگرت. بۆ نموونە (سلیا)کە کاراکتەرێکی گرینگی شانۆنامەکەیە، هیچ پەیوەندییەکی بە یۆنانی کۆنەوە نەبوو، وبەگوێرەی رۆژگاری تازە شێوەو قاڵبی خۆی وەرگرتبوو.

*– هێشتاش باوەرت بە پێنج پرەنسیپەکەی : پلۆت، کاراکتەر، تۆن، کێشو مانا لە شانۆنامەی شیعریدا هەیە؟ مەبەستم ئەو بۆچوونو گۆشەنیگایانەیە کە لە ساڵی ۱۹۳۲ دا خستتە روو؟

– نە، ئیستا پابەندییەکی ئەوتۆم بەو بۆچوون‌و تیوریانەوە نیە، بە تایبەتی ئەوانەی پێش ساڵی ١٩٣٤. لەوساوە کە زۆربەی کاتی خۆم بۆ نووسینی شانۆنامە تەرخان دەکەم، کەمتر بیر لە تیۆری دەکەمەوە.

***– جیاوازییەکانی نێوان شانۆنامە نووسی‌و شیعر گوتن چین؟**

– میتۆدی کارکردن تەواو جیاوازە. بەڵێ یەك دنیا جیاوازی لە نێوان شانۆنامەو شیعردا هەیە: ئینسان شانۆنامە بۆ تەماشاڤانان دەنووسێت‌و دەبێ لەبەر چاوی ئەواندا‌و بۆ ئەوان ئەنجام بدرێ و یاری بکرێ. شیعر بۆ دڵی خۆ دەڵێیت. کە دەڵێم بۆ خۆیی یان دڵی خۆیی دەلێت، بەم مانایە نییە کە خوێنەر بە هیچ جۆرێ لە حیساباتدا نییە، چونکە ئەگەر لە شیعرەکەت حاڵی نەبن ناتوانی لە کارەکەت رازی بی.کاتێ شاعیر شیعر دەڵێت دکارێت بە خۆی بڵێ : "بۆ دڵی خۆم سۆزو گودازو هەستم لە قاڵبی وشەدا دارشتووەو دەر بریوە. ئەگەر شیعرەکەم هیچی تیا نەبێ بەلای کەمەوە دەربڕو رەنگدانەوەی هەستەکانمە. هەروەها گاڤێ شاعیر شیعر دەڵێت دڵی گەرەکییە دەنگی خۆی بژنەوێ، زمانی دڵی خۆی بژنەوێ کە ئەمە یەجگار گرینگە. لێ شانۆنامە وانییە. نووسەر هەر لە سەرەتاوە، لە یەکەم هەنگاوەوە دەبێ ئەوەی لە هزرا بێ کە شتێك دەخولقێنێ کە دەکەوێتە دەستی خەڵکانی دی، خەڵکانێك کە لە کاتی نووسیندا بۆ نووسەر ناسراونین. بەلاّم وا تێنەگەی کە دەڵێم هەرگیز ناتوانرێ شانۆنامەو شیعر موتوربە بکرێ‌و رەوت‌و رێگەیان بە تەواوەتی لێکدی جیاوازە. بەرای من دەبێ تەواو لێکدی نزیك بکرێنەوەو لێك بدرێن. ئەم دیاردەی لێکدانە لە زۆربەی کارەکانی  شەکسپیردا دەبینین. شەکسپیر شاعیرێکە هەم شیعر دەڵێ‌و هەم بیر لە شانۆنامە،کاراکتەران، و تەماشاڤانان‌و هەموو ئەمانەش دەکاتەوە. شەکسپیر لە یەك کاتدا هەموو شتێکی لەبەرچاوە. بەلای ئەوەوەو بۆ ئەو شیعرو شانۆنامە یەکە. ئەگەر شاعیری ئەمرۆ بتوانێ شتێکی وەها بکات زۆر باشە. من تەنیا هەندێ جار گەییومەتە ئەم دەسکەوتە.

***– تا ئیستا هیچ جارێ ویستووتە خۆت لە کاری ئەکتەرانی شانۆنامە هەڵقورتێنی‌و پێیان بلێی چۆن شیعرەکان بخوێننەوە؟ یا چۆن زیاتر تۆن‌و ئاوازی شیعری لە خۆبگرن؟**

– بە شێوەیەی گشتی ئەم کارە دەخەمە ئەستۆی دەرهێنەر. گرینگترین خاڵ ئەمەیە کە پیاو دەرهێنەرێك بدۆزێتەوە لە شیعر تێبگات.ئەگەر دەرهێنەرێکی وا لەبار بدۆزییەوە بەخۆی دکارێت ئەکتەرەکان رێنوێنی بکات کە لە کوێدا زیاتر لەسەر وشەکان بوەستن، لە کوێ تۆنی نەشیعری بەکاربێنن‌و لە پەخشان نزیك ببنەوەو لە کوێ لێی دوور بکەونەوە. بەلاّم ئەگەر ئەکتەرەکان راستەوخۆ پرسیار لە خۆم بکەن، وەلاّمیان دەدەمەوە. جگە لەمە پێم وایە کە دەبێ رێنوێنی لە دەرهێنەرەوە وەربگرن نەك لە من. بەهەرحاڵ گرینگ ئەمەیە بەر لە هەرشتێك لەگەڵ دەرهێنەردا رێك بکەوی. ئەوسا دەرهێنەر دکارێت هەموو شتێك لە ئەستۆ بگرێت.

***– بەخۆیشت پێت وایە کە لە هەموو نووسینەکانتدا تەنانەت لە شیعرەکانیشتدا، یەك رەوت و رێچکە هەن، واتە لە هەوەڵەوە دەستەیەکی بچووك دەدوێنی و پاشان دەگەیتە کۆمەڵێکی فرە؟**

– پێموایە، ئەم کارە دوو هۆی هەیە: یەکەم ئەمەیە کە شانۆنامەنووسی (بە تایبەتی "قەتڵێك لە کڵێسا" و "یەککگرتنەوەی خانەوادەیی"کاریگەرییان بەسەر شیعرمەوە هەبووە. بۆ نموونە بووەتە مایەی ئەوەی کە زوانی شیعریم لە (چوار کوارتت)دا جیاواز بێ. لەم بەرهەمەدا هەوڵم داوە وشەیێن سادە بەکار بێنم و بەرهەمەکە بە جۆرێ دارێژم وەك ئەوەی بمەوێ زۆر سادە خوێنەر بدوێنم. بۆیە ئەم بەرهەمە زۆر لە (وێرانە خاك) و (چوارشەممەی خۆڵەکەوە) سادەترە و خوێنەر ئاسانتر لێی حاڵی دەبێ. هەندێ جار لەگینە بابەتی شیعرێك دژوار و ئالۆز بێ، لێ شاعیر بتوانێ بە جۆرێکی سادەو روون بیخاتە روو و دەری بڕێ. هۆی دووەم بەرای خۆم پوختەیی و ئەزموونی شیعریم بووە. لە شیعرەکانی سەرەتام دا بابەتی شیعر قورسییەکی تایبەتی هەبوو و نەمدەتوانی بە باشی بەرجەستەی بکەم و نەمدەزانی چۆن دەری بڕم. بە گوتەیەکی دی ئەگەرچی وشە و کێشی شیعرەکەم لە لا هەبوون بەڵام چونکە بەسەر بابەتەکەدا زاڵ نەبووم، نەمدەتوانی وەکو پێویست سوود لە وشەو کێش وەربگرم و شیعرم زۆر مەفهووم نەبوون.

بەرای من ئەم جۆرە دژواریی و ئالۆزییە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە شاعیر بەسەر زماندا زاڵ نیە و لە قۆناغی تاقیکردنەوەی زماندایە. لەبەر ئەوە مەبەستەکەی بە شێوەیەکی ئالۆز دەر دەبڕێ. ئەگەر شاعیرێك رووبەرووی ئەم گرفتە بووەوە تاقە چارەی ئەمەیە کە واز لە گوتنی ئەو جۆرە شیعرە بێنێ. ئەو رۆژگارەی کە (چوارکوارتت)م دەگوت، نەمدەتوانی وەکو (وێرانە خاك) شیعر بڵێم. لە (وێرانە خاك)دا بەلامەوە گرینگ نەبوو، تەنانەت ئەگەر بە خۆیشم هیچی لێ تێبگەم یان نا..بەڵام ئەوەش هەیە کە بە تێپەڕبوونی رۆژان، ئەم جۆرە بەرهەمانە لە لای خوێنەر دەبنە شتێکی ئاسایی و ئیدی خوێندنەوەی بەرهەمێن میناکی (وێرانە خاك) یا (ئۆلیس)ی (جۆیس)یان زۆر پێ سەیر نابێت.

***– خۆتیش هەست دەکەیت کە (چوار کوارتت) باشترین بەرهەمتە؟**

– بەڵێ، حەزم لێیە ئەوە بڵێم کە ئەم بەرهەمە بەرەبەرە گەشەی کردووە: کوارتتی دووەم لە یەکەم و، سێیەم لە دووەم و ،چوارەم لە هەموویان باشترە. رەنگە ئەمە جۆرە خۆهە ڵنانێك بێ ، بەڵام ئەم ریزبەندییە هەیە.

***– رەنگە ئەم پرسیارە هەندێ گشتی بێتە بەرچاو، بەڵام دەمویست بپرسم هیچ ئامۆژگارییەکت بۆ شاعیرانی لاو نییە کە چی بکەن تا بەرهەمەکانیان گەشە بکات؟**

– بەرای من ئامۆژگاری گشتی کارێکی پڕ مەترسییە. بەرای من باشترین کار ئەمەیە کە کاری شاعیرانی لاو بە شێوەیەکی تایبەتی بخرێتە بەر رەخنەو گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێ. خۆ ئەگەر پێویست بوو دەکرێ لەکاتی باس و گفتوگۆیەکەدا راوبۆچوونی خۆتیان پێ بڵێی: ئیدی وەستاوەتە سەر خۆیان گەر بخوازن ئەنجامگیرییەکی گشتی لە قسەکانت هەڵێنجن یان نا. بە

تەجروبە بۆم دەرکەوتووە کە هەر هونەرمەندێك ڕێبازی تایبەتی خۆی هەیەو بابەتێن هونەری بە شێوەوفۆرمی جیاواز بە زەین و هزری هونەرمەندا ڕەت دەبن..لەبەر ئەمە هەرگیز ناتوانی بەرنامەیەکی کاری گشتی دابنەی. ئەو ڕەوت و ڕێبازەی بۆ من باش بووە، مەرج نیە بە کەڵکی خەڵکانی دیکە بیّ و سوودمەند بیّ. بەرای من هیچ شتێك لەمە خراتر نیە کە مرۆڤ بیەویّ خەڵکی لە قاڵبی خۆی بدات ومیتۆد و ڕێبازی خۆی بە سەریانا بسەپێنیّ.

*- هەموو شاعیرە باشەکان، شاعیرانی لە تۆ گەنجتر، بەزۆری مامۆستا و فێرکارن. ناکریّ ئەنجامگیرییەکی گشتی لەم دیاردەیەوە هەڵێنجریّ؟

- نازانم، بەرای من تەنیا وەچەی دوایی دەتوانیّ بۆ رابردوو بگەرێتەوە، هەڵی بسەنگێنیّ و بگاتە ئەنجامێکی گشتی. لەئیستادا تەنیا دەتوانریّ ئەوە بگوتریّ لە قۆناغە جیاوازەکاندا ئیمکاناتی جیاواز بۆ وەدەستهێنانی بژێوی و ژیان هەیە. یان بە گوتەیەکی دیکە لە رۆژگارانی جیاوازدا تەگەرەو کۆسپی جیاواز دێنە بەردەم گوزەرانی ژیان. خۆیایە کە ئەمرۆ شاعیر ناتوانیّ تەنیا بە شیعرەکانی بژێوی و گوزەرانی ژیان دابین بکات، دەبیّ بۆ قەتاندنی ژیان کارێك پەیدا بکات. لەبەر ئەمە گەلێك لە هونەرمەندان ژیانیان بە دەرسگوتنەوە دەقەتێنن.

*- پێت وایە باشترین کار بۆ شاعیر ئەمەیە کە جگە لە خوێندنەوەونووسین هیچ پیشەیەکی دیکەی نەبیّ؟

- نە،پێم وانیە. لەم بارەیەوە هیچ چارێکم نییە دەبیّ باسی ئەزموونی خۆم بکەم. من ناتوانم باسی ژیان و پیشەی کەسانی دی بکەم. عمومیات بێژی کارێکی پڕ مەترسییە. من دڵنیام ئەگەر لەسەرەتاوە پێویستم بەوە نەبووایە کاربکەم و هەموو ژیانم بۆ شیعر تەرخان بکەم، بێگومان کارێکی خراپی لە کارەکەم دەکرد.

*- بۆچی؟

- بەرای من کە ناچار بووم جگە لە شاعیری کارێکی دیکە بکەم، بۆ نموونە فەرمانبەری بانك بم یا بۆ فلاّن وەشانخانە کاربکەم، بۆ من فرە باش بووە. کەمی کات و ئەمەی دەبوایە هەم ژیانم هەڵسورێنم و هەم فریای شیعریش بکەوم، بووە بایسی ئەمەی کە بەخۆڕایی کاتی خۆم بە فیڕۆ نەدەم. زیاتر هەوڵبدەم فریای کارەکەم بکەوم. کەمی کات ڕێگەی زۆر بێژی و فرەنووسینی لێگرتم، ئەگەر هونەرمەند جگە لە هونەرەکەی کارێکی دیکەی نەبیّ ڕووبەرووی ئەم مەترسییە دەبێتەوە کە لە جیاتی نەخت و پوخت بێژی بکەوێتە درێژدادڕی و شاش نووسی و نەتوانیّ لە کەماڵ نزیك ببێتەوە. ئەم جۆرە ژیانە، بەلای کەمەوە (بۆ من) مەترسیدارە.

*- حاڵی حازر ئاگایانە هەوڵدەدەیت کە بە وردی پەیگیری چالاکی و ڕەوتی کاری شاعیرانی لاوی ئینگلیزی و ئەمریکایی بکەیت و لێیان بە ئاگا بی؟

- نە، هەوڵ نادەم. ئەگەر هەندێك لە چالاکی ئەوان بە ئاگاش بووبم، بە شێوەیەکی نائاگایانە بووە. بەلاّم ساڵانی پێشتر جیاواز بوو، چونکە من وەکو وەشانکارێك لە دووی سیمایانی تازە بووم تا بەرهەمەکانیان بلاّوبکەمەوە. لەبەر ئەمە بەردەوام ڕەخنەی شیعرم دەخوێندەوەو بایەخم

بە شاعیرانی لاو دەدا. بەڵام کاتێ مرۆڤ پێ دەنێتە ناو ساڵەوە ئیدی لە خۆی دڵنیا نابێ کە دکارێت توانا و بەهرەێن تازە کەشف بکات. لەم تەمەنەدا مرۆڤ هەمیشە نیگەرانی ئەوەیە کە نە با وەکو هونەرمەندانی پێش خۆی پیر ببێ و نەکارێت لە هونەرمەندانی لاو حاڵی بێ و دەرکیان بکات. بۆیە لە دەزگای (فیبەر ئاند فیبەر)دا هاوکارانی لاوی من بەرپرسی هەڵبژاردنی شیعرن وئەوان دەستنووسەکان دەخوێننەوە. لێ تاوەکو ئەو نزیکانەش کاتێ شیعرێکم بە دەست دەگەیی و دەمبینی بەراستی شتێکی باشە، پیشانی دۆستە لاوەکانم دەدا، بەو دۆستانەی کە باوەری تەواوم بە بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکانیان هەبوو. وێرای ئەمەش هەمیشە ئەم خەتەرەش لە ئارادایە کە مرۆڤ نەکارێت بایەخی بەرهەمێکی بایەخدارو پوختە دیاری بکات و رەتی بکاتەوە. لەبەر ئەمە پێم باشترە سەرەتا دۆستە لاوەکانم بیخوێننەوە، ئەگەر دڵیان بیگرێ ئەوا بە منی نیشان دەدەن تا بزانن رای من چییەو ئایا منیش بە دڵمە یان نا. جا ئیستا ئەگەر لەم بەینەدا بەرهەمێك بتوانێ هەم پیروهەم لاو رازی بکات دیارە دەبێ بەرهەمێکی باش بێت. بەڵام هەمیشەش ئەمە بە باشی کۆتایی نایەت، هەندێ جار مشت و مڕ لەسەر بایەخی بەرهەمێك پەیدا دەبێت و دژایەتیش دەکرێت.راستیەکەی حەزناکەم دژایەتی هیچ بەرهەمێك بکەم.وەکو ئەوسای کە گەنج بووم و بەرهەمیان رەفز دەکردم و دەیانگوت بە کەڵك نایەت.

***- پێت وایە شاعیرانی لاو پێوەرەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەیان خستووەتە ژێر پێ و گوێی نادەنێ؟ وادێتە بەرچاو تەنیا چەند شاعیرێك بە شێوەیەکی مەبدەئی، رێك وەکو رۆژگاری لاوێتی تۆ، دژی پێوەرە کۆنەکان وەستاونەتەوە، وێرای ئەمەش هەندێ لە رەخنەگرانی کۆنی مینا (هربرت رید) پێیان وایە کە شیعر لە دوای تۆ بەرەو پاش رۆییوە. لە دواجارتدا کە باسی (میلتۆن) ت کرد، گوتت کە شیعر هەم دەتوانێ گۆڕانی کۆمەڵایەتی دوا بخات و هەم گۆڕانکاری تازە بێنێتە ئاراوە، بۆ نموونە لە زوباندا.**

- بەڵێ ،وایە. پێم وانیە بەشەر هەر دەساڵ جارێك پێویستی بە شۆڕش بێ.

***- لێ رەنگە ئەوەی کە ئیستا دەیبینین زیاتر شۆڕشێك بێ تەنیا بۆ خاپور کردنی رابردوو تا شۆڕشێکی تا زەو کەشفکردنی مەحەك و پێوەرانی تازە بێ.**

- نە، من چ شۆڕشێك بۆ خاپورکرنی رابردوو بەدی ناکەم.دوای قۆناغێك ئینسان لە شێوەو فۆرمانی تەقلیدی و باو بێتاقەت دەبێت و لێی دوور دەکەوێتەوە، تا قۆناغێکی دی دێت کە ئینسان کەڵکەڵەی ئەوەی دەکەوێتە سەر کە بەڵکو بتوانێ بە دیدێکی تازەوە سوود لە هەمان ئەو شێوەو فۆرمە تەقلیدی و باوانە ببینێ. ئەگەر هونەرمەند مامەڵەیەکی دروست دەگەڵ کەلەپورو سوننەتدا بکات دەتوانێ کارێکی بەهادار بئافەرێنێ، کارێکی تازەو جیا لە فۆرمە باوەکان. بە گوتەیەکی دی پێویست نییە کە هونەرمەند دووبارە بۆ رابردوو بگەرێتەوە، بەڵکو دەتوانێ فۆرمێکی هونەری کۆن وەربگری، فۆرمێك کە لە مێژە دەوری نەماوەو کەس بە سۆراغییەوە نەچووە، وبەرهەمێکی تازە بخوڵقێنێ. ئەمە شۆڕش نییە لە رابردوو، ئەمە هەوڵی خاپور کردنی

رابردوو نییە، بەرای من ناتوانرێ ناوی گەرانەوەشی لێ بنرێ. هەندێ لە هونەرمەندان دەخوازن دووبارە بۆ رابردوو بگەرێنەوەو هەمان زوبان و ئالۆزبێژی سەردەمی جۆرجی دووەم بژێننەوە. لە لایەکی دیکەوە هەندێ لە خوێنەران لایەنگری میانرەوین و زیاتر حەز لە شیعری ئاسایی دەکەن و کاتێ تووشی ئەو جۆرە شیعرانە دەبن دەڵێن: "ئۆخەی، ئاقیبەت دوای ماوەیەکی زۆر شیعرێکی باشم خوێندەوە". خوێنەرانێکیش هەن کە لایەنگری لە شیعری مۆدرین دەکەن.. ئەمانە شیعری لاوازیان گەرەکەو هیچی دی. باشترین خەسڵەتی شاعیرانی لاو ئەمەیە کە نەیانویستووە لە هەنبەر ئەو بۆچوونانەدا هیچ جۆرە پەرچە کردارێك نیشان بدەن. لێرەدا حەز ناکەم ناوی شاعیرێکی تایبەتی بەرم، چونکە نامەوێ هەڵسەنگاندنێکی تایبەتی، زەق و ئاشکرا، دەربارەی کەسێك بکەم. بەرای من باشترین کاری شیعری، کە من دیتوومە، هی ئەو شاعیرانەیە کە کەمترین سیمای شۆرشگێریان هەبووە و کارەکانیان لە ساڵانی هەوەڵی ئەم سەدەیەدا بلاو بوونەتەوە (مەبەست سەدەی بیستەمە..وەرگێر)

***– ئەگەر قایل بی دەخواز م ئەم گفتو گۆیە بە چەند پرسیارێك کە زۆریش پەیوەندیان بەم باسەی ئێستامانەوە نییە، ببڕێنمەوە. لە ساڵی ١٩٤٥دا لە شوێنێکدا نووسیوتە: " شاعیر دەبێ زوان وەکو چۆن لە ژینگەی دەوروبەریا بەکار دێت بەو شێوەیە بەکاربێنی". دوای ئەوە لە شوێنێکی دیکەدا نووسیووتە: "مۆسیقای شیعر هەمان مۆسیقایە کە لە زمانی خەڵکی رۆژگاری ئێمەدا هەیە." دوای نووسینی ئەم گوتارە تۆ بە تەواوەتی " زمانی ئینگلیزی ستانداردی بی. بی. سی"ت رەتکردەوە. ئیستا پێت وانییە لەم پەنجا ساڵەی رابردوودا، بە تایبەتی لەم پێنج ساڵەی دواییدا، هەمان (ئیذگلیزی ستاندارد) بەسەر هەموو کەناڵە راگەیاندنەوانێکاندا زاڵتر بووە؟ (ئینگلیزی بی.بی.سی) کە تۆ رەتت کردەوە هەموو شوێنێکی گرتووەتەوەو بووە بە زوانی فێرکاری و تەلەفزیونیش. تەنانەت بۆ سێ تۆڕی تەلەفزیونی سەرانسەری ئەمریکاش،(سی .بی. ئیس)،(ئێن.بی. ئێس) و (ئەی.بی. سی) تەشەنەی کردووە. پێت وانییە ئەمە کاری شاعیری، کە دەبێ زوانی خەڵکی لە شیعریدا بەکار بێنێ، زەحمەت و دژوار کردووە؟**

– بابەتێکی زۆر چاکت خستە روو. بە باوەری من بۆچوونەکەتان دروستە. بەڵێ، زەحمەتی کردووە.

***– بەڵام دەمویست تۆ قسە بکەی و رای تۆ بزانم، نەك من قسان بکەم.**

– زۆر باشە . بەلام تۆ خۆت ویستت ئەم بابەتە بخەیتە رووو هەر واشت کرد. خۆ ئەگەر هەر سووری لەسەر ئەوەی رای من بزانی، قەبوڵمە: بەرای من لە سەردەمی ئیستادا کەناڵە راگەیاندنەوانیەکان توانا و دەسەلاتێکی فرەیان هەیەو دەتوانن زوان و زاراوەی کەمینەیەکی بچووك بەسەر هەموو خەڵکیدا بسەپێنن و ئەمەش کاری ئێمەی یەجگار زەحمەتتر کردووە.

نازانم ئەم زاڵیە دەگاتە کوێ وئایا زوانی سینەماش لەم وارەدا ڕۆڵێکی دەبێ یان نا. ئەوەی سەلماوە زوانی رادیۆیی یەجگار کاریگەر بووە.

***- پێت وانیە ئەگەر کار وابڕوات ئەوەی تۆ ناوی (زمانی عەوامی خەڵکت لێناوە) لە بەین دەچێت؟**

- پێشبینییەکی زۆر زۆر خەمناکە. بەڵام زۆریش لەگینە.

***- جگە لەمە بە رای تۆ نووسەرانی نەوەی ئیستا کۆمەڵێك گرفتی تایبەت بە خۆیان هەیە کە هونەرمەندانی نەوەی رابردوو ئەو گرفتانەیان نە بووبێ؟شاعیری ئەمرۆ کە هەست دەکات بەشەر روو لە نەمان و نابووتیە ئەمە کاری تایبەتی ناکاتە سەر شیعری؟**

- تێناگەم بۆچی دەبێ نابووتی بەشەر کاری تایبەتی بکاتە سەر شاعیرو کار نەکاتە سەر خەڵکانی دی. شاعیریش میناکی (وەکو) خەڵکانی دی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم بابەتەوە و کاریگەرییەکەش بەندە بە رادەی حەساسیەت و هەستیاری شاعیرەوە.

***- پرسیارێکی دیکەی دەرێی باسەکەمان هەیە: لام روونە کە چۆن رەخنە سوود بە شاعیر دەگەیەنێ ویارمەتی دەدات کە پەی بە لاوازیەکانی خۆی ببات. هەڵبەتە ئەمە شتێکی گشتی نییەو بەندە بەوەوە کە شاعیر تا چەند گوێ بە بۆچوونی کەسانی دی بدات. لێ دەمویست ئەوەت لێ بپرسم ئایا پێت وایە رەخنەنووسی بۆ کاری شیعریت بە سوود بووە؟**

- بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بەسوود بووە. کاتێ دەربارەی فلان هونەرمەندی بایەخدار رەخنە دەنووسم، هونەرمەندێك کە لە ژێر کاریگەرییدا بووم ، بۆ خۆیشم هەر بە سوودە. مرۆڤ کاتێ بۆچوون و گۆشەنیگای خۆی دەربارەی فلان هونەرمەند دەخاتە سەر کاغەز، مەسەلەکان بۆ خۆیشی روونتر دەبێتەوە کە تا چ رادەیەك لە ژێر کاریگەریی ئەودایە. هەندێ جار پیاو بە شێوەیەکی بێ ئاگایی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کەسێکەوە. لەوەیە باشترین وتارم ئەو رەخنانە بێ کە دەربارەی شاعیرانی دڵبەندی خۆم نووسیومن، ئەو شاعیرانەی کە لە ژ ێر کاریگەرییاندا بووم. جا خۆش ئەوەیە لە کاتی نووسینی رەخنەدا هەرگیز پێم وانەبووە کە لە ژێر کاریگەریی فلان شاعیردا بووم، دوای ماوەیەکی زۆر ئەوجا دەمزانی کە تا چ رادەیەك کایگەریی ئەوم بەسەرەوەیە. بە رای خۆم ئەم جۆرە رەخنانە زۆر لەو گوتارانە بایەخدارتر بوونە کە تەنیا کۆمەڵە بۆچوونێکی گشتیان تیا خراوەتە روو.

***- یەکێك لەو پرسیارانەی کە لە وتارەکەی (جی. ئێس.فریزر) خراوەتە روو، ئەو وتارەی دەربارەی پەیوەندی خۆی دەگەڵ تۆ نووسیویەتی ئەمەیە کە ئایا تۆ هیچ کاتێ (ییتز) ت دیتووە یان نا؟لە قسەکانتا دەربارەی (ییتز) وا دەردەکەوێ کە بینیوتە. دەکرێ دەربارەی ئەو دیدارە قسەیەك بکەی؟**

– هەڵبەتە چەند جارێك (پیتـن)م دیتووە. كەسێكی خۆش مامەڵەو میرەبان بوو. زۆر باش دەیزانی چۆن دەگەڵ شاعیرانی لاودا هەڵسو كەوت بكات،،بە جۆرێ رەفتاری دەكرد لە تۆ وایە ئەو هونەرمەندانە هاوتەرازووهاوتەمەنی خۆین. جگە لەمانە شتێكی تایبەتیم لەمەر ئەم دیدارە بیر نەماوە.

***– بیستوومە كە شیعری خۆت بە پاژێكی كەلەپوری ئەدەبی ئەمریكا دەزانیت، دەكرێ هۆی ئەم قسەیە باس بكەی؟**

– تەنیا ئەوەم گوتووە شیعری من پتر ئەمریكاییە تا ئینگلیزی،خاڵی لێكچوونم لە گەڵ شاعیرانی ئەمریكایی دا زیاترە تا لەگەڵ ئەو شیعرە ئینگلیزیانەی كە لە سەردەمی مندا لە ئینگلتەردا بڵاو بوونەتەوە.تەنیا لەم خاڵە دڵنیام.

***– پێت وایە پە یوەندییەك لە نێوان تۆو كەلەپوری ئەدەبی رابردووی ئەمریكادا هەیە؟**

– بەڵێ هەیە.بەڵام ئەم پەیوەندییە چۆنە، ئەمەم زۆر لە لا روون‌و دیار نییە. ئەگەر ئەم رابردووە نەبوایە شیعری منیش ئەم شیعرەی ئەمڕۆ نەدەبوو ویا بەلای كەمەوە بەم باشیە نەدەبوو. نەبێ بە خۆهەڵكێشان پێویسە ئەوە بڵێم ئەگەر لە ئینگلتەرا هاتبامە دنیا شیعرم وەكو ئیستا نەدەبووو ئەگەر لە ئەمریكا مابامەوە ئەم چۆنیەتییەی ئەمڕۆی نەدەبوو. هەموو ئەم فاكتەرانە كاریان بەسەر چۆنیەتی شیعری منەوە هەبووە. ویڕای ئەمەش ریشەو سەرچاوەی من ئەمریكایە.


***– دوا پرسیار: بەر لە هەڤدە ساڵ گوتوتە: " هیچ شاعیرێكی راستگۆ ناتوانێ بە تەواوەتی دڵنیا بێ كە بەرهەمەكەی بایەخێكی جاویدانی هەیە. لەوەیە كات‌و ژیانی خۆی لە پێناوی هیچدا بە فیرۆ دابێ". ئیستا كە لە تەمەنی هەفتا ساڵیدای، ئەو هەستەت لە لا نییە؟**

– رەنگە شاعیرێكی راستگۆ ئەو هەستەی هەبێ، بەڵام من نە.

*****************************************

**سەرچاوە: كارنویسندە ص٥-٣٦**

**ت: احمد اخوت...چاپ اول ١٣٧١، نشر فردا**



**ئەزرا پاوەند**

# هەڤپەیڤینەك دەگەڵ ئەزراپاوەند (١٨٨٥-١٩٧٢)

سازدانی: دونالد هول

ئەزراپاوەند لە ١٨٨٥/١٠/٣٠ لە یەكێك لە شارە سنورییەكانی ویلایەتی ئایداهۆ هاتووەتە دنیا. خوێندنی لە زانستگەی پەنسلڤانیا و كۆلیژی هامیلتۆن تەواو كردووە. یەكەمین كۆشیعری لە ساڵی ١٩٠٨دا لە ڤینیس بڵاوكردەوە. لەو ساڵە بەدواوە پتر لە نەوەت كتێبی بڵاوكردووەتەوە. ئەم كتێبانە بریتین لە كۆشیعر، رەخنەی ئەدەبی و وەرگێران و پاچڤەی شیعر. پاوەندی لاو لە ساڵانی سەرەتای دەیەی ١٩٢٠ دا هەوەڵجار لە لەندەن و پاشتر لە پاریس ژیاوە. پاشان بۆ شاری راپالوی ئیتالیا چوو وكە جەنگی دووەمی جیهانی هەڵگیرسا لەو شارەدا دەژیا. پاوەندی لاو لەم سەروبەندەدا بۆ چەند ساڵێك سەرنووسەری بەشی دەرەكی گۆڤاری ( پۆیتری-*Potery*)بوو. ساڵانێكی زۆر هزروبیری پاوەند بە سیستەمی دراوی و فاكتەرە كاریگەرەكان بەسەر سیستەمی نێوبراوەوە مژول بوو. ئەم سیستەمەی كە بەرای ئەو برپرەی پشتی سیستەمی كۆمەڵایەتی هەر كۆمەڵگەیەكە. پاوەند بە درێژایی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی لە ئیتالیا دەژیا و لە رادیۆی ئیتالیاوە زۆر وتارانی دژی ئەمریكا بڵاوكردەوە. زۆربەی وتارەكانی دژی بەشداری ئەمریكا لەشەرەكەدا بوو. یەكێك لە پەڵە رەشەكانی سەر مێژووی ئەمریكا، تەرزی رەفتاری دەوڵەتی ئەمریكا بوو دەگەڵ پاوەندا. لە بەهاری ١٩٤٥ دا دەسگیریان كرد و لە زیندانیان پەستاوت. زیندانەكەی لە شاری پیزای ئیتالیا بوو. زیندانی ( مەڵبەندی فێركردنی زەبت و رەبت) كە دەوڵەتی ئەمریكا بەرێوەی دەبرد. زیندانەكە ی بریتی بوو لە قەفەزێكی ئاسنین كە عاردەكەی چیمەنتۆ بوو. تەنیا یەك دوو پەتۆی لابوو كە بۆ خەوتن بەكاری دێنا وتەنەكەیەكیشی لابوو لە بری ئاودەست بەكاری دێنا. گڵۆپێكیش بە میچی زیندانەكەیەوە هەڵواسرابوو كە شەو و رۆژ بەدیار سەرییەوە دەسووتا. پاوەند تەنیا سێ هەفتە لەم قەفەزەدا بەرگەی گرت و تووشی نەخۆشی ( بێخەوی ) و كلۆسترۆ فۆبیا بوو ( نەخۆشی ترس لە شوێنی تەنگ) و كەسیرەی كرد. دوای ئەوە شوێنەكەیان گۆری و بۆ ماوەی شەش هەیڤان لە ژوورێكی ئینفیرادی دیكەدا حەپسیان كرد. لەم ماوەیەدا چەندین جاری دی تووشی نۆبە بێخەوی و كلسترۆفۆبیا بووەوە. پاش تەواو بوونی ماوەی ( فێربوونی زەبت و رەبت) بۆ واشنگتۆنیان ناردو بە تۆمەتی خیانەت دادگاییان كرد و لە ئەنجامدا بێ گوناه دەرچوو. پاشان بۆ ماوەی چاردە هەیڤان لە نەخۆشخانەی سەنت ئەلیزابت كەوت. پاوەند لە ساڵی ١٩٥٨ دا جارەكی دی بۆ ئیتالیا زڤرییەوەو هێشتاش دەگەڵ كیژەكەیدا لەوێ دەژی ( خویایە ئەم هەڤپەیڤینە بەر لە مردنی پاوەند كراوە. پاوەند لە ساڵی ١٩٧٢ دا لە شاری ڤینیس ماڵاوایی لە ژیان كرد) گرنگترین كارێن شیعری پاوەند زنجیرە كۆشیعری ( سروودەكانە) كە یەكەمین بەشی لە ساڵی ١٩١٧داو دوا بەشی ( ئاسمانی سێیەم) لە

ساڵی ١٩٥٩دا بڵاو بووەوەو هێشتا بەردەوامە. شیعرە کورتەکانی پاوەند لە کۆشعری (کەسایەتییەکان) دا کۆ کراونەتەوە. (یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٦ دا بڵاوبووەوەو پاشان بە زێدەوە لە ساڵی ١٩٥٠ دا بڵاوبووەوە.) پاوەند لە ساڵی ١٩٦٢دا کۆمەڵە شیعری (هۆزانێن ڤیانی میسری کۆن)ی بۆ زمانی ئینگلیزی پاچڤە کرد. پاشان پاوەند لە ساڵی ١٩٦٣ دا بە هاوکاری (مارسیلاسپن) گوڵیژێرێکی شیعری لە ژێر سەرناڤی (لە کۆنفیۆسەوە تا کامینگز) بڵاو کردەوە.

پاوەند لەوساوە کە بۆ ئیتالیا گەراوەتەوە، زیاتر لە شاری (تیرۆل) لە (کەسڵ برۆننبرگ) ژیاوە. دەگەڵ ژنەکەی و ماری کیژی و زاواکەیدا (پرنس بۆریس دورا شویلتز) و نەوەکانیا دەژی.

لە کۆتایی هەیڤی شوباتدا دەمویست بۆ هەڤپەیڤین دەگەڵ پاوەندا لە ئینگلتەراوە بۆ شاری (میرانۆ) ی ئیتالیا بڕۆم کە لەبەر ماڵەوە بروسکەیەکم گەییە دەست: "میرانۆ سەهۆڵبەندانە، وەرە بۆ رۆما." پاوەند بە تەنێ بۆ رۆما هاتبوو. ژورێکی لە تەلاری یەکێك لە دۆستە کۆنەکانی (ئۆگۆ دادون) گرتبوو. سەرەتای مانگی مارس بووو دنیا لە چاو خۆیا گەرم بوو. پەنجەرەی ژوورەکە، ئەو ژوورەی پاوەندی لێ دانیشتبوو کرابووەوەو هەراوزەناو دەنگەدەنگی شەقامی (ڤیائەنجیلۆپۆلیزیانۆ) دەهاتە ژوورەوە. لەسەر کورسییەکی پان دانیشتم. پاوەند جێی بە خۆی نەدەگرت، جارێ لەسەر کورسییەك دادەنیشت و جارێ شوێنەکەی دەگۆڕی و لەسەر مۆبیلەیەك رۆدەنیشت. لە کەوپەلی ناو ژوورەکە، تەنیا دوو جانتای چکۆلەو سێ کتێب هی ئەوبوون: (سروودەکان) چاپی وەشانخانەی فیبەر، شیعرێن کۆنیفیۆسیۆس، کۆشیعری (چاستەر) چاپی وەشانخانەی (رۆبینسۆن) کە پاوەند بۆ جاری دووەم دەیخوێندەوە.

پاوەند گاڤێ بۆ ڕۆما دێت،دەوروبەری عەسر لە ماڵ دەچێتە دەرێ،لە خوارنگەی (کریپی) شیڤ دەخوات. ئەوجا پیاسەیەك بەشاردا دەکات و یادگارەکانی رابردوو تازە دەکاتەوە،لەسەر رێوە لە یەکێك لە کافەکاندا بەستەنییەك دەخوات، بە کەیف و بە دەماخ وەکو- پیاوێکی گەنج- بۆ ماڵ دەگەرێتەوە. ئەمجارەش لە عەسرە پیاسە بوو. کڵاوێکی گەورەی لەسەرنابووو دارعاسایەکی ناسك و جوانی بە دەستەوە بوو. ملپێچێکی زەردی لە مل هاڵاندبووو چاکەتە کەی وەکو پاڵتۆ بەشانیا دابوو. بەم قەدو قەڵافاتەوە لە شێری (کارتیەلاتن) دەچوو. (گەرەکێکە لە پاریس کە زیاتر رۆشنبیران و خوێندکارانی زانکۆ لەوێدا دەژین). ئەوجا رووی گەشایەوەوخەندەو پێکەنین ردێنە سپییەکەی هێنایە لەرزین.

هەڤپەیڤینەکە سێ رۆژی خایاند، پا وەند بە درێژایی سێ رۆژەکە بە وردی و پارێزەوە وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوەو هەندێ جار پرسیارەکان ماندوویان دەکرد. رۆژی دووەم کە بۆ درێژەی هەڤپەیڤینەکە چوومەوە، پاوەند زۆری حەز لێ بوو کە دووبارە بچێتەوە سەروەختی هەندێ لە پرسیارەکانی دوێنێ و هەندێ لە وەڵامەکان بگۆڕێ.

*- تۆ تەقریبەن کۆشیعری (سروودەکان) ت تەواو کردووە، جا من مەبەستمە بزانم کە چۆن دەستت بەم کۆشیعرە کرد. لە ساڵی ١٩١٦ دا لە نامەیەکتدا نووسیوتە کە دەتەوێ بەشێك لە بەیتی (ئەندریاس دیوڤۆس) بە شێوازی سروودی دەریاوانان بهۆنیتەوە. پێدەچێت ئەم

رستەیەتان ئاماژەیەك بێ بۆ (سروودی یەکەم). یەکەمجار لە ساڵی ١٩١٦دا دەستت بە (سروودەکان) کرد؟

– نە،پێموایە لە ساڵی ١٩٠٤دا دەستم پێکرد.لە ساڵی ١٩٠٤یا ١٩٠٥ دەستم بە دانانی ئەو جۆرە شیعرانە کرد. گرفتی بنەرەتی ئەمە بوو کە فۆرمی تایبەتی ئەم جۆرە شیعرانە بە دەست بێت، فۆرمێك کە توانای گواستنەوەی ئەو هەموو بارە مێژووییەی هەبێت کە لە (سروودەکان)دا جێی کرابووەوە. ئەم فۆرمە نەدەبووا هیچ رووداوێك بە هەنجەتی ئەوەی کە ناتوانرێ لەم قاڵب و فۆرمەدا بێتە دەربڕین، وەلابنێ. دەبوایە فۆرمێکی گشتگیر بێ. گێڕانەوەکانی هەوەڵجار دەگەڵ ئەوانەی کە پاشان چاپ بوون سووکە جیاوازییەکیان هەبوو. ئەم سروودی یەکەمەی ئیستا لە دەسنووسەکەی یەکەمدا لە جێی سروودی سێیەم بوو. واتە بە سروودی سێیەم حەساو دەکرا.

خۆیایە کە ئەو ئامانج و مەبەستانەی (سروودەکان) بە تەمای بوون، بە فۆرمە کلاسیکییەکانی سەدەکانی ناڤین نەدەهاتە بەرجەستە کردن و نیشان دان، فۆرمێك کە هەموو شتێکی بە سەرڤەڕوانی دەربڕی وبۆ هەر شتێك نەخشەی پێشوەختەی هەبوو. تەنانەت زۆر بە جوانی نەخشەی بەهەشتیانش کێشابوو. تاقە فۆرمێکی مۆسقایی کە دەیتوانی سروودەکان لە خۆ بگرێ و ئەم هەموو بارە مێژووییە بگوازێتەوە، فۆرمی کۆنفۆشیۆسی بوو. لە گۆشە نیگای منەوە جیهانی کۆنفۆشیۆسی دنیایەك بوو کە هەموو شتەکان تیایدا پەیوەندییان بە یەکەوە هەبوو،ودەچوونەوە ناو یەکتری.

*– بەم حیسابە لە ساڵی ١٩٠٤ وە حەزت چووە سەر کۆنفۆشیۆس؟

– نە، زۆر پێشتر.مەسەلەکە هەوەڵجار بەمجۆرە دەستی پێکرد: رمووەدەی سەردەمێکی مێژووی تیرەی بەشەر بووبووم کە شەش قەڕنانی دەگرتەوە و تا ئەو زەمانە کەسێك لای لەم سەردەمە نەکردبووەوە. مەسەلەکە ئەمە بوو کە سەروساختم دەگەڵ قۆناغێکدا پەیدا کردبوو کە لە (کۆمیدیای خوایی)دا هیچ باسێکی نەکرابوو، ناوی نەبرابوو. (کەلەپوری سەدەکان)ی ڤیکتۆر هۆگۆش شتێکی بایەخداری تیا نەبوو.تەنیا کۆمەڵێك رووداوی مێژوویی لە دووی یەك ریز کردبوو.من دەمویست شیعرێك بڵێم کە هەموو ئەو رووداوە مێژووییانە بەسەر بکاتەوە و ئاماژەیان بۆ بکات. جا دەبووایە هەموو هزرو خەیاڵی خۆم بۆ سەدەکانی ناڤین بگەڕێنمەوەو ئەو سەردەمە لە نوێ بژێنمەوە، بە هەموو ئەو باری رۆشنبیریی و رووداوانەوە کە لە رێنیسانس بە دواوە تیایدا بنی ناوەتەوە. ئەفسونێکی سەیر بوو، رێك میناکی(وەك) ئەو شازادە جوانەی کە (کوبید)کەوتە داوی ئەشقیەوە. هیچ چارێکی دیکەم نەبوو دەبووایە بۆ هەمان سەردەم بگەڕێمەوە.

*– ئیستا سی، سی و پێنج ساڵە کە تۆ جگە لە شیعرێن ( ئالفرید ڤینسۆن) هیچ شیعرێکت لە دەرێی چوارچێوەی (سروودەکان) نەگوتووە ،بۆ؟

– چونکە گەییومەتە خاڵێك و فۆرمێکم دۆزیوەتەوە، کە تەنیا لە حاڵ و هاماجی (سروودەکان)دا دەتوانم هەموو شتێك بڵێم و بهۆنمەوە. هەندێ جاریش هەندێ شیعری ناسك و سووکتر خۆرسکانە چەکەرە دەکەن، شیعرگەلێك کە ئەو سەنگینیەی (سروودەکان)ی نیە. هەندێ جار

ڕێك دەكەوێ كە شاعیر مەجبور بێت گەلێك لەو شیعرانەی گوتوونی توڕ بدات، چونكە لە قۆناغێكی تایبەتیدا دڵبەندی فلاَن كەسایەتی مێژوویی دەبێتو دەخوازێ شیعرێكی دەربارە بڵێ، لێ پاشان بۆی دەردەكەوێ كە فۆرمی شیعرەكەی زەرفیەتی ئەو كەسایتیەی نیە. هەموو هەوڵی من ئەمە بووە كە ڕەهەندو شەقڵی مێژوویی بە كۆشیعرێن (سروودەكان) بدەم نەك مۆركی ئەفسانەیی. ئەم كارەی من ڕێك وەكو ئەمەیە كە دوو گوتار لە فاسیلەی دەسالاَندا لە یەك گۆڤاری فەلسەفیدا بلاَو ببنەوە،گەرچی بەروارەكەیان جیاوازە، لێ چەمكو ماناكەیان یەك بێ. بابەتی مێژوویی هەموو جارێكیش لە شیعردا باش جێگیر نابێو فۆرمی دڵخواز بە دەست نایەت.ئەگەر بەردێك نەخش پەزێر نەبێ دەبێ توڕبدرێ.

*- كاتێ دەتەوێ شیعرێك لە قاڵبی (سروودەكان) دا بڵێی، چۆن زەمینەی بۆ خۆشدەكەی؟ بۆ هەر شیعرێك بابەتێن تایبەتی دەخوێنیتەوەو تەحقیقەی دەربارە دەكەی؟

- خوێندنەوە بە تەنێ بەس نییە. بەرای من چوونە ناوجەرگەی ژیان لە خوێندنەوەی رووت باشترە. من هیچ شتێك لەمەڕ میتۆدو ڕێباز نازانم. گرینگ ئەمەیە كە بنیادەم باسی چی دەكات نە چۆنی دەڵێت.

*- لەگەڵ ئەمەشدا كاتێ كە گەنج بووی، لە شیعردا پتر بایەخت بە فۆرم دەدا. توانا و لێهاتویی تۆ لەم بوارەدا وێرد ی سەر زمانی هەمووان بوو. بە ڕێكەوت لەم سی ساڵەی رابردووشا پتر بایەخت بە فۆرم داوە تا بە نێوەرۆك. ئایا ڕاتان بەگشتی گۆڕاوە؟

- پێم وانیە ئەم قسەیەم چ ناكۆكییەكی دەگەڵ رابردووا هەبێ. هونەرو سنعەت لە شیعردا مەحەكی ڕەسەنایەتی و راستگۆییە. ئەگەر ئینسان نەتوانێ شیعرێك بە هونەرو سنعەتی تایبەتی خۆی دەربڕێ، ئەو شیعرە بایەخێكی ئەوتۆی نییە. تەنیا بەكەڵكی ئەوە دێت وەكو مەشق و راهێنان سەیر بكرێوهیچی دی. (ریشتەر)لە (نامەیەك دەربارەی هارمۆنی)دا دەڵێت: "ئەوەی باسمان كرد پرەنسیپەكانی هارمۆنی و كوانتەرپۆی هارمۆنی بوو. ئەم دووە هیچ كارێكیان بەسەر كۆمپۆزیسیونەوە نییە چونكە چالاكییەكی جیاوازە".بەرای من ئەم بۆچوونەی كە دەڵێت لەسەردەمی ئیستادا ناتوانرێ لە زمانی ئینگلیزیدا بە شێوازی سەدەكانی ناڤین شیعر بگوترێ،هەڵەیە. هەڵبەتە ئێمە لێرەدا هەقمان بەمەوە نییە كە لە بنەرەتدا ئەم جۆرە شیعر گوتنە كارێكی دروستە یان نا. لە سەدەكانی ناڤیندا كە هێشتا زمانی ئاسایی نەبووبووە مایەی بایەخ پێدانو نەبووبوو بە پێوەر، ئەم جۆرە شیعرە زۆر ئاسایی بوو.شاعیران بە لاسایی كردنەوەی فۆرمی مۆزیقا شیعریان دەگووت.مۆزیقای زمانی ئینگلیزی تەبیعەتێكی سنووردارو دیاری كراوی هەیە. لەم روانگەیەوە وەرگێڕانی شیعری چەوسەر بۆ زمانی فەرەنسی زۆر تەواوە، هەروەها وەرگێڕانی شیعرەكانی شەكسپیر بۆ زمانی ئەڵمانی. لە زمانی ئینگلیزیدا تەنیا شیعرەكانی (كمپیون)و(لاوز) لەم رووەوە شیعری باش و تەواون. منیش تا ئەو كاتەی كە داستانی (تراچینیایی)م وەرنەگێڕابوو، هەستم بە مۆزیقای شیعر نەكردبوو وبایەخم پێ نەدابوو. لەم كۆشیعرەدا پەیم بەوە برد كە چۆن دەتوانرێ لە شیعردا سوود لە كۆراڵ وەربگیرێ. هەڵبەتە نابێ وابزانی دەخوازم بڵێم كە ئەم فۆرمە شیعرەم بەدەست هێناوە، لێ بەلای كەمەوە

گەییومەتە ئەم ئەنجامەی کە هەر وشەیەك، میناکی مۆزیقا هەنگاوی تایبەتی خۆی هەیە. ڕەنگە ئەمە وەکو خەیاڵێکی بێهودە بێتە بەرچاو، لێ هەمیشە بایەخی تایبەتیم بە زیلو بەمی وشەو گونجانیان دەگەڵ یەکدا داوە: بە ئاهەنگو ریتمی وشە.

*– حاڵی حازر نووسینی (سروودەکان) پتر رازیت دەکات یان وەرگێڕان؟ بۆ نموونە وەرگێڕانی داستانی ترچینیایی کە ئیستا باست کرد، زیاتر رازیت ناکات؟

– ئەمە وەستاوەتە سەر حاڵەتەکان. بۆ نموونە جاری وایە ئینسان دێ بەسەریا کە دەبێ فلأن کار بکاتو دەیکات.بیرۆکەی وەرگێڕانی تراچینیایی لە خوێندنەوەی شانۆنامانی (نو)وە کە (فنولوزا)و من کۆمان کردبوونەوە، دەستی پێکرد. شانۆنامەی (کاتای)شم هەر لەبەر ئەوە پاچڤە کرد کە شیعری تیا بەکارهاتبوو. دەمویست ئەوە تاقی بکەمەوە کە ئەگەر ئەم شانۆنامەیە لەم زەمانەدا ئەنجام بدرێ چ دەبێ.هێڤیدار بووم ئەم شانۆنامەیە لە لایەن کۆمپانیای (مینرۆ)وە ئەنجام بدرێ. چونکە شانۆنامەی کاتای، فۆرمێکی شیعریی هەبوو بۆیە کەوتمە ژێر کاریگەرییەوە.

*– بە بۆچوونی تۆ (شیعری ئازاد) فۆرمێکی تایبەتی ئەمریکاییە؟ بەلای کەمەوە وا دێتە بەرچاو ( ویلیام کارلۆس ویلیام) قەذاعەتێکی وای هەبێ. بە بۆچوونی ئەو هۆزانی ئازاد تایبەتە بە ئەمریکاو هۆزانێن کورت تایبەتە بە هۆزانڤانانی ئینگلیزی.

– من ئەم قسەیەی ئیلیۆتم بەدڵە کە دەڵێت: "هیچ شیعرێك بۆ شاعیرێك کە بیەوێ شیعرێکی باش بڵێ "ئازاد نیە"بەرای من باشترین شیعری ئازاد ئەو شیعرانەیە کە بەشێوازی شیعری هیجایی بگوترێن.

بە تەسەوری من شیعرێن هیجایی عادەتەن شیعری غەیرە ئینگلیزییە. هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نیە کە فۆرمی زۆربەی هۆزانێن ئەمریکایی هیجاییە.بیرم دێ (کۆکتۆ)لە ئۆرکستەرێکی جازدا دەهۆڵی لێدەدا. وایدەزانی کارێکی یەجگار گرینگ دەکات.

ئەگەر لە دووی شتێکی تایبەتی بی بە ئەمریکا، زۆری لە دوو مەگەرێ، چونکە بە بۆچوونی من مەگەر تەنیا جوملە موعتەریزەکانی هنری جیمز، ئەمریکایی تەواو بن.لەم رستانەدا بە جۆرێ وەسفی کاراکتەرەکانی دەکات کە ئینسان وا هەست دەکات کە ئەمانە زۆر لەوەوە نزیکنو بەباشی دەتوانێ دەرکیان بکات.ئەمرۆ ئەم جۆرە نووسینە زۆر باوە، بەلأم لە زەمانی جیمزدا، تایبەت بە خودی جیمز بوو. بە بۆچوونی من ئەم جۆرە رستانە، تایبەت بە ئەمریکان. رستەکانی رێك لەمە دەچێت کە تۆ بتەوێ دیدەنی کەسێکی زۆر لە خۆت بە ئەزموونتر بکەیتو بخوازیت خاڵێکی هاوبەشی دەگەڵدا بدۆزیتەوە تا باشتر یەکدی بناسن. هەر کە ئەم خاڵە هاوبەشە بە دەست هات ئیدی زۆر بە باشی دەزانی باسی چ دەکات.

*– لە بەرهەمەکانتدا تەجروبەی جیاوازت بەکار هێناوە، هەندێ لەم تەجروبانە لە زەمینەی فۆرمدا بووە. بەرای تۆ گەورەترین تایبەتمەندی شاعیر چیە؟ فۆرمی شیعرییەتی یان ناوەرۆکی شیعرەکانی؟

– پێم وانیە بتوانرێ هەموو تایبەتمەندییەکانی شاعیر بەگوێرەی پێش و پاش لە دووی یەکدی ریز بکرێ، لێ شاعیر دەبێ لە منەکردن و کنوکۆی بەردەوامدا بێ. هەڵبەتە ئەمەش نابێ بە بەڵگەی ئەوەی کە هەرکەسێك ئەم سیفەتانەی تیابێ دەبێ نووسەری باش بێ، بەلاّم هەر شاعیرێك ئەوسیفەتەی تیا نەبێ دەپوکێتەوەو سیس دەبێ. ئەم سیفەتە لە شاعیردا بەردەوام نابێ ئەگەر خۆی پەروەردە نەکات و لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامدا نەبێ. هزرڤانێکی میناکی (ئاگۆسین) نە هیچ کاتێ ماندوو دەبێت و نە هیچ شتێك دڵی دەتۆرێنێ. داهێنان و ئەفراندنی هونەری پرۆسەیەکە کە لە ئەنگێزەیەکەوە دەست پێدەکات وبە سەلماندن و چەسپاندنی ئەو ئەنگێزەیە و پاشان پەیوەندبوونی ئەو ئەنگێزەیە بەشتانی ترەوە، کۆتایی دێت. هەموو کۆششی هونەرمەند لەمەدا چڕدەبێتەوە.

*– بەرای تۆ لە رۆژگاری ئەمرۆدا رێبازی شیعرگوتن گۆڕاوە؟

– ئەم هەڤرکی و رکابەرییەی کە ئیستا هەیە جاران نەبوو. بۆ نموونە فیلمەکانی والت دیسنی بێننە بەرچاو، فیلمە تازەکانی کە رەگێکی فەلسەفەی کۆنفۆشیۆسی تیادا بەدی دەکرێ. لە فیلمەکانیا هەندێ لایەنی خەسڵەتە مرۆڤانیەکان دەخرێنە روو. فیلمی (پری)لەبەرچاو بگرە، فیلمێك کە میکی ماوس رۆڵی سەرەکی تیا دەبینێ. لەم فیلمەدا بەهاێن مرۆڤانی میناکی پیاوەتی و شەهامەت، میرەبانی و حەساسیەت بە جۆرێ جێگە کراونەتەوە کە هەموو کەس دەتوانێ پەی پێ ببات. لەم فیلمەدا بلیمەتی دیسنی خۆی دەنوێنێ. پەیوەندی دەگەڵ سروشتدا بە باشترین شێوە خراوەتە روو. ئەم جۆرە پەیوەندیە لە زەمانی ئەسکەندەری مەزن بە دواوە بێ پێشینە بووە. ئەسکەندەر فەرمانی بە ماسیگران دا کە ئەگەر شتێکی سەرنج راکێشیان لە ماسیاندا بینی، شتێکی ناوازەو تایبەتی، دەبێ بێن ئەو شتە تایبەتیە بە ئەرستۆ رابگەیەنن. ئەم دەست پێشکەرییەی ئەسکەندەر بووە بایسی ئەوەی کە ماسیناسی بگاتی ئاستی لقێکی زانستی بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ بڕبکات و بمێنێ. و ئەمرۆکە بە کۆمەکی کامیرا مرۆڤ بتوانێ وێنەی هەر بابەتێکی بوێ بیگرێ و پەیوەندی دەگەڵ بگرێ. تەکنۆلۆجیای تازە شەڕ بە ئەدەبیات دەفرۆشێت، چونکە بە کۆمەکی ئەدەبیات دەتوانرێ باشترو ئاسانتر پەیوەندی دەگەڵ تەبیعەت و سروشتدا پەیدا بکرێ. لەم جۆرە هەلومەرجەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە دەبێ چ بکرێ و لە چ هەرزە رەفتارییەك پارێز بکرێ.

*– لەوەیە ئەم هەلو مەرجە تازەیە خۆی لە خۆیدا زەمینەیەك بێ بۆ باشتر بوونی ئەدەبیات. لە سەردەمی لاوێتیەوە تا ئەم دواییانە کە (سروودەکان) ت تەواو کرد، چەندین جار شێوازی شیعریت گۆڕیوە. هەڵبەتە ناچێتە ئەقڵەوە ویستبێتت بە خۆڕایی ئەم بەرو ئەو بەر بکەی. ئەم گۆڕینی شێوازەت ئاگایانە بووە، بە مەبەست بووە؟ بەڕای تۆ شاعیر پێویستی بەوە هەیە ئەم حەمکە گۆڕانە لە شێوازیا بکات؟

– بە بۆچوونی من شاعیر دەبێ بەردەوام لە جوڵەدا بێ. هونەرمەند هەمیشە ژیان بە جۆرێ وێنە دەگرێت کە هەم خوێنەر وەرز نەکات و هەم واقیعیش نیشان بدات.

*- حەزم لێیە راتان لەمەڕ بزاڤێن هونەری هاوچەرخ بزانم؟ تا ئیستا قسەیەکی ئەوتۆت دەربارەی ئەم بزاڤانە نەکردووە. جگە لە یەك دوو شاعیر ( بۆنتینگ و ژۆکۆفسکی) کە رای خۆت دەربارەی ئەوان دەربڕیوە، ئەوانی دی هەموو لە هونەرمەندە کۆنەکان بوون. دوایەمینیان (کامینگز)ە. پێموایە شتی دیکە بیری مژول کردوویت.

– ئینسان ناتوانێ هەموو ئەو بەرهەمانەی کە بڵاودەبنەوە وەخوێنێ. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم ماوەیە سەرقاڵی لێکۆڵینەوە لەمەڕ چەند رووداوێکی مێژوویی بووم. خۆ ئینسان ناتوانێ بە پشتی سەری خۆی چ شوێنێ بدینێ. پێم وانییە تا ئیستا کەسێك بووبێ کە بتوانێ خەڵکانی دوای خۆی نەقد بکات. ئەمە پرسیارێکی هەستیارە کە ئینسان تا چەند توانای خوێندنەوەی هەیە.

نازانم ئەم گوتەیەی رۆبەرت فرۆست هی خۆیەتی یا لە کەسێکی تری وەرگرتبوو. ساڵی ١٩١٩بوو یا وابزانم ١٩١٢ بوو، بەهەر حاڵ هەر ساڵێك بووبێ- فرۆست لە لەندەن بوو. فرۆست دەیگوت ئەم گوتەیە لە قسە نەستەقەکانی منە: "ئاه، ئەی یەزدانی مەزن، تەنیا لێم حاڵی بەو بەس." بەرای من ئەم رستەیە تەنیا دوعاو نزای ئیمانداران نییە، زمانحاڵی نووسەرانی لاویشە. بە هەرحاڵ لە نێو ئەم هەموو شاعیرە لاوەدا تەنیا دەرفەتی ئەوەت هەیە کە کارەکانی شاعیرێك بخوێنیتەوە، کە شاعیرێکی لاوی دیکە زەمانەتی کردووە، نەك هەموویان. هەڵبەتە ئەگەر مەسەلەکە تەنیا زەمانەت بێ، لەوەیە پیاو فریو بخوات و خەڵکانێك بە چاوو راو کڵاوی بکەنە سەر. لێ هەر کارێکیش بکات.. بەبێ سوعبەت ئەگەر ئینسان بیەوێ بەرهەمی نووسەرانی لا و لە بێژنگی رەخنە بدات دەرفەتی نییە لە نێو ئەم حەمکە شاعیرەدا یەکێك (دەست بژێر) بکات و کارەکانی بخوێنێتەوە. با واز لەوە بێنین کە لە رێگەی بەراوردەوە پیاو دەتونێ شت فێر ببێ. من کۆمەڵگە و ناوەندە ئەدەبیەکە زۆر جەنجاڵ و تێکەڵ وپێکەڵ دەبینم، لێ ... (بە شێوەیەکی گشتی)،بیگومان زندوو دینامیکییە. و (رۆبەرت لۆڤل) لە چاو ئەوانی دیدا شاعیرێکی زۆر باشە.

*- لە هەموو ژیانتا رێنوێنی و ئاموچیاری لاوانت کردووەو هوشیارت کردونەتەوە. هیچ قسەیەکی تاو بەتیت نییە کە بخازی ئیستا پێیان بڵێی؟

– قسەم ئەمەیە کە هەرگیز لەخۆ بایی نەبن، هەمیشە بە گومان بن. هەڵبەتە ئەمە بەتەنێ بەس نیە،وەکو چۆن سۆزوگودازو گلەیی خۆڕایی لە رۆژگار بەس نیە. گرووپی (پانج بال)ی زانکۆی پەنسلڤانیا دروشمێکی باشیان بۆ خۆهەڵبژاردبوو، مایەی سەرنج بوو: " تەنیا گەوجان دەتوانن لە خۆ رازی بن."

*- جارێك لە شوێنێکدا نووسیوتە کە چوار ئامۆژگاری بە سوودی چوار هونەرمەندی پێش خۆت وەکو ئەڵقە لە گوێ کردووە. ئەم چوار هونەرمەندە بریتی بوون لە: "تۆماس هاردی،ویلیام باتلەر ییتز،فۆرد مادۆکس فۆرد ورۆبەرت بریدجز." دەکرێ ئەم چوار ئامۆژگاریە دووبارە بکەیتەوە؟

– ئامۆژگارییەکەی (بریدجز) لە هەموویان سادەتر بوو: هۆشداری دابوو کە نەبن بە هاودەنگی خەڵکانی ترو لاساییان بکەنەوە. هاردی گوتبووی هەموو هۆش و گۆشتان بخەنە سەر بابەتی

بەرهەمەکە نەك کەسایەتی نووسەری بەرهەمەکە. فۆرد بە گشتی گرینگی بە زندوویەتی زمان دابوو.گوتت نەفەری چوارەم ییتز بوو؟ بەڵێ، ییتز تا ساڵی ١٩٠٨ کە ساڵی ئەم ئامۆژگاریانەیە کۆمەڵێك هۆزانی لیریکی گوتبوو کە زمان‌ووشەیان بە ئاسایی ترین شێوە تێدا بەکار هاتبوو.

*- لە نێوان ساڵانی ١٩١٣-١٩١٤دا یاریدەدەری ییتز بووی، چ کاریگکت بۆ کرد؟

- زیاتر بە دەنگی بەرز کتێبم بۆ دەخوێندەوە. بەرهەمی میناکی (گزینگی بریتانیا)ی بەرهەمی (دوتی)م دەخوێندەوە. هەر خەریکی دادو بێدادو شەڕ بوو، ئیرلەندییەکان حەزیان لە مشت‌و مڕە. لە تەمەنی چل‌و پێنج ساڵیدا دەیویست فێری شمشێر بازی بێ، کە کارێکی زۆر سەیر بوو. بەردەوام دەمامکی تایبەتی شمشێربازی لەسەر دەکردو میناکی نەهەنگ بەملاو بەولادا دەرۆیی. هەندێ جار رەفتاری وای دەکرد کە دەتگوت لە منیش شێتترە.

*- لە نێو ئەهلی ئەدەبیاتدا رای جیاواز لەمەڕ کاریگەریی تۆ بەسەر (ییتز)ەوە هەیە. هیچ کاتێ رێکەوتووە کە کار لەسەر شیعرەکانی بکەیت‌و لەم رووەوە یارمەتییەکی بدەی؟ یان دەسکارییەکی شیعرەکانی بکەیت‌و لێی لابەری، وەکو چۆن بەشێکی (وێرانە خاك)ت حەزف کرد؟

- چ شتێکم لەوبارانەوە کە باست کردن لە یاد نییە. هەڵبەتە هەندێ جار لە فلان وێنەی شیعریی رازی نەبووم. جارێك لە شاری (راپالو) مەعز بۆ رەزای خوا ویستم قەناعەتی پێ بکەم فلان شیعری چاپ نەکات. پێم گوت شتێکی ورینە ئاسایە، بێ سەروبەرە. کەچی شیعرەکەی چاپ کردو سەرنجێکی دەگەڵ دانابوو کە من گوتوومە ئەم شیعرە بێ کەڵکە، بێ سەروبەرە.
لەبیرم دێت جارێك (تاگور) هەرایەکی زۆری نابووەوەو دەیویست هەرچۆنێ بووە بیسەلمێنێ کە شاعیرە. هەندێ کەس پێیان گوتبوو کارەکانی خراپ نین‌ودەتوانرێ نێوی هونەری لێ بنرێ. تەنانەت لە پاریسدا شانۆنامەیەك لەم بارەیەوە خرابووە سەر شانۆ کە نێوی (ئایا ئەمە هونەرە؟) بوو ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر بە درۆوە پێیان گوت کە بەراستی شاعیرە لێ کەسیش زۆر گوێی بە قسەو هەراوهەنگامەکانی نە دەدا
بەرای من فۆرد مادۆکس فۆرد دەتوانێ دەوری لە گۆرینی ییتزو هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانیا هەبێ. هەڵبەتە ییتز هیچ کاتێك گوێی بە قسەکانی فۆرد نەداوە، لێ وادەزانم فۆرد، لە رێگەی منەوە یارمەتییەکی زۆری دا، یارمەتی دا کە زمانێکی سادەو ئاسایی بەدەست بێنێ.

*- ئەوەندەی کە تۆ یارمەتی خەڵکیت داوە، هیچ کەسێك تا ئیستا یارمەتی تۆی داوە؟لە بواری هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانت‌و یا لێ لابردن‌و چاك کردنیاندا..

- جگە لە فۆردی کە لەسەر زەوی دادەنیشت‌و بە بێزارییەوە سەری لە نێو هەردووك دەستی دەناو گوێی لە شیعرەکانم دەگرت‌و جارێکیانیش تەواو کەوتە قڕەو بۆڵە، چ کەسێکی دی یارمەتی نەداوم.ئەگەرچی رەخنەکانی دوایی ئەو چۆنیەتی جارانیان نەبوو، بەڵام دەورێکی سەرەکیان لە دژایەتی کردنی کۆنەگەرایی‌و ئاڵۆزنووسیدا هەبوو.

*- تۆ زۆر له هونەرمەندانی هونەرە جوانەکانەوە نزیك و هاودەمیان بوویت. لە سەرەتاوە لە (ورتیسیست) انی میناکی (گودیر برژسکا) و (ویندهام لویس) و پاشان لە کەسانی وەکو (پیکابیا)، (بیکاسۆ) و (برانسوسی) هاورێیەتی ی ئەوانە کاری کردووەتە سەر کارەکەت؟

- باوەڕ ناکەم کاریگەرییەکی تایبەتی هەبووبێ. هاورێیەتی نیشانەی کاریگەریی نییە. لەگینە بچیتە گەلەرییەکی شێوەکاری و بکەویتە ژێر کاریگەری تابلۆکانەوە. لە شیعری (گەمەی شەترەنج)دا کاریگەریی نیگارکێشیی ئابسترەی مۆدرین دەبینرێ. لێ نیگارکێشی (ورتیسیسم) شتێکی دیکەیە. بەرای من هەولی سەرەکی ئەم قوتابخانەیە ئەمە بوو کە هەستی مەودا لە نیگارکێشیدا دووبارە بژێنیتەوە. بەر لە پێگرتنی ئەم قوتابخانەیە رەنگ لە نیگارکێشیدا بایەخی خۆی لە دەست دابوو. (مانە) وئەمپرسیونیستەکانی هاوتای وی دووبارە زندوویان کردەوە. ورتیسیستەکان جگە لە رەنگ فۆرمیشیان ژیاندەوە. بەر لەوان ئەوەی کە من ناوم نابوو هەستی فۆرم، نەمابوو. ورتسیستەکان، کە نابێ لەگەڵ کوبیستەکاندا تێکەڵ بکرێن، هەوڵیان دا فۆرم دووبارە زندوو بکەنەوە. مەبەستم لە فۆرم هەمان شتە کە (پیرۆدلافرانسیسکا) بە باشترین شێوە لە کتێبەکەیدا (نامەیەك دەربارەی پرسپکتیۆ) باسی کردووە. فرانسیسکا لەم کتێبەدا باسێکی جوانی لەمەڕ هارموونی رەنگەکان، قەرینەسازی و بەرجەستەبوون کردووە. هەڵبەتە بەر لەوەی ئەمریکا بەجێ بێڵم شتێکم دەربارەی فۆرمی بەراوردکاری دەزانی و مێشکم لەم رووەوە خاڵی نەبوو. یەکێك لە دۆستەکانم کە(پۆل)ی ناوبوو کتێبێکی دەربارەی شێوەپەزێری وبەرجەستە بوون نووسی بوو. ئەوە بوو کە بەر لە هاتنم بۆ لەندەن شتانێکم دەربارەی فۆرم لە هەگبەدا بوو. وبەر لەوەی ئاشنایەتی دەگەڵ شیعری فەرەنسی پەیدا بکەم هەندێ شتم لەمەڕ (کتولس) ژنەوتبوو. ئەگەر باسی هەموو ئەم شتانە بکەم حیکایەتەکەمان درێژە دەکێشێت.

*- ئەم پرسیارەم لا دروست بووە کە بەر لەوەی بۆ ئەوروپا برۆی لە ئەمریکادا چ چالاکییەکی ئەدەبیت هەبوو؟ دروست لە چ ساڵێکدا دەستت بە کاری ئەدەبی کرد؟

- لە ساڵی ١٨٩٨، لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا، بە هاوکاری پورە گەورەکەم.

*- شیعری فەرەنسیت بۆ دەخوێندەوە؟

- نە، پێم وایە کتێبی (شیوەنێك لە حەوەشی کڵێسای گوندا)م بۆ خوێندەوە، یان ناونیشانێکی لەو بابەتە بوو. کە نووسینی (گری)یە. نە، شیعری فەرەنسیم بۆ نە دەخوێندەوە. ساڵێ دوای ئەوە دەستم بە فێربوونی لاتینی کرد.

*- پانزە ساڵان بوویت کە چوویتە کۆلیژ وایە؟

- بەڵێ لە کۆلیجدا خۆم ناونووس کرد چونکە دەمویست لە شەڕی قوتابخانەی سوپا ومەشقی سوپایی هەڵێم.

*- چۆن بوو رووت کردە شیعر؟

- باپیرم کاتێ دەیویست نامە بۆ سەرۆکی بانك بنووسێت بە شیعر نامەی دەنووسی. نەنکم و براکەشی لە نامەکانیانا شیعریان دەنووسی. هەڵبەتە هەرکەسێکی دیکەش لە جێی من بوایە و لە ماڵباتێکی ئاوهادا گەورەبوایە دەبوو بە شاعیر.

*–  زانكۆ توانی له زەمینەی شاعیریدا كۆمەكێكی ئەوتۆ به تۆ بكات؟ ئەوەندەی من بزانم حەوت هەشت ساڵ له زانكۆ بوويت.

– نه،تەنیا شەش ساڵ له زانكۆ بووم. شەش ساڵو چوار مانگی خشت. به درێژایی ئەم ماوەیه شتم دەنووسی، به تایبەتی  ئەو كاتەی كه خوێندكاری ماجستێر بووم. هەموو ساڵی یەكەمی زانكۆم به خوێندنی لاتینی، كتێبی (بروت) نووسینی (لیامۆن) برده سەر. لەبەر ئەوه له كۆلیج قەبوڵیان كردم لاتینی بەڵەد بووم. پازده ساڵان بووم لێبرام ڤیروسیا بكەمو دست به شیعر بكەم. ئەگەرچی ئەمه  به دەستی خودا بوو كه دەشێت ببمه شاعیر یان نا. بەڵام بەلای كەمەوه ئەمه به دەستی خۆم بوو كه خۆم تاقی بكەمەوەو بزانم خوێندنو خوێندنەوەكانم له چ ئاستێكدا بووەو چیم كردووە.

*–   ئەگەر به هەڵەدا نەچووبم پاش تەواوكردنی خوێندن تەنیا چوار هەیڤ له زانكۆدا دەرست گوتەوە.   دیاره به خۆت له من باشتر دەزانی كه حاڵی حازر زۆربەی شاعیرانی ئەمریكایی مامۆستان. پەیوەندی   شاعیریو دەرس گوتنەوە له زانكۆدا چۆن دەبینی؟

– ئەمه هۆی ئابوری هەیە. خۆ دەبێ هەرچۆنێك بووە پارەی كرێ خانووەكەت پەیدا بكەی.

*–    چۆن ئەم هەموو ساڵەت له ئەوروپادا رابواردو له رووی داراییەوە ژیانی خۆت دابینكرد؟

– ئەمه پەرجوویەك بوو بۆ خۆی. هەر هەموو ئەو پارەوپولەی له ئوكتۆبەری ١٩١٤تا ئوكتۆبەری ١٩١٥ به دەستم هێنا بریتی بوو له بیست پاوەنو دەپەنس. رێك ئەوەندەبوو، ئیستاش له بیرم ماوە.

من هیچ كاتێك نووسەرێكی باش نەبووم بۆ گۆڤاران. جارێك وتارێكی تەوسامێزم، پێم وایه بۆ گۆڤاری (وگ) نووسی.وتارەكه دەربارەی نیگاركێشێك بوو كه حەزم لێنەدەكرد. لەم كەینو بەینەدا (ورهارن) مرد. سەرنووسەری گۆڤارەكه داوای لێكردم كه وتارێكی دەربارە بنووسم. وایدەزانی من نووسەرێكی زۆر باشم.ئەوەبوو كه چووم بۆ نووسینگەی گۆڤارەكەو به سەرنووسەرەكەم گوت:

– بەراستی بەتەمای بۆ مردنی ئەم یارۆیه وتارێكی تەڕو پاراو بنووسم، دەربارەی كێش، عەبووسترین پیاوی ئەوروپا!

– ئەوە چ دەڵێی، چما ئەم نەحلەتیە عەبوسو تورەو ترۆش بووە؟

وەڵامم دایەوە: هەڵبەتە تورەو ترۆ بوو. هەمیشه دەربارەی جووتیارانی دەنووسی.

– دەربارەی جوتیاران یان كەڵەشێری كێوی؟

– جوتیاران.

– سەیرە، كەواته پێم وانیه باش بێ دەربارەی  پیاوی وا، یادنامه بنووسین.

بەو جۆره لەقەم له بەختی خۆم داو نانی خۆم بڕی. ئەگەر بمزانیبا هەندێ جار زاری خۆم بگرم ، وەزعو حاڵم له ئیستا باشتر دەبوو.

*– له شوێنێكدا خوێندوومەتەوە – وابزانم خۆت نووسیبووت– گوایه سەردەمانێ هەوڵت داوە رۆمانێك بنووسیت.  ئەو رۆمانه چی بەسەر هات؟

– خۆشبەختانە لە (لنگام پلیس) بوو بە خۆراکی سۆپاکەم. بەر لەوەی بزانم رۆمان چییەو چ تایبەتمەندییەکی هەیە، دوو کەرەتی دیکەش خولیای رۆماننووسین داویە لە کەللەم.

*– ئەو دوو رۆمانەی باسیان دەکەی هیچ پەیوەندییەکیان بە ( هیوسلوین مابرلی) یەوە نیە؟

– نە، ئەم دووانە زۆر پێش (مابرلی)ن ،مابرلی دواتر نووسرا. لەو دوو رۆمانەدا هەموو هەوڵێکم ئەمە بوو رۆمانەکە هێندە بە کورتی بنووسم کە هەر بە ئەندازەی شیعرێك دەربچێت. بەرای من لە کاری هونەریدا، بنیادەم دەبیّ (پەیوەندیو ژیان) ببینیّ . (ودزورت) تاقە عەیبی بەیتی (پرۆتیوس)ی بەمە دەزانی کە چونکە دەربارەی رۆمای کۆنە بەرهەمێکی ئەستەمو دژوارەو خوێنەری ئەمرۆ تێی ناگات.بەرای من کێشەکە تەنیا لە رابردوودا نیە، واتە هەر بە رابدووەوە بەند نیە،تێگەییشتنی دنیای ئەمرۆش زەحمەتە.

*– لە قسەکانتا گوتت کە فۆرد یارمەتی دایت کە زمانی ئاسایی و رۆژانە لە هۆزانەکانتدا بەکار بێنی. وایە؟ ئەگە روخسەت بدەی دووبارە بۆ لەندەن بگەرێینەوە.

– کە لە لەندەن دەژیام بەردەوام عەوداڵی ئەمە بووم کە زمانێکی سادەو ئاسایی بەدەست بێنمو فۆرد کە دەساڵ لە من گەورەتر بوو، دەستی گرتمو بەرەو ئەو زمانەی بردم. هەموو کاتی خۆمان بە باسی زمانی سادەو ئاسایی بەسەر دەبرد. فۆرد لە هەموو خەڵکانی ئەو قۆناغە پتر سەری لەم بوارە دەردەکرد. لیّ بەر لە هاتنی منو (ویندهام) و وەچەی ئێمە ئەو بەتەنیا بوو و کەسێك نەبوو مشتو مڕ و گەنگەشەی دەگەڵ بکات. بە هیچ جۆریّ دژی بەکارهێنانی شێوەزارێن ناوچەیی لە بەرهەمی هونەریدا، نەبوو. تەنانەت دەتوانم بڵێم دژی بەرهەمێن (لیونل جانسون)و (ئۆکسفۆرد)بوو و دەیگوت ئەزموونی وان سەرکەوتوو نەبووە.

*– تۆ بیست سی ساڵ پەیوەندی راستەوخ ۆت دەگەڵ نووسەرانی ئینگلیزدا هەبوو و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە نیگارکێشان، پەیکەرتاشان و سازڤانان دا تێکەڵاویت هەبووە. لەم هونەرمەندانە کامیانت پتر بە دڵ بوو؟

– پێم وایە (فۆردو گودیر) لە هەموویان دڵگیرتر بوون. هەڵبەتە پێویستە ئەوە بڵێم هەموو ئەو کەسانەی دەربارەم نووسیون و رەخنەم لە بەرهەمەکانیان گرتووە لە لای من خەڵکانی گەورەو گرینگ بوونە. ئەمە رای ئەوساو ئێستاشمە.

هەڵبەتە باشتر وابوو کە لە رەخنەکانمدا ئەو هەموو فرەروانییەم نەکردباو چەند بابەتێکی تایبەتیم وەربگرتبایە نەك بێم هەموو کەسایەتی نووسەر وەربگرمو هەموو لایەنانی کارەکەی هەڵسەنگێنمو بخەمە بەر رەخنە. ویندهام لویس هەمیشە دەیگوت تۆ خەڵکی ناناسیتو نازانی چ بوونەوەرانێکی گەلاّو ودڵرەشن. من هیچ کاتێك گوێم بە لایەنی بەدی خەڵکان نەدەدا. بە پێچەوانەوە زیاتر لایەنە باشەکانیانم بەلاوە گرینگ بوو: هۆشو گۆشو زیرەکیان.

*– کاتیّ کە لە لەندەن بوویت بەینت دەگەڵ (جیمز) دا زۆر خۆش بوو وکردبووت بە مەحەك و نموونەی خۆت. وایە؟

– کاتیّ جیمز لە دنیا دەرچوو بنیادەم وای هەست دەرد ئیدی کەسێکی زندوو نیە کە بشێت قسەی دەگەڵ بکریّو شتی لیّ بپرسریّ. تا زندوو بوو دڵت خۆش بوو کە بەلای کەمەوە کەسێك

لەم دنیایەدا هەیە کە شتێك بزانێ. کە تەمەنم گەییە شەستو پێنج ساڵ ئەوسا زانیم کاتێ کە ئاشنایەتیم دەگەڵ جیمزدا پەیدا کرد لەو گەورەتر بووم، و ئەم شتەم پێ قوت نەدەچوو.

*- لە نووسینەکانتدا چەند جارێك ناوی (رمی دوگورمونت)ت بردووە. بەشەخسی دەتناسی؟

- تەنیا لە رێگەی نامەوە. لە یەکێك لە نامەکانیا، کە بە باوەڕی (جین دوگورمونت) نامەیەکی گرینگ بوو، ئەم رستەیەی نووسی بوو: " لە نووسیندا تەنیا راستگۆییە کە دەبێتە بایسی لەزەتو خۆشی نووسەر."

*- پێم سەیرە چۆن لەگەڵ گەییشتنە ئەو روپادا ئاشنایەتی و دۆستایەتیت دەگەڵ باشترین نووسەرانی ئەو رۆژەدا پەیدا کرد؟ پێش ئەوەی ئەمریکا بەجێ بێڵی شاعیرێکی تایبەتیت دەناسی کە کارەکانیت بەلاوە پەسند بێ؟ شیعرەکانی (رۆبینسۆن)ت بە دڵ نەبوو؟

- (ئیکن )هەوڵی دەدا (رۆبینسۆن) بەسەر مندا زاڵ بکات، لێ من بە هیچ جۆرێ نەچوومە ژێربار. کە لە لەندەنیش بووم ئیکن هەر دەست بەردار نەبوو وەدەیویست هەر چۆنێ بووە رۆبینسۆن بەسەر مندا بسەپێنێ. پاشان لە (ئیکن)م بیست کە پیاوێکی گەنج لە زانستگەی هارڤەرد پەیدا بووەو شتی عەنتیکە دەنووسێت. مەبەستی ئیلیوت بوو. شیعرەکانی ئاغای ئیلیوت بەساڵ و هەندێك دوای ئەم رووداوە بڵاو بوونەوە.

نە، ئەگەر بخوازم وردتر قسان بکەم دەبێ بڵێم لە سەرەتاکانی ساڵی ۱۹۰۰دا شاعیرانی باشمان هەبوون، کەسانی میناکی( کارمەن، هووی، کاروانی، ونس چنی). لەو سەردەمەدا خەڵکی وایان وێنا دەکرد کە نووسەرانی ئەمریکایی هەرگیز بە پێی نووسەرانی ئینگلیزیدا ناگەن. وەشانخانەی (موشر)یش لە ئەمریکادا خێرا خێرا خێراو بە بێ ئیزنی دامو دەزگا ئینگلیزییەکان، کتێبی ئەوانەیان چاپ دەکردو دەفرۆشت، بەڵێ لەو سەردەمانەدا بوو کە رێی لەندەنم گرتە بەر. چونکە پێم وابوو ییتز لە هەر کەسێکی دی زیاتر سەر لە شیعر دەردەکاتو لەم بارەیەوە مامۆستایە. لە لەندەندا هەموو کارێکم ئەمەبوو.کە پاش نیوەرۆیان بچمە سۆراخی فۆردو شەوان ییتز بدینم. بە گوێزانەوەی بۆچوونی ئەم رەخنەگر بۆ ئەو رەخنەگرو بە پێچەوانەوە مرۆڤ دەتوانێ باسو خواسێکی دروستو ماقول دابمەزرێنێ، ئەمە مەشقێکی باش بوو. دەمویست لە لای ییتز شیعر بخوێنم، بەڵام زۆری نەبرد کە زانیم فۆرد لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەودا نییە. ئەنجام ئەوە بوو کە منیش نزیکەی بیست ساڵێك دژایەتی بۆچوونی هەردووکیانم کرد.

*- لە ساڵی ۱۹٤۲ دا لە شوێنێکدا نو وسیوتە کە تۆو ئیلیوت ناکۆك بوونو مۆری پرۆتستانییەتتان بە یەکدییەوە دەنا. ئەم ناکۆکییەتان لە کەیەوە دەستی پێکرد؟

- منو ئیلیوت هەر لە سەرەتاوە ناکۆك بووین. لەزەتی دۆستایەتی رۆشنبیرانە لەمەدایە کە بنیادەم لەمەڕ زۆربەی بابەتەکان دەگەڵ دۆستو برادەرەکەیدا ناکۆك بێ تەنیا لەسەر چەند بابەتێکی کەم تەباو کۆك بێ . ئیلیوت، کە لە هەموو تەمەنیا سەبرو تەحەمولێکی مەسیحانەی هەبوو، بنیادەمێکی زۆر جدی بوو، ئیشکەر بوو، دەبووایە من بە بنیادەمێکی تاقەتبەرو بێزارکەر بزانێ. هەر لە سەرەتای یەکترناسینمانەوە لەسەر چەند بابەتێك ناکۆکیمان کەوتە نێوان. هەڵبەتە

لەسەر چەند شتێکی کەمیش رێك بووین و هاورەئی بووین. پێموایە ناکۆکی و تەباییەکانمان ئاسایی و مەبدەئی بوو.

*– هیچ کاتێك گەییشتنە رادەیەك کە لە رووی شیعریی یا هزرییەوە ناکۆکی قوڵتان بکەوێتە نێوان؟

– بەڵێ، لەسەر پەیوەندی نێوان مەسیحییەت و ئاینی کۆنفۆشیۆس ناکۆکی قوڵمان کەوتە نێوان. یان لەسەر تەبایی نێوان گروپە جیاوازەکانی مەسیحییەت بیروڕای جیاوازمان هەبوو. ئیلیوت زیاتر لایەنگری کڵێسای دەکرد و من لایەنگری هەندێ لە حەکیمانی خوایی بووم کە ئیلیوت خۆشی نەدەویستن.هەرچەندە لەوەیە ئەم حوکمە زۆر دروستیش نەبێ، بەڵام ئیلیوت زیاتر پابەندی پرسە بچوکوکان و تەقلیدییەکان بوو. تەنیا (ئیلیوت)ش وانەبوو، هەموو فیکرو زیکرێکی خەڵکانی هاونەسلی ئەو ،لای مەسەلە خودی و باوەڕە دەرونییەکانی خۆیان بوو.

*– پێت وانیە زۆربەی ناکۆکییەکانتان لە سەر مەسەلە تەکتیکییەکان بووە نەك مەسەلە گرینگ و ستراتیژییەکان؟

– نە، پێموایە یەکەمین ناکۆکیمان لە بابەتە هزری و سەرەکییەکانەوە دەستی پێکرد. بێگومان ئیلیوت زمانێکی شیعریی ئاسایی و سادەی پەیدا کردبوو. زمانی شانۆنامەکانیشی خراپ نەبوو.زمانێك کە بەرای من دەکرا بە دەسکەوتێك لە قەڵەم بدرێ. ئیلیوت زۆر بە باشی دەرەقەتی بابەتی شیعرەکانی دەهات و توانایەکی گەورەی تێگەییشتنی هەبوو.

*– ئەم قسەیەت دوو بەیتی ئۆپراییتانم وەبیر دێنێتەوە: (وێلون)و (کاوالکانتی). چۆن بوو کەوتیتە بیری شیعری ئۆپرایی و ئاوازدارەوە؟

– وشەم بۆ ئاهەنگ و ریتمەکەی دەویست. دەمویست شیعر ئاهەنگ و مۆسیقای هەبێ. بەیتە ئۆپراییە ئینگلیزییەکان باش نەبوون، لە رووی هونەرییەوە سەرکەوتوو نەبوون. بۆیە کەوتمە تاقیبی بەیتگەلێك کە بەباشترین شێوە مۆسیقای وشەی تیا بەکار هاتبوو: بەیتی (وێلون)و بەیتی (کاوالکانتی). لەو قۆناغەدا دەمویست شتێکی هێوەتر لە شیعرێکی سادەی لیریکی دابهێنم. هەر ئەوەندەو بەس.

*– وادەزانم پەیوەندی تۆ بە مۆسیقای وشەوە، بە تایبەتی لە شیعرێن (پروانس)ەوە سەری هەڵداوە. بە خۆیتش هەست دەکەی کە کەشفی ئەم شیعرە گەورەترین دەسکەوتی ژیانی ئەدەبیتان بووە؟ یا لەوەشە لە ژێر کاریگەریی نووسینەکانی (فنولوز)دا بوو بی و مۆزیقای وشەت لەوەوە وەرگرتبێ؟

– تەنیا لە سەرەتادا شیعرەکانی (پروانس)م بەلاوە زۆر جوان بوو. بۆیە بە شێوەیەکی گشتی ناتوانرێ بگوترێ زۆر لە ژێر کاریگەریاندا بووم و بەلامەوە شتێکی تازە بووبن.لێ دەسنووسەکانی فنولوزا شتێکی دیکە بوو: لە رەحمەتێك دەچوون بەبێ زەحمەت بکەوێتە دەستی بنیادەم و پیاو نەیەوێ قەدری بزانێ و بەهەندی نەگرێ.لە کاتێکا زۆر بە چاکی دەتوانی بیسەلمێنی کە چ شتێکی بە نرخت دەستکەوتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا میناکی منالێکی پێنج ساڵە خۆت لە سالوزی و گێلی دەدەی.

*- چۆن بوو كه خات فنولوزا به ڕێكەوت تۆی بینی؟

- (خات فنولوزا)م له (ساروجینی نایدۆ) بینی. دەیگوت فنولوزا دژی ئەداو ئەتوارو خۆ بەشت زانی تاقمی ڕۆشنبیران بووه. خات فنولوزا له ناو قسەكانیا گوتی هەندێ له هۆزانەكانی منی خوێندووەتەوەو وا دەزانێ من تاقه كەسم كه دەتوانم دەسنووسه ناتەواوەكانی ئەرنست تەواو بكەم، بەو شێوەیەی كه خۆی حەزی كردووه، بەلاّم مەرگ مەودای نەداوه. دەیگوت فنولوزا دەیزانی دەبێ چۆن تەواویان بكات، لێ مەرگ دەرفەتی نەداوه.

*- ڕێگەم بده با باسەكه بگۆڕم‌و هەندێ پرسیار بكەم كه زیاتر دەربارەی ژیانی خۆته تا ئەدەبیات. ئەوەی من خوێندوومەتەوه تۆ له شاری (هیلی) ویلایەتی ئایداهۆ، له ساڵی ١٨٨٥دا هاتویه دنیایه. وادەزانم لەو سەردەمانەدا ژیان له هیلی زۆر سەخت بووه، وانیه؟

- من هەژده مانگان بووم كه لەو شاره ڕۆییوم. بۆیه چ شتێكم دەربارەی سەختی ژیان لەوێ ، له بیر نییه.

*- یانی سەردەمی منداڵیت له هیلی ڕانەبواردووه؟

- نه .

*- كاتێ تۆ هاتیه دنیا بابت چ كارێكی دەكرد؟

- بابم بەرپرسی دایەرەی ئەقارو تاپۆو تۆماری زەوی بوو. قۆناغی منداڵیم له نزیكی فیلادلفیا، له دەورو بەری فیلادلفیا بوری.

*- لەو زەمانەدا سورپێستانی هۆڤی ڕۆژاوا...

- سورپێستانی هۆڤی ڕۆژاوا چیرۆكێكی دەسكرده. شتێكی بەڵگه نەویسته كه یاریدەدەری عەیارەپیوی سكەخانه ناتوانێ ببێ به یەكێك له ناودارترین ڕێگرانی ئەو دەڤەره.

*- وابزانم ئەمەیان ڕاسته كه باپە گەورەت هێڵێكی قیتاری له نزیكی فیلادلفیا دروست كردووه. دەكرێ چیرۆكی ئەو ڕووداوەم بۆ بگێڕیتەوه؟

- بەڵێ ، بابه گەورەم هێڵی ئاسن تا شاری (چپاوافالر) ڕادەكێشێت. لەوێدا حكومەتی شار ڕێگەی لێدەگرن‌و دوای ئەوەش ئیزنی نادەن ڕێڵی ئاسن بكرێ‌و درێژه به كارەكەی بدات. ئەم چیرۆكه له (سروودەكان)شدا هاتووه. دوای ئه واریقاته ڕێگەی باكور دەگرێته بەرو له نیویۆركەوه سەر دەردێنێ. لێرەدا تووشی هێڵێكی ئاسن دەبێ كه به خۆڕایی و بێ سوود لەو گۆڕه كەوتووەو هیچ قیتارێكی بەسەردا ناڕوات.. دەیكڕێت‌و له كەشتی بار دەكاو دەیهێنێ. دوای ئەوه پایەو ئیحتوباری خۆی دەخاته گەڕو قەول‌و بەڵێن به دارب‌ڕەكان دەدات كه ئەگەر كاری بۆ بكەن دوایی پارەكەیان دەداتێ‌و بەمجۆره هێڵی ئاسنەكەی تەواو دەكات. دەزانی ئینسان هەندێ شتان له ژینگەی ماڵبات‌و خانەوادەدا فێر دەبێت كه هیچ كاتێ ناتوانێ له قوتابخانه فێری ببێ.

*- پەیوەندی تۆ به دراولێدانی سكەوه لەوەوه هاتووه كه بابت له سكەخانەدا كاری دەكرد؟

- ئەمه قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێت. لەو سەردەمانەدا دایەره دەوڵەتییەكان زیاتر حاڵەتی خۆمانی‌و نافەرمیان هەبوو.پێم وانیه له ڕۆژگاری ئەمرۆدا منالاّن بتوانن سەردانی سكەخانه

بكەن. ئیستا ئەگەر كەسێك بخوازێ سەردانی ئەوێندەر بكات بە تونێلێكی شووشەییدا دەیبەن تەنیا دەتوانێ لە دوورەوە سەیری ناو سكەخانەكە بكات. بەلاّم لە سەردەمی منداڵی مندا پیاو دەیتوانی بچێتە ژووری  تواندنەوەو بە كەیفی خۆی تەمەشای ئەو زێرو تەلاّیانە بكات كە لە قاسەی تایبەتیدا عەمار كرابوو. لە كاتی سەرداندا كیسەیەكی پڕ لە زێڕیان دەدایتێو دەیانگوت ئەگەر قوەتت بەسەریا دەشكێ دەتوانی ئەم كیسەیە بۆ خۆت ببەی. پیاو نەیدەتوانی هەر بەرزیشی بكاتەوە.

كاتێ كە دیموكراتەكان دووبارە دەسەلاّتیان پەیدا كردەوە هەر هەموو دۆلارە زیوەكانیان ژمارە كرد: چوار ملیۆن دۆلار بوو. بەر لە ژمارە كردنەكە، كیسە دراوەكان لە ژێرخانە مەزنەكانی سكەخانەكەدا كەڕوو تێی دابوونو بە هەزار حاڵ كیسەكانیان هێنایە بەر حاسیبەكانو بە خاكەنازی گەورەتر لە خاكەنازی خەڵوزی بەرد، دراوەكانیان هەڵڕشتە ناو حاسیبەكانەوە. دیمەنێكی عەنتیكە بوو: سكەكانیان بە جۆرێ دەڕشتە ناو حاسیبەكانەوە لە تۆ وایە زڕو زبڵە. دیمەنی كرێكارەكان كە تا ناو قەدیان رووت بوو ولە ژێر (چراگاز)دا خاكەنازیان دەوەشان و وەكو هەورە تریشقە لە خەیاڵی بنیادەمدا دەتەقییەوە.

شتێكی تری سەیر، شێوازە جۆراوجۆرەكانی دروستكردنی دراو بوو. لە هەموو ئەوانە عەنتیكەتر تاقیكردنەوەی عەیارەی زیوە، كە زۆر قورسترو تەكنیكی ترە لە هی زێڕ. تاقیكردنەوەی زێڕ ئاسانە. هەوەڵجار كێشانەی دەكەن، پاشان دەرەجەی خالیسەییەكەی دەپێونو دووبارە كێشانەی دەكەنەوە. عەیارەی زێڕ لە كێشی رێژەییەكەیەوە بەدەست دەهێنرێ. لێ تاقیكردنەوەی زیوو بەم سادەییە نیەو كارێكی زەحمەتە. دەبێ دەرەجەی خالیسەبوونەكەی لەو دووكەڵەی كە پاش رشتنی مەحلولەكە، لێی هەڵدەستێ بێتە خەملاّندن. تا دووكەڵەكە چڕتر بێ زیوەكە خالیسەترە. لەم هەڵسەنگاندنەدا دیقەتی چاو دەورێكی هەستیار دەبینێو  بەندە بە دەركی جوانیناسی عەیارەگەرەكەوە. دەقاو دەق میناكی دیقەتو زەین روونی رەخنەگرێكە كە بخوازێ بەرهەمێكی ئەدەبی هەڵسەنگێنێ. من ئەم وشەی (مەرغوبیەت)ی ئاسنجاوەم زۆر لە گیان خۆشە. ئەم وشەیە خۆ بەخۆ عەیارەپێوی وشەو پەیڤان لە زەینو هزردا زندوو دەكاتەوە. لەو قۆناغەدا هەركاتێك گومانێك دەربارەی نەوعیەتی ئاسنجاوێك بكرایە بۆ دایەرەكەی بابیان دەهێنام. پیاو قاڵبە زێڕی دەبینی كە لەگەڵ پارچە سۆلفیدی ئاسندا، كە وادیاربوو كەسێك ویستوویەتی تێكەڵ بە ئاڵتوونی بكات، بۆ دایەرەیان دێنا تا دەرەجەی خالیسەبوونەكەی دیاری بكرێ. زۆرجار پیاو لە قسەكانیانا گوێی لێ دەبوو كە جارێك كابرایەك شمشەیەك زێڕی لەگەڵ خۆدا هێنابوو دەیویست زێڕی قەڵبی ئاوێتە بكات.

*– ئە  وەندەی من ئاگادارم تۆ باوەڕت وایە كە ریفۆرمی دراوی رۆڵێكی گرینگ لە بەڕێوەبردنی حكومەتدا دەبینێ.  دەمەوێ بپرسم بۆچی لەو سەرەتایانەوە لە گۆشەنیگایەكی جوانیناسییەوە، ئەستاتیكییەوە دەتڕوانیە پارەوپول، بەلاّم پاشان بۆچوونتان گۆڕاو تەنیا لایەنە ئابوریە كەتان بەلاوە مەبەستو گرینگ بوو؟ئایا جەنگی جیهانی لەم گۆڕانی گۆشەنیگایەدا دەوری نەبووە، ئەو جەنگەی كە ژمارەیەك لە دۆستەكانتی تیا قەتڵو عام بوون؟

– جەنگی جیهانی هەموو لایەکی غافڵ گیر کردو پیاو کە دەیبینی ئینگلیزەکان– ئەم میللەتەی کە هیچ کاتێك کارێکی تایبەتیان نەکردبوو– خۆیان ئامادە کردو بەشداری شەڕیان کرد،دەکەوتە ژێر کاریگەرییەکی زۆرەوە. بەلاّم هەرکە جەنگ تەواو بوو ئینگلیزەکان دووبارە چوونەوە قاوغەکەی خۆیانەوە. کاری هەموو خەڵکی دنیاش بووبوو بەمەی کە بۆ ماوەی بیست ساڵی دوای جەنگ هەوڵ بدەن بەر لە ئاگری جەنگی دووەم بگرن. من ناتوانم بە دروستی بڵێم خوێندنەوەم دەربارەی حکومەت لە کوێوە دەستی پێکرد. پێم وایە دەزگای لێکۆڵینەوەی (نیوئیچ) یارمەتی دام کە جەنگ بە پاژێك لە نیزام بزانم نەك ڕووداوێکی جیا و سەربەخۆ. وباوەر بەم دید و بۆچوونە بێنم کە جەنگ جەنگی لە دوایە.جەنگێك لە دووی جەنگێکی دی دێت.

*– لە نووسینەکانتدا هەندێ بابەتت دەربارەی پەیوەندی ئەدەبیات بە سیاسەتەوە خستووەتە ڕوو. بۆچوونەکانتم لەم بارەیەوە زۆر بە دڵە. لە کتێبی ( ئەلفبای خوێندنەوە) دا گوتووتە نووسەری چاك کەسێکە کە زمان بە شێوەیەکی کارا و کاریگەر بەکار بێنێ.. تۆ ئەم خەسڵەتەت لە حیزب دابڕیوە. ئەگەر نووسەرێکی چاك بێتە ریزی حیزبێکی بێ کەڵکەوە، هەر دەتوانێ کارایی و کاریگەریی زمانی خۆی بپارێزێت؟

– بەڵێ دەتوانێ و هەموو گرفتەکەش لەمەدایە، تفەنگ تفەنگە و گرینگ نییە چ کەسێك دەیتەقێنێ.

*– ئەورازو هۆکارێك کە مایەی ئیجادی نەزم و ئاسایش بێ دەشێت ببێتە بایسی بێ نەزمی و ئاژاوە؟ بۆ نموونە زمانێکی پاك بکەوێتە خزمەتی خراپی و گەندەڵی؟ حکومەتی گەندەڵکار خۆ بەخۆ ناتوانێ ببێتە مایەی زمانێکی ناهەموارو ناهەنجار؟

– بۆ نە، دەتوانێ، زمانی ناهەنجار زۆر گەندەڵیانی لێدەکەوێتەوە، حکومەتی خراپیش یەکێکە لە بەرەنجامە گەندەڵەکانی. بەلاّم زمانی پاك بە زەرورەت نابێ بە مایەی پەیدابوونی حکومەتی گەندەڵ. بەرای من ئەمە گوتەیەکی تەواو کۆنفۆشیۆسییە. ئەگەر دەستوراتی مەزەبی بۆ هەمووان خویا و روون نەبێ، قابیلی جێبەجێکردن نابێ.ئەو یاساو دەستورانەی کە دەوڵەتی (لوید جۆرج) داینان، هێندە تێکەڵ و پێکەڵ و بێ سەرو بەر بوون کە پارێزەرانیش سەریان لێ دەر نەدەکرد. و(تالیران)ش دەیگوت کە لە نێوان ئەم کۆنفرانس و کۆنفرانسی دواتردا مانای وشەکانیان دەگۆڕی. پەیوەندی نێوان خەڵکی پچڕاوە و ئەمە بابەتێکە کە ئەمرۆ هەموومان پێوەی دەناڵێن. ئێمە زۆر خراپ گیرۆدەی وەهم و خەیالاّتی خۆ بووین و ناتوانین بگەرێینەوە سەر ئەقڵ و ئاوەزی خۆمان. چەند جارێك ناوی کالاّیەك بە مۆسیقاوە دووبارە دەکەنەوە، دوای ئەوە ئیدی پێویست بە دووبارە کردنەوەی ناوەکە نامێنێ. خودی مۆسیقاکە خۆ بەخۆ ناوی کالاّکە لە هزرو زەیندا بەرجەستە دەکات. پێم وایە تەعەدامان لێکراوە. دەردی گەورەی ئێمە لاڵ بوونی زمانە، ئەوەیە کە زمان بۆ پەنهان کردن و ڤەشێرتنی هزرو بیران بەکار دەبرێ. ئەوەیە کە دەبێ هەموو شتێك لە ژێر پەردەوە بگوترێ و ناتوانرێ ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە دەر ببردرێ. بەرای من بانگەشە کردنی ئەسڵی بۆ بەکارهێنانی ئەم زمانە جەدەلیە، لەبەر ئەوەیە کە دەتوانرێ بۆ شاردنەوەی حەقیقەتەکان و چەواشەکردنی بیرو بیرکردنەوەی خەڵکی سوودی لێ ببینرێ.

*– بەرای تۆ   کەی بێ ئاگایی و بێ گوناهی کۆتایی دێ و دوو روویی و فریوکاری دەست پێدەکات؟

– دەبێ بێ ئاگایی سروشتی لە بێ ئاگایی دەستکرد جیا بکرێتەوە. بە بۆچوونی من ئیستا ڕێژەی بێ ئاگایی دەستکرد لە سەدا هەشتا و پێنجە.

*–   پێت وایە لە هەنبەر ئەم وەزع و حاڵەدا دەتوانرێ چ بکرێ؟

– تاقە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەو سەرکەوتن بەسەر ئەم مێشک شۆردنەوەیەدا ئەمەیە کە هەرکەسە هەقی هەبێ قسەی خۆی بکات و خەڵکیش ڕەخنە لە بۆچوونەکانی بگرن.تا ئەو کاتەی هەموو شتێك شێواو وبێ سەروبەر بێ، وشەی ساختەو سواو و کلێشەیی لە زماندا بەکار ببرێ هیچ بە هیچ ناکەین. تا زەمانێ کە بیست و پێنج نەفەر یەك وشە بە بیست و پێنج شێوە دەربڕن و مانای جیاوازی بۆ بدۆزنەوە، هەڵبەتە ئەگەر وای دابنەین کە لەم وەزع و حاڵەدا ئەسڵەن ڕۆشنبیرێك بمێنێ، بە گومانم لەوەی ڕێگەیەك بۆ نەجاتی بەشەرو ڕۆحی بەشەر هەبێت. ئەمرۆکە لە بزاڤی بوداییاندا هەموو شتێك دەبینی جگە لە ئاینی کۆنفۆشیۆس. ئاینی بوداییانی هند، (سیرسە) وەبیر مرۆڤ دێنێتەوە، ئەو جادووگەرەی کە ئادەمیزادی دەکرد بە بەراز.

لەم ڕۆژگارەی ئیستادا ڕووبەڕووی زۆر مەتەڵی بۆ نموونە پرسی بەشەردۆستی تەماشا بکە..ئێژی ڕۆژمان بە ڕۆژێ گەییوە کە ئەم زاروەیە لە جاران کەمتر کاریگەریی و کارایی هەیە. ئیلیوت دەڵێت هەموو وەختی خۆی بۆ ئەمە داناوە کە بیسەلمێنێ سیستەم بەرادەیەك خەملیوە کە چیتر پێویست بە باشبوونی بەشەران نییە. ئەمە جگە لەوەی کە لەو وتارەی ئیلیوتدا کۆمەڵێك پرسیار دەخرێنە ڕوو کە ئیلیوت ناتوانێ خۆی لە وەڵامیان بدزێتەوە. بۆ نموونە دەتوانرێ لێی بپرسرێت ئایا پێویست بەوە نیە بەهاکانی دانتی شوێنی پێوەرەکانی (چەوسەر) بگرنەوە؟ئەگەر ئەو پێویستیە هەیە تا چ ڕادەیەکە؟ بەرای من ئەو خەڵکانەی قەدرو حورمەتیان لە دەست داوە، شتێکی زۆریان دۆڕاندووە. جا من و(تیفانی تایر) لە بنەڕەتدا لەسەر ئەم بۆچوونە نەسازاین و لێکدی جیابووینەوە. ئەمانە تەنیا کۆمەڵێك وشەی قەبەو قەڵەو دەزانن، وشەی کلێشەیی و سواو.

یەکێك لە کێشەکانی دی پەراگەندەیی خەڵکە، خەڵکانێك کە لە یەکدی دەگەن بەڵام لە ڕووی جوگرافیاییەوە پەراگەندەن بۆ نموونە کەسێکی وەکو فرۆست کە زۆر چاك توانیویەتی پەیوەندی دەگەڵ ژینگەی دەورو بەریا بەرقەرار بکات دەبێ بە ئینسانێکی بەختەوەر بزانرێت.

بەڵێ، خۆشی لە کەسێکی بە شانسی میناکی (ماوروکورواتو) کە پەیوەندی دەگەڵ زانایەك دا هەیە،دەتوانێ کێشەو گرفتەکانی خۆی لەو بپرسێت! منیش کاتێ کە تووشی کێشەیەك دەبم نامە بۆ دۆستێکم کە لە ڤینیس دەژی و نێوی (دازی)یە دەنووسم و ئەویش یەکسەر وەڵامم دەداتەوە،ئێژی سەنەدی (بەخششی کۆنستاتین)م کەوتووەتە دەست و دەمەوێ بزانم ڕەسەنە یا ساختەیە.

خۆ حیکایەت و چیرۆکی زانستگە هەر مەپرسە، لە هەموو شتێ عەنتیکە ترە: ئەو شوێنەی کە دەبێ لە بنەڕەتدا لە شوێنانی دی جیاوازتر بێ– ئەو خەڵکانەی کە لەوێن دەبێ کەسانێك بن کە

بیرو بۆچوونی کەسانی دیکە راست بکەنەوە یان دروستی و نادروستی زانیاریان دەست نیشان بکەن– مایەی داخە کە واقیعی زانکۆ وانییە..ئەوەی راستی بێ من لەم دەساڵەی رابردوودا هەوڵم داوە پەیوەندی بەو کەسانەوە بکەم کە مامۆستای زانستگەن‌و ناسیاون‌و داوایان لێبکەم کە بۆم بنووسن ئایا چ لە زانکۆکەی خۆیان یان لە دەرێی زانکۆ، کەسێك دەناسن کە بتوانن ماوەیەك لە گەڵی دانیشن‌و دەربارەی کۆمەڵە پرس‌و مەسەلەیەکی جدی گفتوگۆ بکەن یان نا؟ جارێك یەکێك لە ئاغایان گوتی زۆر بە داخەوەیە گەر بڵێ ئەم جۆرە کەسە لە زانکۆ نەماوە.

زۆر جاران هەندێ پرسیاری بە رای خۆم جدیم لە شارەزایان کردووە، لێ هیچ کاتێك وەڵامی راستگۆیانەو دروستم لێ نەبیستوون. لەوەشە خەتایەکە لە خۆم بێ کە پرسیارەکە بە روونی ناکەم یان بە بێ حورمەتی‌و بە زبری پرسیار دەکەم.بە زۆری وا تەسەوردەکەم کە ئەم بەناو لاڵ بوونە خەتای زمان‌و رستەبەندی من نییە، بەڵکو تەخسیر لە بەرانبەرە کە ناتوانێ لەوە حاڵی ببێ کە بۆچی تۆ ئەو جۆرە پرسیارە دەکەیت. بۆ نموونە (گیفۆرد)و شەریکەکانی تەنیا لەبەر ئەمە هێرشیان کردە سەر بەیتی (ئەندیمۆنین) چونکە نەیان دەتوانی تێی بگەن ئەم (کیتز)ـە زرینگ‌و زیتەڵە لە بنیچەدا بۆچی ئەم بەیتەی هۆنیوەتەوە.

کێشەیەکی دیکە هەیە کە پەیوەستە بە پاراستنی بەها خۆماڵی‌وکەلەپوورییەکان. ئەو کەلەپورانەی کە لەم گێژاوی پڕ مشت‌و مڕەدا روو لە نەمانن..ئەم هەرەسە گەورەیەی خەریکە هەموو کەلتورەکان قووت بدات‌و کەلتورێکی یەك شێوەی لە شوێن دابنێ. هەموو شەڕەکە بۆ ئەمەیە کە بەڵکو بەری ئەم هەرەسە بگیردرێ‌و روحی ئینسانی پاس بکرێ. دژمنی ئێمە مێژووی سەرکوتکەرە، بانگەشەی گێژ کەر، شۆردنەوەی مێشك، زبری‌و رابواردن ژیانیان داخستووین. شەست ساڵێك لەوە پێش شیعر هی هەژاران بوو: هی بنیادەمێك بوو کە لە هەموو شوێنێك دادەبڕاو پەنای وەبەر تەبیعەت و سروشت دەبرد. لەوەشە هۆی سەرگەرمی‌و فەرامۆشی کەسێکی وەکو (فریمۆنت)ش بووبێ کە کتێبێکی شیعری یۆنانی لە بەرکی دەنا و دەچووە سەفەرو سیاحەت. ئینسان ئەگەر بیویستایە ژیانێکی خۆشی هەبا دەیتوانی بە تەنیا پەنا وەبەر مەزرایەکی دوورە دەست بەرێ‌و بۆ خۆی لەوێندەر بژی. پاشان سەروکەللەی سینەما و تەلەفزیۆن پەیدا بوو وهەموو شتێك گۆڕا.

*– یەکێك لە چالاکییە سیاسییەکانی تۆ کە هێشتا لە بیری خەڵکی ماوە، ئەو وتارانەیە کە لە زەمانی جەنگدا، لە رادیۆ ئیتالیاوە دەتدا. کاتێ ئەم وتارانەت دەخوێندەوە دەتزانی یاساکانی ئەمریکا پێشێل دەکەی؟

– نە، نەمدەزانی. پاشانیش کە گوتیان یاسات پێشێل کردووە زۆرم پێ سەیر بوو. من قەولێکی تریان دابوومێ. من ئازادی گوزارشت‌و دەربرینم درابوویە. قانون دەیگوت: "وەکو هاووڵاتیەکی ئەمریکایی داوای لێناکرێ کە شتێکی پێچەوانەی ئارەزوو و مەیلی باتینی خۆی بڵێت‌و یا قسەیەکی پێچەوانەی ئەرکەکانی بکات." وام دەزانی ئەم مادە قانونیە دەم پارێزێ.

*– پێت وانیە قانون یەکێك لە شێوەکانی خیانەتی بەمجۆرە دیاریکردووە: "کۆمەك‌و یارمەتی گەیاندن بە دژمن." مەگین دژمن ئەو وڵاتە نەبوو کە دەگەڵ ئێمەدا دەحاڵی جەنگدا بوو؟

– هەستم دەکرد لە رای بەرگری لە دەستور دەخەبتم. جا با پێت بڵێم: رەنگە ئەم کارەی من ئەوپەڕی شێتی بووبێ، بەڵام بێ چەندو چوون هەستم نەدەکرد کە خیانەت دەکەم. (ودهوس)ش وەکو من لە رادیۆ ئیتالیاوە قسەی دەکرد،و وتاری دەدا، لێ ئینگلیزەکان دەسبەجێ ئاگاداریان کردەوە کە ئەم کارە نەکات. کەس داوای لە من نەکرد وتار نەدەم.لە دوای جەنگ ئەوسا بەیاننامەیەکیان بلاوکردەوە هەرکەسێك لە رادیۆ ئیتالیاوە وتاری داوە سزا دەدرێ.ئێمە ساڵانێك خەباتمان کرد تا جڵەوی جەنگ بگرین‌و ئاقیبەتیش ئەم جەنگە گەوجانەیە ریشی خۆمانی گرتەوە، جەنگی ئەمریکاو ئیتالیاییەکان!...من لەو گوتارانەدا هەرچیم دەگوت ئەوە نەبوو داوا لە سەربازان بکەم شۆرش بکەن، هەڵگەرێنەوە، یاخی ببن. وامدەزانی سەروکارم دەگەڵ یاسادایەو دەمویست بەرگری لە دەستور بکەم. بە بۆچوونی من ئەمە گرفتێکی نێوخۆ بوو، گرفتێك کە پەیوەندی بە من‌و دەستورەوە هەبوو. باوەرناکەم تا نهو هیچ کەسێك خراپەی لە من دیبێ. ئەگەر کەسێك هەیەو بتوانێ بیسەلمێنێ من لەسەر نەژاد، رەنگ و یا باوەری، بەدرەفتاریم دەگەڵ کردووە با بێت‌و وەکو خۆی بیداتەوە بە چاوما. کتێبی( رێنوێنی کەلتوور)ی من بە (باسیل بونتینگ)و (لویس جکۆفسکی) پێشکەش کراوە: بە (کوایکەر)ێك‌و بە (جولەکەیەك) نازانم تۆش پێت وایە کە رووسەکان دەبوایە بەرلین بگرن یان نا. نازانم وتارەکانم کارێکی دروست بوو یان نا،و بەم کارەم زەرەرم بە لایەنێك گەیاندووە یان نا. بەڵێ، رەنگە لە خەت دەرچووبم، پێم لە بەرەی خۆ درێژتر کردبێ. لێ یاسای شاری بۆستون دەیگوت نیازو نیەتی ئەو کەسە حیسابە. ئەگەر بەراستی مەبەستی خیانەت نەبووە، کارەکەی خیانەت نییە. من دڵنیام ئەوەی ئەنجامم دا بەرگری لە مافی تاك بوو، کاتێ دام‌و دەزگاێن جێبەجێکردن‌و یان دەزگایانی دی، جڵەو بۆ دەسەلاتی خۆ شل دەکەن‌و لە هیچ کارێك ناپرینگێنەوەو هیچ کەسێك رێیان لێناگرێ،ئینسان هەموو ئازادییەکانی لە دەست دەدات. لە ماوەی ئەم سی ساڵی رابردووەدا رێبازی خەباتم دژ بە زوڵم‌و زۆر هەڵە بووە.هەڵبەتە مەبەستم تەنیا جەنگی جیهانی‌و ئەو وتارانە نییە. ئەگەر ئینسان، تەنانەت ئینسانێکی گەندەڵیش، لە ژیانیدا روو بە رووی هەندێ حەقیقەتان ببێتەوە یان پەی بە هەندێ هەڵەی دام‌و دەزگای حکومەتی ببات‌و بخوازێت راستی بکاتەوەو یا دژی بوەستێ، بە خۆیشی لەم هەوڵ‌و خەباتەیدا لە هەڵەو سەهوو بە دوور نابێ. هەڵەو سەهواتێك کە هەندێ جار سەری ساحێبی دەخوات.

لەم بیست ساڵەی رابردوودا شێتایەتی‌و ترسی جەنگی سێیەمی جیهانی، گەندەڵی‌و کاغەزبازی هەموو دنیای پڕ کردووە. نەمانی ئازادی شەخسی‌و کۆمەلایەتی، رێك وەکو ساڵی ١٩٠٠،خویا و حاشا هەڵنەگرە. زوڵم‌و پەریشانی‌و ماڵوێرانی زەقاو زەق هەموو لایەکی گرتووەتەوە. هەر هەموو ئەمانە مایەی نیگەرانی ئینسانن. جەنگی جۆراوجۆر ژیانی مرۆڤیان خستووەتە خەتەرەوە. بە باوەری من پێشبرکێی ئاسمانی مەترسییەکی دیکەی جدیە کە دەتوانێ ژیانی بەشەر بخاتە مەترسییەوە.

*– کە ئەمریکاییەکان دەسگیریان کرد یت، چاوەروانت دەکرد حوکم بتگرێ؟ تەسەورت دەکرد لەگینە ئیعدامت بکەن؟

– هەوەڵجار حەپەسام ،مەگەر چیم کردووە تا دەسگیرم بکەن.چاوەڕوانی ئەوە بووم پرسیاری ئەزموونەکانم و ئەو شتانەم لێبکەن کە فێریان بووم. کەچی بە پێچەوانەوە دەرچوو. دەمزانی بە درێژایی ئەو وتارانەم ئاگام لەوە بوو کە دەربارەی ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بەمنەوە نییە، قسە نەکەم. یا نەکەومە خزمەتی دەوڵەتێکی بێگانەوە. گێلی و شێتایەتی من ئەمە بوو کە نەمدەزانی ئینسان هیچ قسەیەکی نیە دەگەڵ داگیرکەرانیدا بکات، دەگەڵ ئەو کەسانەی ئەم جەنگەیان نابووەوە و ئەمریکایان تێوەی گلاند بوو. وێڕای ئەمەش من تەسلیم بوون و رازی بوونم پێ خۆش نیە، لە هەنبەر هەڵە و خەتادا بێدەنگ ببم.

پاشان بۆ مەیدانێکی سنووردرایان لە (چیاواری) بردم.لەوێ تاوانبارانیان تیرباران دەکرد. لە دڵی خۆدا گوتم حیسابم تەواووهەر ئیستا لە نێوم دەبەن. چەند دەمێك بەر لە ئیعدام کرن سەروکەللەی بابایەك پەیدا بوو کە ئەحمە قە ئەگەر من تەسلیمی ئەمریکاییەکان بکات، مەگەر خۆم بمەوێ.

*– بیستوومە لە ساڵی ١٩٤٢ دا، لەوساڵەدا کە ئاقیبەت ئەمریکاش گیرۆدەی جەنگ بوو، دەتویست ئیتالیا بەجێ بێڵی و بۆ ئەمریکا بگەرێیتەوە. بۆچی ئەم داوایەت پەسند نەکرا؟

– کە دەڵێن پەسند نەکرا ئەمە تەنیا دیعایەیە. ئەوەی راستی بێ خۆیشم باش سەر لەم قۆناغە دەرناکەم و رووداوەکانم بە دروستی بیر نایەتەوە. لێ پێم وایە کە ... ئەوەندەی بیرم دێ پێیان وتم دەتوانی بچی بۆ (لیسبون) و بە درێژایی ماوەی شەڕەکە لە ژێر چاودێریدا بژی.

*– لەو سەردەمەدا بۆچی دەتویست بۆ ئەمریکا بگەرێیتەوە؟

– دەمویست بەر لە ریفراندۆم و هەڵبژاردن لە ئەمریکا بم..بەلای کەمەوە لە ناوەراستیا.

*– بەڵام هەڵبژاردن ساڵی ١٩٤٠ بوو، وانا؟

– بۆ نە،ئەوەی راستی بێ بیرم نایە چ روویدا. باب و داکم زۆر پیر بوون و نەیاندەتوانی سەفەر بکەن. دەبوایە لە شاری راپالو وەمێنن. بابم خانەنشین بوو و بە مووچەی خانەنشین دەژیا.

*– لەماوەی جەنگدا لە ئیتالیا، هیچ شیعرێکت گوت؟ (سروودێن پیزان) هی سەردەمی گرتنەکەتە. لە ساڵانی جەنگدا چ شتگەلێکت نووسی؟

– هەمووی هەر باس بوو، باس و باس. هەندێ بەشی وەرگێرانی (کۆنفۆشیۆس)ش دەگەرێتەوە بۆ ئەو ساڵانە.

*– چۆن بوو لە زەمانی دەستگیرییەکەتدا دووبارە کەوتیتەوە بیری شیعر؟ تۆ لە ماوەی جەنگدا بە هیچ جۆرێ بەلای سروودان دا نەچووی، وایە؟

– رێگەم بدە با قسەت بۆ بکەم..نووسینەکانم لەمەڕ (ئادامز) رێك بەر لە تەواو بوونی شەڕ بڵاوبوونەوە. نە، سەرچیغ چووم، ئەوانە نەبوو. کتێبی ( پارە یان کار) بوو. لەم ساڵانەدا پتر گوتارێن ئابوریم بە زووانی ئیتالیایی دەنووسی.

*– لە کاتی دەستگیرییەکەتەوە تا نهو ( مەبەست کاتی هەڤپەیڤینەکەیە– وەرگێڕ) سێ کۆمەڵەت لە زنجیرەی (سروودەکان) بڵاوکردووەتەوە. کۆمەڵەی ( ئاسمانی سێیەم)لەم ئاخروئۆخرەدا چاپ

بوو. دیاره دەبێ درێژەی سروودەکان بێ. بۆ سروودانی دوای ئەمە چ بەرنامەیەکت هەیەو دەخوازی دەربارەی چ بابەتانێ شیعر بڵێی؟

– زەحمەتە مرۆڤ لە هەلومەرجێکدا کە هەموو نیشانەو دیاردەکان وا دەنوێنن کە دەبێ نامەیەکی میناکی (مکاشەفەی یۆحەنا) بنووسێت، بیەوێ شتێکی وەکو بەهەشتی دانتی بخولقێنێو بئافەرێنێ. ئەم کارە تەنانەت لە نووسینی دۆزەخ و یان (بەرزەخ)ش زەحمەتترە. حاڵی حازر لە هەوڵی ئەوەدام بەشی باڵای زەینم بپشکنمو شتێکی تیا بدۆزمەوە. رەنگە باشتر وابێ لەو بەشەی مێشکمدا (ئاگاسین) لە جێی مێشکم دابنەم.

*– راستە دەڵێن کەمدابێژێک تێکچووی؟

– وای دابنە من تێك چووم. بەڵام پرسیار ئەمەیە کە ئایا بەراستی من وەکو هەندێ لە ئاغایان دەیانەوێ وابنوێنن، مردووم؟ ئەگەر بە راستی لە کار کەوتووم دەبێ بە خۆدا بچمەوەو ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بووە هەندێ شتان هەڵسەنگێنمەوە. بۆ نموونە هەندێ خاڵی ئالۆزو تاریکی بەرهەمەکانم روون بکەمەوە. کەمێك روونتر بیرو باوەرەکانم دەربڕمو شیان بکەمەوە. دەبێ یاساو رێسایەك بدۆزمەوە، یاساو رێسایەکی پەیڤەوانی کە بتوانم بە هۆیەوە بچمە شەڕی ئەم دڕندە خووییە: ئەو تەبیعەتو خووەی کە هەموو شتێك بە راستو رێكو پێك دەزانێ و نایەوێ باوەر بەوە بکات کە دەتوانرێ گەردیلەو ئەتۆم شەق بکرێ. لە شێتخانەدا یەکێك هەبوو کە دەیگوت ئەتۆم هیچ کاتێك شەق نەکراوە.

داستان شیعرێکە کە مێژووی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. لە زەینی مرۆڤی ئەمرۆکەدا زۆر رەگەزی نابا و هەیە. شیعری داستانی بۆ زەمانی رابردوو باش بوو چونکە زۆر پرسیارانی دەوروژاندو وەڵامی پرسیارەکانیشی پێ بوو. بەلای کەمەوە ئەم پرسیارو وەڵامانە لە نێوان نووسەرو گوێگردا هەبوونو دەهاتنو دەچوون. ئەزموونی لەو جۆرەو لەم جۆرە سەردەمەدا چاو قایمیو بێ پەروایییە. ئەم حیکایەتەت بیستووە؟ دەڵێت:

ئازیز چی دەکێشیت؟
وێنەی خوا
خۆ کەس نازانێ چۆنە
کە من کێشام هەموو دەزانن.

لە زەمانی ئێمەدا، هەڵبەتە بابەتی حەماسیو داستانی زۆرە. خەبتینی خەڵکی لە رای بەدەستهێنانی مافی فەردی بابەتێکی داستانیە.. جگە لەمانە رووداوانی میناکی دادگاییەکانی ئاتین، کێشماکێشی نێوان (ئەنسەلم)و (ویلیام رۆفۆس)،کوشتنی (بکت)، خەباتی (کوك) و ژیانی (جۆن ئادامز) گشت لە گشت بابەتێن داستانیو حەماسین.

وادیارە شتێك بەردەمی خەباتی گرتووە. مافی حاکمییەت بە تەبیعەت بابەتێکی داستانییە، ئەگەرچی لە هەندێ قۆناغدا ئاڵۆزو... دێتە بەرچاو. هێشتاش دەتوانرێ لە هەندێ لایەنەوە مامەڵەی لە تەکدا بکرێ. ئاشکرایە ئەگەر بمانەوێ مامەڵەی لە تەکدا بکەین دەبێ کەمێك کورتو چڕی بکەینەوە تا بتوانێ قاڵبی شیعری وەربگرێ. ئینسان بە تەبیعەت سروشتێکی خودئاگای

هەیە. ئەو خودئاگاییە کە رەگی لە کێشەکانی دنیای هاوچەرخدایەو هەموو ژیانی بەشەر بریتیە لە جیدال‌و ململانێی نێوان خودئاگایی‌و نائاگایی، ئەگەر بمانەوێ ئەم ململانێیە نیشان بدەین، ناچارین بە جۆرێکی هەندێ تەم‌ومژاوی نیشانی بدەین. گەلێك لە نووسینانی هاوچەرخ‌و تازە خۆ لەم جۆرە خەتەرە دەبوێرن‌و نزیکی ئەم چەشنە بابەتانە ناکەونەوە.
من ئەمرۆکە بۆیە دەنووسم تا دژی ئەم بۆچوونە بخەبتم کە دەڵێت ئەورووپا و شارستانیەتی ئەورووپا روو لە نابووتییەو خەریکە دەبێ بە بەشێك لە دۆزەخ. ئەگەر بیانەوێ من( لەسەر باوەڕێك لە خاچ بدەن) دەبێ لەسەر دژایەتی کرنی ئەو بۆچوونە لە خاچم بدەن. من باوەرم وایە کەلتورو شارستانیەتی ئەورووپا نامرێ. ئەم بۆچوونە هەموو هۆش‌و گۆشی مژول کردووم‌و گشت تاریك‌و روون‌و بولێڵی هزرم بە دەوریا دەسورێتەوە. بە باوەری من هەندێ لایەنی کەلتورو شارستانیەتی ئەورووپایی، دەگەڵ کەلتورانی دیکەدا درێژە بە ژیانی خۆ دەدات‌و کەلتورو شارستانیەتێکی جیهانی پێك دەهێنن. لە هەنبەر بانگەشە، ترس، و گشتاندنی رابواردن جگە لەمە چ وەڵامێکی سادەو کورت دەشێت بدرێتەوە؟ ئینسان بۆ نووسین لەسەر بابەتێك کار دەکات، کەرەستە خاوەکانی بە دەست دێنێ‌و هەوڵ دەدات سەراپای نووسینەکەی ئامازە بێ بۆ ئەو بابەتە تایبەتیە. ئەگەر هونەرمەند بیەوێ نووسینەکەی قابیلی تێگەییشتن بێ‌و هێما و ئاماژەکانی لای خوێنەر دیار بێ، ناچارە دەبێ هەندێ راستکردنەوەو دەسکاری قەبوڵ بکات، بێ ئەوەی پێکهاتەی بناخەیی بابەتەکانی دەسکاری بکات. خەباتی تۆ لەسەر ئەمەیە کە ناتەوێ لە بەرانبەر دژمنەکانت سەری تەسلیم بوون دابنەوێنی.
*– باشە کە (سروودەکان) لە بەشێن جودا پێکهاتووە لەبەر ئەمەیە کە ویستووتە لە هەر بەشێکی دا مامەڵە دەگەڵ بابەتێکی تایبەتیدا بکەی؟ بۆ نموونە سێ بەشی کۆتایی (سروودەکان) هەر یەکەیان ناوێکی جیای هەیە.
– نە، وانییە. (متەبرسنگ)م بۆیە هێناوە چونکە وا دەهاتە بەر چاو بەشەکانی پێشووتری سروودەکان لە رادەبەدەر بە دەوری یەك بابەتدا خولاونەتەوە. دەمویست ئەم حاڵەتی لە رادەبەدەرە، پوچەڵ بکەمەوەو برەوێنمەوە. نەمدەویست سروودەکان، وەکو کۆمیدیای خوایی، لە سێ بەش پێك بێت. بنیادەم ناتوانێ لەم سەردەمی ئەزموونگەرییەدا شتێکی هاوتا و هاوشێوەی دانتی دابهێنێ. لە (سروودەکان)دا سێ دەستە مرۆڤ دەبینرێ: ئەوانەی کە لە ژێر کاریگەریی هەستی خۆدان، ئەوانەی کە بۆ ژیانێکی باشتر دەخەبتن، و ئەوانەی کە تروسکەیەك لە خوایەتیان تێدایە. لە بەهەشتەکەی دانتیدا رۆحی ئەو کەسانەی کە لە دنیادا حکومەتێکی باشیان بەرپا کردووە بۆ (ئاسمانی سێیەم) دەروات. دابڕان لە خۆپەرستی‌و خۆپەسندی‌و لووتبەرزی‌و دامەزراندنی ئاین‌و دەستورێکی دروست‌و مرۆڤانی لەسەر زەوی نێوەرۆکی ئەسڵی بەیتی (ئاسمانی سێیەم)ە. لە ژیانی ئاساییدا بنیادەمان کەمتر سەروکاریان دەگەڵ ئەقڵ‌و ئاوەزدایەو کارو کردەوەیان بە دەگمەن ئاقڵانەیە. بەیتی (ئاسمانی سێیەم) باسی خەڵکانێك دەکات کە هەڵوەداو عەودالی دۆزینەوەو بە دەستهێنانی شتێکی هێوەتر لە ژیانی ئاسایین‌و نۆرینیان لە هەڵس‌و کەوتی شەخسی دوور بوردترە.

*– ئیستا کە تەقریبەن گەییشتوویتە کۆتایی (سروودەکان)  بە تەما نیت دوای تەواوکردنیان سەر لە نویٚ پێیدا بچیتەوەو چاپی بکەیتەوە؟

– نازانم. هەڵبەتە پێویستی بە هەندێ پێداچوونەوەو دەسکاری هەیە. بەڵام پێم وانیە راستکردنەوەو پێداچوونەوەی هەمەلایەنەی گەرەك بێ . گومانی تێدا نییە کە ( سروودەکان) بەم شێوەیەی ئیستای لە رادەبەدەر ئاڵۆزو نامەفهوومە. لێ هیڤیدارم، سروودەکان میناکی بەهەشتەکەی دانتی، هەڵکشێ و بگاتە سافی وزولاڵی.راستە سروودەکان پێویستی بە پێدا چوونەوە هەیە، چونکە هەڵەی تێدا هەس.

*– رێگەم پێ بدە دووبارە باسەکە بگۆڕم. ئەو ساڵانەی کە لە نەخۆشخانەی سنت ئیلیزابت کەوتبووی هیچ رێککەوت، نووسەرێکی هاوچەرخی ئەمریکایی بێتە دیدەنیت و بە دڵت بێ؟

– عەیبی ئەم جۆرە دیدەنیانە ئەمەیە کە بنیادەم ناتوانێ بەرادەی پێویست قسە دەگەڵ میوانەکەدا بکات، بۆیە شتێکی ئەوتۆی لێهەڵناکرێنی. لەو کاتەدا تەنیاییەکی ترسناك تێم وڕوکابوو، هەستم بە باری تەنیایی ساڵەهای گۆشەگیری و دابرانم لە خەڵکی دەکرد. ئاخر بۆ ماوەی پانزە ساڵ زیاتر لەگەڵ هزرو بیری خۆدا ژیابووم تا لەگەڵ خەڵکیدا.

*– بە تەما هەی بۆ ئەمریکا بگەرێیتەوە؟ یان بەهیچ جۆرێ دڵت پێوەی نییە؟

– بێگومان دڵم پێوەیە ، حەزدەکەم.خۆیشم بە تەواوەتی هۆیەکەی نازانم، لێ هەستدەکەم خەمی غوربەتی ئەمریکام لەلا نەماوە. ئەمریکا، ئەمریکاکەی جاران نییە، ئەو ئەمریکایەی کە رەنگە تەنیا لە مێشکی مندا بوونی هەبێ: ئەمریکای ئادامز– جفرسۆن– ئادامز– جەکسۆن. ئەمریکای واقیعی شتێکی دیکەیە. بێگومان جاری وا هەبووە پڕ بەدڵ حەزم کردووە لە ئەمرکا بژیم. بەڵام هەمیشە کۆسپ و تەگەرەی تایبەتی دێنە رێگەی حەزو خۆزیات. بۆ نموونە (ریچمۆند)شارێکی جوانە لێ ناتوانی بەبێ ئوتومبیل تیای بژی. حەزدەکەم بەلای کەمەوە ساڵی یەك دوو هەیڤان لە ئەمریکا بژیم.

*– دوێنێ گوتت تا پیرتر دەبی زیاتر هەست بە ئەمریکایی بوون دەکەی. ئەمە چۆن دەبێ؟

– دەبێ ئیتر..هیجرەت هەندێ جار پێویستە، وەکو نەشونماکرنی گیا. بنیادەم چەکەرە دەکات ، گەورە دەبێت تارۆژێ لە رۆژان بیری زاگەی خۆی دەکات، ئەوشوێنەی کە لێی هەڵکەنراوە. لێ گاڤێ کە دەگەرێتەوە بۆ مەفتەنی ئەسڵی خۆی سەیر دەکات مەفتەنەکەی جاران نییەو هیچ هەلومەرجێکی رابردوو نەماوە. هەنگێ دەگەرێتەوە لای خودی خۆی و...تا ئیستا بیرەوەرییەکانی (ئەندی وایت)ت خوێندووەتەوە؟ وایت دامەزرێنەری زانستگەی (کورنل) بوو.بیرەوەرییەکانی هی سەردەمی رەزامەندی ئەمریکایە، سەردەمێ کە هەمووان بە گەشبینییەوە دەیانروانییە دنیا و پێیان وابوو زۆر شتی چاك دەکرێ لە ئەمریکادا تەرجەمەی واقیع بکرێ. سەردەمی بەر لە داروخان و هەرەسە، دەوروبەری (١٩٠٠).وایت قۆناغێکی لە مێژووی ئەمریکا وەرگرتووەو باسکردووە کە سەرەتاکەی (بوکنان)ە. وایت بە نۆرە یا سەفیری ئەمریکا بووە لە روسیا یان سەرۆکی زانستگەی کورنل بووە.

*– ئەمجارە کە بۆ ئیتالیا گەرایتەوە زۆر لێی نائومێد بووی؟ وایە؟


– بەڵێ ، بێگومان ئینسان بە دیتنی ئەوروپای تازە دەتاسێ. تووشی شۆك دەبێ. چونكە هەست بە غوربەت دەكات، ئەو ئەوروپایەی كە رەنگە سەردەمانێك پاژێك بووبی لەو، ئیستا تێت ناگات. ئەوروپاییان بە دروسیی و بە باشی ئەمریكای راستەقینە ناناسن. زۆر شت هەن كە من وەكو ئەمریكاییەك، ناتوانم دەگەڵ ئەوروپاییەكاندا باسی بكەم: چونكە دەزانم لە زمانم حاڵی نابن، گوێ بە قسەكەم نادەن، یەكێك هەبوو دەیگوت من دوا ئەمریكاییم كە لە نێو كارەساتی ئەوروپادا دەژیم.

*******************************************

تێبینی: ئاغای پاوەند لەبەر نەخۆشی نەیتوانی هەڵەچنی ئەم هەڤپەیڤینە تەواو بكات. هەرچەند ئەم دەقە تەوا وە لێ ئەگەر ئاغای پاوەند نەخۆش نەبوایە، لەوە بوو گۆڕانی تیا بكات.

سەرچاوە: كار نویسندە

ت: احمد اخوت ...چاپ اول(١٣٧١) ، نشر فردا.



**سەید محەمەد تاهیری هاشمی**

## سەید محەمەد تاهیری هاشمی

## و

## چاوخشانێك بە کەلتووری کوردیدا

**هەڤپەیڤینی:   کەیهانی فەرهەنگی**

باب و باپیرانی مامۆستا تاهیری هاشمی هەموویان لە ساداتی پایەبەرزو زانایانی ئاینی بوونە و لە دەڤەری کرماشان و هەوراماندا پشت وپەنای کوردان بوونە. مامۆستا هاشمیش میناکی ئەوان لەپاڵ بەڕێوەبردنی کاروبای ئاینی خەڵکی دەڤەرەکەدا، سەرقاڵی فێرکردن و وتنەوەی دەرسی زانستێن ئاینیی، مەزەبی شافیعی بووە، بە قوتابیانی ئەو بوارە، لە هەمان کاتدا ئارەزوومەندانی ئەدەبیاتی کوردی لەسەرچاوەی لێوان لێوی هونەرو هونەرناسی خۆی پاراو کردووەو بەڕادەیەك کە شیعرەکانی بوون بە وێردی سەرزاری خەڵکی.

دڵپاکی مامۆستا هاشمی، لە جوانی وپاکی خەتی مامۆستادا دەبینرێ. مامۆستا کە لە خەتی نەسخدا بە شێوەی جوانی حافیز عوسمان، تەواو وەستاو بالأدەستە، قورئانی پیرۆز، سەحیفەی تەواوی سەججادیەو د لایل الخیرات و هەندێ دەقی بەنرخی دیکەی زۆ بەجوانی بەم شێوەیە نووسیوەتەوە.

بەو ئ ومێدەی کە ئەم یەکەم هەنگاوەی ئێمە ڕێگەی نەکراوەی کەلتووری دەوڵەمەندی کوردەواری بکاتەوەو گۆشەیەك لە گەنجینەی پڕبەری کەلتوورو مێژووی کورد، کە وەکو چیا سەرکەشەکانیان، ڕوبارە پڕخرۆشەکانیان و دەشتە بەرینەکانیان کەوتووەتە پشت ڕێگەێن پڕپێچ و پەنایان ، بناسێنێ، ڕوو دەکەینە مامۆستا هاشمی و دەپرسین:

**کەیهانی فەرهەنگی:** زۆر سوپاسی جەناب عالیتان دەکەین کە ئەم گفتوگۆیەت لەگەڵدا قبووڵ کردین، وەکو گفتوگۆیەکانی دیکە تکا دەکەین سەرەتا بفەرموون لە خۆتان و کورتەیەکی ژیانی خۆتانەوە دەست پێبکەن.

**مامۆستا تاهیری سەمیع زادەی هاشمی:**

بەناوی خوای دەهەندەو دلۆڤان، سوپاس وستایش بۆ خوای هەموو جیهان، سەلأوات لە دیداری سەروەرو پێغەمبەرمان محەمەدو هەموو یارو یاوەرانی.

بەندە تاهیری سەمیع زادەی هاشمی، لەدایکبووی ساڵی ١٣٣٢ی قەمەریم و هەنووکە نزیکەی ٧٤ساڵم،پێموایە ساڵی ٣٨ یان ٣٩ی قەمەری بوو کە بەندە بەرێوڕەسمێکی تایبەتەتییەوە بردرام بۆ ماڵی ماموستاو بەویان سپاردم،بەندە لە ئەلفباو جزمی عەمەوە دەستم به خوێندن کردو قورئانی پیرۆزم ئەزبەر کرد، زاگەی بەندە گوندی دەوڵەتاواو ڕەوانسەرەو لەوێش خوێندوومە، بەندە گوندییم، بابم لەلایەن سەردار ڕەشیدو قاسم خانی سنجابییەوە تالأنکراو ئێمە ئاوارە بووین، ٤– ٥ هەزار سوار هاتن و ئەوێندەریان تالأنکرد و ئێمەش هەلأتین، قوتابخانەی دەوڵەتاواش وێران بوو، پاشان لە ساڵی ١٣٤٧ی قەمەریدا، بابی مەڕحومم، مەلا محەمەد ڕەحیم سنەیی مەرحومی وەکو ماموستا هێنایە دەوڵەتاواو ئێمە سەرلەنوێ دەستمان پێکردەوە، هەڵبەتە بەندە لەم ماوەیەدا هەندێ دەرسم خوێندبوو، ئێمە دەرس خوێندنمان لە خزمەت هەمان ماموستا، بەرەحمەت بێ، دەست پێکرد وزۆربەی زانستە باوەکانی ئەو زەمانە لای ئەو فێربووین، من لە خزمەتی ماموستایانی دیکەی وەك مەڕحوم بدیع الزمان سنەیی کە پاشان بە بدیع الزمانی ناوی دەرکرد– چونکە ناوەکانیان لەگەڵ مەڕحوم بدیع الزمان فروزانفەڕدا چوونیەك بوو، خوێندوومەو زانستە باوەکانی ئەم زەمانە– هەڵبەتە ئەوەی لەو دەڤەرەو لای ئێمە باوبوو، فێربووم.

کەیهانی فەرهەنگی: دەکرێت دەربارەی شێوەی خوێندنتان و کتێبە باوەکانی ئەو زەمانە ڕوونکردنەوەی زیاتر بفەرموون؟

## ماموستا هاشمی:

یەکێك لە دەرسە بنەڕەتی و باوەکان تەسریفی زنجانی بوو،کە شەرحێکیان لە بارەیەوە نووسی بوو و لە جامع المقدمات دا هەیە.بیرم دێت کە ماموستاکانمان ئەم شەرحەیان لەبەر پێدەگوتینەوەو ئێمەشیان ناچار دەکرد کە لەبەری بکەین، پاش تەسریفی زنجانی، نۆرەی عەوامیلی جورجانی دەهات کە ئەم کتێبە بە پیتێن جەڕو پیتێن موشەبەهـ بە فیعل دەست پێدەکات و لە بابەتی (حەرف)دا بەردەوام دەبێت، پاش ئەوە سەمەدیەمان دەخوێند، پاشان کتێبێ بوو کە لە نێو کوردا باوە، بە نێوی تەسریفی مەلا عەلی شنۆیی، خەڵکی شنۆیە کە لە میسر بەچاپ گەییوە، ئەم کتێبە شەرحێکی کورت و پوخت وبەکەڵکی دەقی تەسریفە. لێرەوە ئیدی نۆرە دەهاتە سەر کتێبی جامی لە نەحودا، شەرحی جامی بۆ کافیەی ئیبن حاجب و شەرحی سەیووتی بۆ ئەلفیەی ئیبن مالیکمان لەبەر دەکرد. لە زەمانی ئێمەدا خوێندن زۆر زەحمەت بوو، ئێستا قوتابیان ئەو زەحمەتە ناکێشن و دەقەکان لەبەر ناکەن، ئێمە دەقی ئەو کتێبەی کە دەمانخوێند هەمیشە لە زەینمان دا بوو،پاش سەیووتی دەمانتوانی ڕستەو دەستەواژان بە دروستی بخوێنینەوە، بیرم چوو ئەوەش بڵێم کە لەو بەینەدا شەرحی نیزام و شەرحی شافیەشمان دەخوێند، مەنتیقمان بە حاشیەی مەلا عەبدوللا دەست پێدەکرد و پاش ئەوە دەچووینە سەر (گلبنوی وبرهان) کە یەکێکە لە گرینگترین کتێبان دەربارەی مەنتیق و

دەقەکەیان لەبەر دەکرد، نووسەری ئەم کتێبە شێخ سمایلی گلبنوی یە لە زانایانی تورکە، لە زانستی کەلامیشدا شەرحی عەقایدی نەسفی و شەرحی تەهزیبول کەلامی مەرحوم شێخ عەبدولقادری سنەییمان دەخوێندەوە کە شەرحێکی تەهزیبول کەلامی سەعد تەفتازانی یە، ئیدی نۆرەی زانستێن ڕەوانبێژی دەهات، لە نێو قوتابیانی سوونەدا خوێندنەوەی دوورو درێژ کەمتر باوە لە دوای ئەمانە جمع الجوامع- مان لەسەر ئوسولٌ و فیقه دەخوێند، ئەم کتێبە نووسینی تاج الدین سبکییە، لە ماوەی خوێندنی ئەم کتێبانەشدا تەفسیری بەینراوی -مان کە لە تەفسیرە گرینگەکانە دەخوێندەوە.

کەیهانی فەرهەنگی: ڕاتان سەبارەت بە ڕەوتی تەفسیر لە ئیسلامدا، بەتایبەتی تەفسیرێن کۆن و تازەو تەفسیرێن عیرفانی چیە؟

## مامۆستا هاشمی:

سەبارەت بە تەفسیرێن عیرفانی هەندێك دەڵێن هی شێخ عەبدوڕەزاق کاشانیە کە لە شێخانی سوهرەوەردییە بووە، گوایە دوایی بەناوی محێدینی عەرەبییەوە چاپ بووە .تەفسیرێن عیرفانی، تەفسیری ئایاتی چوونیەکن ،ئەوان، عیرفانییەکان لە مەیدانی ئەحکامدا، هیچ تەفسیرێکیان نییە.

کەیهانی فەرهەنگی: دەکرێت بفەرموون لەبەرچی کتێبەکانی زەمەخشەری تەنانەت تەفسیرەکەشی لەم دەڤەرەدا باو نییە؟

## مامۆستا هاشمی:

بەرهەمێن زەمەخشەری ڕەواجی هەیە. بەندە بەخۆم بیبلیوگرافیام هەیە، لیٚ زەمەخشەری لە فەرعاندا حەنەفی مەزەبە و لە ئوسولاٌندا سەر بە مەزەبی موعتەزیلەیە، بەلاٌم ئێمە ئەشعەرین.

جا لێرەدا پێویستە شەرحێکتان سەبارەت بە قوتابخانەی دەوڵەتاوا عەرزبکەم. ئەم مەدرەسەیە، لە ساڵی ١٢٧١دا واتە ١٣٥ساڵ بەر لە ئێستا کە مەرحوم باوەگەورەی بەندە ئەو گوندەی کڕی وبە فەقیٚ و مامۆستاوە هاتووەتە ئەوێندەر و شوکر تا ئیستاش هەر ماوەو بە پارەو خەرجی ئێمە بەڕێوەبراوە، ئێستاش بەندە لەوێندەر کتێبخانەیەکم بۆ ئامادەکردوون و هەرکەسێکیان کە ئیجازەی عیلمی وەردەگرن، ئاهەنگێکی تێرو تەسەلیان بۆ دەگێڕین، جلیان لەبەر دەکەین، عەمامەیان لەسەر دەنەین و خولاسە ئیدی دەڕۆن و دەبن بە مەلای گوندێك یان شوێنێك پاشانیش دادەمەزرێن

کەیهانی فەرهەنگی: ئەم قۆناغە چەند ساڵ دەخایەنێت؟

## مامۆستا هاشمی:

بۆ خەڵکانی زیرەك و زەین ڕوون، نزیکەی ١٢ساڵ دەخایەنێت، هەندیٚ لە زانستەکان ئیستا لە نێو ئەهلی سوننەتدا فەرامۆش کراوە کە یەکێك لەوانە فەلسەفەیە.لە کۆندا وانەی وەك فەلسەفە، هەیئەت، حیساب و قەواعید دەخوێنران و هەر یەکەیان کتێبی تایبەتی خۆی هەبوو.بەلاٌم ئیستا هەموو ئەم وانانە فەرامۆشکراوە.

بەلاّم سەبارەت بە مامۆستایانی دەوڵەتاوا،کاتیٚ باپیرە گەورەی بەندە ڕەحمەتی سەید ڕەسول ئەویٚندەریان کڕی، مامۆستایان ڕەحمەتی مەلا قاسم، خەڵکی پاوە بووە، مەلا قاسمی پاوەیی تا نزیکەی ساڵی ١٣٠٣ی قەمەری لە ژیاندا بووە، پاش ئەو مەلا قادر کە خەڵکی گوندی دەرموری نزیکی خانەقای پاوە بووە، لەویٚ دەرسی گوتووەتەوە، پاش ئەو مەلا ڕەسولی پاوەیی و پاش ئەو مەلا قادری جوانڕۆیی غەیاسی باوکی جەنابی مەلا عەلی فەخری، باپیرەی مەلا فەخری– ئیمام جومعەی جوانڕۆ ئەم کارەیان گرتە ئەستۆ کە ئەم مەلا قادرە مامۆستای بابی ڕەحمەتی من بووە، پاش ئەوە ڕەحمەتی مەلا مارف و مەلا ساڵح وسەید عارف و جەنابی مەلا عەبدولمەجیدی موەحید کە هیٚشتا لە ژیاندایە لەویٚندەر دەرسیان دەگوتەوەو منیش یارمەتیم دەدان و دەرسم دەگوتەوە.هەڵبەتە بە پیٚی دەرفەت، چونکە کاری دیکەم هەبوون.

کەیهانی فەرهەنگی: بیٚزەحمەت دەربارەی کارەکانی دیکەتان، جگە لە خویٚندن و دەرس گوتنەوە، بۆ نموونە لە بواری خەت و خۆشنوسی و نوسینشدا شتیٚك بفەرموون.

## مامۆستا هاشمی:

لە جوملەی ئەو کارانەی کە بەڕای من کەمتر ئاوڕی لیٚدرابووەوە، مەسەلەی وردبوونەوەو ڕیشە دۆزینەوەی مەودا جیاوازەکانی گروپە سۆفییەکان و ڕیٚگەی خواناسی ئەو زنجیرانە بوو کە دەبوایە بخریٚتە بەر وردەبینی لیٚکۆڵینەوەو شیکردنەوەوە، گروپیٚن وەك قادریە، نەقشبەندی، چەشتیە، سوهرەوەردیە،کەبرەویە،تەیفوریە، جونەیدییە،بەکتاشیە، خاکساریە،زەهەبیە،نیعمەتوڵڵاهی، وفائییەو خەڵوەتیە.

مەسەلەیەکی دیکەش کە دەبوایە بایەخی پیٚبدریٚ، ئەدەبیاتی کوردی بوو کە لە جۆری خۆیدا لە گەنجینە بایەخدارە زانستی و ئەدەبییەکانی ئەم سەرزەمینەیە،بەتایبەتی دەوری ئیسلام و ئایەت و حەدیسان لە دەوڵەمەندکرنی زیاتری ئەدەبیاتی ئەم دەڤەرە. لیٚرەدا خراو نییە گەر ئاماژە بۆ خاڵیٚك بکەم کە ڕەنگە باسکردنی بڕیٚك خۆش بیٚ. کاتیٚ کە سەرقاڵی گوتنەوەی خەمسەو باسی شیعرو بەرهەمەکانی نیزامی بووم، تووشی بەیتیٚك بووم بەم ناوەرۆکە:

اگر برفرش موئی بگزرد پیل
فتد افتادەای را جامە درنیل

کە مامۆستا سەعید نەفیسیش لە کتیٚبی قوتابخانەی مامۆستادا شەرحیان فەرموو بوو، هەڵبەتە نابیٚ لەم بارەیەوە مامۆستا نەفیسی ڕەحمەتی بە دریٚغکار بزانین، چونکە ئەو کەسەی پرسیاری کردبوو ئەوی بەهەڵەدا بردبوو، ئیٚمە هەرچیمان کرد مانای ئەم بەیتە حاڵی نەبووین، لە ئەنجامدا وپاش لیٚکدانەوە حاڵی بووین کە (فرش موئی) دروست نییە و(فرش موری) ڕاستە.

اگر برفرش موری بگزرد پیل
فتد افتادەای را جامە در نیل

واتە ئەگەر گەورەیەك،ببیٚ بە میوانی کەسیٚکی بچووك، ئەمە بۆ کەسە بچووکەکە دەبیٚتە باعیسی شادمانی و شانازی و سەربەرزی و لەخۆشی و لە کەیفان جلوبەرگی جەژن لەبەر دەکات، هەڵبەتە مەعلوومە کە جلی نیلی هەم لە جەژن و شادی داو هەم لە تازیەو کۆستکەوتنیشدا لەبەردەکریٚ،

ئەم شیعرەی نیزامی دەربارەی ئەوەیە کە بۆ یەکەمجار خوسرەوو شیرین لە ئەرمەنستاندا بەیەك دەگەن و شیرین، خوسرەو دەعوەت دەکات کە بچێ بۆ ماڵیان و ئەم قسەیە لە رووی تەوازوعەوە دەڵێت.

دەربارەی خۆشنوسیش کەمۆکەیەك شارەزاییم لە خەتی نەسخدا هەیە، دەزانی یەکێك لە دووازدە عیلمەکەی ئەدەبیات جوانی خەتە، خۆشنووسیە.عادەتەن خەتی نەسخ بەشێوەی نیریزی دەنووسن، لێ لێرە کارێکی ریزپەڕە، چونکە بەهۆی ئەوەی کە دەڤەری رۆژاوای ولاَت لە ناوچەو ئاقاری عوسمانییەوە نزیکە، خۆشنووسانی ئەم ناوچەیە پتر پەیڕەوی شێوەی حافیز عوسمان دەکەن، بۆیە شێوەی منیش هەمان شێوەی حافیز عوسمانە. بەندە لە کاتی وتنەوەی دەرسی خەتدا، مێژووی سەرهەڵدانی خەتە ڕەسەنە ئیسلامییەکانیش بۆ قوتابییەکانم ڕوون دەکەمەوە. یەکێك لە خۆشنووسە هەرە دیارو بە تواناکانی ئەم ناوچەیە لە خەتی نەسخدا بە ڕەحمەت بێ بابی ئایەتوڵلاَ مامۆستا سەید موڕتەزا نجومی بوو کە بەشێوەی نیریزی دەینووسی، هەڵبەتە بالاَدەستی مامۆستا ئایەتوڵلاَ سەید موڕتەزا نجومی لە ئەهلی هونەر شاراوە نییە، یەکێك لەکارە جدییەکانی بەندە لە واری خۆشنووسیدا، قورئانی پیرۆزە کە بەهەمان شێوە ،واتە شێوەی حافیز عوسمان نووسیومەتەوە،هەروەها کتێبی (دلائل الخیرات) کە لە دوعاو وێردە موعتەبەرەکانی ئەهلی سووننەتەو نوسخەی لە ئێران و تورکیاشدا هەیە، کتێبێکی دیکەش بە ناوی سەحیفەی سەجادیەیە کە لەسەر ڕاسپاردەی حەزرەتی ئایەتوڵلاَ نجومی نووسیمەوە.

کەیهانی فەرهەنگی: جەنابتان لە بواری خۆشنووس یدا خوێندوتانە یان مامۆستاتان هەبووە؟

## مامۆستا هاشمی:

من سوودم لە مەشقی دیتن وەرگرتووە. خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزو خەتی حافیز عوسمان.

کەیهانی فەرهەنگی: وادیارە سەحیفەی سەجادییە هێشتا بە چاپ نەگەییوە؟

## مامۆستا هاشمی:

نەخێر، چاپ نەبووە. هەڵبەتە دەزگای تبلیغاتی ئیسلامی بۆ چاپیان بردووە لێ هێشتا چاپ نەبووە.

کەیهانی فەرهەنگی: ئەگەر دەکرێت کورتە ڕونکردنەوەیەك لەمەڕ گروپە جیاوازەکانی تەسەوف و پێشینەی مێژوییان و وەزع و حاڵی ئیستایان، وێڕای بەربلاَوی ئەم گروپانەو کەڵکەڵەی خوێنەرانمان لە تا ران و شارەکانی دیکە بۆ زانیاری لەم بارەیەوە، بفەرموون.

## مامۆستا هاشمی:

لە نێو ئەهلی سوننەتی کوردستاندا حاڵی حازر دوو گروپ هەن:قادری و نەقشبەندی، تەریقەتی قادری دەگەڕێتەوە بۆ حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی کە لە کوڕانی حەزرەتی ئیمام موسای ئەلجون کوڕی عەبدوڵلاَی مەحزو کوڕی حەسەن موسەنا کوڕی حەسەن مجتەبا کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیبە

شێخ عەبدولقادر لە ساڵی ٤٧٠ی قەمەریدا لە گوندی نیق- ی سەر بە سەومەعەی سەرا لە گەیلان لە دایك بووە، ئارامگەکەی لە بەغدایە ولە ساڵی ٥٦١ی هیجری قەمەریدا کۆچی دوایی کردووە،باپیرانی لە زەمانی بەنی عەباسدا، لە ڕۆژگارێکدا کە هەوادارانی عەلەوی لە تەبەرستان و گەیلاندا دەسەلاٌتیان هەبوو، هاتنە ئەوێندەرو ئاکنجی بوون.

تەریقەتەکەی دیکە نەقشبەندییە و دەگەڕێتەوە بۆ خواجە بەهائەدینی نەقشبەندی خەڵکی قەسەری عارفان کە گوندێکی نزیکی بوخارایە.

لە تەریقەتی قادری دا زیکری (لائیلاهە ئیللەڵلاٌ)هەیە لێ زیکرێکی ئاشکراو بە دەنگی بەرزو جەهرییە، مەگەر پیرو ڕابەر مۆڵەتی تایبەتی بەو موریدە بدات، واتە مۆڵەتی زیکری پەنهانی بداتێ کە بە ڕادەیەك بێ تەنیا خۆی گوێی لێ بێ ، لەوی دیدا کۆڕی زیکرو زیکری (لائیلاهە ئیللەڵلاٌ)ی بە دەنگی بەرز نییە، من بۆ خۆم باوەڕم بە تەریقەتی قادری یە، لێ ئەو کارانەی لە دەروێشانی قادری دەبینرێن، وەکو زەرگ لەخۆدان و شیر لەخۆدان و ئەو شتانە، ئەمانە کاری ڕەفاعییەکانە، ژمارەیەك لە دەروێشانی ڕەفاعی لە زەمانی سەید ئەحمەد ڕەفاعیدا ئەم کارەیان دەکرد و سەید داوای لێدەکردن کە کاری وا نەکەن، لێ دەروێشەکان هەر دەیانکرد. ئیبن بەتوتەش ئەم کارەی بەر لە ٧٠٠ساڵ لە گۆڕستانی سەید ڕەفاعیدا لێ دیتوون.

کەیهانی فەرهەنگی: لە کوێ؟

**مامۆستا هاشمی:**

لە عێراق..بەداخەوە ئەم کردەوانە بەر لە نزیکەی سەد،سەدو چل ساڵێك لە ڕێگەی ڕەفاعییەکانەوە لە ناو دەروێشانی قادریشدا بڵاو بووەوە، لێ لە باری تەسەوف و تەریقەتەوە شتێکی گرینگ نییە.

کەیهانی فەرهەنگی: گوایە لە کوردستاندا بەر لە قادرییەکان، تەریقەتێك هەبووە بە نێوی خەڵوەتییە؟

**مامۆستا هاشمی:**

خەڵوەتیە، لقێك بووە لە تەریقەتی سوهرەوەردیە. خەڵوەتییە لە ناوچەو دەڤەری کوردستاندا بوون.لێ سوهرەوەردیە لە ناوچەکانی زنجان و ئەسفەهان و شیراز بوونە.لەو ناوچانە شێخانی سوهرەوەردی زۆرمان هەن.من بەو دواییانە تەرجەمەی عوارف المعارفی شێخ شەهابەدینی سوهرەوەردیم، کە یەکێك لە شێخانی ئەسفەهان تەرجەمەی کردووە، دیتووە.

کەیهانی فەرهەنگی: مامۆستا بیستوومانە کە ژمارەیەك لە شێخانی خاکساریە و نیعمەتوڵلاٌهیش بۆ خەڵوەکێشی و عیبادەت، لە دەوڵەتاوادا دەهاتنە خزمەتی ئێوە، لەوانە حاجی بەهار عەلیشای خاکسار کە گوایە قوتبی تەریقەتی خاکساریەو بە قوتبی یەکەمی دەناسن.

**مامۆستا هاشمی:**

ڕەحمەتی بەهار عەلیشا، لە زەمانی باپیری بەندەدا ڕەحمەتی سەید عەبدولقادردا هاتووەتە ئەوێندەر، حاجی بەهار وەکو من بیستوومە مرۆڤێکی چاك بووە، لێ ئەم خاکساریانەی ئیستا هەن، ئەوەندە پابەندی شەریعەت نین یا کەمتر پابەندن.

کەیهانی فەرهەنگی: حاجی بەهاری ڕەحمەتی ئەهلی سوننەت بوو؟

ماموستا هاشمی:

– نەخێر.

کەیهانی فەرهەنگی: بێزەحمەت ئەگەر زیاتر لەسەر نەقشبەندی بڕۆیت؟

## ماموستا هاشمی:

نەقشبەندییەکان لەو دواییانەدا لەکارو کردەوەیاندا جۆرە تەعەسوبێك نیشان دەدەن کە من پەسندی ناکەم، نەك هەر من، بەڵکو مێژوو ڕەتی دەکاتەوە، بەندە ڕەتنامەیەکم لەسەر دەوری وان نوسیوە. سەرچەڵەی تەریقەتی نەقشبەندی دەگاتەوە سەر ئەبو عەلی فارمەدی تووسی. هەموو یاداشتنوسان پێیان وایە کە ئەو جێگرو زاوای ئەبول قاسم گورگانی موریدی ئەبو عوسمانی مەغریبی بووە.

کەیهانی فەرهەنگی: ماموستا درێژەو بەردەوامی ئەم سەرچەڵەیە دەگاتەوە سەر محێدینی عەرەبیش؟

## ماموستا هاشمی:

نەخێر چ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە. ئەم تەریقەتە دەگاتەوە سەر حەزرەتی عەلی. لێ بەپێی ئەو ڕۆڵە پڕ تەعەسوبەی کە عەرزم کردن، دەڵێن تەریقەتەکەی ئێمە دەگاتەوە سەر ئەبوعەلی کە یەکێکە لە موریدانی شێخ ئەبول حەسەنی خەرقانی، چونکە شێخ ئەبول حەسەن موریدی بایەزیدە و بایەزید موریدی حەزرەتی ئیمام جەعفەری سادقەو حەزرەتی ئیمام جەعفەر موریدی قاسمی کوڕی ئەبی بەکرەو ئەویش موریدی سەلمانەو سەلمان موریدی ئەبوبەکری سەدیقە، ئەم بۆچوونە لەباری مێژووییەوە دروست نییە و پەسند ناکرێت، بەداخەوە هەندێ لە توندڕەوانی ئەهلی سوننەت هەوڵدەدەن لە هەر کارێکدا شەریکێك بۆ حەزرەتی عەلی بدۆزنەوە،حاڵبوکی بەندە زۆرجار بەڕاشکاوی لەناو زانایانی ئەهلی سوننەتدا گوتوومە کە حەزرەتی عەلی لەم کارەدا شەریکی نییە و ئەمە کالأیەکەو لەلایەن خواو حەزرەتی پێغەمبەرەوە بە بالأی ئەوا بڕاوەو هیچی دی.

کەیهانی فەرهەنگی: ماموستا، ئەگەر جگە لەو شتانەی دەربارەی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی فەرمووتان، شتێکت لەمەڕ ئەهلی هەقیش هەیە بیفەرموون.

## ماموستا هاشمی:

دەربارەی ئەهلی هەق شتی جۆراوجۆر دەوترێ، لێ لە ڕاستیا بەوجۆرە نییە کە هەندێ کەس دەیڵێن، ئەمانە لە موریدانی سەید ئیسحاقن کە سەید ئیسحاق بە خۆی کوڕی سەید عیسا

بەرەنجییە، بنەماڵەی ئێمەو چەندین بنەماڵەی دیکەی کوردستانیش هەر هەمووان لە ئەولادی سەید عیساین کە سەرجەلەمان دەگاتەوە سەرحەزرەتی ئیمام موسای کازم.

سەید ئیسحاق لە کاری عیرفاندا، شێخێکی خۆشڕەفتار بووە، لە تەریقەتەکەی ئەودا مجاهەدات وگۆشەنشینی و کەم خواردن وکەم خەوتن و بەردەوامی زیکرو عیبادەت لە ئاستێکی زۆر چاکدا بووە. لە پاش سەید ئیسحاق، ئیدی خەلیفەکانی هاتوون کە خەڵکی چاکیان زۆر تێدا بووەو وەلیان تێدا هەڵکەوتووە. موریدەکانیش تا پشتی چوارەم پابەندی تەواوی تەریقەتەکە بوون.

لەپشتی چوارەمەوە وادیارە ئیدی ئەهلی دڵیان تێدا نەماوەو ئەوانەیش کە هەبوونە، چوونەتە بەر ڕەحمەت و دلۆڤانی یەزدان، لێ دەروێشەکان میناکی جاری جاران لەسەر زیکرو کۆڕی خۆیان بەردەوام بوون، هەڵبەتە بەبێ مامۆستا و بەبێ ئەوەی لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری پیاوێکی خاوەن دڵ بن کە چاودێری وەزعی باتینیان بێ، بەمجۆرە پەرت بوون و بەم شێوەیەی ئەمڕۆیان لێهات کە وا دەیانبینی، بەڕادەیەك بێ سەرو بەربوون کە بە خۆیشیان سەر لەکاری خۆیان دەرناکەن، ئەمانە نە عیبادەتێکی دروستیان هەیە و نە موریدکارییەکی ڕیك و پێك.

کەیهانی فەرهەنگی: لەو پشتی چ وارەمەوە تاکو ئیستا نزیکەی چەند ساڵ دەبێت؟

## مامۆستا هاشمی:

نزیکەی پێنج سەد ساڵە کە ئەمانە گیرۆدەی ئەم دەردە بوون. لە ڕابردوودا هەندێك دەیانویست ئەمانە بە پاشماوەی زەردەشتییەکان لەقەڵەم بدەن کە بەڕواڵەت پەردەیەکی ئیسلامیان بەخۆدا داوەو دەیانەوێ لە ژێر پەردەی ئیسلامدا، (عەلیوڵڵاهی) و(شیعەی توندڕەو)و (ئیبن سەبا)و ئەو شتانە برەوبدەن. پێیان وابوو کە ئەمانە پاشماوەی هەمان ئەو زەردەشتیانەن کە لە چیاو بنارەکانی زاگرۆس دا دەژین،ژمارەیەکی دیکە پێیان وابوو کە ئەمانە (عەلیوڵڵاهی)نین و بەڵکو لە رووی ڕۆژوو ونوێژەوە جیاوازن لە کۆمەڵێك مەسەلەی ئیسلامی و تێکناکەنەوە. هەڵبەتە ئەمە کارێکی ئاساییە کاتێ یەکێك بەبێ ڕابەرو مامۆستا مژولی خواپەرستی و عیبادەت و نەخواردن و نەخەوتن و کۆڕی زیکرو ئەم شتانە بێ گیرۆدەی ئەم دەردانە ببێ. ئەمانە کارێکی زەحمەتە، سلوك بەبێ دەلیل نابێ، ئەمە ڕێگەیەکە کە بەقەولی عارفان لەهەر هەنگاوێکیا هەزار ئافەت خۆی مەڵاس داوە. شاعیر بە خۆڕایی نەیگوتووە:

بە کوی عشق منە بی دلیل راە قدم
کە گم شد انکە در این رە بە رهبری نرسید

کەیهانی فەرهەنگی: دەربارەی (توندڕەوان) و تەریقەتە هەمەجۆرو پەراگەندەکانی دیکە کە تا رادەیەك لە نێو ئەهلی سوننەتیش دا دەبینرێن و کە بە فەرمایشتی ئێوە سنوری عیبادەتیان بەزاندووە، بە تایبەت لەم ناوچەیەدا، شتێك بفەرموون.

## مامۆستا هاشمی:

ئەهلی هەق، شیعە نین.ئەمانە لە ئەنجامی تەسەوفەوە کەوتوونەتە ئەم حاڵ و ڕۆژە، نەك لە ئەنجامی شیعەگراییەوە. هەمان ساداتی حەیدەری کە لە نێو (گۆرانە)کاندا هەن،لە مەیدانی تەریقەت و چلەکێشی و نەخواردن و نەخەوتن و زیکرو عیبادەت و لە فکرانڕاچووندا ڕێگەی راستیان گرتبوو، هەڵبەتە تا زەمانی سەید ئیسحاق وسێ پشتی دوای ئەو..لەوە بەدواوە پیریکیان لە نێوانا پەیدا نەبوو، هەرچەند درێژەیان بە ڕێگەکە دا، لێ لەبەر ئەوەی ئەهلی دڵیان نەبوو کاریان بەم کارە گەیی.

تاقمێکی دیکە یەزیدییەکانن کە لە کتێبی (کشف الحیل)دا باسیان کراوە. ئەم کتێبە لە لایەن کەسێکەوە بە ناوی ئایەتی یەزدی کە بەخۆی بیست ساڵان بەهایی بووەو پاشان یەزدان هیدایەتی داوەو گەڕاوەتەوە سەر ئیسلام،بۆ بەرپەرچدانەوەی بەهاییەت تەرخانکراوە.ئەو پیاوە لە ژیانیدا سەفەری زۆری کردووەو رەنجی زۆری کێشاوە، لە یەکێك لەو سەفەرانەیدا چووەتە نێو یەزیدییەکان. ئەم یەزیدییانە......

**کەیهانی فەرهەنگی:** سەبارەت بە گرتنی هەورامانات لەلایەن ئیسلامەوە کام یاوەر ئەم ناوچەیەی گرتووە، راتان چییە؟

## مامۆستا هاشمی:

گومانمان لەوە نییە کە دەڤەری هەورامان لەسەردەمی خەلافەتی عومەردا گیراوە، لێ ئەم ئەرکە بەکام یاوەرو سەحابە سپێردراوە ئەمە کارێکی هەندێ دژوارو ئەستەمە.

**کیهانی فەرهەنگی:** گرتنی دەڤەری هەورامان لەگەڵ گرتنی بانەدا هاوزەمان نەبووە؟

## مامۆستا هاشمی:

بۆ نە..لەوەیە ئەم ناوچانە لە زەرفی ٢-٣ساڵدا گیرابێ.

**کەیهانی فەرهەنگی:** هۆی شافیعی بوونی ئەم دەڤەرەو هەر وەها هەورامان چی بووە؟

## مامۆستا هاشمی:

هۆیەکەی ئەمە بووە کە زانایانی ئەم دەڤەرە بەزۆری شافیعی بوونەو کۆڕی دەرس و دەرسگوتنەوەشیان لەسەر بناغەی فیقهی شافیعی بووە، بۆیە خەڵکەکە لەسەر مەزەبی شافیعی ماونەتەوە. هەڵبەتە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دوای زەمانی شافیعی، بۆ بەر لەوەش نازانم.

**کەیهانی فەرهەنگی:** لەگەڵ هاتنی ئیسلام بۆ ئێران، دنیایەکی تازەی زانیاری و ئەدەبیات لەم وڵاتەدا پەیدا بووە کە شایەتی ئەم قسەیە، بوونی گەلێك لەو شاعیرو ئەدیبانەیە کە کەوتنە خزمەت و پەرەپێدانی ئەم زمانە.

## مامۆستا هاشمی:

فارسی پاش ئیسلام جوانترە لە فارسی پێش ئیسلام. وەکو چۆن کوردی پاش ئیسلام لەباری ئەدەبییەوە جوانترە لە کوردی پێش ئیسلام.

**کەیهانی فەرهەنگی:** بێزەحمەت ئەگەر ئاماژەیەك بۆ باڵادەستی باوەڕێن ئاینی بەسەر ناسونالیزمدا بفەرموون؟

**مامۆستا هاشمی:**

وەکو ئاگادارن پاش دروستکردنی دووبەرەکی و تەفرەقە لەناو موسوڵمانانداو پارچە پارچەبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، داگیرکەران هەوڵیاندا فاکتەری ناسیۆنالیزم بکەن بە جێگری و تا ڕادەیەکیش سەرکەوتن وبەمجۆرە ناسیونالیزمی تورك، کورد و فارس هاتە ئاراوە. هەڵبەتە زانایانی ئەمڕۆ لەو سەردەمەدا کە–هەرەتی دەسەڵاتی حکومەتی ئەتاتورك بوو لە تورکیادا– کەوتنە خەبات دژی. لە هەمان کاتدا شەڕی نێوان روسیا و عوسمانی دەستی پێکرد،موسوڵمانانی کورد باوەڕی ئاینییان لە ناسیونالیزم بە فەرزترو لە پێشتر زانیوەو کەوتونەتە جیهاد دژی کوفرو لایەنگری دەوڵەتی عوسمانیان کردووە، لێ لە ئەنجامدا دەسەڵاتی زانایان تێك شکاو مەدرەسەکان کەسادبوون و ناسیونالیزم لە سوریاو فەلەستین و ئێران و تورکیادا برەوی سەند.

**کەیهانی فەرهەنگی:** لەم ماوەیەدا دوو ڕێباز لەناو هزرو بیرکردنەوەی شیعەو سوننەدا ڕێی خۆیان کردەوە، یەکێ کیان بابیەو پێش ئەویش وەهابیەتە کە پتر نکوڵی کردن بووە لە دەورو شەفاعەتی ئیمامان و پابەندی بە ئیسلامەوەو هەردووکیان ڕەگیان لە ئیستیعماردا بوو، ئەگەر لەم بارەیەوە قسەیەکتان هەیە بیفەرموون.

**مامۆستا هاشمی:**

وەهابییەت لەناو کوردانددا هیچ پێشینەیەکی نەبوو، لێ مەخابن بەو دواییە لە ئەنجامی بانگەشەی کاك ئەحمەدی موفتی زادەوە، هەندێ کاریگەری وەهابییەت بەرچاو دەکەوێت.

ئەمانە زانایان ئازار دەدەن و بانگەشەی خراپ دەکەن. بەندە کە خاکی بەرپێی خوڵامانی ئەهلی عیرفانم ،عەرزی جەنابتی دەکەم کە لە دڵ و دەروونی ئەم وەهابیانەدا بە هیچ جۆرێ مەشرەبی عیرفانی نابینرێ. بەڵام بابیەو بەهائیەش کە گوایە دەسکردی ئینگلیزەکانن، وەکو چۆن وەهابیەتیان دروستکرد، ئەمانەش دەسکردی ئەوانن.بەهاییەکان بەناهەق مەهدەویەتیان بۆ خزمەتی خۆیان بەکارهێناوە.

**کەیهانی فەرهەنگی:** باوەڕبوون بە مەهدەوییەت لە نێو هەموو دیانەت و ڕێچکە ئیسلامیەکاندا هەیە؟

**مامۆستا هاشمی:**

بەڵێ.ئەهلی سوننەتیش باوەریان بە دەرکەوتنی حەزرەتی مەهدی هەیە. لە کتێبی صواعق المحرقە دا بەمجۆرە باسکراوە: ((عەجایەبی ڕۆژگار بوو. لە تەمەنی نۆساڵیدا، دیارترین زانایانی رۆژگار نەیان دەتوانی موناقەشەی بکەن. خوا بە زانستی خۆی سینگی کردبووەوە.))

شیعەکان باوەڕیان وایە کە لە تەمەنی پانزە ساڵیدا غەیب بووەو لە ئاخری زەماندا دەردەکەوێتەوە. بەندەش ئەم کارە بە دوور نازانم. چونکە وەکو چۆن ئێمە باوەڕمان وایە کە حەزرەتی خدر زندووە، بەهەمان شێوە دەشێت حەزرەتی مەهدی هەبێ.

**کەیهانی فەرهەنگی:** ئەگەر حەزدەکەن، تۆزێك باسی ئەدەبیاتی کوردی و هەروەها دیوانی شیعری خۆتان و باوکی ڕەحمەتیتان بکەن.

**ماموستا هاشمی:**

وەڵڵا، من هەندێ شتم داون بەدەم یەکەوەو دیوانێکی نزیکەی پانزە هەزار بەیتی لێ دەرچووە کە لەپاڵ دیوانی شیعرەکانی بابی ڕەحمەتیم دا بە خەتی خۆم نوسیوومنەتەوە. ئەم کتێبە بەری ساڵانێکی زۆری موتاڵاو لێکدانەوەی ئەدەبیاتی عەرەب وقوڵبوونەوەو کنەکاری بەرهەمێن شاعیرانی کۆنی فارسی زمانە. لەم کتێبەدا هەوڵم داوە لە سنوری تواناادا بەرهەمێن جوانی زمان و ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی.

**کەیهانی فەرهەنگی:** بەم پێیە شیعرتان بە فارسی و عەرەبیش هەیە؟

**ماموستا هاشمی:**

بەڵێ. هەندێ لەم شیعرانە بە فارسی، هەندێکیان بە عەرەبی و ژمارەیەکیشی بە کوردییە، لێ شیعرە فارسییەکان زۆرترن.

این خانه بی جمال تو ویرانه تابەکی
وین خسته بی مثال تو بی خانه تا بەکی
یاران همه بەصدر وصال است جایشان
این هجر دیده بر در کاشانه تا به کی
چون شمع ز اتش غم هجران گداختم
در محفل تو قصەی پروانه تا به کی
خفاش اگر نه ای به حقیقت نگر چو شمع
ورنه ز اهل بینشی افسانه تا به کی
انجا که می کشان به خم ارند باده پیش
حیران بزم مانده چو پیمانه تا به کی
(طاهر) بیاو خوش ره مردان راه گیر
در انتظار همت مردانه تا به کی

**کەیهانی فەرهەنگی:** نموونەیەکی شیعری عەرەبی خۆتان بخوێننەوە

**ماموستا هاشمی:**

اكرر في اخفى ضميری ثناكم
اريد بهذا كل آن سناكم
وما كنت الا ذرة مختفية
فارجو لتنوير وجودی ضياكم
رضيت بانواع العنی کی تعنني
ببذلكم في دار هجری رضاكم
بلطفكم ناديتني غير مرة
وانی لقبحی ما اجبت نداكم

لردعك كلاما ارتدعت لحيظة
فبى كل فقر ما التفتت غناْكم
الى بابك استعجلنى بكرامة
ولكن لكدرى ما اغتنمت صفاْكم
فديتك ان وبختنى او خجلتنى
لمجد وعزة اريد دعاْكم

**كەيهانی فەرهەنگی:** ئەگەر لە شیعرە کوردیەکانیشتمان بۆ بخوێنیتەوە مەمنوون دەبین؟

## مامۆستا هاشمی:

گیانم بە فیدای سینەیی سەد چاکی مەدینە
جێی جلوەیی ڕەوزەی شەهی (لو لاك)ی مەدینە
بۆ دیدەیی دڵ باعیسی ئەنواری هیدایە
یەك زەڕە لە (كحل البصر) ی خاکی مەدینە
لای عارفی کامیل نیە سەد جەنەتی مەوعود
خۆشتر لە بەهەشتی خەس و خاشاکی مەدینە
چاوی من و تۆ کوێرە مەگەر ئەهلی کەرامەت
چاو دینی بگاتە حەدی ئیدراکی مەدینە
ئەست ونەیی حەنانەت ئەگەر بیستووە راسە
ئەو شاهیدە بۆ قەلبی شەغەفناکی مەدینە
واچاکە بکەم سینەیی خۆم چاك و بەزاری
بگریم و بڵێم دەستی من و چاکی مەدینە
هەر زەڕە لە یەسروب فەلەکێکە بە فەخامەت
ڕوحم بە فیدای گەردشی ئەفلاکی مەدینە
رەوزەی وەکو جەناتی شەهەنشاهی ئولول عەزم
مەشحونە لە جێی بۆسەیی، ئەملاکی مەدینە
بۆ نوری دڵی ئەهلی بەسیرەت نیە (تاهیر)
دەرمانی وەکو مەنزەری ڕوناکی مەدینە

**کەیهانی فەرهەنگی:** مامۆستا ڕاتان سەبارەت بە شیعری نوێ بفەرموون.

## مامۆستا هاشمی:

جوانە، باشە، ڕام دەگەڵ شیعری نوێدا سازە، لێ من بە خۆم ناتوانم شیعری نوێ بڵێم.

**کەیهانی فەرهەنگی:** جێی خۆیەتی لێرەدا ئەگەر رونکردنەوەیەك لەمەڕ زمانی کوردی و دیالێکتە جیاوازەکانی وپەیوەندی بە زمانی فارسییەوە، بفەرموون.

## مامۆستا هاشمی:

پەیوەندی و نزیکی زمانی کوردی بە زمان و لە زمانی فارسییەوە شتێکی بەڵگە نەویستە و پێویستی بە رونکردنەوە نیە، بۆ نموونە: (دست) دەبێ بە دەست،(ابرو)دەبێ بە برۆ، یان (سر) دەبێ بە سەر..لەمە نزیکتر دەبێ؟ زمانی فارسی و کوردی زمانێکی هاوبەشە، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دیوانی شاعیرانی رابردووش دەتوانین وشەی کوردی ڕەسەن بدۆزینەوە، بۆ نموونە کاتێ بخوازین بە کوردی بە کەسێك بڵێین (گریە نکن) دەڵێین:( مەگری) ئەمەش بە ڕاشکاوی لە شیعری مەنوچەهری دا هاتووە:( نگارین منابر گرد ومگری)

یان وشەی (گریوە) کە بەشوێنی هەورازو نشێو دەگوترێ- هەروەها شوێنێکیشە لە نزیکی پاوە -بە ئاشکرا لە شیعری خواجە شیرازدا هاتووە:

در شاهراه جاه و بزرگی خطری بسی است

ان بە کزین گریوە سبکبار بگزری

هەروەها وشەی (مزگت) کە چەندین جار لە شیعری مەنوچەهری دا هاتووە، لە نێو کوردانـدا باوەو بە مزگەوت دەلێن.

کەیهانی فەرهەنگی: نزیکەی لە سەدا چەندی درکەو وشەی کوردی، لە زمانی فارسی جیاوازە؟

## مامۆستا هاشمی:

زۆربەی وشەو درکەکان یەکن، مەگەر لە هەندێ وشەی سەرەتاییدا، ئێمە لە کوردیدا وشەی سەرەتاییمان هەیە و لە فارسیشدا هەمانە، لێ حاڵی حازر زیاتر لە گفتوگۆی رۆژانەدا گوێمان لێ دەبن و کەمتر شارەزای زمانە سەرەتاییەکەین. لەوەیە لە فەرهەنگانـدا هەبن لێ لە زەینی ئێمەدا نین. پێویستە بڕۆین و لە گوندانی فارسی زماندا بگەڕێین تا بتوانین ئەو وشە سەرەتاییانەی فارسی کۆ بکەینەوە. هەڵبەتە دەبێ ئەوەتان عەرز بکەم کە کتێبی ئاوێستاش لە زمانی کوردی- هەڵبەتە شێوەزاری هەورامی- دەچێت.

کەیهانی فەرهەنگی: بەم پێیە دەبێ زمانی کوردی بە زمانێکی سەربەخۆ بزانین یان بە لەهجەیەکی زمانی فارسی؟

## مامۆستا هاشمی:

کوردی زمانێکی سەربەخۆیە بە چوار لەهجەی هاوپەیوەستەوە. ئەم لەهجانە بریتین لە: هەورامی، کەلهوڕی کە لەهجەی خەڵکی کرمانشاش هەر ئەم لەهجەیەیە.کرمانجی کە لەهجەیەکە لە ناو کوردانی خۆراسان و باکوری ئێران و عێراق باوە.سۆرانی کە لە ٦-٧ فەرسەخی کرمانشاوە دەست پێدەکات تا دەگاتە هەولێر لە عێراق.

کەیهانی فەرهەنگی: خراپ نییە گەر یادێکی ئەو شاعیرە گەورانە بفەرموون کە بە کوردی شیعریان گوتووە.

## مامۆستا هاشمی:

گرنگترین شاعیری کورد کە بە هەورامی شیعری گوتبێ، سەید عەبدوڕەحیمی تاوەگۆزیە کە لە ناو ئەدیبانی کوردا بە مەولەوی مەنشورە. مەولەوی لە ساڵی ١٢٢١ی قەمەری دا لە تاوەگۆزی

جافی جوانڕۆی سەر بە کرماشان لە دایك بووە. ماوەیەك لە بواری زانستێن ڕیازی و هەیئەتدا خوێندوویەتی و پاشان بەلای عیرفاندا دایکێشا و لەسەر دەستی حەزرەتی سیراجەدینی نەقشبەندی خەرقەی وەرگرت و کەوتە ناو سلکی سالکانی تەریقەتی نەقشبەندییەوەو پاش ماوەیەك سلوك،مۆڵەتی ئیرشادی وەرگرت، لە دوا حەوت ساڵی تەمەنیدا کوێر بوو. لە ساڵی ١٣٠٠ی قەمەریدا لە ئەسپ کەوتە خوارەوەو کۆچی دوایی کرد. دیوانی شیعرەکانی لەو شاکارە ئەدەبییانەیە کە لە هەموو بوارەکاندا جۆرەها بابەتی جوانکاری گرتووەتە خۆ، جگە لە دیوانی شیعر نەزمێکی بە عەرەبی هەیە نزیکەی دوو هەزار بەیت دەبێت و ناوی (الفضیلة)یە. هەروەها (العقیدة المرضیة)شی بە کوردی هۆنیوەتەوە کە وەکو کتێبەکەی تری ئەو (الفواتح) لە کەلام و عەقیدەدایە، ئێستا دوو بەیتم لە شیعرێکی فارسیی ئەو لە یادە کە دەڵێت:

ز بس در خویش بینم روسیاهی

نگنجد ای الهی یا الهی

کدامین از کمالات تو جویم

ترا بعد از خوداوندی چه گویم

مەولەوی غەزەلیاتی زۆر جوانیشی بە لەهجەی هەورامی هەیە.

لە شاعیرانی ناوداری لەهجەی سۆرانیش دەتوانین ناوی نالی ببەین.ساڵی لە دایکبوونی ئەم شاعیرە بە دروستی خویا نییە. بەڵام لەوەیە لە ساڵی ١٢١٥ی قەمەری لە دایك بووبێ. نالی بە منداڵی قورئان و وردە کتێبە باوە فارسییەکانی خوێندووەو پاشان خوێندنی باڵای لە خانەقای مەولانا خالید لە سلێمانی تەواو کردووەو ئیجازەنامەی عیلمی وەرگرتووە.پاش ماوەیەك چووە ڕیزی موریدانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و کەوتە سەیرو سلوك.چەند سەفەرێکی بۆ وڵاتانی عەرەبی و پاشان بۆ ئەستەمبوڵ کردو دۆستایەتی و هاتوچۆی لەگەڵ ئەحمەد پاشای گەورە پیاوی کوردی سەر بە عوسمانی پەیدا کردو هەر ئەمەش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی لە وڵاتی عوسمانیدا. نالی لە ریزی پێشەوەی ئەو کەسانەیە کە کێشی یەکجۆری بەر لە خۆی کە لە ناو شاعیرانی هەورامیدا باوبوو، بە کافی نەزانی و بە لەهجەی سۆرانی و لە زۆربەی کێشە عەروزییەکاندا شیعری گوتووەو لەم کارەیدا سەرکەوتنی بە دەست هێناوە. نالی شارەزای تەواوی زمانانی فارسی، عەرەبی، تورکی و کوردی بووەو بەهەر چوار زمانەکە بەرهەمی بەنرخی لە پاش بەجێماوە. دیوانەکەی چەند جارێك چاپ بووەو گوایە دواجار بە پێشەکییەکی ڕەحمەتی سەید محەمەد ئەمینی شێخول ئیسلامی (مامۆستا هێمن) لە ورمێ چاپ بووە. لە ساڵی ١٢٧٣ی قەمەری لە ئەستەموڵ کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی ئەبو ئەیوبی ئەنساری نێژراوە، دوو بەیت لە شیعرەکانیتان بۆ دەخوێنمەوە کە لەسەر کێشی:

ای خسرو خوبان نظری سوی گدا کن

واتە مفعول مفاعیلن مفاعیلن فعولن. کە لە زوحافاتی بەحری هەزەجە.

تا سونبولی زولفت لە نهالی قەت ئالاً

ودودی هەناسەم گەییە عالەمی بالاً

من گریە ئەتۆ خەندە بە یەکتر دەفرۆشین

من لەعلی بەدەخشان و ئەتۆ لوءلوءی والاْ

نالی غەزەلێکی یەجگار جوانی بە فارسیش هەیە کە بە تەنیا یەك دیوانی شیعر دێنێ و بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

ابروان تو طبیبان دل افگارانند

هردوو پیوستە از ان برسر بیمارانند

نرگسان تو کە خواب از همە عالم بردند

خفتگانند ولی رهزن بیدارانند

سێیەمین شاعیری گەورەی کورد مەحویە کە لە ساڵی ١٢٥٢ی قەمەری لە دایك بووە. لە منداڵیدا چووەتە حوجرەو لە خزمەتی ماملأستایانی ئەو زەمانەدا خوێندوویەتی لە دواییدا چووەتە بەغداو لە خزمەتی زانای گەورە مەلا محەمەد موفتی زەهاویدا ئیجازەنامەی عیلمی وەرگرتووەو کەوتووەتە مەلایەتی، ماوەیەکیش قازیەتی کردووە. لە سەفەرێکیا بۆ ئەستەمبولْ سولْتان عبدالحمید دەبینێ و بە گەرمی پێشوازی لێدەکات و بە فرمان و دەستوری سولْتان عبدالحمید لە سلێمانی دا خانەقایەکی بۆ دروست دەکەن کە ئیستاش هەر ماوەو بە خانەقای مەحوی ناسراوە. ئەویش وەکو بابی دلْبەندی عیرفانی ئیسلامی بووەو لە موریدانی شێخ بەهائەدین محەمەد نەقشبەندی بووە. لە ساڵی ١٣٢٤دا کۆچی دوایی کردووەو هەر لە خانەقاکەی خۆیدا بە خاك سپێردراوە. ئەویش لەسەر وەزنی:

( الا ایها الساقی ادر کاسا وناولها..)واتە بەحری هەزەجی تەواو هەشت هیجایی، غەزەلێکی بە کوردی هەیە کە چەند بەتێکیتان بۆ دەخوێنمەوە:

بە نوری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم چی بکەم

بە شەمعی کەی و ها چارەی شەبی هیوا نەکەم چی بکەم

لە خەزنەی دڵمدا هەرچی هەیە هەر دادو سەودایە

دەسا بەم نەقدە دەردی عەشقی بێ سەودا نەکەم چی بکەم

لە چاوانم نەماوە گریە نۆبەی سوجدە بەر دەریە

سیاسالەم ئەم نوێژی ئیستیسقانەکەم چی بکەم

کەیهانی فەرهەنگی: ئیستا هەندێ باسی نووسینەکانی خۆتان بفەرموون

## مامۆستا هاشمی:

چو غلام افتابم همە از افتاب گویم.

بەندە موریدی شێخ عەبدولقادری گەیلانیم. بۆیە زۆربەی بەرهەمەکانم بە دەوری ئەو حەزرەتەدا دەخولێتەوە. لەو دواییانەدا کتێبی(قلائد الجواهر)ی شێخ محەمەد تایفی حەنبەلی خەڵکی شاری حەلەب کە باسی پایەی حەزرەتی گەیلانیە، هەروەها (نشر المحاسن)ی عەبدوڵلاّی یافعی و (بهجت الاسرار)ی شێخ ابوالحسن عەلی شتنوفی خەڵکی میسرم کە هاوعەسری سەعدی بووە کردوون بە فارسی.

**کەیهانی فەرهەنگی: بە فارسی یان کوردی؟**

## مامۆستا هاشمی:

**بە فارسی، چونکە بڵاوترە و فارس و کورد و هەندێ لە عەرەب و خەڵکی هندیش سوودی لێدەبینن. لە هندیستانیشدا دەروێشی قادری زۆرن کە فارسی دەزانن. ئەمەم ناو ناوە: (مقامات** الغوائیة)

**کتێبێکی دیکەش بە ناوی (قرە العین فی مناقب سیدنا شیخ حسن) کە تەواوم کردووەو ئەم کتێبەش باسی یەکێکە لە مەقاماتی گەورە شێخانی تەریقەتی قادری.**

**نامیلکەیەکی دیکەشم هەیە بەناوی (مرات الحق) کە رەخنەیە لە شێخانی ئەم عەسرە. لە کارەکانی دیکەم وەرگێڕانی سەفەرنامەی ریچە کە هێشتا تەواو نەبووە. ریچ یەکێك بووە لە سیاحەتکارەکانی ئینگلیز کە لەسەردەمی فەتح عەلی شای قاجاریدا کوردستانی عێراق و ئێران گەڕاوە. ئەم پیاوە سەرەتا هاتووەتە بەغداو لەوێندەرەوە هاتووەتە سلێمانی و سنەو لەو ماوەیەدا هەورامانیشی دیتووە.**

**کەیهانی فەرهەنگی: ئەم کتێبە لە چ زمانێکەوە دەکەی بە فارسی؟**

## مامۆستا هاشمی:

**ئەم کتێبە لە ئینگلیزییەوە کراوە بە عەرەبی و بەندە دەخوازم لە عەرەبییەوە بیکەم بە فارسی. یەکێکی تر لە کارەکانم پەراوێزو تەعلیقاتە لەسەر سەفەرنامەی حاجی ملك الکلام مجدی کە بە خەتی خۆم نوسیوومە. کتێبێکیشم لە بواری جوانکاری و عەروزدا بە زمانی کوردی نوسیووەو هەر هەموو ئەو نموونانەی کە بەکارم هێناون نموونەی سەنعەتی عەروزی و جوانکاری کوردییە.**

**کەیهانی فەرهەنگی: فەرمووتان ئەو (دلائل الخیرات) ەی کە بە خۆتان خۆشنووسییەکەیتان کردووە چاپ بووە؟**

## مامۆستا هاشمی:

**بەڵێ چاپ بووە.یەکێکی خەڵکی سنە چاپی کردووە. نموونەی خەتی بەندە، جگە لەو( دلائل الخیرات)ەی کە لە سنە چاپ بووە،کە باشیشیان چاپ نەکردووە، ئیدی لە هیچ شتێکی دیدا چاپ نەبووە.**

**کەیهانی فەرهەنگی: دەربارەی قورئانی پیرۆزو سەحیفەی سەجادییەش کە بە خۆتان خۆشنووسییەکەیتان کردووە، رونکردنەوەیەك بفەرموون.**

## مامۆستا هاشمی:

**سەحیفەی سەجادییە لە دەزگای تەبلیغاتی ئیسلامیەو هێشتا وەڵامی تەواوەتیان نەداومەتەوە. جاری دەڵێن چاپی دەکەین و جاری دەڵێن دەیکڕین. ئیدی نازانم.**

**کەیهانی فەرهەنگی: وێڕای جوانی و بایەخی بەرهەمەکانتان کە پەنا بەخوا دەبێ مشوری چاپکردنیان بخوری، ئەوەندەی ئێمە ئاگامان لێیە زۆر گوتاری جەنابتان چاپ و بڵاو بوونەتەوە.**

## مامۆستا هاشمی:

له عێراقدا شوێنێ هەیە بە ناوی کۆڕی زانیاری، بەندە وەکو ڕاوێژکار تا پێش دەستپێکردنی جەنگی داسەپێنراو وپەلاماری سەدام، هاوکاریم دەگەڵ دەکردن لێ پاش دەستپێکردنی جەنگ پەیوەندیم لەگەڵیاندا پچڕی. تا ئەو زەمانە دەگەڵ ڕۆژنامە کوردی زمانەکانی ئەوێندەردا هاوکاریم هەبوو لێ نەوو گوتاریان بۆ نانێرم. زنجیرە گوتارێکم لە ڕۆژنامەی (گلایش) بلاّو بووەتەوە. گوتارێکیشم دەربارەی شاعیرانی سەردەمی جاهیلیەت و موخەزرەمەکان لە فەسڵنامەی هونەر بلاّو بووەتەوە. هەروەها زنجیرە گوتارێکم بە هاوکاری خوالێخۆشبوو مامۆستا سەید محەمەد ئەمینی شێخول ئیسلامی (هێمن) کە لەو دواییانەدا چووە بەر دلۆڤانی یەزدان، لە گۆڤاری( سروە )دا لە ورمێ بلاّو بووەتەوە.

دیوانی مەلا عەبدوڕەحیمی تاوەگۆزی و دیوانی مەلا مستەفا بێسارانی– کە لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە چاپ بوون–و دیوانی وەلی دێوانە– کە لە شاعیرانی ئێرانەو عێراقییەکان لە نووسینەکانی خۆیاندا وەکو شاعیرێکی عێراقی ناو دەبەن– بە ڕاوێژی من لە عێراقدا بە چاپ گەییون.

**کەیهانی فەرهەنگی:** مامۆستا ڕەوتی گەشەسەندنی ئەدەبیات لە پاش شۆڕشی ئیسلامییەوە چۆن دەبینن؟

## مامۆستا هاشمی:

ئەم مەسەلانە پاش شۆڕشی ئیسلامی ڕەواجی پەیدا کردو شێوەیەکی جدی گرتە خۆی.لە زەمانی ڕەزاخاندا بە هیچ جۆرێ بایەخ بەم مەسەلانە نەدەدرا ، بابایەکی جاهیل و نەخوێنەوار بوو. بە تەبیعەت بایەخی بەم مەسەلانە نەدەدا. لێ ئیستا سەردەمی حکومەتی ئەهلی عیلمە و فەرقێکی زۆر لە نێوان حکومەتی ئەهلی عیلم و ئەهلی جەهلدا هەیە..دەڵێن جارێك ملك الشعرا ویستوویەتی قەسیدەیەك بۆ ڕەزاخان وەخوێنێ، ڕەزاخان گوتبووی کە تۆ دژایەتی دەسەڵاتی منت کردووە. پێویست ناکا کاغەزم بۆ بخوێنییەوە!

ئیستا کە باس هاتە سەر ڕەزاخان، خراپ نیە ڕستەیەکی خوا لێخۆشبوو مودەڕیس–تان لەم بارەیەوە بۆ بگێڕمەوە. بە ڕەزاخانی گوتبوو: ((کوڕی باش ئێمە تۆمان بۆ ئێران دەوێت، نەك ئێران بۆ تۆ!!.)) ڕەزاخان زۆری هەوڵدا کە خوالێخۆشبوو مودەڕیس لەناوبەرێ. تەنانەت چەند جارێك ژەهری دایە کە کاری تێنەکرد. سەرەنجام هەر بە عەمامەکەی خۆی خنکاندیان. دەزانی کە خوالێخۆشبوو مودەڕیس لە ئەهلی (ویلایەت) بوو. یەکێك لە دلاوەرانی هەرە بوێری کورد کە لە عێلی سنجابی بوو، بۆ غولام حەسەنی گێڕابووەوە کە :یەکێك لە حیزبەکان منیان راسپارد مودەڕیس لە تاران بکوژم.من ئەوم لە یەکێك لەبەرتاقەکانی مزگەوتی سوپاسالاردا لە حاڵێکا کە لەسەر حەسیرێك خەوتبوو و خشتێکی لە ژێر سەردا بوو و پەتۆیەکی بە خۆیدا دابوو بینی. هەرکە لێی نزیك بوومەوە ئەو هەستاو گووتی: کوڕە چۆن هاتووی؟ بە جۆرێ لە دەنگەکەی ترسام، وێڕای ئەوەی دەمانچەیەکی تایبەتی تیرۆرم پێ بوو، بیرم چووەوە کە بۆچی هاتبووم.

وام هاتە بەرچاو کە لە ژێر هەر داوە موویەکی چاکەکانی ئەودا شێرێك نووستووە. بەپەلە وەڵامم دایەوە: هیچ قوربان. تەنیا دەمویست بە خزمەتی ئێوە بگەم. پاش ئەوە پەلاماری دەستیم داو ماچم کرد و بە هێمنی بە دووی کاری خۆمدا رۆیشتم.

کەیهانی فەرهەنگی: بیستوومانە کە هەندێ کەس لە ماڵباتی ئێوە لەسەردەمی رەزاخاندا حەپس بوونە، ئەگەر حەزدەکەی باسی ئەوەش بفەرموو.

## ماموٚستا هاشمی:

بابم دەساڵ رەنجی زیندانی کێشاوەو برا گەورەکەشم دەساڵ لە زینداندا بووە. ئەمانە لە ساڵی ١٣١٠ەوە تا ساڵی ١٣٢٠ لە زیندانی رەزاشادا بوون و لە ئەنجامی رووداوەکانی شەهریوەری ١٣٢٠دا ئازاد بوون. چەند ساڵێك بەر لە ئیستا کە چووم بۆ ئەسفەهان، لە خزمەتی عولەمادا چووین بۆ عالی قاپو، بەندە لەوێوە گومەت زەخیرەو ئەو حوجرەیەی خوالێخۆشبوو بابمی تێدا بوو، نیشانم دان، بابم لە گومەت زەخیرە حەپس بوو.

کەیهانی فەرهەنگی: بەو شوێنەیان دەگووت (یەکتایی خانە)

## ماموٚستا هاشمی:

بەڵێ. هەڵبەتە ئەو حوجرەیەی کە بابمی تێدا زیندان بوو، پێیان دەگووت(نوێژخانەی شا) گوایە شاعەباس لەوێندەر نوێژی کردبوو. لە حەقیقەتدا گومەت زەخیرە بوو بوو بە دەروازەی دیوارەکانی زیندان و دەرگای حەوشەکانی زیندان لە ناو گومەت زەخیرەوە دەکرانەوە، وادیارە ئەوانە تۆزێ حورمەتی بابمیان گرتبوو و حوجرەیەکیان لە بنی دیواری گومەت زەخیرە دابوویە. بابم دەساڵ حەپسی لە شوێنێکی وەهادا بەسەر بردبوو.

کەیهانی فەرهەنگی: جەنابتان جگە لە خەتی نەسخ، خەتی نەستەعلیقش زۆر جوان دەنووسن، خراپ نیە چ لە بواری خۆشنووسی و چ لە بواری علومی عیرفانی و مەسەلەکانی دیدا یادێکی ماموٚستاکانت بفەرمووی.

## ماموٚستا هاشمی:

بەندە لە منداڵیەوە لە خزمەتی ماموٚستایاندا حوزورم بووە. لە شێخانی تەریقەتەوە بیگرە تا عولەمای ئایین. ٧-٨ساڵان بووم کە گەییمە خزمەتی سەید شێخ حسەین کە لە شێخانی تەریقەتی ماڵباتی خۆمان بوو.هەندێ لەو مەلا ناودارانەی کە بە خزمەتیان گەییم، شێخ محەمەد نەجیب کردانی بوو کە ئەم کەسایەتیە ماموٚستای گەلێك لە عولەمای کوردستانی عێراق بوو. هەروەها شێخ مستەفای کوڕی خوالێخۆشبوو شێخ محەمەد نەجیب، هەروەها سەید بابا رەسول کە لە ساداتی ماڵباتی خۆمان بوو، ولە گەورە پیاوانی دین و ئەدەب بوو وشیعری فارسی زۆر جوانی دەگووت، لە سنەشدا بە خزمەتی خوالێخۆشبوو شێخ حەبیبوڵڵا کاشوری کە لە گەورە عولەماو کەڵە ئەدیبان بوو، گەییم. ئەم زانایە سەرباری چامەو مەنزوماتی عەرەبی، ستایشنامەیەکی شیعری لە ستایشی حەزرەتی رەسول دا هەیە کە ئەمە چەند بەیتێکیەتی:

ای مطلع افرینش ما

وی سر وجود هرچه پیدا
ادم به اصالت تو ناطق
عالم به شرافت تو گویا
اوازهء شوکتت به عالم
از کنت نبی گرفت بالا
اعزاز معجلت فتحنا
اکرام مجیئت فترضا
ای شاه بلند اختر از لطف
بفکن نظری جمال ما را
هرچند خسیرو شرمساریم
امید شفاعت از تو داریم

کەیهانی فەرهەنگی: لە سەرەتای قسەکانت دا ئاماژەیەکت بۆ خوالێخۆشبوو مامۆستا بدیع الزمانی..کرد.

## مامۆستا هاشمی:

سەبارەت بە مامۆستا بدیع الزمانی، لە میرزادەکانی سنە بوو. لە سنەدا جگە لە تەبەقەی عولەما، دەستەیەك میرزای ئەهلی خوێنەواری هەبوون. رەحمەتی مامۆستا بدیع الزمانی، کوڕی خوالێخۆشبوو میرزا عەبدولمەجیدی ناسراو بە مجد الممالك بوو کە یەکێك بوو لە فەرمانبەرانی وەزارەتی کیشوەر،باوکی کە لە دامودەزگاکانی حکومەتی کوردستاندا کاری دەکرد، پیاوێکی زۆر زانا بوو. خوالێخۆشبوو بدیع الزمانی بە قاموسی گەڕۆك مەنشوور بوو. دەزانی کەس قامووس موتالاْ ناکات. بەلاْم ئەو ئەم کارەی کردبوو. کتێبی قامووس ،کتێبێکە کە مرۆڤ بە پێی پێویستی بەکاری دێنێ و سەیری دەکات، نەك بچێ موتالاْی بکات. دەستی شیعریشی هەبووەو شیعرەکانیشی رەوان و سوارو پڕئاهەنگ بوونە. هەندێ لەو شیعرانەی کە لە لاویدا گوتوونی تا ئیستا لەلای من ماون، لێ هەندێ شەقلی عەرەبییان پێوەیە.

بەندە ماوەیەك دەرسی (کافیە)م لەلای ئەو خوێندووە، باوەڕ بفەرموون ئەوەی کە (سیبەوەیهو ئەخفەش)ش نەیاندەزانی ئەو دەیزانی. ماوەیەکی زۆریش لە کرمانشادا مامۆستای سەرەتایی بووە.لێ پاشان لەبەر دەسکورتی و بێقەدری بووە بە جەندرمە. پاش ماوەیەك لە وەزارەتی جەنگەوە ئەمرێك هات کە هەموو کەسێکی سەر بە دەزگای جەندرمە، دەبێ جل و بەرگی فەرمی لەبەر بکەن. ئەویش چونکە زۆر ڕقی لەو جلوبەرگە بووە، ئستیقالەیەك دەنووسێت و بۆ سەرووی خۆی بەرزی دەکاتەوە. بەلاْم بە هیچ جۆرێ ئیستیقالەکەی لێ قبولْ ناکەن و دەلْێن ئەویش وەکو دەرەجەدارانی دیکە دەبێ جلی فەرمی لەبەر بکات.لەو کاتانەدا قەسیدەیەکی بە عەرەبی نووسی بوو. یەکێك لە ئامیرەکان قەسیدەکەی دەبینێ و دەلْێت: هەرچی دەوێت بیدەنێ. ئەویش دەلْێت: تەنیا خواستم ئەوەیە کە ئیستیقالەکەم قەبولْ بکەن. ئیدی بەمجۆرە لە خزمەتی جەندرمە دەردەچێت. پاش ماوەیەك دێتە سنە و لەوێندەرەوە دێ بۆ تاران و لە سەفارەتخانەی سعودیەدا

دەبیٚ بە وەرگێڕ و تەرجومان. پاش ئەوەش لە ئاستی دکتۆری زانستگەی تاراندا وەکو مامۆستا دەرس دەڵێتەوە. تا خانەنشین دەبێت و دوای ماوەیەك دەچێتە بەر دلۆڤانی یەزدان.

کەیهانی فەرهەنگی: مامۆستا وەکو ئاگاداریت، یەکێك لە مەسەلە جدییەکانی وڵات یەکێتیی شیعەو سوننەو یەکپارچەیی ئوممەتی ئیسلامە، خراپ نییە لەم بارەیەشەوە ڕای خۆتان بفەرموون.

## مامۆستا هاشمی:

بە حەقیقەت ئەگەر ئیمکان ببیٚ هەقە کۆمەڵێك لە عولەمای شیعەو جەماعەتێك لە عولەمای سوننی ئەم کارە بگرنە ئەستۆ. ئەم یەکێتییەو بەدەستهێنانی ئەم یەکێتییە زۆر سادەو ئاسانە، بەمەرجیٚ ڕاستگۆ ودڵسۆز بن. چونکە ناکۆکی سەرەکی لە نێواندا نییە. هەموو ناکۆکییەکان لاوەکین، ئیمامی شافیعی دەفەرمووی:

يا ال بيت رسول حبكم
فرض من اللة فى القران انزلة
كفاكم من عظيم الفضل انكم
من لم يصل عليكم لا صلوات لة

(هەر کەس بوغزو کینەی دەرهەق بە ئەهلی بەیتی ڕەسولی ئەکرەم هەبیٚ کافرەو ئیمانی نییە) شتی وەهامان لە ئیسلامدا نییە مەگەر (نواصب) کە ئەوانیش لە رابردوودا بوون. لەوەیە لە ناو ئەهلی سوننەتدا، ناصبی مەشرەبێك پەیدا ببیٚ، کە ئەگەر وابیٚ مەردمێکی بیٚ دینن. هەرکەسێك بە ئەندازەی هەزار یەکی سەری موویەك سەبارەت بە ئەهلی بەیت گومانی لە ناخدا بیٚ ،بەبیٚ ئیمانی دەمرێت.

بەندە دەتوانم بە پێی فەرموودەی پەیامبەر (د.خ) فەرموودەگەلێك کە لە ڕێگەی ئەهلی سوننەتەوە هاتووە، ئەمە بسەلمێنم.

هاندەرو مەبەستی من لە کتێبی صحیفەی شەریفەی سەجادیە هەمان خۆشەویستی بووە دەرهەق بە ئەهلی بەیت. بەندە لە پێشەکی کتێبەکەدا بەمجۆرە مەبەستی خۆم نووسیوە : (( وێردو دوعایان هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە برەوی سەندووەو بۆ یەکەمجار لە زاری موبارەکی حەزرەتی پەیامبەرەوە (د.خ) بیستراوە. وەکو چۆن لە کۆتایی نوێژدا هاتووە، خودایە بەندە زوڵمێکی زۆرم لە خۆ کردووەو کەس لە خەتاو تاوانان خۆش نابیٚ تەنیا تۆ نەبی. جا بە دلۆڤانی خۆت ڕوحمم لێبکە. هەر تۆ دەهەندەو دلۆڤانی و هەر تۆ خودان و گەورەی بەخشینی، هەر تۆ خودامی، جگە لە تۆ کەس خودا نییە. تۆ خوڵقاندمت و بەندە بەندەی تۆم، تا لە توانامدا بیٚ پابەندی بەڵێن و پەیمانت دەبم. دان بە نیعمەتی تۆدا دەنێم. دان بە گوناهی خۆدا دەنێم، لێم خۆش بە. تەنیا تۆ لە گوناحان خۆش دەبیت..سەدان دوعاو زیکری دیکەش کە لە کتێب و فەرموودەاندا هاتوون.

لەسەردەمی سەحاباندا وێردو دوعایان برەویان سەندو لەسەردەمی تابعیندا گەشەی کردو سەحیفەی شەریفە گەواهی ئەمەیە.

**پاش کەلامی یەزدانی مەزن و فەرموودەکانی پەیامبەر (د.خ) هیچ کەلامێك لە کەلامی ئەهلی بەیت سەلامی خوایان لێ بێ بالاّتر نیە، کە ئەم گەورانە نەوەو میراتگری حەزرەتی گەورەی پێغەمبەرانن، هەر بۆیە بەندە هەر زوو بەهۆی ئارەزوو وتاسەی روحیمەوە بۆ ئەو بنەماڵەیە نوسخەیەکم لە سەحیفەی سەجادیە کە بەری هەناسەی حەزرەتی ئیمامی ساجدین، زین العابدین بن علی بن الحسین–ە سەلامی خوایان لێبێ بە خەتی ناچیزی خۆم ئامادە کرد. بەو هیوایەم کە بەچاپ بگات و برایانی موسوڵمانی شیعەو سوننی سوودی لێوەربگرن و لە شێوەی وێردا وەیخوێنن و بە چاکە یادی نووسەر بکەنەوە.. لوتفی هەق بە هانای بەندەدا هات و ئەم شانازییەی پێ کەرەم فەرمووم.**

**ئێستاش بە کۆڵێك شانازییەوە داوا لە برایانی شیعەو سوننەی خۆم دەکەم کە شادمانی دین و دنیای خۆیان لەم گەنجینەی فەزڵ و رەحمەتەوە بەدەست بێنن. سەحیفەی سەجادیە لە ئیسلامدا وەکو دوعا لە ریزی هەرە پێشەوەیە، وێڕای ناسکی رستەو دەستەواژەکانی و جوانی ئەدایەکەی و چەمك و مانای بەرزی، پڕە لە حەقیقەتی بەرزی وەکو** توحد و تقدیس و تمجید و تحمید و تسبیحی **حەزرەتی هەق** و خشوع و خضوع و تضرع وتذلل و عجزو **انکسار لەم ڕووەشەوە کەم وێنەیە. ناوەرۆکی بەرزو جوانیشی نەك هەر خوێنەر لە بێزاری دوور دەخاتەوە، بەڵکو گەردو تۆزی هەر جۆرە بێزاری و بێ تاقەتییەك لە رواڵەت و لە باتینی دەتەکێنێ وشەوق و شورو وەجدوحاڵ زیاد دەکات. هەر کەسێك نزیکییەکی لە عیرفانەوە هەبێ لە کاتی خوێندنەوەدا بە فەیوزات و بەرەکات و ڕەحمەاتی گەییوەو ناخی گەواهی دەدات کە ئەم بەرهەمە هی ماڵباتی پێغەمبەرایەتی و پاکژی خانەدانی ویلایەتە سەلاّوی خوای لێبێ. جگە لەم وەسفانە، بۆ ژیننامەی حەزرەتی ئیمامی سەجاد سلاّوی لێبێ. ئەم کتێبە یەکێکە لە باشترین سەرچاوەکان.))**

**کەیهانی فەرهەنگی: ماموّستا ئەگەر خەڵکی گیروگرفتێکیان لە بواری فتواوە هەبێ ئێوە فتوایان بۆ دەدەن؟**

## ماموّستا هاشمی:

**بەڵێ. هەڵبەتە لە کاتێکا کە کەسێك بێتە لام و داوای فتوایەك بکات.**

**کەیهانی فەرهەنگی: پەنا بەخوا دەمانبەخشیت لەوەی کە ئەزیەتمان دایت..**

# فەرهەنگۆك

## ئا

**ئەداو ئەتوار: ڕەوشت و ئاكار**

**ئارایشتكار : ئارایشتگەڕ، مكیاجكار**

**ئەوك : قوڕگ، هروو، بەرمل**

**ئاسیو : ئازار، بەلاّ ، زیان، زەرەر**

**ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە**

**ئەنگۆ: ئێوە، هەە، هون**

**ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا**

**ئێژی : دەڵێی**

**ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی**

**ئیكلام : كڕنۆش، سەرچەماندن بۆ ڕێزگرتن**

**ئامێز : باوەش، هەمێز**

**ئەزبەنی : گەورەم، قوبان**

**ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار**

**ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەكر**

**ئۆینباز : بەمەكرو فێڵباز، پیلانگێڕ**

**ئێشك: پاس، كێشك**

**ئاكنجی: نیشتەجێ**

**ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو**

**ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ**

**ئاشپەز: شیوكەر، چێشت لێنەر، چێشت چی**

**ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە**

**ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار**

**ئیرەیی: حەسوودی**

**ئەستێڵ: حەوز**

**ئیستەرەم: دەمەوێ**

**ئەستڕ: بەر، بەری كەواو...**

**ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی**

## ب:

باوەژن: زڕدایك، هوّی دایك، باجی
باب: باوك
بالأنما: بالأنوێن، ئاوێنەی بالأڕوان
بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج
بلوور: شووشە
بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو
بە توّبزی: بە زوّر، بە خورتی
بە روحم : بە بەزەیی ، دلوّڤان
برنجە: جوّرە كانزایەكە، زەردی سەماوەر(قصدیر)
بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان
بەروّك: یاخە، یەخە
بەكاوەخوّ: بە هێواشی
بەرسڤ: وەلاّم
بەرك: گیرفان، باخەلّ
بالیفوّكە: سەرینی بچووك، گوّشە
بوری: تێپەڕی
بیلبتون: بە تەواوەتی
بەو ئاوایە: بەو جوّرە، بەو شێوەیە
باریە: لوّسە
بەستێن: روّخ، كەنار، گویّ چەم، دەم چەم
بێشە: دارستان، لێر
بەركوّشە: بەرهەلّبێنە
بن پیالّە: ژێر پیالّە
بوّرەقنە: ئامال بوّر، مەیلەو بوّر، بوّرباو
بوێر : ئازا، دلێر
بێوەی: بیّ زیان، سەلامەت
باڕ : بێچووە مەلی بەهارە
بێزوو: بێزگ، مەگیرانی
بێزگەوان: بێزووكەر
بەلأنس: هاوسەنگی
بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر
باجەوان: باجگر
بەسویّ: بە ژان، بە ئازار
بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر
بێدادی: نەهەقی
بەیتالّ: پزیشكی ئاژەلأن
بویەر: رووداو
باژێروّك: شاروّچكە

باشار: دەربردن، خۆراگرتن

بەرایی: پێشایی، بەراهی

بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن

بەفرە ژیلکە: بەفری زۆر دەنك ورد

بەلەك: پووز

## پ:

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان

پارك: باخ

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشك ، روناکی

پێکڤە: پێکەوە، بە هەڤرا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، کەوڵی تیسکن

پەژمردە: چەرمسی، ژاکاو

پایدۆس: دەست لە کار هەڵگرتن

پۆڵکە: گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ، هەلأمەت

پیتاك: باربوو، کۆکردنەوەی دارایی

## ت:

تەمەشاڤان: بینەر، سەیرکەر

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووکە: مەترسی، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆلأ: گەورەو ناشیرین

تاین: یارۆ، فلأن، ناڤبری

تاژی: سەگی ڕاو، تانجی

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

**تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم**

**تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین**

**تۆرینۆك:توورەو دڵناسك**

**تەختەبەن: تەختە خەو**

**تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو**

**تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن**

**تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن**

**تیلمە: تیلماسك**

**تیلاگ: لاسەر**

**تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو**

**تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ**

**تەریدە : رێگر ، چەتە**

## ج:

**جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ**

**جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو**

**جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری**

**جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە**

**جەڕباندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن**

**جوڕنە: حەوزۆکەی گەرماو**

**جما: جوڵا، بزوا**

## چ:

**چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شەنگ**

**چینی: جۆرێ سواڵەتی هەرەباشە، وەکو کاشی**

**چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو**

**چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)**

**چێڵ: مانگا**

**چەنگ: ئامێرێکی موسیقایە، هارپ**

**چەکمە: جەزمە، پووت**

**چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار**

**چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی**

**چقڵ: دڕك، دڕو، دڕی**

**چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش**

**چوغورد: چوغور، چغر، چڕ**

**چمك: سووچ، گۆشە**

**چوارنکال: هەرچوارلا**

**چێبوو: دروست بوو**

چەمووش: سڵ، ڕەوەك، لەقەهاوێژو گازگر

## ح:

حایرمان: سەرسام بوون

حەسار: حەوش

حەنەك: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ

حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئاڵۆش

حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم

حەجامات: خوێن بەردان

## خ:

خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان

خشکۆك: دەلال، جوانکیلە، جوان، قەشەنگ

خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج

خا: خات، خاتوون، خانم ، یا

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵك: خوڵق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: ڕێك، بێ کەم و زیاد

خوبزە: نۆکەر، خزمەتچی، خولاّم

خاکی: بێ هەوا، بێ فیز

خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

## د:

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ

دێرکەوتن: دواکەوتن

دلپاقژ: دڵپاك، بێ فڕو فێڵ، بێ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

ژنەوتن: بیستن

داگەڕان: هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان

هاژۆتن: لێخوڕین

دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەڵات و بورجان)

داپیرە: دایە گەورە، نەنك

دەلیڤە: دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەربارییان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

درِوو: دڕك، چقڵ، دڕی

دڵڕەش: بێ ەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی

دامە: مۆر

دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك کوتان

دەڵەکدان: پاڵنان

دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان

دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووکی

دەڵەچە: مەرایی کەر، ماستاوچی

دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ

## ڕ:

رەقسین: سەما، هەڵپەڕین

ڕنەك: قەشەو

ڕدێن: ریش

روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین

ڕۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

رابوون: هەستان

ڕۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو

ڕند: جوان، خوشیك، خوشکۆك

ڕمووده: ئالوودە، هۆگر

رادەست: خۆ بە دەستەوەدان

ڕەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە

ڕەقیب: نەیار، خەنیم

ریسك: مغامەرە

ریوەڵە: بچکۆلەی لاواز، بێ نموود

ڕۆنیشت: دانیشت

رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی

ڕامووسان: ماچ

ڕەهەنە: ڕەهەندە، عەودالْ ئاوارە، چۆڵگەڕ

## ز:

زڕکیژ: کچی مێرد بۆ باوەژن، یان کچی ژن بۆ باوەپیاڕە
زێدە: زیادە
زەلام: گەورە، ناقۆڵاو تەژە
زار: دەم، دەو
زوڕپییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە
زێد: زاگە
زاگە: زێد، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن
زوخاڵ: رەژوو، خەڵووز
زگڕەش: ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دڵ

## ژ:

ژێوان: پەشیمان
ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی

## س:

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە
سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە
سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەک، بێ وەفا، نمەک حەرام
سۆز: پەیمان، بەڵێن
ستران: گۆرانی، قام، لاوک
سپێدە: بەرەبەیان
سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار
سەمت: لا، ئالی، رەخ
سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد
سەرگوروشتە: سەربوردە،
سخێف: جنێو
سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت
سیوات: خوێنەواری
سائەقڵ: شێتۆکە
سەربۆز: سەر ماش و برنج
ساناو: قوڕاو
سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داک و باب
سیکتر: دەرکردن، تڕۆکردن
سونگی: قەمە
سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی
سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،
ستێران: ئەستێران
سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

## ش:

شڕنده: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بیَ بەرگ و بار

شەیپور: بۆقی، کەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسک، شتیَ زوو بشکیَ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەکەت: ماندوو، هیلاك

شوورە: دیوار

شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی

شەنگولْ: بە دەماخ، کەیف خۆش

شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

شەم: مۆم، شەمالك

شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم

شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس

شەکەت: ماندوو. هیلاك

شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر

شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری

## ع:

عاسا: دار عاسا، داردەست

عەیار: زیتەڵ، زۆرزان

عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە

عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو

## غ:

غاڕ: ئەشکەوت

غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس

غەوارە: غەریبە، بێگانە

ف:

فەرمایشت: فەرمووده، قسه

فەرخە: بێچوه مەل و جانەوەران

فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بیٚ تام

فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەرۆ

فەرسەخ: فەرسەق

فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیه، روحزل

فاما: فامیده، تێگەییشتوو، زیرەك

ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوه

## ق:

قالیچە: مافووری بچووك

قرمز: سوور

قەڕاڵ: پاشا

قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: تووڕە، وەرەز، سڵ ، رەوەك

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەڵکاوی قامیشەڵان

قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەڵاتی کەسێك یان دەوڵەتێك

قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە

قەڵایی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پیٚ سپی دەکەنەوە

قژاوڵە: تاق تاقکەرە

قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت: بەخت رەش، بەدبەخت، نەگبەت

قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، کلك

قامبێژ: گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو: ترسنۆك

## ك:

کوت ومت: ەقاودەق

**کوانگە: کوانوو، ئاگردان**

**کارمامز: بەچکە ئاسك**

**کودەڵە: بێچووە بەراز**

**کوختە: کۆخ، خانووی چکۆلەو خراپ**

**کوڵکە: موو، توك**

**کولۆ: کولله**

**کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی**

**کێوە: بۆ کوێ**

**کەپەك: سۆس**

**کۆمەك: یارمەتی، هاریکاری**

**کلۆر: ناوبەتاڵ**

**کوریژگە: کوڕی بچووك**

**کەپوو: لووت، دفن**

**کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار**

**کەسك: سەوز**

**کۆمیدی: پێکەنیناوی**

**کامکردن: نەوس تکان**

**کەزی: پرچ، زلف**

**کلاوخود: کلاوی ئاسنینی شەڕڤان**

**کەرب: رق و کینە**

**کان: مەعدەن**

**کێوستان، کۆسار، کۆجاڕ**

**کۆلۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە**

**کەمدوو: کەم قسە**

**کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان**

**کەوی: ماڵی، دەستەمۆ**

**کەڤر: بەرد**

**کەندەکار: کەسێك کە لە دار نەخش دەکەنێ**

**کێشکچی: پاسەوان، نیگابان**

**کۆ : سڵ، سڵکردنەوە**

**کەپوو : لووت، دفن**

**کارگە : وەرشە**

**کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو**

## گ:

**گۆساخ: چاوقایم، رووقایم**

**گەدا: پارسەك، سواڵکەر، دەرۆزەکەر**

**گورزە: باقەی گەورە**

**گەرەکمە: دەمەوێ ، دەخوازم**

**گەمە: یاری، وازی، کایە**

**گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا**

**گەردنبەند: ملوانکە**

**گازکردن: بانگکردن**

**گۆڕین: یارۆ، ناڤبری**

**گوند: دێ، ئاوایی**

**گومناو: ناوبزر، نەناسراو**

**گۆزینگ : قولەپێ**

**گەڵۆز: ناولینگ**

**گول: گەڕ و گول**

**گاگۆز: پۆڵکە**

**گارد: پاسەوانی تایبەت**

**گۆنگ : ئاڵۆز**

**گەنگەشە: موناقەشە**

**گووراو : موخلووق**

## ل:

**لە کەیفان: لە خۆشیان**

**لە بیلادەوە: لە ئیجادەوە، لە بنەرەتەوە**

**لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەڵان**

**لاپرەسەن: فزوڵ، فزوڵی**

**لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو**

**لێ: بەڵام**

**لێبڕا: بڕیاری دا**

**لۆسە: باریە**

**لاق: قاچ، لنگ**

**لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن**

**لایدە: بێگانە**

**لەهەنبەر: بەرانبەر**

**لێ : بەڵام**

**لەیستۆك : بووکەشووشە، بووکەڵە**

**لەگەز : مەتەڵ**

**لەش بەبار: نەخۆش**

**لەگین:رەنگە، لەوەیە**

**لوتاوە : پیس بووە**

**لەز : خێرا ،پەلە**

**لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات**

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار

## م:

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

مڵ وموش: مڵومۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: وڵات، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مراك : کەوچك ، کەچك

## ن:

هێورین: حەوانەوە

نەزاکەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەڵان

نسیبەت: بەڵا

نەترە: وورە

ناچیز: هیچ، زۆر کەم

نەژاد: رەگەز، رەچەڵەك، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاکەت : لوتف و ئەدەب

نك : كن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد نیوداشت: نە کۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووکە، نهوو

## و:

وەمێنیٚ:بمێنێتەوە

وەکرد: کردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

وێدەدەم: دەدەمیٚ

وەقف کردن : تەرخان کردن

وەردەوەدان : لە جاریٚ پتر کێڵاٚن

وەردیان : زیندانەوان

## ه:

هانکە هانك: هەناسە برکیٚ

هەژگ: لکەداری وشکەوە بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشە

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و کێودا

هەزاربەهەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووکە: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوکمی چاو

هۆڤی: کێوی، وەحشی

هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەدا : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامە

**هەڕەمە : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو**

**هاپۆ : مام**

**هەڵەشە :لەسەر، بێ ئەقڵ**

**هەرەت : تاف**

**هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم**

**هەڤڕك : ملەکەر، ململانێ، ڕکبەڕکێ**

**هەڕوو : هەڕە ، بڕۆ**

**هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا**

**هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا**

## ی:

**یاڵ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم**

**یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان**

**یارۆ : فلأن**

**یاتاخ : پێخەف ، نوێن**

حەمە کەریم عارف

* – کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

*–لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

*– یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.

*– لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

*–سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گولانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

*– جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*– لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

*– لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

*– زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١–تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩

٢– کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧

٣– بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٤– داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥– لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گولان

٦– کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگیران چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧– نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨– نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩– رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠–شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێران.

١١– هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گولان

١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣– قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤– دووره ولات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گولان
١٥– ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦– چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧– ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨– ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩– جیێ پیێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوک
٢٠– زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆک، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١– چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢–دیدارو دەق و رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣–دیداری چیرۆکڤانی، چ١،٢٠٠٥
٢٤–ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك
٢٥– میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦– مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧– مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨– کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩– لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠– کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢– چینی کۆن، چ١(         )دەزگای موکریانی

---

٣٣– دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤– خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥– ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦– بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧– جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨– دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩– بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠– چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)
٤١– ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بلاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢– گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری..

---

٤٣– منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤– فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای
٤٥– شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦– زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

٤٧– چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨– لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨

٤٩– ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠– ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١– گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦–٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢–چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣– چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤– چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥– ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦– جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧– گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨– یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩– سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠– خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١– راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٢–راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣– مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٤– مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٥– مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان– ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦– ریالیزم‌ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز

٦٧– قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی

٦٨– مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

٦٩– لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦

٧٠– هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی

٧١– گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦

٧٢– رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٧٣– پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦

٧٤– دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ٢٠٠٧،١

٧٥– دەربارەی رۆمان‌و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨

٧٦– مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی–رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك

٧٧– ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩

٧٨– پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()

٧٩– پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤

**٨٠- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف**

**٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی**

**٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی**

**٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی**

**٨٤-وقفات فی رحاب الپقافه الکوردیه، حەمە کەریم عارف**

**٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی**

**٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز**

**٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس**

**٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی**

**٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین**

**٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی**

**٩١-سفرەی فەقیران حەمە کەریم عارف**

**٩٢-باڵندەکەی من رۆمان، فریبا وفی**

**٩٣- نامەکانی تولستۆی**

**٩٤- جەمیلە، رۆمان جەنگیز ئایتماتۆف**

**٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالاْنی کورد**

**٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی**

**٩٧- کڵوانە سوور... کۆچیرۆك بۆ مندالاْن**

**٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ**

**٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ**

**١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی**

**١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی**

**١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە**

**١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی**

**١٠٤-مێژووی رۆمانی تورکی**

*** لە راپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاودەکاتەوە..**

*** ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...**